# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی
ڕۆشنبیریی وەرزییە
ژمارە (٣٠)
تشرینی دووەم
٢٠٢٠

بە سپۆنسەری
سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی



خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر
**تۆفیق کەریم**
٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٣٢٦٣٧٦٦٤
**tofeqkarem@yahoo.com**



بەڕێوەبەری نووسین: **عادل سدیق**

بەڕێوەبەری هونەریی: **ڕەوشت محەممەد**

ڕاوێژکاری یاسایی: **بەکر حەمەسدیق**

**دەستەی نووسەران**

د. ئیسماعیل بەرزنجی
ڕێدار ئەحمەد
ئیسماعیل تەها
د. مەریوان حەمەدەروێش
د. حسێن محەممەد ئیبراهیم

**دەستەی ڕاوێژکاران**

پ. د.موحسین عەبدولحەمید
پ. د. سەباح بەرزنجی
پ. د. عوسمان هەڵەبجەیی
پ.ی. د. عوسمان عەلی
پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی
م.ی ئیدریس سیوەیلی



**سایتی گۆڤاری خاڵ: www.xallkurd.com**

**تیراژ:** ١٥٠٠
**نرخ:** ١٥٠٠ دینار

# لەم ژمارەیەدا

## تەوەری ژمارە: [شارسازیی و کەلتوری شار]


ڕۆشنبیر و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ............................................ پ.ی.د.هیوا عەزیز سەعید ٥

ڕۆشنبیری دیمەکی، ڕۆشنبیری شەنیەر ........................................................ نەبەز گۆران ١٥

ڕۆشنبیر ـ دەسەڵات – کۆمەڵگە، کامیان کاریگەری لەسەر ئەوانیترە؟ ............................ کامیل مەحمود ٢٥

چەمکی ڕۆشنبیریی و ئەرک و پێگەی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەدا ........................ عومەر ئیسماعیل ڕەحیم ٣٨

گفتوگۆ لەگەڵ سەردار عەزیز ........................................................ گۆڤاری خاڵ ٥٤

گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبین هەردی ........................................................ گرووپی گوڵنار ٦٢

هەبوونی ڕۆشنبیر واقعە یان ئاوات؟ ................................................ فازیل قەرەداغی ٧٠

یەک دوو قسە لەسەر ڕۆشنبیر ........................................................ مستەفای سەیید مینە ٧٩

ڕۆڵی بیرمەند لە ئاگاکردنەوەی کۆمەڵگادا ................................................ محەمەد عەلی باپیر ٨٣

ڕۆشنبیر کێیە و ئەرکی چییە؟ ........................................................محەمەد ساڵح پێندرۆیی ٨٩

ڕووناکبیر و ڕۆڵی ئەو لە هەستانەوەی کۆمەڵگادا لە گفتوگۆیەکی کراوەی سەنتەری زەهاویدا ئا: هەژار حاتەم ٩٤

ڕۆڵی نەوەی یەکەمی نوخبەی کوردی لەسەر پەرەپێدانی سیاسی لە کوردستان مەجید ساڵح عزیز ١٠١


## بابەتی گشتی


بیرەوەرییەکانی مەولود باوەمراد (بەشی چوارەم) ........................................................ ١١٨

پەیڤین لە دەقە پیرۆزەکاندا (قورئان وەک نموونە) ........................................ د.کامەران محەمەد ١٢٨

عەلی وەردی و دوانێتیبوونی تاک و مێژوو ................................................ ژینۆ عوسمان ئەحمەد ١٣٨

لە ئەرشیفەوە (سێ زانای ناو ونبووی کورد) ........................................د. هێمن عومەر خۆشناو ١٥٢

کیمیابارانی هەڵەبجە لە بیرەوەری محەمەدی حاجی مەحموددا ... چاوپێکەوتنی عادل صدیق ١٥٥

نالی، بیبلیۆگرافیا و پێڕستی لە کتێبی کوردیدا (١٩٥٢- ٢٠١٠) .......... بوار نوورەدین ١٦٦

یووسف بەگی شەرەفبەیانی .................................... کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین) ١٨٠




# تەوەری داهاتوو

## لێکەوتە فیکریی و کلتوورییەکانی کۆرۆنا، جیهان لە ئاستانەی سیستمێکی نوێدا

لەکاتێکدا جیهان بەرەو گۆڕانکارییەکی حاشاهەڵنەگر هەنگاو دەنێت لە هەموو بوارەکاندا، بەهۆی ئەو بارودۆخەی کۆرۆنا هێناویەتییە ئاراوە، بیرمەندان و شارەزایان و ناوەندەکانی توێژینەوەی جیهانی سەرگەرمی شەنوکەو و تاوتوێکردنی گرنگترین لێکەوتە و ئەنجامەکانی دۆخەکەن و چاو لە ئاسۆی داهاتوو و پێشبینی و ڕاوبۆچوونەکانیان پەخش دەکەن.
بێگومان کۆمەڵگای کوردیی و هەرێم وەکو قەوارە بەدەرنابن لەم گۆڕانە خێرا و فراوانە، بۆیە دەخوازین قەڵەمبەدەستان و شارەزایانی کوردزمان ڕاوبۆچوون و لێکدانەوەی خۆماڵییان هەبێت بۆ ڕووداوەکان و بابەتەکانیان لەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە بنێرن بۆ ژمارەی داهاتووی خاڵ:

- داهاتووی لێکتێگەیشتنی کلتوورەکان و قبووڵکردنی بەرامبەر لە کۆمەڵگا فرەییەکاندا.
- گەڕانەوە بۆ سەنتەرگەرایی و کلتووری لۆکاڵی.
- سیستمی ئیدارەدانی جیهان لە نێوان تاک جەمسەریی و فرەجەمسەریدا و ئەگەرەکانی پاشەکشەی جەمسەری ڕۆژئاوا و هەڵکشانی جەمسەری ڕۆژهەڵات.
- داخرانی دەوڵەتان بەڕووی خۆیاندا و زاڵبوونی نەتەوایەتیی و گرنگی نەدان بە پرسە جیهانییەکان.
- کاریگەریی کۆرۆنا لەسەر گۆڕانکاریی فیکریی و ئیجتیهادیی لای مەرجەع و زانایانی ئیسلام.
- کاریگەریی کۆرۆنا لەسەر بەخۆداچوونەوەی فیکریی لای تاکی کورد.
- داواکارین لە نوسەرانی بەڕێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ئەو تەوەر و بوارانەی کە ئاماژەیان پێدراوە تا ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١/١٠) بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.





## لاوازی ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگای کوردیدا، هۆکار و دەرئەنجامەکانی

ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردی بە قۆناغێکی زۆر دژواردا تێدەپەڕێت، لە هەموو ڕوویەکەوە چاوەڕوانی فریادڕەسە لەم قەیرانانە قوتاری بکات، یان هەرنەبێت باری سەرشانی سوک بکات، بەدرێژایی مێژووش ڕۆشنیران لەم هەلومەرجانەدا جێگای هیوای خەڵکبوون، بۆ ئەم قۆناغە، ڕۆشنبیرانی کورد دەتوانن ببنە ئەو فریاد ڕەسە؟ ئایا دەتوانن ڕۆڵێکی ئەرێنیٚ لەم ساتەوەختەدا بگێڕن، و کەمێک لەباری سەرشانی کۆمەڵگە سوک بکەن؟ یان ئەوانیش بوونەتە بەشێک لە گرفتارییەکە و قورەکەیان خەستتر کردووەتەوە؟ یانیش تەنها قسەیان پێیەو، کەسیش بەقسە ناگۆڕێت.

لەم تەوەرەدا نوسەران و ڕۆشنبیران خۆیان بە کۆمەڵێک بۆچونێکی جیاوازەوە دەدوێن و قسەی دڵی خۆیان لەوبارەوە دەکەن، هیواداریین خوێنەری بەڕێز وەڵامی زیاتری لەو پرسیارانەی سەرەوە دەستبکەوێت.

# ڕۆشنبیر و
## بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی





**پ.ی.د.هیوا عەزیز سەعید**

سالّی ١٩٧٨ لە سلێمانی لەدایکبووە، مامۆستایە لە بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی، خاوەنی(٤) کتێبی چاپکرا و نزیکەی (٢٠) توێژینەوەی زانستی بڵاوکراوەیە.

**پێشەکی:**

پول باران دەڵێت: «ئەگەر بە کەموکورتی مامەڵە لەگەڵ کارە گرنگەکان بکەین، باشترە لەوەی پسپۆڕیمان لەو شتانە هەبێت کە گرنگ نین»(١).

لەم سەربەنەوە قسەکردن لەسەر ڕۆشنبیر وەک کاراکتەرێکی بەرپرسیار و کۆمەڵایەتی، تەنها قەتیسنەکردنی لە کونجی کتێبخانە و دونیای فیکر و هێنانەدەرەوەی بۆ ناو پەیوەندییە جەنجاڵەکانی ناو کۆمەڵ و توێژە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان.

چەمکی ڕۆشنبیر هەڵگریی گرفتگەلێکی زۆریی ناساندن و دیاریکردنی خەسڵەت و ئەرکەکانێتی، بەتایبەتی کە دەوترێت ڕۆشنبیربوون تەنها سەرقاڵیی فیکرییە و جوڵە و بزاوتی گۆڕەپان ناخوازێت، بەڵام زەمینەی پراکتیکی بیر و تێڕوانینەکانی ڕۆشنبیر دواجار هەر کۆمەڵگەیە، ئەگەرچی سنورەکەی لۆکاڵیی و نەتەوەیی یاخود نێودەوڵەتی بێت.

جۆن ستیوارت میل پێیوایە ڕۆشنبیران پێویستە لە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان ئازادبن، لەکاتێکدا پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوانی تر دیاری دەکەن(٢). بلقزیزیش سەرنجی ئەوەی هەیە کە ڕۆشنبیر کەسی خاوەن مەعریفەیە بەوپێیەی بکەری پرۆسەی وێناکردنی تیۆریی بابەتە دەرەکییەکانە. لەم پرۆسەی وێناکردنەدا ڕێژەی ڕاستیی و دروستیی بایەخی زۆری نییە، هەروەها ئەو میکانیزمانەش دەیگەیەنێتە ئەو پرۆسەیە(ئەزموونکردنی زانستی، هەڵگۆستنی فەلسەفی، خوێندنەوەی ئەزموونی، دەرئەنجامی بیرکاری ... تاد) بایەخێکی ئەوتۆی نابێت(٣).

بەڵام تۆماس سویل ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە فیکر هەمیشە لەسەر ڕێچکەی دانایی نییە، بەڵکو هەندێک کاتیش بە ڕێڕەوی نادانایییدا گوزەر دەکات، لەبەرئەوە بیرکردنەوە و ڕامانە فیکرییەکان لەوکاتانەدا ئەنجامی نەخوازراو و نا لۆژیکی دەخەنەوە، مارکس کاتێک لە کتێبی سەرمایە بیرۆکەی(کارکردن) گەڵاڵە دەکات، کە مەبەستی کارلێکی نێوان کەرەستە و هۆکارەکانی بەرهەمهێنانە، پێیوایە سەرچاوەی ڕاستەقینەی سەروەت و سامانە، واتە هەر وڵاتێک کرێکاری زۆر بێت، زۆرترین سەروەت و سامانی هەیە!! بەڵام کاتێک سەیری واقیع دەکەین پێچەوانەکەی ڕاستە، هەروەها جۆن ڕاوڵز کاتێک تیۆریی دادوەریی دارشت، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە دادوەریی نرخ و بەهای لەهەر بابەتێکی کۆمەڵایەتیی زیاتر و گرانترە(٤)، بەڵام هەرگیز ناتوانرێت بە ڕەهایی لە نێوان دوو شتدا نرخی یەکیان بە زیاتر دابنێین، بۆ نمونە گەر دینارێک لە بەرامبەر پارچە زێڕیک ببینین، بەدڵنیایی نرخی زێڕەکە زیاترە، بەڵام کاتێک ژمارەی دینارەکان زیاتر دەبن، نرخیان لە پارچە زێڕەکە زۆرتر دەبێت. ئەمە پێمان دەڵێت، کە دەشێت هەندێکجار واقیع پێچەوانەی بیرۆکەکان بێت ئەگەرچی ئەو بیرۆکانە لە کەسانی مەزن و بیرمەند و زاناوە بن، بۆیە پێویست نییە بەرەهایی بیرۆکەکان دابڕێژین و لێیانبڕوانین. ئەو کۆت و بەندانەی بۆ مرۆڤەکان هەیە، بەهاوتاییش بەسەر ڕۆشنبیراندا جێبەجێ ناکرێت، ئەمە وایکردووە کە خاوەن هەڵسوکەوتی تایبەت و جیاواز بن، ئەو جیاوازییەی لە ڕێگەیەوە دونیای پێدەبینن، یاخود تێڕوانینیان بۆ خودی خۆیان و پەیوەندییەکانیان بە مرۆڤەکانی ترەوە لە کۆمەڵگاکانیاندا(٥).

ڕۆشنبیران پێویستە ڕاستیی بڵێن، لەهەمانکاتدا ڕوونە کە تەنها ڕۆشنبیران بەرپرسیارنین لە کۆمەڵدا، بەڵام چۆمسکی پێیوایە کە ڕۆشنبیران بەرپرسیارێتییان زیاترە لە ئەوانی تر، چونکە پێگەیەکی تایبەتیان هەیە(٦). بۆیە ڕۆشنبیران و تاکەکەسە لێهاتووەکانی تر بەرپرسیارێتییەکەیان تەنها لە وتنی ڕاستیی و ئاشکراکردنی درۆدا کورتنابێتەوە، بەڵکو پێویستە بەشێوازێکی کاریگەر و ڕوون ئەو کارە بکەن(٧).

## یەکەم: ناساندنی رۆشنبیر لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەیەوە:

هەڵبەتە رۆشنبیر بە نزیکەیی وەرگێردراوی هەردوو وشەی(intelligentsia-Intellectual)ەو لە فەرهەنگە ئەوروپی و رۆژئاواییەکەوە وەرگیراوە. کە زیاتر گوزارشتە لە گرووپێکی خوێندەواری هۆشیار کە پێویستیی و بەرژەوەندییەکانی ولآت و چەسپاندنی پرۆژە ژیارییەکان خواستی بالآیانە، برەودان بە تەکنەلۆژیا و چەسپاندنی دیموکراسی و دادی کۆمەڵایەتی دەکەنە ئامانج و بەرەوپێشیان دەبەن.

جگەلەوەی کەسانێکی زیرەک و ئاشنای کێشە و گیروگرفتی گەل و کۆمەڵەکەیانن و ئەم کێشانەش دەخەنە بەرچاو، خۆیان بەویژدانی نەتەوە ئەژمار دەکەن. لەبەرئەوە لە وڵاتێکدا کە هەمووان بەدواکەوتوو لە قەڵەمی دەدەن، لەپێناویدا کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان، کە خاوەن فیکر و ئایدیۆلۆژیای جیاوازن و کێبەرکێکارن، پێکدێن و پێشنیاز و چارەسەری جۆراوجۆر دەخەنەڕوو، بەڵام ئەم بیرۆکانە لە هەموو بارێکدا ڕیشەیی و ڕادیکاڵیین(٨).

فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای رووسی لە ناساندنی ئینتلجینسیادا بەمجۆرە ئاماژەیکردووە: «توێژاڵێکی کۆمەڵایەتییە، لەو کەسانە پێکهاتووە کە بەتایبەتیی کاری هزر دەکەن وەک: زانایان، هونەرمەندان، ئەندازیاران، مامۆستایان، پزیشکان،... تاد»(٩).

ئەنتۆنیۆ گرامشی Antonio Gramsci ١٩٣٧-١٨٩١ پێیوایە هەموو خەڵک رۆشنبیرن، بەڵام هەموویان ئەرکی رۆشنبیر لە کۆمەڵگادا جێبەجێ ناکەن(١٠)، واتە جەخت لە بەپیشەکردنی رۆشنبیر دەکاتەوە و وەک هەر وەزیفە و کارێکی دیکە ئەژماری دەکات.(سارتەر) یش رۆشنبیر وەک کەسێک وێنا دەکات کە لوت لەو کارانە دەژەنێت کە پەیوەندیی پێوەی نییە(١١).

رۆشنبیر هەمیشە لە ئاستێکی مەعریفی و فیکریدا دید و جیهانبینی خۆی بۆ کێشەکان دەردەبڕێت، هەرگیز سنورە لۆکاڵییەکان و بەشەکیی بابەتەکان کاریگەریی لەسەر فراوانی بیرکردنەوە و توانستە ڕەخنەییەکانی دروستناکات، بەڵکو سیفەتە هەمیشەییەکانی لە گشتگیرێتی و هەمەلایەنی لەسەر هەردوو ئاستی ستوونی و ئاسۆیی، بۆ خوێندنەوەی سەرجەم کۆمەڵگای مرۆیی ئامادەیی هەیە و ئەزموونەکان دەبینێت. هاوکات لە ئاستە لۆکاڵییەکانیشدا توێژەرێکی چالاک و بەبەرهەمە(١٢). واتە رۆشنبیر کەسێکی گەردوونییە، لەهەمانکاتدا بکەرێکی پابەندە بە کۆمەڵگا و فەرهەنگە دیاریکراوەکەیەوە(١٣).

لەم سۆنگەیەوە رۆشنبیر ئەو کەسەیە مامەڵە(بەکاربردن، بەرهەمهێنان، بەرهەمهێنانەوە، پەخشکردن) لەگەڵ بیرە جۆراوجۆرەکاندا دەکات، جا ئەگەر ئەو بیرانە ئەدەبیی یان زانستیی، فکریی یان ئایدیۆلۆژیی بن. مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکەکان یان بە بیرەکان فۆرمێک لە فۆرمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، واتە زانکۆ ناکاتە بواری مومارەسەی بەردەوام و تەنهای خۆی، بەڵکو دەشێت ئەو سنورە ببەزێنێت بۆ نووسینگەی چاپ و بڵاوکردنەوە و تاقیگەکان یاخود گۆڕەپانەکانی ئازادیی(١٤).

(بلقزیز) لەکۆتایی پێناسەی رۆشنبیردا ئاماژە بۆئەوە دەکات کە لە کۆی گشتیدا دەکرێت بڵێین رۆشنبیر بەرهەمهێنەری هۆشیارییە(١٥).

ئیدوارد سەعید لە باسی رۆشنبیردا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە رۆشنبیر ئەو تاکە کەسەیە لە کۆمەڵگادا رۆڵێکی ئاشکرای دیاریکراوی هەیە و ناکرێت بۆ پیشەیەک بچووک بکرێتەوە، یاخود ئەندامێکی ئەکتیڤی ناو چینێک بێت کە تەنها بایەخ بە جێبەجێکردنی کارەکانی دەدات(١٦).

بورهان غلیۆنیش لە روونکردنەوەی چەمکی رۆشنبیردا مەبەستی بە بکەرێکی کومەڵایەتی دەستە کۆییە نەک کۆمەڵێک تاکە کەس کە لە چالاکییەکی (پیشەیی یان زانستیی یان زەمینیی)دا لە یەکدی نزیک دەبنەوە. کاتێکیش باس لە بکەری کۆمەڵایەتی دەکات، ئاماژەی بۆ هێزێکی بزوێنەری دینامیکی کۆمەڵایەتییە نەک داهێنەرێکی فیکری(١٧).



رۆشنبیر وەك كاراكتەرێكی گشتیی دیاریكردن و ئاڕاستەپێدانی فەزای ژیانی كۆمەڵایەتییە، كە سەرلەنوێ پێداچوونەوە و خوێندنەوەی شتەكان و ماناپێدانەوەیان دەخوازێت.

**دووەم: رۆشنبیر و كۆمەڵگە:**

(رۆشنبیر)ی ڕاستەقینە ڕەگەزی گەوهەریی ناو مێژوو و هۆشیاری خودیی نەتەوەیی و كۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆحییە، بۆیە دەوترێت كە رۆشنبیری ڕاستەقینە هەڵوێستێكی كۆمەڵایەتی بەردەوامە(١٨).

لەم سۆنگەیەوە رۆشنبیر وەک کاراکتەرێکی گشتیی دیاریکردن و ئاڕاستەپێدانی فەزای ژیانی کۆمەڵایەتییە، کە سەرلەنوێ پێداچوونەوە و خوێندنەوەی شتەکان و ماناپێدانەوەیان دەخوازێت. بۆیە دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە پرۆسەی دیاریکردنی فەزای ژیانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی لۆژیکی لەگەڵ رۆشنبیردا لەدایک دەبێت(١٩).

ئەمەش لە ڕووی تیۆرییەوە ئەوە ساغدەکاتەوە کە (رۆشنبیر و خەڵک) دوو چەمکی پێویستی یەکدین، ئەم ڕاستییە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مێژوویشەوە هەر ڕاستە، بەمانای دەرکەوتنی فەزای گشتیی لەگەڵ سەرکەوتن و دەرکەوتنی رۆشنبیردا تەریبە(٢٠).

لەم سۆنگەیەوە پەیوەندیی نێوان رۆشنبیران و جەماوەر پەیوەندییەکی بەیەکداچووی ئاڵۆزی چڕ و دژوارە، چونکە رۆشنبیران بۆئەوەی بتوانن لە باشترین دۆخ و چالاکی خۆیاندابن، پێویستیان بە خەڵک و جەماوەرە.

ئەم بابەتەش لەسەر گریمانەی ژیانی فیکری تەنها لەناو چێوەی زانکۆکاندا قەتیس ناکرێت، بەڵکو بۆئەوەی وێنا و بیرۆکەیەکی ڕوونمان سەبارەت بە (رۆشنبیر)ی جەماوەریی و پەبلیک دەستگیربێت، پێویستە گریمانەی ئەوە بکەین کە بیرۆکەکان توانایی کاریگەریی قوڵیان لەسەر ژیانی کۆمەڵگا(وەک گشتێک) هەیە، هەروەها ناتوانرێت ژیانی فیکری لە سیاسەت و بابەتی چۆنیەتی ڕێکخستنی کۆمەڵگا داببڕێت. بەمانایەکی دیکە رۆشنبیران ئەو ئەکتەرانەن توانستی مومارەسەی داڕشتن و دروستکردنی بڕیاریان هەیە، چونکە ئەمانە لە هەموو جۆرە سنور و لەمپەرێک ئازادن و کەسانێکی پابەند و سەربەخۆن، ئەمانە واناسراون چەمکە گشتییەکانی وەک دادوەریی و ڕاستیی پاڵنەریانن و بەناوی مرۆڤایەتییەوە گوتار دەدەن(٢١).

ئەم هێز و توانستە وادەکات رۆشنبیران ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە گۆڕینی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا و لەمیانەی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەوە بگێڕن، مەبەستیش لە هێز، ئەو هێزەیە کە(ڕایت میلز) بە (ئامێر و هۆیە کولتورییەکان) ناویان دەنێت(٢٢). مەبەستیشی لە ئامێرە کولتورییەکان هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ماس میدیا و دامەزراوە کولتوریەکانن. لەم سەربەنەوە کۆمەڵ مەرجێکی پێویستە بۆ کرانەوەی فیکریی و داهێنانی رۆشنبیریی، بەڵکو کۆمەڵ پێویستییەکی بونیادیی و مەرجی بوونی رۆشنبیرانە.

سەبارەت بە دەروەستی رۆشنبیران بۆ کۆمەڵگا و جۆری پەیوەندیی نێوانیان، گفتوگۆی گەورە و جۆراوجۆر لەبارەی سروشتی دەروەستی کۆمەڵایەتی رۆشنبیران لە ئارادایە. بۆیە سێ میتۆدی سەرەکی هەن، کە جۆر و سروشتی رۆشنبیران و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا(٢٣)، دیاری دەکەن:

یەکەمیان ـ(گرامشی) پێیوایە رۆشنبیران توێژێکی پابەندن بەو چینانەی تیایاندا دەرکەوتوون، هەر چینێکی کۆمەڵایەتی رۆشنبیرانی خۆیان



**تۆماس سویل ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: کە فیکر هەمیشە لەسەر ڕێچکەی دانایی نییە، هەندێك کاتیش بە ڕێڕەوی نادانایییدا گوزەر دەکات، لەبەرئەوە بیرکردنەوە لەوکاتانەدا ئەنجامی نەخوازراو و نا لۆژیکی دەخەنەوە.**

بەرهەمدەهێنن(٢٤).

دووەمیان ـ(کارل مانهایم) مامەڵەی لەگەڵ ڕۆشنبیراندا، مامەڵەیەک نییە لەگەڵ چینێکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ڕۆشنبیران لە دەرەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت، پێیوایە ڕۆشنبیران توێژ و چینێک نین، بەڵکو بونیادێکی ناکۆمەڵایەتین. واتە ڕۆشنبیران گرووپێکی سەربەستن و هەوڵی بەدەستهێنانی شوناسێکی سەربەخۆ دەدەن(٢٥).

سێیەمیان ـ(ژولیان بێندا) پێشنیازی خستەڕوو کە ڕۆشنبیران خۆیان بۆ خۆیان چینێک پێکبهێنن. بۆیە ڕۆشنبیران گرووپێکی تایبەتی خەڵکن و دەکرێت وەک توێژێک سەیر بکرێن، خاوەن بەهرەمەندیی ناوازە و ئاکارێکن کە دەیانکاتە ویژدانی مرۆڤایەتی(٢٦).

سەرباری ئەو پۆلێنکردن و خوێندنەوانەی بۆ پەیوەندیی نێوان ڕۆشنبیر و کۆمەڵگا کراون، ناکرێت ڕۆشنبیر دەستبەرداری کۆمەڵگا ببێت، ئەگەر ئەو کۆمەڵگایە خاوەنی هەر سرووشتێک بێت یاخود ڕۆشنبیر هەر سرووشتێکی هەبێت، چونکە ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگادا (هۆشیاریی و ڕەخنە) ی وەک خەمی گشتیی خۆی داناوە، بۆیە بێگومان دەبێت لەگەڵ کۆمەڵگادا لە پەیوەندیدا بێت(٢٧).

ئەم مانایە بۆ ڕۆشنبیر لەڕووی کاروچالاکی کۆمەڵایەتییەوە، دەبێتە بناغەیەکی لۆژیکی بۆ ئەو گوتەزایەی کە «ڕۆشنبیری پەبلیک زۆرتر و زۆرتریی لە جەماوەرەوە دەستدەکەوێت و کەمتر و کەمتریش لە فیکر»(٢٨).

ئەم تێڕوانینە ڕۆشنبیر دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورە و گرنگ، بەرپرسیارێتی ئاکاریی، ئەم بەرپرسیارێتییە دەخوازێت ڕۆشنبیر خاوەن ئاکاری گەڕیدەیی بێت لەناو جوگرافیای ئەو مانا و سیمبول و بەهایانەدا، کە لەنێو هۆشیاریی گشتیدا جێگربوون و بەشێوەیەک مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، کە بابەت و بواری خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەن یاخود کێڵگەیەکن بۆ کێڵان و پشکنین و هەڵکۆڵین.

واتە کۆمەڵگا گۆڕەپانێک نییە تاوەکو ڕۆشنبیر هەژموون و باڵادەستی خۆی تێدا بسەپێنێت، بەڵکو پێویستە ڕۆشنبیر بکەوێتە ناو دۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاوە و لەناو کێشە و گۆڕانکارییەکانییەوە، وەک کاراکتەرێکی کۆمەڵایەتی مومارەسەی ئەرکە فیکرییەکەی لەسەر ڕێگەی دەوڵەمەندکردن و ماناپێدان و دروستکردنی ڕاستیدا بەشداریی بکات(٢٩).

ئەم جۆرە لە ڕۆشنبیران(مانهایم) باسیان دەکات «لە دۆخێکی تایبەت و ئەوتۆدان توانستی بینینی سەرلەبەری کۆمەڵگایان هەیە و پێکهاتەی پێویست لە ئایدۆلۆژیا باوەکان بەدیدەهێنن»، هەروەها دەتوانن وەک کۆیەک لە کۆمەڵگا تێبگەن، توانستی گەیشتن بەڕاستی هەمەلایەنیان هەیە(٣٠).

لێرەوە ڕۆشنبیر لە بەردەم چەندین سەرقاڵی و خەمی گەورەدایە، لەوانە بەدەستخستنی مەعریفە و پەخشکردنەوەی لەناو کۆمەڵگادا، گەیشتن بەهۆشیاری کە بەرئەنجامی مەعریفەیە و لەبەر ڕۆشنایی ئەم هۆشیارییەدا کاریگەریی لەناو کۆمەڵگادا دروست دەکات، هەروەها مومارەسەی کرداری کۆمەڵایەتی کە ڕۆشنبیر بەپێی تێڕوانینەکان دەکاتە سەرکردە و پێشڕەو، بەڵام لە دیدی هەندێکی دیکەوە بەشداریی کاروباری گشتیی و خەمە کۆمەڵایەتییەکانە لەپێناو پەرەپێدانی کۆمەڵگادا(٣١).

کەواتە (ڕۆشنبیر) کەسێکی دوورەپەرێز و دابڕاو نییە، چونکە ئەو ساتەوەختەی دەبێتە ڕۆشنبیر، واتە دەروەستی بۆ هۆشیاریی و بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێت لە ڕێگەی: ڕۆژنامە خوێندنەوە، لە ئاستی گفتوگۆ و دیبەیتەکاندا هەڵوێستەکردن، گوێگرتن بۆ هەر دەنگێک لە ناوەندی جیهانی ڕۆشنبیراندا.

**سێیەم: بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیر:**

چۆمسکی وتنی ڕاستییەکان و خستنەڕووی ناڕاستییەکان دەخاتە ئەستۆی ڕۆشنبیران، بە ئەو بەرپرسیارێتییە ئاشکرایەی لەقەڵەمدەدات کە بەلایەنی کەمەوە هەرکەسێک دەیزانێت(٣٢).

گرامشی جەختدەکاتەوە کە مرۆڤەکان ڕۆشنبیرن، بەڵام هەموو مرۆڤێک ئەرکی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگادا ئەنجام نادات، پاساوی جیاوازیکردنی لە نێوان ڕۆشنبیر و ناڕۆشنبیردا، لەسەر بنەمای ئەرکی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات(٣٣).

دروستکردنی ڕۆشنبیریی نوێ، تەنها بریتی نییە لە دۆزینەوەی تایبەتی(ڕەسەن)، بەڵکو مانای بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاستیانەیە کە دەیدۆزینەوە، بەڵام لە وێنەیەکی ڕەخنەییدا، واتە کارێک بکەین دۆزینەوەکان ببنە(موڵکی سەرجەم کۆمەڵگا) و زیاتر لەوەش ببنە بناغەی کار و کردەوەی ژیانیی، بەمانایەکی تر ببنە ڕووگەی پێکەوە گونجاویی و سستمێکی ڕۆشنبیریی و ئاکاریی(٣٤).

گرامشی پێیوابووە ڕۆشنبیرە ئۆرگانییەکان چالاکانە بەشداریی لە کۆمەڵگادا دەکەن، واتە بەردەوام لەپێناو گۆڕینی بیروبۆچونەکان و فراوانکردنی کاردەکەن. ڕۆشنبیرانی ئۆرگانی لە جوڵە و پێکهاتن و فۆرمەڵەبوونێکی بەردەوامدان، بەپێچەوانەی مامۆستا و پیاوانی کاهین، ئەوانەی وادەردەکەون، کە هەر لە جێگەکانی خۆیاندا ماونەتەوە، ساڵانە هەمان جۆری کار ئەنجامدەدەن و دووبارەی دەکەنەوە(٣٥).

بەتێڕوانینی گرامشی هەڵەیەکی میتۆدیی گەورە دەکەین گەر پێوەری جیاکردنەوە و ناسینەوەی ڕۆشنبیر و ناڕۆشنبیر لە هەناوی چالاکییە فیکرییەکاندا ئەنجامبدرێت، چونکە ئەو پێیوایە کۆی پێکهاتەی پەیوەندییەکان کە تیاییدا چالاکییەکان دەبینین و ئەو گرووپانە دەناسین کە ڕۆشنبیران بەرجەستەی دەکەن، ئەو کێڵگە و بوارەیە کە دەبێتە پێوەری ناسینی ڕۆشنبیر(٣٦).

بەم شێوەیە ڕۆشنبیر ئەو مرۆڤەیە درک و هۆشیاریی بۆ دژکارییەکانی خودی خۆی و کۆمەڵگاکەی هەیە، ئەو دژکارییانەی لە لێکۆڵینەوە لە ڕاستی زانستی (لەگەڵ هەموو پێوەر و دسپیلینەکان)و ئایدۆلۆژیای باو (لەگەڵ پێکهاتەکەی لە بەها نەریتییەکان – سونەتییەکان) دێتەئاراوە.

گەر لە چۆنیەتی و چییەتی ئەو هۆشیارییە بپرسین، سەرەڕای ئەوەی کە لای ڕۆشنبیر پێویستە هۆشیارییەکی کرداریی و واقیعی هەبێت، ئەوا لەسەر ئاستی چالاکی پیشەیی و وەزیفی تەواو و کامڵ بێت، یاخود دەکرێت ئەو هۆشیارییە چیبێت جگە لە لابردنی ئەو ڕوپۆشەی ناکۆکییە گەوجییەکانی کۆمەڵگای پەردەپۆشکردووە، واتە ناکۆکییە چینایەتییەکان و ململانێ ئۆرگانییەکان، لەناو چینی باڵادەست بەتایبەتی.

واتە ڕۆشنبیر شاهیدە بەسەر کۆمەڵگا داخراو و گۆشکراوە بەرهەمهاتووەکانەوە، چونکە ماک و هەوێنەکانی کۆمەڵگای لە خۆیدا هەڵگرتووە، دواجار بەرئەنجامێکی مێژوویی سەردەمەکەیەتی، بەم مانایە هیچ کۆمەڵگایەک ناتوانێت نیگەرانی و بێزاری لە هەمبەر ڕۆشنبیرانی هەبێت بێئەوەی خۆی بخاتە خانەی تۆمەتبارییەوە، چونکە ڕۆشنبیرانی هەر کۆمەڵگایەک خولقێنراو و بەرهەمهێنراوی هەمان کۆمەڵگان(٣٧).

بەناوی دیدی گشتیی سەبارەت بە مرۆڤ و کۆمەڵگا، بانگەشەی دژایەتی و نەیارێتی خۆی بۆ کۆی ڕاستییە بەدەستهاتووەکان و ئەو ڕەوتە

ئاكارییانەش سرووشی دەدەنێ ڕادەگەیەنێت(٣٨). هەر وێنەیەکی ڕۆشنبیر بێت و لە هەر بوارێکی پسپۆڕ و کارکردندا بێت، ئەو بایەخ بە ئاڕاستەکردنی ڕای گشتیی دەدات، یاخود دەکەوێتە نێو گفتوگۆ و دانوساندنە گشتییەکانەوە، بەمەبەستی بەرگریکردن لە گوتەی ڕاستی یان ئازادیی شار یان بەرژەوەندیی نەتەوە یان داهاتووی مرۆڤایەتی. ئەمانە سیفەت و ئەرکی ڕۆشنبیرن، بەڵکو مەشروعیەت و بەرپرسیارێتین، بەمانایەکی دیکە ڕۆشنبیر دیوەکەی تری سیاسەتمەدارە و پرۆژەی ئەڵتەرناتیڤی ئەوە(٣٩).

واتە ڕۆشنبیران لە سەرووی هەر دەروەستییەکی بەرتەسک و نامرۆییانەوەن، ئەوان لە هەرکات و شوێن و بۆ هەرکەسێک بەرگری لە ئاکاری مرۆڤانە دەکەن و ئەمەش دەکاتە بەرپرسیارێتییەکی ئاکاری ڕۆشنبیران، بۆیە دەوترێت ڕۆشنبیرانی سەردەم سازشیان لەو دەسەڵات و بەرپرسیارێتییە ئاکارییەی خۆیان لەپێناو ڕێکخستنی سۆز و هەستی کۆمەڵی وەک (گیانی دەستە و نەتەوەگەریی و دژایەتی نەتەوەیی و چینایەتی) کردووە(٤٠).

بایەخی ئەم لایەنە لەوەدایە ڕۆشنبیر نمایندەی ویژدانی(کۆمەڵ، نەتەوە، گەل)ە، ناشێت بەلای گرووپێک لەسەر حسابی گروپ و دەستەیەکی دیکە لایەنگیری بکات، چونکە لەم لایەنگیرییەدا مانای مەعریفە و ڕۆشنبیریی و ناوەرۆکەکانیان دەگۆڕێت. بەمانایەکی دیکە، سەربەخۆیی ڕۆشنبیر لە هەر دەروەستییەک پێگەکەی باشتر دەپارێزێت، ئەرکەکەی پتەوتر دەکات، باڵانسی فیکری لە بازاڕی بەهای کۆمەڵایەتیدا بەرزتر دەکاتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی پاراستنی وێنەی ڕۆشنبیریی وەک ئەو کایەیەی گوزارشت لە کەسایەتی کۆی کۆمەڵایەتی دەکات(٤١).

لێرەوە بەرپرسیارێتی و پابەندی ڕۆشنبیران، لەو خاڵەوە دەستپێدەکات و پەیوەندی نێوان هاوڕێی و ناوبانگ و دەرکەوتن و ڕۆڵی قسەکردنی گشتیی، دەبێتە فۆرمێک لە فۆرمەکانی پابەندیی و بەرپرسیارێتی ڕۆشنبیر و ویستی دەستپێشخەری کردن(٤٢).

لەبەرئەوە ناشێت و ناگونجێت ڕۆشنبیر ئەوکەسەبێت کە (د.عەلی شەریعەتی) لەبارەیەوە نوسیوویەتی «ڕۆشنبیر دەتوانێت نامۆبێت لەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی، ئەو نازانێت لەکوێ و لە چ کاتێکدا و لەگەڵ کێدا دەژی»(٤٣).

بەپێچەوانەوە ڕۆشنبیر لە ساتەوەختی پەراوێزبوون و دوورەپەرێزیدا، ئەرکە پەیامبەرییەکەی وەک بەرگریکاریی ئازادیی و کێشە گشتییەکان فەرامۆش دەکات، تاوەکو تەنها وەک نووسەرێک گوزارشت لە ئەزموون و ژیانی تایبەتی خۆی بکات(٤٤).

چوارەم – ڕۆشنبیر و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی:

ڕەخنە ئەو میکانیزمەیە کە ڕۆشنبیر بەهۆیەوە مومارەسە و بەردەوامی بە ڕۆڵە مەعریفیی و کردارییەکەی دەدات، ڕەخنە زیندوویی بەکۆی ژیان دەبەخشێت، دۆخی کۆمەڵایەتی دەجوڵێنێت و بەگشتیی بەرەو پێشی دەبات و زەمینەسازی بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی و کولتووریی کۆمەڵگا دەکات.

بەبێ ڕەخنە ڕۆشنبیر یەکێک لە بنەما و خەسڵەتە گرنگەکانی لەدەستدەدات، لێرەوە ناتوانرێت ڕەخنە لە هۆشیاری داببڕێنرێت، ڕەخنە دەبێتە بوارێکی گرنگی کاری ڕۆشنبیر لەناو کۆمەڵگاکەیدا و بەو پێودانگەی دەسەڵاتیش بەشێک دەبێت لە کۆمەڵگا، ناکرێت ڕووداوە جۆراوجۆرەکان و پەرەسەندن و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ ڕەخنەی ڕۆشنبیر تێپەڕن(٤٥).

کاتێک ڕۆشنبیر (هەروەک ڕێمون ئارۆن ئاماژەی پێدەکات) دەبێتە ڕەخنەگری واقیع، هەوڵی دروستکردن و گۆڕینی بەرەو باشتری دەدات، بەڵام ئەگەر گیانی ڕەخنەگری زۆر بەسەریدا زاڵبێت، ئەوە وێناکردنی نەخشە و پێکهاتەی گشتیی ئەو جیهانە نابینێتەوە کە دەیخوازێت، چونکە لەم پرۆسەی ڕەخنەییەدا توشی لەمپەر و بەربەستی زۆر دەبێت، ئەمەش بە سێ قۆناغ ڕوودەدات: ڕەخنە لە فۆرم، ڕەخنە لە ئاکار یاخود گیانی هەڵسوکەوت،

ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیا. لەم بارەشدا ڕۆشنبیر دەكەوێتە هێرشكردنە سەر ئەو كۆمەڵگایەی تیایدا ژیان دەگوزەرێنێت، دەرەنجامیش بانگەشەی كۆمەڵگایەكی تر لە داهاتوودا ڕادەگەیەنێت و پێویستی دەرخستنی توانستەكانی لە چالاكی سیاسی درك پێ دەكات، پاشان دەبێتە كەسێكی نیگەران و ناڕازی لە بەرانبەر واقیعدا، دواجاریش وەك شۆڕشگێڕێك دەردەكەوێت(٤٦).

لەم سۆنگەیەوە ئیدوارد سەعید پێیوایە «هیچ شۆڕشێكی سەرەكی لە مێژووی نوێدا بەبێ ڕۆشنبیران بەرپا نەبووە، بۆیە ڕۆشنبیران دایبابی بزاوتەكانن»(٤٧).

ئەم پرۆسەیەش بوێری دەخوازێت، وەك (بێندا) پێناسەیان دەكات و ئاماژەیان پێدەكات، ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە ئەوانەن كە خۆیان ڕووبەڕووی مەترسی سوتاندن و لەخاچدان و ئازاردان دەكەنەوە(٤٨).

### ئەنجام

ڕۆشنبیر بوونەوەرێكی سەربەست و بوێر و خاوەن دیدی تایبەت و دونیابینی خۆیەتی، پێگە و كاریگەریی خۆیان هەیە، كە دواجار بەرپرسیارێتی خستۆتە ئەستۆیان، بەرپرسیارێتییەك كە فراوانتر و قورسترە لە چین و توێژەكانی تر، كە وادەكات ڕۆشنبیر تەنها لە دونیای تیۆر و فیكردا نەوەستێت، بەڵكو بەرەو فەزای گشتیی و داڕشتنی پەیوەندییەكانی لەگەڵ هاووڵاتییەكانی دەبێتە بەشێك لە ڕێوشوێنەكانی بەجێگەیاندنی ئەو بەرپرسیارێتییە.

لەم سەربەنەوە، ڕۆشنبیر چەند هەوڵی دۆزینەوەی ڕایەڵ و تەرزە فیكرییە نوێ و جیهانییەكان بە خەمێكی گەورە و تایبەتی خۆی دەبینێت، پێویستە بەهەمان شێوە و زیاتریش تێكەڵ بە ژیانی واقیعی و كرداریی نەتەوە و كۆمەڵگاكەی ببێت، تاوەكو بتوانێت باشتر و ڕوونتر و وردتر دید و تێگە و بابەتەكانی بە نووسین و بەكرداریی بگەیەنێت.

## پەراوێز و سەرچاوەكان

(1) JOHN FRIEDMANN: INTELLECTUALS IN DEVELOPING SOCIETIES, p513 file:///C:/Users/Hane/Downloads/INTELLECTUALS_IN_DEVELOPING_SOCIETIES.pdf

(٢) توماس سويل: المثقفون والمجتمع، ترجمة: عثمان الجبالي المثلوثي، الرياض، ٢٠١١، ص٣١.

(٣) عبدالاله بلقزيز: في البدء كانت الثقافة – نحو وعي عربي متجدد بالمسألة الثقافية، أفريقيا الشرق – المغرب، ١٩٩٨، ص٦٩.

(٤) توماس سويل: المصدر السابق، ص١٧-١٨.

(٥) المصدر نفسه، ص٣٣-٣٤.

(6) Nicholas Allott, Chris Knight and Neil Smith: The Responsibility of Intellectuals-Reflections by Noam Chomsky and others after 50 years, UCL Press, University College London, 2019, p1.

(7) Nicholas Allott, Chris Knight and Neil Smith: The Responsibility of Intellectuals, p33-34.

(٨) جيرار ليكلرك: سوسيولوجيا المثقفين، ترجمة: د.جورج كتوره، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت – لبنان، الطبعة الاولى، كانون الثاني ٢٠٠٨، ص٥٣.

(٩) هیوا عەزیز سەعید: ڕۆشنبیر و گوتاری فیكری- توێژینەوەیەك لە مێژووی فیكری باشووری كوردستان، گۆڤاری ڕەهەند وەكو نموونە، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣٥.

(١٠) د.صلاح جرار: المثقف والتغيير – قراءات في المشهد الثقافي المعاصر، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، لبنان – بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣، ص١٣-١٤.

(١١) جان بول سارتر: دفاع عن المثقفين، ترجمة: جورج طرابيشي، منشورات دار الأداب، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٧٣، ص١١.

(١٢) هیوا عەزیز سەعید: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

(١٣) جيرار ليكلرك: المصدر السابق، ص٦.

(١٤) المصدر نفسه، ص٧٦.

(١٥) عبدالاله بلقزيز: المصدر السابق، ص٦٩.

(١٦) ادوارد سعيد: صور المثقف – محاضرات ريث سنة ١٩٩٣، نقله الى العربية: غسان غصن، راجعه: منى أنيس، دار النهر للنشر ش.م.ل – بيروت. ص٢٧ -٢٨.

(١٧) زكي العليو: المثقف...مداخل التعريف والأدوار، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت – لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩. ص١٢.

(١٨) د. ميثم الجنابي: المثقف والسلطة، أو إشكالية القوة والروح المبدع، عن الحوار المتمدن، العدد: ١٠٤٩، ١٦|١٢|٢٠٠٤، M-aljanabi mail .ru.

(19) Richard A. Posner: Public Intellectuals: A Study of Decline, HARVARD UNIVERSITY PRESS, Cambridge, Massachusetts, London, England, 2001., p17

(20) Jeffrey C. Alexander: Public Intellectuals and Civil Society, Public Intellectuals and Europe – European Public Intellectuals? Sociological Perspective" UCD Dublin, October 7-8, 2005. p2.

(٢١)هيوا عەزيز سەعيد: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

(22) Kevin Mattson: Intellectuals in action: Intellectuals in action: the origins of the new left and radical liberalism, 1945–1970, Published by The Pennsylvania State University Press, University Park, PA 16802–1003, United States of America, 2002.,p5

(٢٣)هيوا عەزيز سەعيد: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩-٩٠

(٢٤) عبدالاله بلقزيز: المصدر السابق، ص٧٩.

(25) Iris Mendel: Manheims Free – Floating Intelligentsia: The Role of Closeness and Distance in The Analysis of Society, www.sussex.ac.uk/ cspt/ Documents/ 12 -2.pdf ,p34 -35.

(٢٦) د.صلاح جرار: المثقف والتغيير، المصدر السابق، ص١٣.

(٢٧) زكي العليو: المثقف... ، المصدر السابق، ص٩٥.

(28) Richard A. Posner: Public Intellectuals: A Study of Decline, p1,7.

محمد شوقي الزين: إزاحات فكرية – مقاربات في الحداثة والمثقف، المصدر السابق، ص١٢٩. (٢٩)

(30) Iris Mendel: Manheims Free – Floating Intelligentsia: The Role of Closeness and Distance in The Analysis of Society, p32.

(٣١) زكي العليو: المثقف... ، المصدر السابق، ص٢٤ - ٢٥.

(32) Noam Chomsky: The Responsibility of Intellectuals, P2.

(٣٣) انطونيو غرامشي: كراسات السجن (القسم الأول)، ترجمة: عادل غنيم، دار المستقبل العربي، السبت، ١٧ تشرين الثاني ٢٠٠٩، ١٨:٤٧، ص٥/٢٠. {socialisthorizon.net/index.php?view}

(٣٤) نفس المصدر والصفحة

(٣٥) ادوارد سعيد: المصدر السابق، ص٢٢.

(٣٦)هيوا عەزيز سەعيد: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

(٣٧)جان بول سارتر: المصدر السابق، ص٣٣ -٣٤.

(٣٨) المصدر نفسه، ص١١.

(٣٩) علي حرب: أوهام النخبة أو نقد المثقف، المركز الثقافي العربي، بيروت، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٤، ص٣٨.

(٤٠)د.صلاح جرار: المصدر السابق، ص٢٠.

(٤١)زكي العليو: المصدر السابق، ص٩٣.

(٤٢)جيرار ليكلرك: المصدر السابق، ص٧٨.

(٤٣)د. علي شريعتي: العودة إلى الذات، ت: د.ابراهيم الدسوقي شتا، مؤسسة دار الكتاب الاسلامي-مطبعة ستار، قم-ميدان المعلم، الطبعة الثانية، ٢٠٠٧، ص١٩٨.

(٤٤)علي حرب: المصدر السابق، ص٤٦.

(٤٥) زكي العليو: المصدر السابق، ص٦٩ - ٧٠.

(٤٦) أ.د.حفناوي بعلي: مدخل في نظرية النقد الثقافي المقارن، منشورات الاختلاف، الجزائر العاصمة – الجزائر، دار العربية للعلوم – ناشرون، بيروت – لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧، ص١٥٩ - ١٦٠.

(٤٧) د.صلاح جرار: المصدر السابق، ص١١.

(٤٨) ادوارد سعيد: المصدر السابق، ص٢٤.

## سەرچاوەکان


١) أ.د.حفناوى بعلى: مدخل فى نظرية النقد الثقافى المقارن، منشورات الاختلاف، الجزائر العاصمة – الجزائر، دار العربيه للعلوم – ناشرون، بيروت – لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧.

٢) ادوارد سعيد: صور المثقف – محاظرات ريث سنه ١٩٩٣، نقله الى العربية: غسان غصن، راجعة: منى أنيس، دار النهر للنشر ش.م.ل – بيروت.

٣) توماس سويل: المثقفون والمجتمع، ترجمة: عثمان الجبالى المثلوثى، الرياض، ٢٠١١.

٤) جان بول سارتر: دفاع عن المثقفين، ترجمة: جورج گرابيشى، منشورات دار الآداب، بيروت، الطبعه الاولى، ١٩٧٣.

٥) جيرار ليكلرك: سوسيولوجيا المثقفين، ترجمة: د.جورج كتوره، دار الكتاب الجديد المتحده، بيروت – لبنان، الطبعة الاولى، كانون الثانى ٢٠٠٨.

٦) زكى العليو: المثقف...مداخل التعريف والادوار، مؤسسه الانتشار العربى، بيروت – لبنان، الطبعه الاولى، ٢٠٠٩.

٧) د.صلاح جرار: المثقف والتغيير – قراوات فى المشهد الثقافى المعاصر، المؤسسه العربيه للدراسات والنشر، لبنان – بيروت، الطبعه الاولى، ٢٠٠٣.

٨) عبدالاله بلقزيز: فى البدو كانت الثقافه – نحو وعى عربى متجدد بالمسأله الثقافيه، أفريقيا الشرق – المغرب، ١٩٩٨.

٩) على حرب: أوهام النخبه أو نقد المثقف، المركز الثقافى العربى، بيروت، الگبعه الثالثه، ٢٠٠٤.

١٠) د. على شريعتى: العوده إلى الژات، ت: د.ابراهيم الدسوقى شتا، مؤسسه دار الكتاب الاسلامى-مطبعة ستار، قم-ميدان المعلم، الطبعة الثانية، ٢٠٠٧،

١١) هيوا عەزيز سەعيد: ڕۆشنبير و گوتارى فيكرى-توێژينەوەيەک لە مێژووى فيكرى باشوورى كوردستان، گۆڤارى ڕەهەند وەكو نموونە، بەڕێوەبەرايەتى چاپ و بڵاوكردنەوەى سلێمانى، سلێمانى، ٢٠١٣.

١٢) انطونيو غرامشى: كراسات السجن(القسم الاول)، ترجمة: عادل غنيم، دار المستقبل العربى، السبت، ١٧ تشرين الثانى ٢٠٠٩، ١٨:٤٧، ص٢٠/٥. {socialisthorizon.net/index.php?view}

١٣) د. ميثم الجنابى: المثقف والسلطة، أو إشكالية القوة والروح المبدع، عن الحوار المتمدن، العدد: ١٠٤٩، ١٦|١٢|٢٠٠٤، M-aljanabi mail ..ru

14) Jeffrey C. Alexander: Public Intellectuals and Civil Society, Public Intellectuals and Europe – European Public Intellectuals? Sociological Perspective” UCD Dublin, October 7-8, 2005. p2.

15) Kevin Mattson: Intellectuals in action: Intellectuals in action: the origins of the new left and radical liberalism, 1945–1970, Published by The Pennsylvania State University Press, University Park, PA 16802–1003, United States of America, 2002.

16) Nicholas Allott, Chris Knight and Neil Smith: The Responsibility of Intellectuals- Reflections by Noam Chomsky and others after 50 years, UCL Press, University College London, 2019.

17) Richard A. Posner: Public Intellectuals: A Study of Decline, HARVARD UNIVERSITY PRESS, Cambridge, Massachusetts, London, England, 2001.


18) JOHN FRIEDMANN: INTELLECTUALS IN DEVELOPING SOCIETIES, p513 file:///C:/Users/Hane/Downloads/INTELLECTUALS_IN_DEVELOPING_SOCIETIES.pdf

19) Iris Mendel: Manheims Free – Floating Intelligentsia: The Role of Closeness and Distance in The Analysis of Society, www.sussex.ac.uk/ cspt/ Documents/ 12 -2.pdf.

# ڕۆشنبیری دیمەکی* ڕۆشنبیری شەنیەر*







**نەبەز گۆران**

نەبەز گۆران، ساڵی ١٩٧٧ لە بیارە/ هەورامان لەدایکبووە، نوسەر و ڕۆژنامەنووسە، خاوەنی ژمارەیەک کتێبی چاپکراو و ژمارەیەکی زۆر وتار و لێکۆڵینەوەیە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا.

لە هەموو قۆناغە جیاوازەکاندا پرسیاری ئەرکی ڕۆشنبیر دێتە پێش. ڕۆشنبیر کێیە؟ ئەرکی چییە؟ ئەو ڕووبەرەی ڕۆشنبیر تێیدا کاردەکات چ جۆرە ڕووبەرێکە؟ مانا نوێیەکانی ڕۆشنبیر چین و، لەناو فەزای گشتیدا ڕۆشنبیر لەکوێدا دەردەکەوێت؟ ئایا ڕۆشنبیر کائینێکی ڕادیکاڵە؟ یان کائینێکی ڕووکەشگەرا؟ جارێکی دیکە پرسیار دروستکردن لە بەردەم ئەم کائینەدا چ مەبەستێکی هەیە؟ لەم بابەتەدا بە شوێن چ تایپێکی ڕۆشنبیر دەگەڕێم و دەمەوێت ئەو گوتارەی ئەم تایپانەی لێبەرهەمهاتووە لەکوێدا ڕەگوڕیشەکانی بدۆزمەوە؟ ڕۆشنبیری دیمەکەی کام تایپە؟ ئەی ڕۆشنبیری شەنیەر کێیە؟ بنەوانی ئەم دوو ڕۆشنبیرە لەژێر هەیمەنەی کام لە گوتاردا دروستبوون؟

بۆ خوێندنەوەی ڕۆشنبیری دیمەکی و ڕۆشنبیری شەنیەر لە ئێستادا پەنا دەبەمە بەر دوو دەق. هەردوو دەقەکە دەلاقەیەکی باشن تالێیانەوە لەم دوو تایپەی ڕۆشنبیری کورد بڕوانم. دەقی چامەکەی _نالی و سالم_ لەگەڵ دەقێکی _ئەحمەدی خانی_ لە _مەم و زین_دا. دوو لەو دەقانەن ڕێگا خۆش دەکەن بزانین مەبەست لە ڕۆشنبیری دیمەکی چییە و، مەبەست لە ڕۆشنبیری شەنیەر چییە؟ هەردوو دەقەکە دوو تایپ لە گوتاری ڕۆشنبیر بەرهەم دەهێنن، تایپێک ئەرکی دیمەکی دەبینێت، تایپێک ئەرکی شەنیەری، بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە بەدرێژایی مێژووی ڕۆشنبیریی کورد، هێشتا نەیتوانیوە تەجاوزی هەیمەنەی گوتاری ئەو دوو دەقە بکات و تایپێکی دیکە لەناو خۆیدا بەرهەم بهێنێت، جیاوازتر بێت لەو دوو تایپە! گەرچی لە دوو شوێنی جیاوازدا، لای مامۆستا (مەسعود محەمەد) و لای (ڕەهەندییەکان) هەوڵێک دەدرێت بۆئەوەی تەجاوزی ئەو گوتارە بکرێت و لەو دوو دەقە دەربچن و ئەرکێکی دیکە بدەن بە ڕۆشنبیر، کە ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆیەتی، بەڵام بەهۆی باڵادەستی گوتاری سیاسیی و ترسان لە ئەویتری دەرەوە و باڵادەستی گوتاری زۆرینە، جارێکی دیکە ڕۆشنبیر دەکەوێتەوە ژێر سێبەری ئەو دوو گوتارەی دوو دەقەکە بەرهەمی دەهێنن و هەردوو گوتارەکەش خزمەتکردنە بە گوتاری سیاسیی باڵادەست، نەک جیاکردنەوەی ڕووبەری ڕۆشنبیر لە ڕووبەری سیاسیی و نەک جیاکردنەوەی گوتاری ڕۆشنبیر لە گوتاری باو.

لە چامەکەی _نالی_ بۆ _سالم_ و وەڵامەکەی _سالم_ بۆ _نالی_ لەو بەشە دەگەڕێم پەیوەندی بە وەسفی شوێن و یادەوەری کارەکتەری شاعیرەوە هەیە و، دەچمە سەر کرۆکی گوتاری ڕۆشنبیر بۆ ڕووبەری دەسەڵات و ڕووبەری ئازادیی و ترسان لەویتر و هەوڵدان بۆ بەرهەمێهێنانی ڕۆشنبیری دیمەکی.

**((ئێستەش مەکانی ئاسکیە (کانی ئاسکان)؟**
**یاخۆ بووە بە مەلعەبەیی گورگ و لورەلور**
**ئایا مەقامی ڕوخسەتە لەم بەینە بێمەوە؟ یا**
**مەصلەحەت تەوەقوفە تا یەومی نەفخی صور.**
**نالی))(١)**

**وەڵامەکەی سالم:**

**((شەهرێکە پڕ لە زوڵم و مەکانێکە پڕ لە شین،**
**جایێکە پڕ شۆڕ و وڵاتێکە پڕ لە شەڕ**
**توخوا بڵێ بە حەزرەتی نالی دەخیلی بم، بەم**
**نەوعە قەت نەکا بە سولەیمانیان گوزەر)) (٢)**

پاش گەڕان بە شوێنەکاندا و پرسیارکردن لە شوێن و یادەوەرییەکان، بەر ئەم دوو بەیتە دەکەوین. ئەم دوو بەیتە گوتارێک لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن، گوتارەکە لەناو ڕووبەری سیاسییدایە و ڕۆشنبیر لەم ڕووبەرەدا خۆی دەبینێتەوە و بەرگریکارێکی ڕووبەرەکەیە. ڕووبەرێک ئەگەر دەسەڵاتەکە پەیوەندی بە _منی کوردی_یەوە هەبێت، لەهەر جۆرە تایپێک دەسەڵات بێت لەناو ئەو ڕووبەرەدا شوێنێک دەبێت بۆ _منی ڕۆشنبیر_ هەتا تێیدا بوونی خۆمی تیاببینم، بەڵام گەر دەسەڵاتەکە بەدەس _ئەویتری دەرەوەی کورد بێت_ ئەو دەسەڵاتە لە جەوهەردا

دروستیش بێت، شوێنێک نییە تا منی ڕۆشنبیر بتوانم ئەو شوێنە قبوڵ بکەم و بتوانم تێیدا بمێنمەوە و بیری تێدا بکەمەوە. دەقەکە پرسیار لە دەسەڵاتی _منی کورد، ئەوی بێگانە_ دەکات. پرسیار لە جەوهەری دەسەڵاتەکە ناکات و پرسیار لەسەر ئەو مۆدێلە لە دەسەڵات ناکات، ئایا چ جۆرە مامەڵەیەک لەگەڵ مرۆڤ و ئازادییەکانی و، هاوڵاتییاندا دەکات. لەبری ئەمە پرسیارەکان گۆڕانیان بەسەردادێت و دەبنە کێشەی ناسنامەی دەسەڵات. ناسنامەی دەسەڵاتەکە بۆ هەردوو ڕۆشنبیرەکە گرنگترە، لە جۆری دەسەڵاتەکە. _نالی_ وەک ڕۆشنبیرێک و کارەکتەرێکی هوشیار، پرسیار لە شوێنەکان دەکات و پاشان پرسیار لە ناسنامەی دەسەڵاتەکە دەکات. _سالم_یش بە هەمان هوشیارییەوە، شوێنەکان وێنا دەکاتەوە و ناسنامەی دەسەڵاتەکەش وێنا دەکاتەوە، بەڵام بە ئەوی ڕۆشنبیری بەرامبەری دەڵێت: نەکەی بگەڕێیتەوە بۆ ناو ئەم فەزایە، چونکە فەزاکە شوناسێکی غەریب بەڕێوەی دەبات و هەموو جوڵەیەکی خراپ و نادروستی تێدایە و، شوناسە غەریبەکە هەرگیز نابێتە جێگای ئومێد بۆ مانەوەی تۆ، غەریب بوون لە غوربەتدا باشترە تا لێرەبوون لەژێر سێبەری ئەم دەسەڵاتە شوناس غەریبەدا.

دیدگای هیچ کام لە ڕۆشنبیرەکان شێواز و جەوهەری دەسەڵاتەکە نییە، بەڵکو کێشەیە لەگەڵ ناسنامەی دەسەڵات و ناسنامەکەش ڕاستەوخۆ دەبەستنەوە بە ناسنامەی _منی کوردی_ یان ئەوی بێگانە_. لەناو دونیای ڕۆشنبیری ئێستادا بەردەوام قسە لەسەر ئەوە دەکرێت، لە سەردەمی _حاجی قادری کۆیی_ ئیدی گوتاری نەتەوەیی و خەونی دەوڵەت و کردنە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوی غەریبە دەبێتە گوتارێکی بەهێز پوخت دەبێت و، مانایەکی ڕاستەقینە وەردەگرێت. بەڵام بنەوانی ئەو گوتارە لە چامەکەی_نالی و سالم_ دایە. دەسەڵاتی ئەوی غەریبە بۆ هەردووکیان دەسەڵاتێکی قبوڵنەکراوە و لە شوێنی ئەو تایپە غەریبەی دەسەڵات، بۆ دەسەڵاتێک دەگەڕێن ناسنامەکەی کوردی بێت، لەم نێوانەدا ئەوان ببنە بەرگریکارێکی ئەو دەسەڵاتە کوردییە. گوتاری ڕۆشنبیری دیمەکی لەم چامەیەوە دەستپێدەکات.

ڕۆشنبیری دیمەکی، مەبەست ئەو تایپە ڕۆشنبیرەیە لە نێوان ڕووبەرەکەی خۆیی و ڕووبەری دەسەڵاتدا، نێوان هەڵدەبژێرێت. نێوانێک بۆ بەستنەوەی هەردوو گوتارەکە. نێوانێک ئیدی بۆشاییەک نامێنێ لە نێوان ئەو دوو ڕووبەرەدا. لەو شوێنەی دەسەڵات پێویستی بە گوتاری ڕۆشنبیری بێت، لەو شوێنەدا ڕۆشنبیر گوتارەکەی خۆی دەخاتە خزمەت دەسەڵاتەوە و، لەو شوێنەشدا ڕۆشنبیر پێویستی بە دەسەڵات بێت، ڕۆشنبیر وەک دیمەکێک دەخاتە ناو دیوارەکەی خۆیەوە بۆئەوەی درزی تێنەکەوێت. ئەکرێت لێرەدا زەمەنی چامەکە و سەردەمی هەردوو ڕۆشنبیرەکە _نالی و سالم_ جیاوازییەکی گەورەی هەبێت لەگەڵ ئەم سەردەمەی ئێمە لەبارەیەوە دەدوێین. بەڵام بنەوانی گوتارەکە پەیوەستە بە مێژووی ڕۆشنبیری کوردییەوە و دەقەکە بۆخۆی دینەمۆی خولقاندنی گوتارەکەیە. ئەو دیدەی لە چامەکەدا بەرهەم دێت، پاشان دەبێتە دیدێکی بنەڕەتی و تا ئەم چرکەساتەش زۆرێک لە ڕۆشنبیران کاری لەسەر دەکەن و، هەمیشە ترسان لە ئەویتری بێگانە و بەرگریکردنە لە دەسەڵاتی خۆماڵی، ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆیان لەبیردەباتەوە و، دەبنە بەشێک لەو دیمەکی بوونەی کێشەیان لەگەڵ جەوهەری دەسەڵاتەکە و جەوهەری ڕووبەری ڕۆشنبیریدا نییە، هێندەی کێشەیان لەگەڵ ناسنامەی دەسەڵاتەکەدا هەیە.

با واوێنا بکەین هەمان چامە بۆ ئەو قۆناغە نووسرابێت کە _میرە کوردەکان_ باڵادەست بوون و غەریبەیەکی دەسەڵاتدار لە ئارادا نەبووە. ئایا _نالی_ هەمان پرسیاری دەکرد و_سالم_ هەمان وەڵامی دەدایەوە؟ نامانەوێت وشەی ئەگەر بۆ مێژوو بەکاربهێنین و بیخەینە ناو سیاقی دەقەکەوە، چونکە لەناو مێژوودا وشەی ئەگەر بوونی نییە. بەڵام بەهۆی

چامەکەوە تێدەگەین هەردوو ڕۆشنبیرەکە بە شوێن دەسەڵاتێکدا دەگەڕێن و خەون بە دەسەڵاتێکەوە دەبینن، ناسنامەیەکی کوردی هەبێت، نەک بە شوێن دەسەڵاتێکدا کە بتوانێت لەژێر سێبەری خۆیدا مەودای ئازادیی و بیرکردنەوە و هاوڵاتی بوون دروستبکات و، جەوهەری دەسەڵاتەکە شوێنی پرسیارکردنیان نییە. گوتاری چامەکە گوتارێکە ڕۆشنبیر دەکاتە خەمخۆرێکی دەسەڵاتی کوردی و، کۆی ئازادیی و بیرکردنەوەکان دەبەستێت بەو دەسەڵاتەوە کە ـمنی کوردیـ بەڕێوەی دەبات. لەکاتێکدا کێشەی ـ ڕۆشنبیر و دەسەڵات ـ کێشەیەکی جەوهەرییە. گەر لە مێژووی ڕابردوودا دەسەڵاتێکی کوردی بوونی نەبووبێت بۆئەوەی ڕۆشنبیر ڕووبەری خۆی لێجیابکاتەوە و، لەو ڕووبەرەوە سەیری ڕووبەری دەسەڵات بکات، لە ـ١٩٩١ـ ئێدی بەر دوو جۆر لە ڕووبەر دەکەوین، کە هەردووکیان یەک ناسنامەیان هەیە و سەر بەیەک زمانن، لێ هێشتا هەمان گوتاری ناو چامەکە باڵادەستە و هەمان ترس و هەمان دیدگا بۆ ناسنامەی دەسەڵاتەکان لەناو بەشێک لە ڕۆشنبیردا ئامادەیی هەیە.

بۆئەوەی بەباشی ئەو گوتارە بناسین لە چامەکەدا بەرهەم هاتووە و لەناو ڕووبەری ڕۆشنبیردا ئامادەگییەکی هەمیشەیی هەیە، قسە لەسەر ئەرکی ڕۆشنبیر دەکەین لە ئێستادا و قسە لەسەر ئەو دەستهەڵگرتنە دەکەین پەیوەندی بە ئەرکە ڕادیکاڵەکەی ڕۆشنبیرەوە هەیە. لێرەدا پرسی گوتاری ڕۆشنبیر و ئەرکی ڕۆشنبیر دێتە ئاراوە. ئایا گوتارێک هەیە تەجاوزی گوتاری ناو چامەکەی کردبێت؟ ئایا پرسەکانی ڕۆشنبیر هەمان ئەو پرسانە نین لە چامەکەدا هاتوون؟ هێشتا ڕۆشنبیری دیمەکی لەناو ڕووبەرەکەدا نمایش ناکات؟

ئەکرێت گوتاری ئایدۆلۆژی باڵا، گوتاری سیاسیی، هەمیشە بەسەر گوتاری ڕۆشنبرییدا باڵادەستی هەبوبێت، بەڵام بۆچی ڕۆشنبیر و بەشێکی زۆری ڕۆشنبیر نایەوێت بەتەواوەتی ڕووبەری خۆی جیابکاتەوە؟ ئەو ڕۆشنیرە دیمەکیانە لەژێر هەیمەنەی ئەو گوتارەدا دەژین دەیانەوێت بەرگری لە چی بکەن؟ دەسەڵات دەزگایەکی گەورەیە، چ لەڕووی گوتارەوە، چ لەڕووی جەستەوە و خۆی دەخزێنێتە ناو پنتەبچووکەکانی ژیانی گشتی و ژیانی تاکەوە. لە مێژووی ئەم دەسەڵاتەدا دەرک بەوە دەکەین کە ئەم دەزگا گەورەیە خاوەنی زمانێکی شەعبی لاوازە. فەرهەنگێکی نییە تا بتوانێت لە ڕێگەی فەرهەنگەکەی خۆیەوە بەرگری لە جەستە زەبەلاحەکەی خۆی بکات. ئەما هەمیشە لە ڕێگەی میدیا و دامەزراوەکانییەوە دونیایەک لە ڕۆشنبیری دیمەکی دەکاتە کەرەستەی بەرگریکردن لە شێوازە نادروستەکەی خۆی. ئەرکی ئەم ڕۆشنبیرە ئەوەیە بچێتە ناو دیواری دەسەڵاتەوە بەر لە درزەکانی بگرێت و، گوتاری ڕۆشنبیری بکاتە کەرەستەیەک بۆ بەرگریکردن لە مانەوەی ئەو دیوارە. لەو شوێنەدا دەنگی ناڕەزایەتی بەرز دەبێتەوە، ئەرکی ئەم ڕۆشنبیرە دیمەکییە ئەوەیە جارێکی دیکە لە دیوارەکەوە سەری خۆی دەربهێنێت و باس لە ترسی گەورە بکات، ترس لە نەمانی دەسەڵاتی ـمنی کوردیـ و هاتنەوەی ـئەوی بێگانەـ ئەم تایپە لە ڕۆشنبیر نە دەتوانێت بەتەواوەتی ببێتە دەسەڵات و وەک دەسەڵاتێک دەرکەوێت، نە دەشتوانێت ڕۆشنبیربێت و لەناو ڕووبەرەکەی خۆیەوە دونیابینی خۆی دەرخات و ڕەخنەگربێت لە دەسەڵات. لەو شوێنەی ڕووبەری دەسەڵات و ڕووبەری ڕۆشنبیر تێکەڵبوون، ڕووبەرێک نامێنێت ناوی ڕۆشنبیر بێت. ڕۆشنبیری دیمەکی کێشەی لە ئەرک و ڕووبەرەکاندا نییە، لەبری ئەوە دەیەوێت لەو نێوانەدا وەزیفە بخۆرییەکەی خۆی بەڕێوەببات. دژی هەموو ڕۆشنبیرێکە لەناو ڕووبەرەکەی خۆیدا بێت و ئامادە نەبێت ئەو ڕووبەرە چۆڵبکات بۆ دەسەڵات و، دژی هەموو دەسەڵاتێکیشە بێباکە لە پەراوێزخستنی ڕۆشنبیری دیمەکی. ئەما ئەم تایپە کە دۆخێکی کتوپڕ دروست دەبێت بەرگە ڕۆشنبیرییەکەی دادەکەبێت و، وەک دەسەڵات قسە دەکات.

هەمیشە لەو چرکەساتانەی فەزایەک بوونی هەیە و ئامادەیە بۆ ئاڵوگۆڕیی جەوهەری دەسەڵاتەکە، لەو چرکەساتانەدا ڕۆشنبیری دیمەکی دێتە ناوەوە و ئیشی دەبێتە دروستکردنی ئاشتەوایی لە نێوان هەردوو ڕووبەرەکەدا. وەک چۆن کارەکتەرێکی خێڵەکی لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە نێوان دوو خێڵی جیاوازدا نێوەندگیری دەکات تا پێکیانبهێنێتەوە، ڕۆشنبیری دیمەکیش هەمان کردەی ئەو کارەکتەرە لەژێر ناو و فۆرمێکی دیکەدا دووبارە دەکاتەوە.

گوتاری پاراستنی دەسەڵاتی کوردی و بەرگریکردن لە دەسەڵاتی کوردی ئەو دەسەڵاتە هەر جۆرێک بێت، ئەو گوتارەیە لە چامەکەدا دوو ڕۆشنبیر بەرهەمی دەهێنن. چامەی دوو ڕۆشنبیرەکە تەنها چامەیەک نییە شوێنمان پیشانبدات لەناو یادەوەری دوو شاعیری هوشیاردا، لە پشت شوێنەکانەوە گوتارێک بەرهەم دەهێنێت، زیاتر لە دووسەد ساڵ هەمان گوتار ڕۆشنبیر لەسەری دەڕوات و بۆ جارێکیش هەڵوەستە لەسەر گۆڕینی گوتارەکە ناکات. لە زەمەنی چامەکە و تا هاتنی دەسەڵاتی کوردی، ئەم گوتارە مانایەکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، کە ئەکرا ڕۆشنبیر لە ڕێگەی ئەو مانایەوە کار بکات بۆ بەرهەمهێنانی دەسەڵاتێکی کوردی. لێ کاتێک دەسەڵاتە کوردییەکە دروست دەبێت، ئیدی ئەرکی ڕۆشنبیر گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا دێت، کە هەڵگرتنی گوتاری ڕەخنەیە لە بەرامبەر دەسەڵات و بەتەواوەتی جیاکردنەوەی ماڵی خۆیە لە ماڵی دەسەڵات. ئەگەر (ڕەهەندییەکان) هەوڵێکی ڕژدیان نەدایە بۆ دروستکردنی درزێک لە نێوان ڕووبەری ڕۆشنبیر لە ڕووبەری دەسەڵات، بێگومان هەمان ئەو ڕۆشنبیرە باڵادەستی دەبوو لە ڕێگەی گوتاری سیاسیی و گوتاری دەسەڵاتەوە بوونی خۆی دەناسی و شوێنێک نەبوو ناوی شوێنی ڕۆشنبیر بێت و جیابێت لە دەسەڵات. گەرچی لە چەندین شوێنەوە ((ـڕەهەندییەکانـ هەڵبەت هەموویان نا بوونەوە بە بەشێک لە گوتاری دەسەڵات و، زمان و دونیابینیان هەمان زمان و دونیابینی دەسەڵاتە، بەشەکەی دیکەشیان ئەرکی ڕۆشنبیری دیمەکیان خستە سەرشانی خۆیان و، تەنها یەک دوو دەنگیان لێمایەوە لەناو ڕووبەری ڕۆشنبیریدا درێژە بە کارەکانیان بدەن)).

ڕۆشنبیر ئەو بوونەوەرە سادە نییە نەتوانێت ببێتە خاوەنی پرۆژەی فیکریی و ڕەخنەیی. ڕۆشنبیر بوونەوەرێکە لە دەرەوەی گوتاری باو، ڕەخنەی باو، دیدگایەکی ڕادیکاڵانەی بۆ کۆی کێشەکان و دەسەڵات هەیە. بەڵام ڕۆشنبیری دیمەکی کە نە لەناو ڕووبەری خۆی شوێنێکی ڕاستەقینەی هەیە، نە لەناو ڕووبەری دەسەڵاتدا، ئیدی لەگەڵ فریبووندا دێت و دەبێتە کێشەیەکی گەورە بۆ جیاکردنەوەی دوو ڕووبەرەکە و، تەواوی پرۆژە فیکریی و ڕەخنەییەکانی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە دەخاتە گۆشەیەکەوە ئەویتری دەرەوەی ڕۆشنبیر گومان لە هەموو ڕووبەرەکە بکات. چامەکەی دوو ڕۆشنبیرەکە بەرهەمهێنانی ئەو تایپەی لە ڕۆشنبیری بەدوای خۆیدا هێنا، دیمەکییانە لەگەڵ گوتاری زۆرینەدا دەست و پەنجە نەرم بکات و، ببێتە بەرگریکاری مانەوەی دەسەڵاتێک، کە ئەو دەسەڵاتە خۆی زمانێکی نییە تا بەرگری پێ بکات لەخۆی و، زمانی ئەو ڕۆشنبیرە دیمەکییە بەکاردەهێنێت بۆ بەرگریکردن لە خۆی. هەمان دیدگا « ئەم موڵکە نەزمی نابێ، بەبێ زەبتی واریسی، سالم»(٣) لە ئێستاشدا فەزایەکی گەورەی ناو گوتاری ڕۆشنبیری دیمەکییەکەیە.

بێگومان موڵکەکە ئەو شوێنەیە دەسەڵاتی کوردی تێیدا نیشتەجێیە و بوونی خۆی تێدا دەبینێتەوە و پێویستە لە ڕێگەی ـمنی کوردیـ یەوە زەبتی واریسی بۆ بکرێت. هەرچۆن لە ئێستادا لە ڕێگەی میدیا و مەکینەی بەرهەمهێنانی ئاوەژوکردنەوەی حەقیقەتەوە، هەمیشە دیدگایەکی ساکاری شەعبی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا دەکێشێت، کە ئەم دەسەڵاتە هەرچۆنێک بێت پێویستی بە بەرگریکردنە و، نابێت بەراوردی دەسەڵاتی کوردی



**ڕۆشنبیری شەنیەریی و ڕۆشنبیری دیمەکی، دوو تایپن لەو ڕۆشنبیرانەی ڕەگ و ڕیشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ بەر لە ئێستا و لەناو دەقە ئەدەبییەکانەوە بەرهەم هاتوون.**

به هیچ جۆر له تایپەکانی دەسەڵات بکەین و، بەشێکی زۆری خاوەن ئەم بۆچوونانە لە ڕۆژئاوا دەژین و دەسەڵاتەکەی ئێرەیان قبوڵ نییە، کەچی بەرگری لە مانەوەی دەکەن لە بەرامبەر ئەو هەموو ستەمەی دەرهەق بە هاوڵاتییەکانی خۆی دەکات. زمانی ئەم تایپە لەسەر جەوهەری دەسەڵاتەکە نییە، لەسەر ناسنامەکەیەتی و ناسنامەی دەسەڵاتەکەی بۆ گرنگترە لە جەوهەرەکەی. بە مانایەکی دیکە، نامەوێت ئەو وێنەیە دەرخەم ئیشی ڕۆشنبیرە ئەم دەسەڵاتە بروخێنێت و ئەویتری بێگانە بێتەوە، بەڵکو دەمەوێت ڕونتری بکەمەوە ئیشی ڕۆشنبیرە لەسەر کۆی جومگەکانی تێگەیشتینی ڕژد و ڕادیکاڵانەی هەبێت و، نەبێتە بەشێک لەو هەژمونگەرییەی دەسەڵات دروستی دەکات و، لەبری ئەوە لە گۆشەکەی خۆیەوە بەرگریکاری ئەو چەمکانە بێت، کە ڕۆشنبیر دەبێت بەرگرییان لێ بکات. ئەو چەمکانەی پەیوەندییان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە.

دووبارەکردنەوەی ڕستەکەی ـ سالم ـ دووبارەکردنەوەیەکی ترسانە لە ئەویتر و ڕازیبوونە بە هەر جۆرە مۆدێلێک لە دەسەڵات بەمەرجێک ناسنامەکەی کوردانە بێت. نەزانینی ئەرکی ڕۆشنبیر و نەناسینی ڕووبەری ڕۆشنبیر ئەم تایپەی ڕۆشنبیر دروستیان کردووە کە دیمەکێکن لەناو دیوارەکەی دەسەڵاتدا. ئەشێت _سالم_ لە قۆناغێکدا ئەو ڕستەیی وتبێت، ڕۆشنبیر وێنای بۆ دەسەڵاتی کوردی هەمان وێنای ئێستا نەبووبێت و، ئەو وەک ڕۆشنبیرێکی هوشیار، بەو جۆرە وێنای دەسەڵاتی کوردی کردبێت، لەگەڵ خۆیدا دونیایەکی ئازاد و دونیایەک لە یەکسانی بهێنێت. ئەما لە ئێستادا هەمان دید و هەمان گوتار لەناو ڕۆشنبیردا بوونی هەبێت، ئەمە بۆخۆی پرسیارێکە لە خودی ڕۆشنبیر، کە ئایا ئەم کائینە بیر دەکاتەوە؟ گەر بیر دەکاتەوە بۆچی ناتوانێت تەجاوزی ئەو چامەیە بکات و لەو گوتارە بێتە دەرەوە؟ ڕۆشنبیری دیمەکی چ دینەمۆیەکە بۆ پاراستنی ئەم گوتارە و، ئەم گوتارە بەرگری لە مرۆڤ و ئازادییەکانی دەکات لەژێر دەسەڵاتێکی کوردیدا، یان بەرگری لە خودی دەسەڵاتەکە دەکات بە هەموو ستەمەکانییەوە؟

پێش وەڵامی ئەم پرسیارانە دەچینە لای دەقەکەی _ئەحمەدی خانی_ و لە ڕێگەی ئەو دەقەوە، قسە لەسەر مۆدێلی دووهەمی ڕۆشنبیر دەکەین، کە ڕۆشنبیری شەنیەرە. ئەم مۆدێلەیان چییە و لە بەرامبەر مۆدێلی ڕۆشنبیری دیمەکیدا ڕۆشنبیری شەنیەر چی دەکات و چی دەوێت؟ پاشان لە ڕێگەی هەردوو تایپەکەی ڕۆشنبیرەوە، پرسیار لە ڕۆشنبیر دەکەین و بەشێوەیەکی خێرا مۆدێلی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیر دەخەینەوە ڕوو، کە جیاوازە لەم دوو تایپەی لەژێر دوو دەقدا بەرهەم هاتن. هەردوو دەقەکە مێژوویەکی دورودرێژیان هەیە و بە زمانی شیعر نووسراون و لە جەوهەریشیاندا گوتارێکیان هەڵگرتووە بووە بە گوتاری ڕۆشنبیر و دەسەڵات.

**((گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک**
**ڤێک ڕا بکرا مە ئینقیادەک**
**ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی**
**حەمیان ژ مەڕا دکر غولامی**
**تەکمل دکر مە دین و دەولەت**
**تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت))** (٤)

**ئەحمەدی خانی.**



**ڕۆشنبیری شەنیەری بە شوێن ڕەگ و ڕیشەی پرسی لێکترازان ناگەڕێت، وەك هەر كائینێكی سادەی ناو كۆمەڵگە سەری سوڕدەمێنێت لەو پرسی لێكترازانە و وەعزی پێكەوەبوون دەدات.**

واتە: (گەر ئێمە پێکەوەبووینایە، دەمێک بوو عوسمانی و عەرەب و ئێرانییەکان و هەموویان خزمەتکارمان دەبوون. دین و دەوڵەتەکەمان پێکەوە دەبەستەوە و بە دەرەجەی کەماڵ دەگەیشتین و زانست و ژیریمان بەرهەمدەهێنا. بەڵام کێشە گەورەکە ئەوەیە یەکترمان قبوڵ نییە و ئەم یەکتر قبوڵنەکردنە دەبێتە بنەمایەک، کە هەمیشە لە مێژوودا شکست بیهێنن.) _خانی_ لەم بەیتەدا دەوڵەتی دەوێت و فەزای کیان دەکاتە بنەمایەک بۆ بەرهەمهێنانی ژیریی و زانست. ئەو پێیوایە بەرهەمهێنانی ژیریی و زانست پێویستی بە کیانە، بە فەزای شوێنە، کە ئەو فەزایە ڕووبەرێک بێت تا مرۆڤی کورد بتوانێت تێیدا بیربکاتەوە و بەرهەم بهێنێت. بەبێ بوونی فەزای شوێن دەوڵەت، بیرکردنەوەی دروست نابێت و ژیریی و زانست بەرهەم نایەت. دەبێت لە پێشدا فەزاکە دروست بکەین، پاشان کار بکەین بۆ بەرهەمهێنانی ژیریی و زانست. لە بەرامبەر دەوڵەتەکانی دیکەدا _خانی_ هەست بە برینداربوون دەکات، کە بۆچی گرووپە کوردییەکان ناتوانن یەکتر قبوڵ بکەن بۆئەوەی بەهێزبن و ئەو فەزای شوێنەی کە دەوڵەتە دروست بکرێت.

تائێرە خوێندنەوەیەکی دیکەیە بۆ دەقەکە و تێگەیشتنی هوشیارانەی نووسەرەکە، بەڵام لە تەنیشت ئەمەوە خوێندنەوەیەکی دیکە هەیە. ئەو گوتارەی لەژێر ئەم دەقەدا بەرهەم دێت، گوتارێکە ڕۆشنبیری شەنیەری دورست دەکات. ڕۆشنبیرێک یەک سیمای نییە، لەگەڵ هەموو سیماکانی ناو چوارچێوەی دەوڵەتدا خۆی دەگونجێنێت. ئەو شوێن_دەوڵەت_ی تەنها بۆ ئەوە ناوێت ئازادیی و سەربەخۆبوونی خۆی بونیاد بنێت، بەڵکو بۆئەوەی دەوێت بیکاتە پەرچەکردارێک تا ئەویتری بێگانە_ تورک عەجەم_ هتد.. بکاتە خزمەتکار و خولامی خۆی. پەرچەکردار لە بەرامبەر ئەویتردا، پەرچەکردارێکی گشتییە. پەرچەکردارێکی کۆمەڵایەتییە و ڕۆشنبیری شەنیەری لەگەڵ پەرچەکردارە گشتییەکەدا یەک دەگرێتەوە و شوێن و خەونی دەوڵەت دەکاتە کەرەستەیەک تا لە ڕێگەیەوە حەق لە ئەویتر بکاتەوە. ئەو ئەویترەی بە درێژایی مێژوو ئەمی کەنارگیرکردووە و هەوڵی سڕینەوەی داوە. ئەم جۆرە لە گوتارە، دووبارەکردنەوەی هەمان گوتاری دەسەڵاتی ئەویترە، ئەویتر چۆن گوتارێک بەرزدەکاتەوە بۆ سڕینەوەی _من_ منیش گوتارێک بەرزدەکاتەوە بۆ بە غوڵامکردنی ئەویتر.

لەژێر ئەم گوتارەدا، ڕۆشنبیری شەنیەر خوێندنەوە بۆ گوتاری ئەویتری دەرەوەی خۆی ناکات و، ناشیەوێت ئەویتر وەک خۆی بناسێت و لە ماناکانی کردەی ناجۆرەکانی تێبگات، لەبری ئەوە لەگەڵ تەوژمە گشتییەکەدا دەڕوات و خەون بەوەوە دەبینێت هەموو ئەویترێکی دەرەوەی خۆی بکاتە ژێردەستەی خۆی و هەمان کردەی ئەویتر دووبارە بکاتەوە. ئیشکالی گەورەش تەنها ئەوە نییە، گوتاری دژەئەویتر بکاتە بنەما بۆ دروستکردنی شوێنی خۆی، بەڵکو لەوەدایە، لەناو چوارچێوەکەی خۆشیدا کێشەی لەگەڵ فۆڕمە سیاسییەکە و دیدە نەریتییەکە و دیدە ئاینییەکەدا نییە و، پێشی وایە بەبێ دروستکردنی ئەو شوێنە، نە مەعریفە و نە ژیریی بەرهەم نایەت. لەکاتێکدا هەرگیز مەعریفە و ژیریی ناو ڕووبەری ڕۆشنبیر نابەسترێت بە دەسەڵات و بوونی شوێنێکی

دیاریکراوەوە کە ناسنامەی خۆت بێت. گەر بڕیاربێت ڕووبەرێکی ڕۆشنبیر بوونی هەبێت، لەو ڕووبەرەدا مەعریفە و ژیریی بەرهەم دێت و ئەو مەعریفە و ژیرییە پەیوەندە بە بوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی ناوخۆییەوە نییە و پەیوەندی بەو ئەرکەوە هەیە ڕۆشنبیر لەناو ڕووبەرە جیاوازەکەی خۆیدا سەرقاڵی دەبێت و چەمک و مانای نوێ بەرهەمدەهێنێت، کە ئەو ڕووبەرە هیچ کات بەشێک نییە لە ئەو ڕووبەرەی دەقەکە داوای دەکات.

ڕۆشنبیری شەنیەری لەژێر ئەم گوتارەوە بەرهەم هاتووە. کاتێک شوێنی نەبێت، شوێنەکە شوناسی خۆی نەبێت، ئیدی نە دەتوانێت بیربکاتەوە نە دەتوانێت گوتارێک بەرهەمبهێنێت کاریگەری لەسەر چوارچێوەی خۆی و ئەویتری دەرەوە بکات. ڕۆشنبیری شەنیەری بە شوێن ڕەگوڕیشەی پرسی لێکترازان ناگەڕێت، وەک هەر کائینێکی سادەی ناو کۆمەڵگە سەری سوڕدەمێنێت لەو پرسی لێکترازانە و وەعزی پێکەوەبوون دەدات. نایەوێت خۆی دەرگیری ئایین و دینەکان بکات، چونکە ترسی لەوەیە ڕەخنەگرتن لە ئایینەکان، ببێتە کێشەیەکی گەورە بۆ سەر کەسایەتی و ئارەزوییەتی لەگەڵ ئایینەکاندا ڕێ بکات و پرسیار و گومانێکیان لێ دروست نەکات. لەبری ئەوەی لەگەڵ ئایینەکاندا دەست و پەنجە نەرم دەکات و بەرگی ئەوان دەپۆشێت و لەپاڵ بەرگریکردن لە دەسەڵاتەکە بەرگریکارێکی سەرسەختی نەریت و ئایینەکانیش دەبێت. _خانی_ لە ڕێگەی دەقەکەیەوە گوتارێک پیشانی ئێمە دەدات، گوتارەکە ڕۆشنبیری شەنیەریمان پێدەناسێنێت. ئەو ڕۆشنبیرەی سیمای نییە، لە شوێنێکدا واعیزە و وەک واعیزێکی ئایینی سەرقاڵی ئامۆژگاریکردنە، لە شوێنێکدا لەگەڵ هەمووومان یەک خەونی هەیە و، لە شوێنێکدا دەبێتە ئەو کارەکتەرە فاشییەی دەسەڵات دەیەوێت و هەموو ئەویترێکی دەرەوەی خۆی بە نەفرەت بکات و ئارەزوو دەکات بیکاتە خزمەتکاری خۆی.

گوتارەکەی پشت دەقەکەی _خانی_ گەر لە سیاقی مێژوویی بهێنینە دەرەوە و، لە سەردەمی دەسەڵاتی کوردیدا تەحقیقی بکەین، بێگومان دەتوانی زۆر گۆشەنیگای لێوە ببینین، هەم پێچەوانەی ئەو گوتارە، هەم درێژەدان بە گوتارەکە. لەو شوێنەی پێچەوانەیە پەیوەندی بە زەلیلکردنی ئەویترەوەیە، دەسەڵاتێک دروستنەبووە بەو شێوازە بەهێز بێت _خانی_ داوای دەکات تا ئەویتری بێگانە بکاتە خزمەتکاری خۆی، بەڵکو هێشتا دۆخی خزمەتکاری ئەویتر نەهاتووە و، هێشتا _منی دەسەڵاتی کوردی_ خزمەتکاری ئەویتری بێگانەیە. بەڵام لەو بەشەی ڕۆشنبیری شەنیەری دروست دەکات، بێگومان هەمان گوتار ئەو تایپە لە ڕۆشنبیری دروستکردووە. ڕۆشنبیرێک خۆی بێسیمایە، خۆی خاوەن گوتار نییە، قەڵەمەکەی دەستی وەک شەنی دەستی شەنییەرەکە بە دەستییەوەتی و، ئەو گوێزانە دەتەکێنێ نەریت و مۆدێل و هەژموونی باو و هەژموونی سیاسیی دەیەوێت بیان تەکێنێت. ئەو ڕۆشنبیرە شەنیەرەی هەتا بانگی نەکەن قسە لەسەر شتێک بکات، خۆی بیرناکاتەوە لە ماهیەتی شتەکە تێبگات! کاتێکیش بانگ دەکرێت قسە بکات ئەو جۆرە قسە سەتحی و ئاساییانە دەکات هیچ بیرکردنەوەیەکی تێدا نییە و ئەم لەژێر بەرگی ڕۆشنبیردا جارێکی تر وتنەکان دووبارە دەکاتەوە. ڕۆشنبیری شەنیەری ئەو کائینەیە دەچێتە ناو مەجلیسێکی نەرییتەوە دەبێتە نەریتپارێز و دەچێتە ناو مەجلیسێکی دژە باوەوە، ئیدی گوتاری دژەباوی دەکاتە بەری خۆی و، لە هەرشوێنێک دەسەڵات ببینێت بەرگری لێ دەکات و، لە هەرشوێنێکیش یاخی بوون هەبێت، وەک شۆڕشگێڕێک خۆی نمایش دەکات. گەر دەسەڵات و ڕوخسارەکەی غائیب بوون ئەم دەبێتە شۆڕشگێڕ و بەرگریکار، گەر دەسەڵات و ڕوخسارەکانیشی دەرکەوتن، دەبێتە بەشێک لە بوونی دەسەڵاتەکە و نایەوێت ببێتە بەشێک لە دەنگی دەرەوەی دەسەڵات.

ئەم رۆشنبیرە شەنیەرە نە خەونی تایبەتی هەیە، نە پرۆژەی تایبەتی هەیە، نەدەیەوێت لەگەڵ پرۆژە فیکریی و جەوهەرییەکاندا مامەڵە بکات. خەون و دونیابینییەکەی بەستراوە بە خەون و دونیابینی گشتییەوە. ئایین، نەریت، دەسەڵات، نادادی، لاوازی مەعریفی... هتد. هیچ بۆ ئەم تایپە لە رۆشنبیر گرنگ نییە و ئەوەی بۆی گرنگە لەگەڵ باودا هەنگاو بنێت، تا لەگەڵ زۆرینەدا خۆی بگونجێنێت. ئەگەر دەقەکەی _خانی_ لە شوێنێکدا مانای زانست و مەعریفەی هەڵگرتبێت و بەشێک بێت لە خەونەکەی لەناو دەوڵەتدا تەحقیقی بکات، بەڵام ئەو گوتارەی لە دەقەکەوە بەرهەم دێت، ئەو رۆشنبیرە شەنیەرییەی دروستکرد، کە هیچ کام لەو خەونە تایبەتیانەی لەناو دەقەکەدا ئامادەییان هەیە بۆی گرنگ نین و ناشیەوێت تەحقیقیان بکات. لەبری ئەو خەونە تایبەتیانەی زمانێکی شەعبی و گشتی، شوێنی خەونەکان دەگرێتەوە و بەگلەیی و سەرکۆنەکردن و وەعزدان بۆ ئەوانی تری هاوسنفی خۆی، دەست بۆ کێشەکان دەبات. رۆشنبیری شەنیەریی و رۆشنبیری دیمەکی، دوو تایپن لەو رۆشنبیرانەی رەگوریشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ بەر لە ئێستا و لەناو دەقە ئەدەبییەکانەوە بەرهەم هاتوون. ئەو دوو دەقەی لەم وتارەدا کرانە سەرچاوەی خوێندنەوەکە، دوو دەقن لە رێگەیانەوە دەتوانرێت هەردوو تایپەکەی رۆشنبیری تێدا بدۆزرێتەوە.

هەرچۆن رۆشنبیری دیمەکی هەموو دونیاکەی بووەتە بەستنەوەی رووبەری رۆشنبیر بە رووبەری دەسەڵاتەوە، تاکو لەو نێوانەدا مانایەک بەخۆی بدات. رۆشنبیری شەنیەریش بەپێی مۆدێلەکان لەو شوێنەدا شەنی خۆی دەکات رەواڵەتی دەبینرێت شوێن و فەزایەک بێت لەبری بیرکردنەوە سەفسەتە باڵادەست بێت و ئەو شوێن و سەفسەتەیە دەکاتە دیمەنێک بۆ مانادان بەخۆی. هیچ کام لەم دوو تایپەی رۆشنبیر پێچەوانەی دونیای باو ناجوڵێنەوە و ئەو زەخیرە رۆشنبیرییەی کە هەیانە، زەخیرەیەکی سەفسەتەیی و بەستراوە بە وەعزەوە. دونیای کۆمەڵگەی ئێمەش دونیایەکی _دەنگ_ یە. دونیایەکە دەنگ و قسەکردن رووبەرێکی زۆری ژیانی تاک و کۆمەڵگەی داگیرکردووە. لەم دونیا دەنگییەدا هەمیشە سەفسەتەچی و واعیز دەبنە جێگەی گوێلێگرتن و دەبنە شوێنی سەرنجراکێشان. لەکاتێکدا ئەرکی رۆشنبیر ئەرکێکە زۆر دورە لە دەنگەوە و زیاتر نزیکە لە دونیایەکی بێدەنگ بۆ بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی دەقی زیندوو. رۆشنبیری راستەقینە نە دەبێتە واعیزی سیاسیی و نە دەبێتە سەفسەتەچی پاراستنی نەریت و دیدە کۆنەکان، بەپێچەوانەی ئەوە لە گۆشەیەکی بێدەنگدا لە رێگەی دەقەکانە و کەرەستە فیکرییەکانەوە، رادیکاڵانە دەست بۆ رەگوریشەی کێشەکان دەبات و جارێکی دیکە خوێندنەوەیان بۆ دەکات و مانایەکی نوێ دەخاتە ناو دونیاوە. رۆشنبیری راستەقینە کائنێکی وێرانکەرە، کۆی ئەو نەریت و دیدگاکۆنانە وێران دەکات دەبنە هۆی وەستانی دونیا و هەمیشە دونیابینییەکی نوێ دەخاتە شوێن دونیا کۆنەکە.

ململانێی نێوان رۆشنبیری شەنیەریی و رۆشنبیری دیمەکی، ململانێکی بەردەوامە. بەڵام ململانێ نییە بۆ بەرهەمهێنای دەقی زیندوو بەرهەمهێنانی پرسیاری نوێ، ململانێییە بۆ شوێن. رۆشنبیری دیمەکی شوێنێکی هەیە و رۆشنبیری شەنیەریش شوێنێک، ئەم دوو تایپە کێشەی گەورەیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، هەریەکەیان هەوڵدەدات شوێنی ئەویتر بگرێتەوە. لەم نێوانەدا رۆشنبیری راستەقینە لەناو رووبەرەکەی خۆیدایە و هیچ باکی بەم ململانێییە نییە ئەم دوو تایپە لە رۆشنبیر دروستیانکردووە. رۆشنبیری راستەقینە نە خۆی دەبەستێتەوە بە بوونی شوێنێک کەناوی _دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆماڵی، یان دەرەکی_ بێت تا دەقی خۆی تیا بەرهەمبهێنێت، نە دەیەوێت رووبەرەکەی خۆی جێبهێڵێت و بچێتە ناو رووبەری

دەسەڵاتەوە. بەپێچەوانەوە لەناو دونیاکەی خۆیدا سەرقاڵی پرسیار دروستکردن و بەرهەمهێنانی گومان و مانا و بەرهەمێنانی فەرهەنگ و کلتووری نوێیە. ئەما ڕۆشنبیری شەنیەریی و دیمەکی، بۆ گەیشتن بە ویستە تایبەتییەکانی خۆیان، بۆ گەیشتن بەو چێژانەی دونیاکەیانی گەمارۆداوە، زوو زوو سیماکانی خۆیان دەگۆڕن و بەردەوامیش خەونە گشتییەکان دەکەنە شوێنی سەفسەتەکانیان و خۆیان دەکەنە خاوەنی هەموو جوڵە و گوتارێک زۆرینە لەگەڵیدا بێت. ڕەگوڕیشەی ئەم دوو تایپە لە ڕۆشنبیر، لەناو دەقەکانی _نالی و سالم_ ئەحمەدی خانی_ دەدۆزرێتەوە و گوتارەکەشیان لە ڕێگەی ئەو دەقانەوە بەرهەم دێت و، دەسەڵات و سیاسەت دەبنە فەزایەک بۆ ئەم دوو تایپە لە ڕۆشنبیر تا برەو بەو گوتارە باوە بدەن و، نەهێڵن ئەو تایپە ڕاستەقینەی ڕۆشنبیر دروستبێت کە کێشەی لەگەڵ دەسەڵات و نەریت و زمانی شەعبی و زۆرینەدا هەیە. دەسەڵات و سیاسەت بۆیە بەردەوام کێشەیان لەگەڵ ڕۆشنبیری ڕاستەقینە و ڕووبەری ڕۆشنبیرییدا هەیە، دەزانێت ئەگەر گوتاری ڕۆشنبیری ڕاستەقینە بێتە ئاراوە، عەقڵ و هوشیاری تاک شوێنی کۆی ئەو کۆڵەکانە دەگرێتەوە دەبنە پایەی بنەڕەتی بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکە لەسەر شێوازە خۆسەپێنەکەی خۆی. مێژووی ڕابردووی دەسەڵاتی کوردی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا وێنەیەکی بۆ ڕوونکردینەوە نایەوێت ڕووبەری ڕۆشنبیری ڕاستەقینە مەوداکەی گەورەبێت و، لە ڕێگەی دوو تایپەکەی ڕۆشنبیری دیمەکی و شەنیەرییەوە، هەمیشە کاردەکات بۆ شێواندنی سیما ڕاستەقینەکەی ڕۆشنبیر. بەڵام ئەوە فەرامۆش ناکرێت لە ئێستادا لە ڕێگەی چەندین دەنگی جیاوازەوە کاردەکرێت بۆ ناسنامەدان بە ڕووبەری ڕۆشنبیریی و، کۆی ئەو دەنگ و کارانە دەبنە بنەوانێک بۆ جیاکردنەوەی ڕووبەری ڕۆشنبیر لە ڕووبەری دەسەڵات. لەگەڵ ئەم جیابوونەوەیەدا بێگومان ڕۆشنبیر ئیدی دەبێتە ئەو کائینەی لە ڕووبەرەکەی خۆیەوە چاودێری دەسەڵات بکات و، لەسەر پرسە گرنگەکان خوێندنەوە و دونیابینی نوێ بخولقێنێت. لەگەڵ ئەوەدا سەرقاڵ بێت بە خوێندنەوە بۆ ئەو چەمکانەی دونیای چەقبەستوو دروست دەکەن و زمانێکی نوێ بەرهەمبهێنێت، ئەو زمانە بتوانێت لەگەڵ خۆیدا مەعریفە و ڕوانینی نوێ بخاتە ڕوو.

**پەراوێز و سەرچاوەکان**

*دیمەک، وشەیەک، یان ناوێکی هەورامییە. ئەم ناوە ئەو تەختەدارە داتاشراوەیە لە بیناسازی کۆنی هەوراماندا دەخرێتە ناو دیوارەوە. ئەم دیمەکە دەبێت یان داری توو بێت، یان گوێز، بۆئەوەی زیاد بەرگە بگرێت و، بەشێوەی لاکێشەیی دادەتاشرێت و دەخرێتە ناو دیوارەوە، بۆ بەستنەوە و پتەوکردنی دیوارەکە ڕێگریکردن لە ڕووخاندنی و درزتێبوونی.

*شەنیەر، وشەیەک، یان ناوێکی هەورامییە. تەنها بۆ ئەو کەسە بەکاردێت، پاییزان گوێز دەتەکێنێت. لێرەدا من هەردوو ناوەکە (دیمەک، شەنیەر) وەک چەمک مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم و لە سیاقی ماناکانی خۆیان دەرمهێناون و لە سیاق و مانایەکی دیکەدا خوێندنەوەیان بۆ دەکەم.

(١) دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی، مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس، فاتیح عەبدولکەریم.

(٢) دیوانی سالم، ساغکردنەوە و لێکدانەوەی، مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس، فاتیح عەبدولکەریم، محەمەدی مەلاکەریم.

(٣) دیوانی سالم، هەمان سەرچاوەی پێشوو

(٤) ئەحمەدی خانی، مەم و زین. پێشەکی و چاپدانەوەی نەجاتی عەبدوڵڵا، دەزگای ئاراس.

# ڕۆشنبیر - کۆمەڵگە دەسەڵات

## کامیان کاریگەری لەسەر ئەوانیترە؟





**کامیل مەحمود**

کامیل مەحمود، لەدایکبووی هەڵەبجە، بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان، خاوەنی کۆمەڵێک کتێب و وتار و توێژینەوەی بڵاوکراوەیە.

ڕۆشنبیری (الثقافە) بریتییە لە خوڵقێنەری بزووتنەوەی ژیانی کۆمەڵگە، واتە هەر کۆمەڵگەیەک بۆ خۆی بارگاوییە بەجۆرێک لە ڕۆشنبیری کە جیاوازە لە ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیەکی تر بەڕێژەیەکی زۆر یان کەم، بەوپێیەش کە ڕۆشنبیری بەرهەمی بیر و تێگەیشتن و ئەزموونی مرۆڤە ئاساییە ئەو جیاوازییە هەبێت، چونکە ئەوەی کۆمەڵگەیەک دەیکات یان باوەڕی پێیەتی یان جێگای بایەخ و سەرنجیەتی بەڕێژەیەک یان بەجۆرێکی تر جیاوازە لەوەی کۆمەڵگەیەکی تر.

مرۆڤ وەک خێزان و کۆمەڵگە و شارستانیەت چەند ڕۆشنبیرییەکی جیاواز پێکدەهێنن کە دەکرێت لەناو خێزانەکانی یەک کۆمەڵگەدا ڕێژەیەکی کەم جیاوازی ڕۆشنبیری هەبێت و خاڵ و بینی هاوبەش زۆر زیاتر بێت، هەروەها لەناو کۆمەڵگەکانی ناو یەک ژیار و شارستانیەتیشدا ڕێژەیەک جیاوازی ڕۆشنبیری هەیە و خاڵە هاوبەشەکان زیاترن، کۆی ئەو خاڵە زۆرە هاوبەشانەی ناو خێزان و کۆمەڵگەکانیش دەبنە بونیاد و پێکهێنەری شارستانیەتێکیش کە جیاوازە لە شارستانیەتەکانی تر لەڕووی ڕۆشنبیری و دنیابینی خۆیانەوە.

هەموو تاکەکان ڕۆڵەی ئەو ژینگە ڕۆشنبیرییەن تیایدا دەژین، کۆی بیرکردنەوەی هەموویان لەو ژینگەیەدا سستمێکی ڕۆشنبیری پێکدەهێنێت کە بوارەکانی ژیانیان ڕەنگرێژ دەکات و سستمێکە لە بزاوت و بیرکردنەوەی تایبەت بەخۆیان، بۆیە ڕۆشنبیری ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا.

تاکەکان خاوەنی ئاستی جیاوازی ڕۆشنبیرین لەناو کۆمەڵگەدا، ئەم جیاوازییە لە ژیانی ماددیی و مەعنەویی و بەها ڕەوشتییەکاندا دەردەکەوێت بە ڕێژەیەکی زۆر یان کەم لە پابەندی، ڕۆشنبیری کۆمەڵگە لە زمانی نەتەوەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە نەریت و ڕەوشت و بیر و هزر و یاسا و دەستوورەکانیش.

ڕۆشنبیری بونیەی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان و کۆمەڵگە پێکدەهێنێت، مامەڵەی نێوان تاک و گرووپە مرۆییەکانی وەک خێزان و بنەماڵەکان و شێوازی پەیوەندییەکانیان لە ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها ڕۆشنبیری ئاڕاستە و ئامانجەکان و ڕوانگەی بیر و هزری تاک و کۆمەڵگەکان دیاری دەکات، هەر ڕۆشنبیریشە ئەفسانە و خورافە و بیرکردنەوە خورافییەکان دەکاتە بنەما بۆ ڕوانگەی کۆمەڵگە و تێگەیشتنی لە ژیان و بوونەوەر لە کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی و خورافیدا.

پێشکەوتن و گەشەکردنی هزر و بیرکردنەوەی کۆمەڵگەش لە کایە ڕۆشنبیرییەکەیەوە دەستپێدەکات، ئاستە ڕۆشنبیرییەکەی چەندە لە عەقڵ و لۆژیکەوە نزیک بێت بەو ئەندازەیە زەمینە دەسازێت بۆ پێشکەوتن و گەشەی باری ڕۆشنبیریی و ژیاریی ئەو کۆمەڵگەیە. بەو پێوەدانگانەی ئاماژەمان بۆ کردن ڕۆشنبیری فۆرم و بونیادە بۆ تێکڕای بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە مرۆییەکان، دەبێت بپرسین ڕۆشنبیری بەو هەموو بایەخ و گرنگییەوە چیە و پێشەنگ و داڕێژەران و پەرەپێدەر و پارێزەرانی ئەم فەرهەنگە مرۆییەی کۆمەڵگە کێن؟

### ڕۆشنبیریی و چەمکی ڕۆشنبیر:

ڕۆشنبیری ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان و بزاوت و جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤە لەناو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، هەموو ئەوەی پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە لە ڕواڵەتەکانی ژیان و ئەوەی دەرهاوێشتەی هزر و بیری ئەوە لە هونەر و ئەدەب و جلوبەرگ و خواردن و زمانی گوزارشت لە مامەڵەی نێوان تاکەکان و دابونەریتەکان دەرهاوێشتەی ڕۆشنبیری مرۆڤ و کۆمەڵگەن، لەڕووە ماددییەکەشەوە بیناو ساختمان و نەخشە ئەندازیارییەکان و ماڵ و شارەکان هەر لەو کایە هزرییەی مرۆڤ و کۆمەڵگەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە.

ڕۆشنبیری لە زمانی کوردی و ئەو زاراوانەی تریش کە بۆ هەمان مەبەست و واتا لە زمانەکانی تردا بەکارهاتوون لە بەرامبەر زاراوەی کلتوور(Cultuer)ی بنەما لاتینیدا دانراوە کە لە ئەدەب و ڕۆشنبیری ئەورووپیدا بەکارهاتووە.

پێناسەی ڕۆشنبیری لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا نەخراوەتەڕوو، هەندێک (ڕۆشنبیری) بە هاوواتای (ژیار و شارستانیەت) ناودەبەن، لەوانەیە بۆچوونەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە هەردوو چەمکەکە ناوەڕۆکەکەیان وەک یەکە، ئەمەش وایکردووە هەندێک جیاوازی لە ڕواڵەتی پێناسەکاندا هەبن، هەرچەندە لە کرۆکدا بەیەک دەگەن.

لە یەکێک لە پێناسەکاندا دەوترێت: ڕۆشنبیری (واتای زانیاری گشتی و پسپۆڕی دەگەیەنێت، کە ئەمەش ناوەڕۆکەکەی بریتییە لەو زانیاریانەی کە بەرهەمی هزر و داهێنان و شاکاری مرۆڤە کە کۆبووەتەوە بەدرێژایی ڕەوتی شارستانیەتی و زانیاری مرۆڤەکان لە هەموو بوارێکدا، کە پێکهاتووە لە زانیاری سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و زانستی و ئەدەبی و ئابووریی و فەلسەفە و هونەر و بەڕێوەبردن)(١).

(تایلۆر) ئەنثرۆپۆلۆجیستی ئینگلیزی لە پێناسەی ڕۆشنبیریدا دەڵێت: (ڕۆشنبیری بریتییە لە تێکڕای ئەو ئاوێتەیەی کە مەعریفە و بیروباوەڕ و هونەر و ڕەوشت و یاسا و نەریت و توانا و ئاکارەکان بەخۆیەوە دەگرێت، کە مرۆڤ لە ئەنجامی بوونی وەک ئەندامێکی کۆمەڵگە وەریان دەگرێت)، هەروەها شاعیری ئینگلیزی (ئیلیۆت) لە پەرتوکەکەیدا بەناوی (چەند تێبینییەک لەمەڕ پێناسەی ڕۆشنبیری) دەڵێت: (ڕۆشنبیری شێوازی ژیانی گەلێکی دیاریکراوە کە لە چوارچێوەیەکدا دەژین)(٢).

ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیری بەرانبەرن بە دوو وشەی بنەما لاتینی(intellectual) و (culture)، لە زمانە ئەورووپییەکانیشدا (intellectual) زیاتر بۆ بیریار(مفکر) بەکارهاتووە، بەم پێیەش زاراوە کوردییەکە نزیکترە لە زاراوە ئەورووپییەکە زیاتر لە زاراوە عەرەبییەکە کە سەقافە(ثقافە)ی بەکارهێناوە و لەبنەما زمانەوانییەکەیدا بەواتای سەلیقەی باش و زیرەکی و خێرایی فێربوون و بەهرەداری بەکارتووە، بەڵام زاراوە کوردییەکە لێکدراوی هەردوو وشەی(ڕۆشن) بەواتای ڕووناک و (بیر) بەواتای فیکر و ئەندێشە هاتووە.

لە زاراوە کوردییەکەوە ئەوە دەخوێنینەوە کەسی ڕۆشنبیر خاوەنی ئاسۆیەکی ڕووناکە لە بیرکردنەوە و تێگەیشتن و هاوئەرکی بیریار(مفکر)ە، بەڵام چەمکەکە لە هەموو زمانەکاندا واتا زمانەوانییەکەی تێپەڕاندووە بۆ واتای نوێ، هەرچەندە ئەم واتا زمانەوانییەش بووەتە هۆکار لە نەبوونی پێناسەیەکی یەکگرتووی جیهانی بۆ چەمک و زاراوەی ڕۆشنبیر.

بەوپێیەی (ڕۆشنبیری) لەڕووە کۆمەڵایەتی و ژیارییەکەیەوە سستمێکە لە بیرکردنەوەی تایبەت بەهەر کۆمەڵگەیەک، هەموو تاکێک بەپێی ئاستی هۆشیاریی و دەرکە عەقڵییەکانی ڕۆشنبیری گشتی ژینگەکەی ڕەفتارەکانی پێ ئەدا دەکات و لەوچوارچێوەیەدا ژیانی ڕێک دەخات.

نووسەر و بیریاری مارکسی (ئەنتۆنیۆ گرامشی) پێیوایە هەموو خەڵک بیریار و ڕۆشنبیرن، دوای ئەوە دەتوانین بڵێین: بەڵام ئەرکی بیریار و ڕۆشنبیر لەناو کۆمەڵگەدا هەموو کەس ناتوانێت ڕایپەڕێنێت(٣). لێرەوە گرامشی و زۆرێکی تر لە توێژەران پێناسەی ڕۆشنبیر بەپێی ڕۆڵە مێژووییەکەی دەکەن لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کۆمەڵگەکانیاندا، لەکاتێکدا دەبوو پێناسەکان لەو ڕووانگە زاتییەی خودی ڕۆشنبیرەوە بێت کە بە کێ دەڵێن ڕۆشنبیر لەڕووی سرووشت و ماهیەتی هەمیشەییەوە.

(جان پۆل سارتەر) وای دەبینێت کە ڕۆشنبیر

کەسێکە خاوەنی هەڵوێستێکی پابەند و لایەنگری بەهاکانی دادپەروەریی و حەق و نیەتپاکییە پێش ئەوەی تەکنۆکرات و پسپۆڕبێت لە بوارێکی زانستیدا یان هونەرمەند بێت(٤).

لەناو نووسەرە ئیسلامییەکانیشدا هەندێک تەنها باسیان لە ئەرکە ڕۆشنبیرییەکەی ڕۆشنبیر کردووە و خۆیان لە پێناسە لاداوە لەوانە محەمەد عابید جابری لە کتێبی(ڕۆشنبیران لە شارستانیەتی ئیسلامیدا).

ڕۆشنبیر لای عەبدوڵلا عەروی، بریتییە لە کەسێکی کارا و گۆڕانکەر لەناو کۆمەڵگەدا بەرەچاونەکردنی پلە زانستی و فێرکارییەکەی. لای زەکی نەجیب مەحفوزیش کۆمەڵێک پێناسە لە قۆناغە جیاوازەکانی نووسینەکانیدا خراونەتە ڕوو، لەوانە:(٥)

- ئەو کەسەیە کە لە زیهنی خۆیدا خاوەنی کۆمەڵێک بیرۆکە و هزرە لە داهێنانی خۆی یان کەسانی تر، باوەڕی وایە کە ئەو بیرۆکانە شایانی ئەوەن بەئاراستەی پەیڕەوکردن ببرێن لە ژیانی خەڵکدا، هەوڵەکانیشی لەم پێناوەدا خستووەتە کار.

- ئەو کەسەیە کە بانگەشە بۆ بەها باڵاکان دەکات – ئەخلاقی بێت یان ئیستاتیکی- لەمەشدا جیاوازییەکە لە نێوان پسپۆڕی بوارێکی زانستی کە لە سنووری زانستێکدا ڕادەوستێت و ڕۆشنبیر دەردەکەوێت کە بیروبۆچوونەکانی بڵاودەکاتەوە.

- ئەوەی ئێستا و ڕابردوو دەبەستێت بەیەکەوە وەک ڕەوتێکی بەردەوام.

- ئەو کەسەیە کە حەقیقەتی مرۆڤ و حەقیقەتی بوونەوەر لەچوارچێوەیەکی توندوتۆڵ و پەیوەستدا کۆدەکاتەوە، وەک ئەوەی دەیبینین لە بوارەکانی فەلسەفە و هونەر و ئەدەبدا.

لە ڕوانگەی هەموو ئەو پێناسانەی بۆ ڕۆشنبیر کراوە تارادەیەکی باش ئەرک و کاریگەری ڕۆشنبیر دیاری دەکرێت و ڕۆڵی ئەم کائینە مرۆییە دەردەکەوێت لەناو بزووتنەوەی ژیانی کۆمەڵگەدا.

ئەرک و کاریگەری ڕۆشنبیر:

ڕۆشنبیر کە لە بواری زیهنی و هزریی و زانستیدا کاری خۆی دەکات، بێگومان ڕۆڵی دەبێت لە لێکدانەوەی واقیع و دانانی پلانی تیۆری بۆ گۆڕانکاریی و وەرچەرخانی گەورە لەناو کۆمەڵگەکەیدا، ڕۆشنبیر ڕەخنەگر و چاودێر و دیاریکەری پرس و بابەتێکە، پاشان لێکدانەوە و شرۆڤە و شیتەڵکاری بابەتی و گەیاندنی بە دەرەنجامێکی پەیپێنەبراو یان نزیککردنەوەی لە دەرەنجامێک.

ڕۆڵ و ئەرکی ڕۆشنبیر پێش ئەوەی دەرک و زانین و هۆشیارییەکەی دیاری بکات کەسایەتی ئەو وەک ئەندامێکی کارای ناو کۆمەڵگەکەی و بەتایبەتی ناو ژینگە سیاسیی و ئابوورییەکەی دیاری دەکات. ڕۆشنبیر لە ڕوانگەی خاوەنی ڕۆحیەتێکی سەربەخۆیە و حەزی بە پشکنین و دۆزینەوەیە و نەزعەیەکی ڕەخنەگرانەی هەیە وەک ئارەگۆن دەڵێت.

ئەوەندەی دیاریکردنی ئەرکی ڕۆشنبیر گرنگە کەمتر پێناسە بۆ ئەم مرۆڤە تایبەتمەندە بایەخی هەیە، بگرە گرفتەکە لە ئەرک و ڕۆڵەکەیدایە نەک ڕواڵەت و ماهیەتی ئەو، ئەرکە مەیدانییەکەی ڕۆشنبیرە کە زەمینە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەگۆڕێت و وەرچەرخان دروست دەکات، خۆ ئەگەر ئەوە ڕووی نەدا دیارە ڕۆشنبیر و خاوەن هزری تایبەتمەند لە کۆمەڵگەکەدا نییە یان هەیە و ئەرکی خۆی ڕاناپەڕێنێت.

پێناسە و وەسفی مرۆڤێک بە ڕۆشنبیر ئەو مرۆڤە ناکاتە ڕۆشنبیر ئەگەر ڕۆڵ و ئەرکێکی مەعریفی و ڕۆشنگەرانە لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا ئەنجام نەدات، لە دوای بینینی شوێنەوار و کاریگەری بابای ڕۆشنبیری مەیدانی و کارا ئەوکات بۆ خۆی شوناس و پێناسەیەکی بۆ دەخوڵقێت، بەدەر لەوە تەنها داتاشینی شوناس و ناوە بۆ مرۆڤێکی بێکار و کاریگەر.

هەستیاری ئەرک و کاریگەری رۆشنبیر لە پێکهێنانەوە و دارشتنەوەی شوناس و بونیەی فیکریی و رۆشنبیری کۆمەڵگە بابەتێکی زیندووی ناو ناوەندەکانی توێژینەوە و مایەی بایەخ و گرنگییە لای توێژەران، تەنانەت لای ناوەندە سیاسییەکانیش بۆ دۆزینەوەی ریشە و پاڵنەری گۆرانکارییە سیاسییەکان، بەتایبەتی شۆرش و راپەرین و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان.

رۆشنبیر لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا پەیوەست بووە بە رۆشنگەریی و چاکسازیی و هەڵکشانی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەوە، کێ بوون ئەوانەی لە پشتی رێنیسانس و رۆشنگەری ئەوروپا و ئەو بزووتنەوە فیکریی و فەلسەفیانەی کە هەناسەی نوێی بە ژیاری رۆژئاوا دایەوە جگە لە بیریار و رۆشنبیران؟.

هزرو بیر و فەلسەفەی رۆشنبیرانی ئەوروپا وەرچەرخانی گەورەی لەسەر عەقڵی دەستەجەمعی کۆمەڵگەی رۆژئاوایی دروست کرد، بزووتنەوەکانی ریفۆرم و شۆرشی پیشەسازی و تەکنەلۆژی بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنێتە و تازەگەرین کە رۆشنبیران و بیریارە ئەورووپییەکان زەمینەیان بۆ سازاند.

مێژوونووسی کورد د.کەمال مەزهەر لە کتێبی(رێنیسانس)دا پێیوایە کە توێژە رۆشنبیرەکەی ئەوروپا (ئینتیلجینسیا) لەو قۆناغە مێژووییە نوێیەی ئەورووپادا لە هەمووان زیاتر ئەرکی پەرەپێدانی ماددیی و فیکری ئەورووپای کەوتە ئەستۆ، رۆشنبیرانی سەر بەم توێژە بەهۆی دۆزینەوە و داهێنانی نوێوە بەشدارییەکی گەورەیان لە پەرەپێدانی شێوازی بەرهەمهێناندا کرد. د.کەمال مەزهەر دەڵێت: هەر رۆشنبیران بوون ئایدۆلۆژیای چینی بۆرژوایان خستە قاڵبێکی فەلسەفییەوە و بنچینەیەکی تیۆری نوێیان بۆ ئابووری سەرمایەداری دامەزراند و رۆژ لە دوای رۆژیش ئەم تیۆرە هەلومەرجی لەبارتری بۆ رەخسا تاوەکو بنچینە ئابوورییەکەی دەرەبەگایەتی لەق بکات و لەجێی ئەو کۆمەڵێکی پێشکەوتووتر بنیات بنێت(٦).

هەموو بزاوتێک لە بوارێکی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆییدا بە تیۆر و بیرۆکە دەستپێدەکات، ئەو کارە تیۆرییەش پێویستی بە عەقڵێکی خاوەن دەرک و هۆشیارە و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە خاوەنی ئەو عەقڵە تیۆرییە نین، تەنها توێژ و دەستەبژێرێکی ناو کۆمەڵگە ئەو هۆشیاریی و زیهنە داهێنەرەیان هەیە کە ئەوانیش نوخبەی رۆشنبیری ناو کۆمەڵگەن، ئەو نوخبەیە لە ئەوروپا زەمینەیان بۆ رێنیسانس و رۆشنگەریی و بزووتنەوەی مۆدێرنیزم خۆش کرد، دواتر دەرهاوێشتەکانی نەک تەنها بە ژیانی کۆمەڵگەی رۆژئاوایی، بەڵکو بە هەموو بوارەکانی ژیانی هاوچەرخی کۆمەڵگەی مرۆییەوە دەرکەوت.

راوەستان لەسەر کێشە و ململانێکانی ناو کۆمەڵگە و شیتەڵ و شرۆڤە و لێکدانەوەی ریشە و رەگەزەکانی ئەرکی رۆشنبیران و بیرمەندانی ناو کۆمەڵگەیە، ئەوان بە چارەسەرە تیۆرییەکانیان زەمینە بۆ چارەسەری کردەیی خۆش دەکەن، بەهەر شێوەیەک بێت رۆشنبیران کاریگەری تەواویان لەسەر هەر گۆرانکارییەک هەیە کە لە سەروبەندی کێشەکاندا وەک چارەسەر دەخرێنەروو.

رۆشنبیران هەمیشە بەشدارێکی ئیجابین لەناو جووڵە و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، وەک گرامشی دەڵێت: ئەوان بەردەوام تێدەکۆشن لەپێناوی گۆرینی هزر و بۆچوونەکان، پێچەوانەی هەندێکی تری خوێندەوار کە پیشەییانە هەمیشە ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە پێشتر دووبارەیان کردووەتەوە، بەڵام رۆشنبیران هەمیشە لە بزاوتی بەردەوامدان و جووڵە و چالاکییان بەرهەمی نوێ و جیاوازی دەبێت.

**نوخبەی ڕۆشنبیر کێن؟**

دەربارەی دەستەبژێری ناو کۆمەڵگە و ئەوانەی کاریگەری خێرا و ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر پێکهێنانی هزر و بیرکردنەوەی خەڵک کە بە نوخبە یان بە زاراوەی(ئینتیلجینسیا)ی بنەما ڕووسی بۆ یەکەمجار ناوزەد کراوە قسە و باسی زۆر هەیە، لەناو توێژەراندا ڕای جیاواز لەوبارەیەوە زۆرە کە کێن ئەوانەی ئەو نوخبە دەستەبژێرە پێکدەهێنن؟ ئایا هەموو ئەوانەی خاوەنی پلەیەک و پیشەیەکی زانستین یان شارەزای بوارێکی مەعریفین دەچنە ناو بازنەی ئەو توێژەوە؟

نوخبە بریتییە لە باشترین بەشی هەر کۆیەک، لە زمانی کوردیشدا کە دەستەبژێر دانراوە هەمان واتای هەیە کە ئەوەی پێی دەوترێت نوخبە باشترینی ناو هەر شتێکە بەشێکی باشی لێ جیا بکرێتەوە، هەمیشە ئەم دەستەبژێرەش کەمینەیەکی ناو زۆرێکی هەمەجۆرە، ئەو کەمینەیەش بەتایبەتمەندییەکی هزریی و ئیستاتیکی لەوانی تر جیادەکرێنەوە.

نووسەر و توێژەری عەرەب عەلی حەرب لە کتێبی(اوهام النخبه او نقد المثقف) باس لە نوخبە دەکات کە بەرامبەری کردووە بە جەماوەر یان کۆی خەڵکە گشتییەکە و دەڵێت: ئێمە لە بەرامبەر دوالیزمەیەکداین لە گوتاری ڕۆشنبیراندا، ئەویش دوالیزەی پێشەنگ و جەماوەرە کە لای ڕۆشنبیر ڕوئیا و پۆلێنێک دەکاتە مەبدەئی کارکردن، لە ڕێگایەوە بایەخ دەدات بە پەیوەندی بە خودی خۆیەوە کە دیدگای بۆ پێگەکەی لەناو کۆمەڵگەدا بۆ دروست دەکات، ئەو بنەمایەی ئەم دووانەییەی لەسەر ڕاوەستاوە ئەوەیە کە لێرەدا زاتێک هەیە ڕۆشنگەرە، سەرمەشقە و تایبەتمەندە بەسەربەخۆیی لە بەرامبەر دەسەڵاتدا و ئازادە لە هەموو کۆت و بەند و دابونەریتێک، ئەویش زاتەکانی ناو نوخبەی ڕۆشنبیرە کە لە ترۆپکی هۆشیاریدان بە واقیع و دڵسۆزن بۆ حەق و حەقیقەت، ئەمەشە ئەم نوخبەیە ساز دەکات بۆئەوەی لەبری خەڵکە گشتییەکە بیر بکەنەوە و بەناوی ئەوانەوە بڕیار بدەن یان پلانیان بۆ دابنێن، یان بەلای کەمەوە ڕێگای بەردەمیان ڕووناک بکەنەوە و بەشداربن لە پێکهێنانی ئاگایی و هۆشیاریاندا بۆئەوەی بەئاگابن بەرامبەر بە ئەرکە مێژووییەکانیان و ڕۆڵی کاریگەری خۆیان بگێڕن لە بەرپاکردنی گۆڕانکاری خوازراودا، یان شۆڕش بەسەر بارودۆخە بەرپاکەدا(٧).

بەم پێیە نوخبەی ڕۆشنبیر یان ئەوانەی ئەو بازنەیە دەیانگرێتەوە کەسانێکی خاوەن دیدگا و ڕۆشنگەر و سەربەخۆ و ئازادن و لایەنگری حەق و حەقیقەتن و ڕێنموونی جەماوەر دەکەن بۆ گۆڕانکاری ئیجابی و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان.

بیریاری ئێرانی (عەلی شریعەتی) ڕوونتر قسەی کردووە لەسەر ڕۆشنبیر وەک سروشت و سەردەم، ئەو لە کتێبەکەیدا(بەرپرسیاریەتی ڕۆشنبیر) دەربارەی نوخبە دەڵێت: ئەو چینەیە کە کاری هزری ئەنجام دەدات(وەک کار)، ئامرازەکانی کارە کۆمەڵایەتییەکەشی بریتییە لە عەقڵ و زانیارییەکانی و پسپۆڕییەکەی، ئەمانە لە بەرامبەر ئەو چینەی کە کاری دەستی و جەستەیی ئەنجام دەدەن. شەریعەتی پێیوایە ئەمانە لە دەرکەوتە ئەوروپییەکەیاندا لە سەدەی حەڤدەهەمەوە فۆڕمی چینایەتیان وەرگرتووە و باڵادەستن بەسەر جیهانی فیکر و ڕۆحی سەردەمدا، لە تایبەتمەندییەکانیشیان نا ئایینی و ڕووبەڕووبوونەوەی بیروباوەڕە کۆنەکانە، هەروەها دژایەتی ئەرستۆکراتیەت و سەروەری خێزانی شاهانە و جیاوازییە چینایەتییەکان و لایەنگری جەماوەر، کاری ئەمانە پێچەوانەی ئەو زانایانە بوو کە پشتیان بە ئایین بەستبوو، ئەمان عەلمانیەتیان کردە جێگرەوەی دەسەڵاتی ئایینی(٨).

لای شەریعەتی زەمینەی دەرکەوتنی ڕۆشنبیر و نوخبەی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوادا

زەمینەی بابەتی و هۆکاری تایبەتی خۆی هەبوو، کە ئامراز و ئالیەتی کارکردنیشیان تایبەتمەندیی زەمینەکەی وەرگرتبوو، بۆیە کاریگەرییەکەیان لەسەر کۆمەڵگەکەشیان دەرەنجامی ئەرێنی بەدوای خۆیدا هێنا.

نوخبە رۆڵی کاریگەری هەیە لە داڕشتنەوەی هزر و مەعریفەی کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵک، ئەو ژینگە لەبارەی دروست دەبێت بۆ گۆڕانکاری ئیجابی و پێشخستنی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە و هەستانەوەی و تێپەڕاندنی هەموو لەمپەرە تەقلیدییەکانی بەردەم پرۆسەی گۆڕانکاری رۆشنبیر کارئاسانی بۆ دەکات.

هەرکات ئەو نوخبە رۆشنبیرە کاریگەرە لە پەراوێزی کۆمەڵگەدا بوو یان دەسەڵات دەستەمۆی خواست و بەرژەوەندییەکانی خۆی کردبوو، کۆمەڵگە و هۆشیاری خەڵک دەکەوێتە قەیرانەوە و دۆگمابوون و وەستان لەئاستێکدا، یان پاشەکشە و دواکەوتوویی دەبێتە چارەنووسی گەل و کۆمەڵگە، بەپێچەوانەوە پێشەنگایەتی نوخبە لەسەر زەمینەیەکی ئازاد لەپێناوی گۆڕانکاریی و ریفۆرمی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا هەم سستمە کلاسیکییە رۆشنبیرییەکەی کۆمەڵگە پێش دەخات هەم بوارە کردەییەکەی سیاسەت و هزر و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش.

نوخبە وەک هەر توێژێکی تری ناو کۆمەڵگە دابەش دەبن بەسەر چین و دەسەڵاتەکانی ناو کۆمەڵگەدا و لەناو ئەوانیشدا کەمینەیەک دەمێنێتەوە کە کار بۆ بەرژەوەندییەکانی کۆی کۆمەڵگە بکات بە هەموو چین و توێژەکانەوە، ئەم دابەشکارییەش پەیوەستە بە ئاستی بەرپرسیارێتی رۆشنبیر و پەیامداری ئەوەوە کە تا چەندە ناچێتە ژێر باری بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە و لەپێناویدا نابێتە رۆشنبیرێکی ئەندامی چین و توێژێک کە گرامشی بە رۆشنبیری وابەستە یا ئەندام (عضوی) ناویان دەبات، هەرچەندە لای ئەو وابەستەییە لای ئەو دیاردەیەکی ئیجبییە بەتایبەتی رۆشنبیرانی چینی پرۆلیتار. هەرچەندە گرامشی هەموو رۆشنبیران دابەش دەکات بەسەر چین و توێژ و دەسەڵاتەکاندا، بەڵام خۆی لەوە لاداوە کە رۆشنبیری پەیامداری گشتیش هەیە وابەستەی بەرژەوەندی هیچ دەسەڵات و چینێک نییە و تەنها گوزارشت لە هۆشیاری و دەرکە رۆشنبیرییەکەی خۆی دەکات لە لێکدانەوە و دنیابینی خۆیدا کاتێک واقیعی کۆمەڵگەکەی دەبینێت.

**رۆشنبیر و کۆمەڵگە و کاریگەریان لەسەر یەکتر:**

هیچ سەردەمێک وەک ئەم سەردەمە گۆڕەپانەکە لە بەردەم رۆشنبیراندا کراوە نەبووە و زەمینەی کارکردن و گەیاندنی پەیام و پرۆژەکانیان فراوان نەبووە، گولەباڵیزم و گوندە گەردوونییە بچووکەکەی ئەمڕۆ سنوورێکی نەهێشتووەتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی بیروبۆچوون و دیدگای نوێی مەعریفی و دنیابینی هاوچەرخ بە هەموو گۆشە و کەنارێکی ئەم گوندە بچووکە.

لەم بارودۆخەدا ئاست و کاریگەری رۆشنبیران دابەش دەبن بەسەر نوخبەیەکی جیهانی و نوخبەیەکی لۆکاڵی، کە دووەمیان بەدەر نییە لە کاریگەربوون بە نوخبەی یەکەم، مەبەست لە نوخبە جیهانییەکە ئەو رۆشنبیر و بیریارە دیار و خاوەن شوهرەتانەن کە خاوەنی پرۆژەی هزریی و رۆشنبیری هاوچەرخ و نوێن و دیدگا و تێزەکانیان سنووری وڵاتەکانیان و ژینگە ژیارییەکەی خۆیانی تێپەڕاندووە، نوخبەیەکی لۆکاڵی رۆشنبیریش ئاستێکی ناوچەیی یان هەرێمایەتی چەند وڵاتێکیان تێنەپەڕاندووە، ئەم نوخبەیە زیاتر رۆشنبیرانی ناو جیهانی ئیسلامی و بەتایبەتی دنیای عەرەبین، یان خاوەن ژیارە کۆنەکانی تری رۆژهەڵات، نوخبە جیهانییەکەش کە کار لەسەر عەقڵ و ئاوەزی کۆمەڵگەی مرۆیی دەکەن نوخبە رۆشنبیرە رۆژئاواییەکەیە.



## د.کەمال مەزهەر دەڵێت: هەر ڕۆشنبیران بوون ئایدۆلۆژیای چینی بۆرژوایان خستە قاڵبێکی فەلسەفییەوە و بنچینەیەکی تیۆری نوێیان بۆ ئابووری سەرمایەداری دامەزراند.

شوهرەت و کاریگەری ئەو نوخبەیەی بە جیهانی ناوزەدمان کرد هۆکارەکەی تەنها زاتی نییە لە خودی ڕۆشنبیرەکاندا ئەوەندەی بابەتییە و پەیوەندی هەیە بە هەلومەرجە ژیاریی و سیاسییە بە هەژموونەکەی ڕۆژئاواوە، مەرج نییە کە تیۆر و تێزی ڕۆشنبیری نوخبە ڕۆژئاواییەکە هەمیشە ئاستێکی باڵاتری مەعریفی لە بەرهەمی نوخبە ڕۆشنبیرە لۆکاڵییە هەبێت، بەڵکو ئەوەی بوون و ڕۆڵی ئەوانی زەق کردووەتەوە و بەرهەم و تیۆرە جۆراوجۆرەکانیان بە جیهانی دەکات دۆخە سیاسیی و ژیارییە بە هەژموونەکەی ڕۆژئاوایە کە هەموو ئامراز و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بەجیهانیبوونی لەدەستدایە و تێزەکانی ئەوان بە جیهانی دەکات.

لە هەموو بارودۆخەکاندا ڕۆشنبیر و ئەو دەستەبژێرە هۆشیارەی کۆمەڵگە هەمیشە خاوەنی کاریگەری مەیدانی خۆیانن لەسەر عەقڵ و بیرکردنەوەی کۆمەڵگەکانیان، ڕۆشنبیران ڕۆڵی بەرچاویان لە بەرپابوونی هەموو گۆڕانکاریی و وەرچەرخانەکانی ناو کۆمەڵگەکاندا هەبووە، نوخبەی ڕۆشبیری کۆمەڵگەکان و ئەوەی بە لۆکاڵی ئاماژەمان بۆ کرد لە هەندێ بارودۆخدا کاریگەریی و ڕۆڵیان لەناو کۆمەڵگەکای خۆیاندا زیاترە لە کاریگەری نوخبە جیهانییە خاوەن پاڵپشتە بەهێزەکان کاتێک ئەوان ڕووبەڕووی غەزووی ڕشنبیری دەبنەوە.

فۆرمی ململانێی جیهانیی لە ئەمڕۆدا زیاتر ڕۆشنبیرییە، ڕۆشنبیری وەک ناوەڕۆک و جەوهەری ژیار و شارستانییەتەکان، هەر ئەمەشە تەوەرەی سەرەکی تیۆرەکانی (فرانسیس فۆکۆیاما و ساموئێل هانتگتۆن) کە بریتین لە تیۆرەکانی (کۆتایی مێژوو) بەتایبەتی ڕوونترینیان بریتییە لە تیۆری (ململانێی ژیارەکان) لای هانتگتۆن.

ئەرکی ڕۆشنبیر لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هەوڵی زەمینەسازییە بۆ پراکتیزەکردنی تیۆر و بیرکردنەوەکانیان لەسەر زەمینەی واقیع، ئەو نوخبەیەی لە سەردەمی نوێ و بەتایبەتی لە سەرەتاکانی سەردەمی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری ئەورووپیدا دەرکەوت کە بەتێزە فیکریی و فەلسەفییەکانیان عەقڵی کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییان سەرلەنوێ دارشتەوە لەچوارچێوەی ئومێد و خواست و پێویستییەکانی کۆمەڵگەکەیاندا بۆئەوەی سیفەتی نامۆیەتی نەدرێت بە هەوڵەکانیان.

ئەم چینە ڕۆشنبیرە توانییان وەرچەرخانی گەورە لە ژیانی کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا دروست بکەن، چونکە لەو خاڵە دیاریکراوەوە بزاوتیان کرد کە خواست و پێویستی کۆمەڵگەکە بوو نەک لە مەحاڵ و سەرەتایەکەوە کە نامۆبێت بە واقیعی ژیانی خەڵکەکە. ئەمە وەزیفەی ڕۆشنبیرە لەناو کۆمەڵگەدا کە بەوپێیەی ئەو کوڕی کۆمەڵگەکەیە و لەناو گرفت و کێشەکانیدا دەژی و هەست بە موعانات و خەونی کۆمەڵگەکەی دەکات، بۆیە کاری ئەو لەسەر زەمینەیەکی بابەتییە نەک جیهانێکی خەیاڵی و دوور لە واقیع.

کێشەی گەورەی ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی دنیای ئیسلام گرتنەبەری هەمان ڕێچکە و بیرکردنەوەی ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوایە بە مەبەستی گۆڕانکاریی و پێشکەوتن، ئەوان لەو سەرەتایەوە دەستیان پێ نەکردووە کە زەمینە کۆمەڵایەتییەکە و



هەندێك لە ڕۆشنبیران ڕۆڵی زوڕناژەن دەبینن بۆ دەسەڵات و کاریان پڕوپاگەندەیە بۆ سەرۆك و سەرکردەکان و ئارایشتکردنی بڕیار و هەڵوێستەکانیان بەمەبەستی ڕەوایەتی پێدان و ڕازیکردنی جەماوەر بە قبوڵکردنیان.

خواست و پێویستییەکانی گەلەکانیان دەیخوازێت، بەڵکو خۆیان و هەوڵ و بیرکردنەوەیان تەواو کۆپیکراوی ڕۆشنبیرانی ئەورووپی و هەنگاوەکانی ئەوان بووە، بەڵام بە دەرەنجامی جیاوازەوە.

عەلی شەریعەتی زۆر جوان ئەم کۆپیکاریی و تەقلیدە لە ژیانی ڕۆشنبیرانی جیهانی ئیسلامیدا باس دەکات دەربارەی چینی ڕۆشنبیری ئەورووپی و ئیسلامی و کار و تایبەتمەندییەکانیان و دەرەنجامی هەوڵەکانیان، ئەو دەڵێت: ئێمە دەبینین ڕواڵەت و تایبەتمەندییەکانی چینی ڕۆشنبیری ئەورووپی دەرەنجامی لۆژیکیی و دروستی ئەو بارودۆخەیە کە لە ئەورووپا هەبووە، هەموو ئەو سیفەت و تایبەتمەندییانەش لەدایکبووی ئەو بارودۆخە مێژووییە بوو کە ڕووبەڕووی چینی ڕۆشنبیران بوویەوە لە سەدەکانی شانزە و حەڤدەدا و بەوهۆیەوە ئەو چینە پێکهات کە مۆرکی ئەو تایبەتمەندییانەی وەرگرت، دوای ئەوە لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە دەرەنجامی پەیوەندیکردن بە نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان لە نێوانیاندا نەتەوە ئیسلامییەکان، چینی ڕۆشنبیری ئەورووپی کە لە ترۆپکی گەشەکردن و پێشکەوتندا بوون تایبەتمەندییەکانیان گواستەوە بۆ چینێکی تر کە ئەوانیش بە چینی ڕۆشنبیر لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامی و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا ناوزەد کرابوون، لەسەر هەمان مۆرک و تایبەتمەندی ئەم چینەش لە کۆمەڵگە ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتییەکاندا دروست بوو، بەڵام ئەم چینە ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتییە لەڕووی لۆژیکییەوە تاکە مۆرکێکی خۆیان لێ دەرنەکەوت، بۆچی؟ چونکە وەک وتمان ئەو مۆرک و تایبەتمەندییانە لەدایکبووی باردودۆخی تایبەتی مێژوویی کۆمەڵگەی ئەورووپی بوون وەک لە زانستی کۆمەڵناسیدا باس کراوە، هەروەها لەدایکبووی دۆخێکی ئایینی بوو کە بۆ ڕۆشنبیری ئەورووپی سرووشتی بوو بەوشێوەیە بیر بکاتەوە. بەڵام بیریار و ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە بارودۆخی مێژوویی جیاوازدا دەرکەوت، لە بەرامبەر ئایینێکی تردا، هەروەها زانایانی ئایینی جیاواز و بارودۆخی کۆمەڵایەتی تەواو جیاواز و تایبەتمەندی ئایینی جیا کە هاوشێوەی دۆخی ڕێبازی کاسۆلیکی نەبووە، تەنانەت لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەشدا کە سەدەکانی لاوازی ئایینی بووە لای ئێمە(٩).

لەڕووی لۆژیکیی و مەعریفییەوە بەراورد و دەرەنجامەکەی ئەو دوو چینە چاوەڕوانکراوە، نوخبەی ڕۆشنبیری ئەورووپی بە ئەرک و ڕۆڵی خۆیان هەستاون و کاریان لەسەر گرفت و کێشەکانی کۆمەڵگەی خۆیان کردووە، بەڵام نوخبە ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتییەکە ئەو ئەرکەیان ڕانەپەڕاندووە و کاریان لەسەر چارەسەری گرفت و کێشەیەک کردووە کە لە کۆمەڵگەکانی ئەواندا بوونی نەبووە.

ئەم نوخبە تەغریبییە هەتا ئێستاش لەناو ئەو ئیشکالە گەورەیەدا دەژین و کارەکانیان پێچەوانەی ئەو زەمینەیەیە کە لەسەری وەستاون. بۆیە ئەو گۆڕانکاریی و وەرچەرخانەی پێویستە لەناو دنیای ئیسلامدا ڕووبدات ڕووی نەداوە و کارەکانی ئەوانیش دەرەنجامی پێچەوانەی خستووەتەوە.

(محەمەد عەبدە) دەڵێت: ئەوانە(ڕۆژئاواییەکان) بێزاربوون لە ئایین، ئازادیی و سەروەری و دەسەڵاتیان پەیداکرد بەسەر جیهاندا، ئێمەش لە

ئایین بێزاربووین، بەڵام سەرشۆڕیی و پەرتەوازەیی و دابەشبوون و دارووخانمان دەستکەوت لەگەڵ ئامادەیی بۆ قبوڵکردنی هەموو ئەوەی بەسەرماندا دەسەپێنرێت و دەخرێتە بەردەممان(١٠).

بەرەنگاربوونەوەی ئایین لە ئەوروپا ئازادی و پێشکەوتن و باڵادەستی لێکەوتەوە، بەڵام هەمان کردار لە جیهانی ئیسلامیدا دارووخان و دواکەوتن و لاوازی لێکەوتەوە، چونکە ئەو ئایینەی لە ئەوروپا باڵادەست بوو جیابوو لەو ئایینەی دنیای ئیسلام، بگرە ئایینەکەی ئێرە خۆی قوربانیی دواکەوتوویی و لادانی شوێنکەوتەکانی بوو، کە دەبوو نوخبە ڕۆشنبیرەکەی جیهانی ئیسلامی ئەرکی گێڕانەوەی کۆمەڵگەیان بۆ پرانسیپە ئیسلامییەکان ڕاپەڕاندایە.

زۆرجار ڕۆشنبیر خۆی دەبێتە سەرچاوەی تەنگەژەکە کاتێک کە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆی دەدزێتەوە یان بە هەڵە و ناڕۆشنبیرانە بەدوای چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگەکەیدا دەگەڕێت، لەڕووی هزر و بیرکردنەوەوە ئەرکی ڕۆشنبیر پێشەنگایەتی جەماوەرە بەرەو پێشەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەیە، هەروەها بەرگریکردنە لە ماف و داخوازییەکانیان کە ئەوەیان ڕەهەندە سیاسییەکەی ئەرکی ڕۆشنبیرە لە بەرامبەر دەسەڵاتدا بۆ بەرگری لە مافەکانی خەڵک.

**ڕۆشنبیر و دەسەڵات:**

سیاسەت ئەرکی هەموو هاوڵاتییەکە و مافی خۆیەتی لە هەموو کاتێکدا ڕۆڵی خۆی لەو بوارەدا بگێڕێت، ئەگەر ئەمە بۆ هاوڵاتییەکی ئاسایی ئەرک و ماف بێت، بۆ کەسی ڕۆشنبیر دوو بەرامبەر دەبێتە ئەرک بەهۆی دووربینی و تواناکانییەوە لە شرۆڤە و لێکدانەوەی بارودۆخە سیاسییەکان.

تەنانەت نوخبەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا سەرچاوەی هەموو جوڵە و هەڵوێستێکی سیاسی جەماوەرە، زۆرێک لە سەرکردە و حکومەتەکان و ڕژێمە سیاسییەکان بەهۆی ڕۆڵی ڕۆشنبیرانەوە ناچار بە گۆڕانکاری کراون، یان بەهۆی کاریگەری ئەوانەوە بەسەر جەماوەرەوە گۆڕانکاری ڕیشەیی ڕوویداوە و ئەو ڕژێم و دەسەڵاتانە لادراون.

نووسەران و توێژەران لە باسی ڕۆڵی ڕۆشنبیران و جۆری پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتدا هەندێ پۆلێنیان کردووە و ئەوانیان بەسەر دوالیزەیەکدا دابەش کردووە، بۆ نموونە ڕۆشنبیری ئەرێنی و ڕۆشنبیری نەرێنی، یان ڕۆشنبیری سەربەخۆ و ڕشنبیری پاشکۆ، ڕۆشنبیری پەیامدار و ڕۆشنبیری دەسەڵات و ..هتد.

هەموو ئەو پۆلێنکاریانەش بەبارە باشەکەیدا ڕۆشنبیرانی پێشەنگ و خاوەن پەیام و بیروباوەڕ دەگرێتەوە و بەدیوە خراپەکەشدا بە ڕۆشنبیری بەرژەوەندیخواز و هەلپەرست و دەربارەکانی دەسەڵات وێناکراون، لە حاڵەتی دووەمدا ئەوان دەبنە بەشێک لە کێشەکانی کۆمەڵگە.

ڕۆشنبیری ئیجابی و خاوەن پەیام هەمیشە لە دۆخێکی نائاسایی و نائارامدایە بەرامبەر بە دەسەڵات بەوپێیەی ئەو بەردەوام چاودێرە و ڕەخنەدەگرێت و خاوەنی نەزعەیەکی شۆڕشگێڕانەیە، تموح و هیوای ئەو لە سنورێکدا ڕاناوەستێت، بەڵکو ئەگەر دۆخەکە باشیش بێت ئەو باشتری دەوێت، بەپێچەوانەی ڕۆشنبیری نەرێنی(سەلبی)یەوە کە پاشکۆ و دەرباری دەسەڵاتە و پەیوەستە بە ئاراستەی سیاسی و خواست و بەرژەوەندییەکانی سەرۆک و سەرکردە و ڕژێمی دەسەڵاتدارەوە.

هەمیشە دەسەڵات بە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر دەورە دراوە و بۆ مەرامی سیاسیی و جوانکاری ئەو دەسەڵاتە بەکارهێنراون، ئەوان لەچوارچێوەی میدیا و دامەزراوە ڕۆشنبیرییە فەرمییەکان یان تەنانەت نا فەرمییە سێبەرەکانەوە ڕۆڵی تەسقیف و پڕکردنی جەماوەر و ڕای گشتی دەگێڕن بۆ پشتیوانی لە دەسەڵات، ئەمانە لە هەموو شوێنێک

بوونیان هەیە و(ڕاسپۆتین)ەکانی ناو کۆمەڵگە جیاوازەکان پێکدەهێنن.

هەندێک لە ڕۆشنبیران ڕۆڵی زوڕناژەن دەبینن بۆ دەسەڵات و کاریان پروپاگەندەیە بۆ سەرۆک و سەرکردەکان و ئارایشتکردنی بڕیار و هەڵوێستەکانیان بەمەبەستی ڕەوایەتی پێدان و ڕازیکردنی جەماوەر بە قبوڵکردنیان.

بەڵام ڕۆشنبیری ئەرێنیی و پەیامداری ڕەخنەگر هەمیشە لەژێر فشاری دەسەڵاتدایە و سانسۆر لەسەر بەرهەم و بەهرە و داهێنانەکەی دانراوە و جووڵە و کارەکانی لەژێر چاودێری دەزگا هەوڵگرییەکان و چاوەکانی دەسەڵاتدایە.

ڕووناکبیری عەرەبی (ئیدوارد سەعید) کە لە کتێبەکەیدا (ڕۆشنبیر و دەسەڵات) باس لە پەیوەندی و مامەڵەی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات دەکات و لە بیروڕاکانیدا کاریگەرە بە بۆچوونەکانی بیریاری مارکسی ئیتالی ئەنتۆنیۆ گرامشی بە پێویستی دەزانێت کە ڕۆشنبیر خاوەنی قەوارە و کەسایەتییەکی سەربەخۆی دابڕاوبێت لە دەسەڵات، دەبێت خاوەنی بیروڕاو هەڵوێستی خۆی بێت و بانگەشە بکات بۆ بەهاکانی ئازادیی و دادپەروەری و نوێنەرایەتی ڕای گشتی لە بەرامبەر دەسەڵاتدا بکات.

### ڕۆشنبیر، کۆمەڵگە و دەسەڵات:

ئەگەر بەم زنجیرەیە(ڕۆشنبیر، کۆمەڵگە، دەسەڵات) ڕیزبەند بکرێن و کاریگەرییەکە لە یەکەمەوە بۆ سێیەم دابەزێت ڕەوشێکی تەندروستی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەخولقێت کە هەریەکە لەو سێ خاوەن کاریگەرییە بتوانن بە باشی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

هەر زەمینەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری بنەمایەکی ڕۆشنبیری بابەتی و گونجاوی هەبێت سەقامگیر و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵگە بەدیدەهێنێت، بۆیە ڕۆشنبیریی و ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە پێوەرە بۆ دەسەڵاتێکی سیاسی هاوسەنگ و دادپەروەر کە خزمەت بە هەموو توێژە جیاوازەکانی خەڵک بکات، لێرەوە پێشەنگایەتی ڕۆشنبیر و نوخبە کاریگەرەکەی دەردەکەوێت کە چۆن بتوانێت کۆمەڵگەیەکی هۆشیار ئاراستە بکات بۆئەوەی دەسەڵاتێکی تەندروست لە هەناوی ئەو کۆمەڵگەیەوە بێتە کایە. بۆیە ئەگەر ئاراستەیەک دیاری بکەین بۆئەوەی خاڵی سەرەتاو کۆتایی ئەو سێ ئۆرگانە دیاری بکەین، سەرەتا کاریگەرەکە لە ڕۆشنبیرەوە دەستپێدەکات و کۆتاییەکەی دەسەڵاتە، کۆمەڵگەش کە ماڵی گەورەی دوو ڕەگەزەکەی ترە مەیدانی کارتیاکردنی ڕۆشنبیر و دەسەڵاتە.

کاتێک کاریگەرییەکە لەسەر کۆمەڵگە لە نوخبە ڕۆشنبیرە پەیامدارەکەوە سەرچاوە دەگرێت، کۆمەڵگەیەکی هۆشیاری لێ دەکەوێتەوە، کاریگەرییەکە درێژدەبێتەوە بۆ دەسەڵاتێکی خزمەتگوزاری تەندروست، بەو پێیەی کە ئەو دەسەڵاتەش لە هەناوی کۆمەڵگە هۆشیارەکەوە هاتووەتە کایە، یان ئەو دەسەڵاتە لەژێر فشار و چاودێریی و ئاراستەی کۆمەڵگە و نوێنەرەکانیدا هەلی لادانی بۆ نارەخسێت.

بەڵام ئەگەر ڕۆشنبیر لەناو کۆمەڵگەدا پەراوێز خرابوو، خەڵک و ڕای گشتی هەموو بیرکردنەوە و جوڵەیان لە دەسەڵاتە سیاسییەکەوە سەرچاوەی گرتبوو، جگەلەوەی تاکڕەوی غرووری سیاسی دەخولقێت کە بە دیکتاتۆریەت کۆتایی دێت، باری ڕۆشنبیریی و هۆشیاری کۆمەڵگەش دووچاری چەقبەستوویی دەبێت و دەکەوێتە ناو تەنگەژەیەکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی قوڵەوە.

لە حاڵەتێکی تردا ئەگەر دەسەڵات ڕۆشنبیرەکانی ئیحتیوا کرد و ئەوانیکرد بە ئارایشتکەری خۆی و بڕیارەکانی، هەموو هەڵە و ناتەواوییەکانی دەسەڵاتیان وێنا کردەوە بە شێوەیەکی تری قبوڵکراو لە بەرچاوی کۆمەڵگە، هەمان تەنگەژە لە ئاستێکی ترسناکتردا دروست دەبێت کە چارەنووسی کۆمەڵگەکەش بەرەو داڕووخانی تەواو دەبات.

کەوایە لە هەموو حاڵەتێکدا بۆ ژیانێکی سەقامگیری پێشکەوتوو پێویستە پلان و پرۆژەکانی هەستانەوە و گەشەکردنی کۆمەڵگە لە رۆڵ و کاریگەری رۆشنبیرانەوە سەرچاوە بگرێت، ئەوکات کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و دەسەڵاتێکی تەندروستیش دادەمەزرێت. هەمیشە دەبێت دەسەڵات و کۆمەڵگە بەدەر نەبێت لە چاودێری رۆشنبیران و لێکدانەوەیان بۆ زەمینە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکەی، رۆشنبیریش وەک ئەرکی سەرەکی خۆی دەبێت هەمیشە رەخنە بەرهەم بهێنێت، رەخنە لە کۆمەڵگە و دەسەڵات بەئامانجی ئاراستەکردنی بەرەو باشتر و ژیانێکی پێشکەوتووتر.

رۆشنبیری راستەقینە نوێنەرایەتی هیچ کەس و لایەنێک ناکات تەنها نوێنەرایەتی ئەو بیروباوەڕ و بنەمایانە دەکات کە خۆی بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی کۆمەڵگەکەی باوەڕی پێیەتی، هەمیش قسە لەو باس و بابەتانە دەکات کە لە پەراوێز و لەچوارچێوەی پرسە لەبیرکراوەکاندا خەفەکراون و سەرلەنوێ دەیانکاتەوە بە پرس و خەمی جەماوەر.

رۆشنبیر یادخەرەوە و جوڵێنەری لەیادکراوەکان یان خەفەکراوەکانە، هەموو مرۆڤەکان خاوەنی دەرک و رۆشنبیری خۆیانن و تەنها جوڵێنەر و یادخەرەوەیان دەوێت بۆ بەئاگاهێنانەوە و هۆشیارکردنەوەیان، لەم رووەوە گرامشی راستی وتووە کە: هەموو خەڵک رۆشنبیرن، بەڵام هەموویان ناتوانن ئەرکی رۆشنبیران جێبەجێ بکەن، ئەوانەی ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکەن و دەرکی رۆشنبیرانەی خەڵکە گشتییەکە دەوروژێنێت بریتین لە خاوەن تواناکانی قەناعەتپێکردن کە رۆشنبیرانن.

رۆشنبیرانیش وەک هەر مرۆڤگەلێکی خاوەن بەرژەوەندی دابەش دەبن بەسەر توێژێکی پەیامداری قوربانیدەر بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان، لەگەڵ توێژێکی بەرژەوەندیخوازی قوربانیدەر بە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەکەی لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا. ئیدوارد سەعید ئەم دوو دەستەیە پۆلێن دەکات بۆ رۆشنبیرانی (مونتەمی و نامونتەمی) و دەڵێت: ئەو رۆشنبیرانەی کە هەموو تەمەنیان لەناو کۆمەڵگەکەی خۆیاندا بەسەر بردووە دەتوانین دابەشیان بکەین بۆ دوو دەستەی مونتەمی و نامونتەمی، واتە بەدیاریکراوی ئەوەی ئینتیمای تەواوی بۆ کۆمەڵگەکەی خۆی هەیە بەو بارودۆخەوە کە تیایەتی و لەو بارودۆخەدا گەشە بە ژیانی خۆی دەدات بەبێ ئەوەی هیچ ناکۆکی و جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا هەبێت، واتە دەتوانین وەسفیان بکەین بەوەی کە ئەوانە ئەو رۆشنبیرانەن (بەڵێ) دەکەن، لە بەرامبەردا ئەوانە دەبینینەوە کە (نەخێر) دەکەن، واتە ئەو کەسانەی لە ناکۆکی و ئاڵۆزیدان لەگەڵ کۆمەڵگەکەیان و ئینتیمایان بۆ دۆخی کۆمەڵگەکەیان نییە(١١).

رۆشنبیری ئەرێنی و پەیامدار یان وەک ئیدوارد سەعید دەڵێت نامونتەمی سەری هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسییە و لەوەوە دەستپێدەکات و بەویش کۆتایی دەێت، ئەو پێشەنگی ئازادیخوازانە بە تیزە فیکریی و لۆژیکی و ئیستاتیکییەکانی، هیچ فشار و توندوتیژییەک نایکاتە پاشکەوتە و(ئیممەعە) ی بەڵێکەر بۆ بەهەژموونی دەسەڵاتدارەکان.

ئەرکی رۆشنبیر لای کەسێکی وەک عەبدوڵڵا عەرەوی جوڵاندنی چەقبەستوویی کۆمەڵایەتییە نەک روبەڕووبوونەوەی دەسەڵات، خۆ ئاشکرایە بەو ڕیزبەندییەی کردوومانە جوڵەی کۆمەڵگە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە هزر و ئاراستەکردنی رۆشنبیرانەوە سەرچاوە دەگرێت و پاشان دەپەڕێتەوە بۆ لای دەسەڵات و کاریگەری دەبێت لەسەری.

رۆشنبیر هەمیشە بێ ئۆقرەیە و بەدیدێکی رەخنەگرانەی رانەوەستاوەوە بەردەوام کۆمەڵگەکەی دەخوێنێتەوە و دەسەڵاتەکەشی هەڵدەسەنگێنێت،

بەڵام دەسەڵات هەمیشە سەقامگیر و ڕاوەستاوە و دژی ڕەخنە و ئاڕاستەیەکە بەرژەوەندییەکانی نادیدە بگرێت، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پەیوەندییەکی نائارام لە نێوانیاندا هەیە، بەتایبەتی لای دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان گوتاری ڕەخنەگرانەی نوخبە و بوونی ڕۆشنبیرانی هەڕەشە و وەبایەکی ترسناکە، بۆیە زۆرکات بەسەرکوت و گرتن و تەنانەت لەناوبردنیشیان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

ئەم مامەڵە و بەریەککەوتنە لە مێژووی هەموو گەلاندا نموونەی بەرچاوی هەیە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زانایان و توێژی ڕۆشنبیران بەردەوام قوربانی دادگاکانی تەفتیش و حوکمی داپڵۆسێنەرانەی دەسەڵاتە دنیایی و دینییەکەی کەنیسە بوون.

لە مێژووی ئیمەی موسوڵمانیشدا زانایان و ئەهلی زانستی ئایینی و شەرعی هەمیشە بەئاگاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەسەڵاتە ئیسلامییەکاندا کردووە لەکاتێکدا ئەو دەسەڵاتانە بەوانەی ئەوروپا بەراورد ناکرێت کە هەمیشە دەسەڵاتداری ئیسلامی هەوڵیداوە خۆی لە زانایان نزیک بکاتەوە نەک وەک پاپا و دەسەڵاتە سیاسییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا بوونی ئەهلی زانست و دانایی ڕەتبکەنەوە.

بیریاری فەلەستینی(د.عەزمی بشارە) بۆ خستنەڕووی ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە مێژووی ئیسلامیدا پێیوایە کە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕۆڵی فوقەها و زانایانی ئایینی لە سەردەمی خەلافەت و سەڵتەنەت و ئیمارەتە ئیسلامییەکاندا و ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ئەوان و دەسەڵاتدا هەبووە کە هەندێک لە پێشەوا و فەقیهەکان لەچوارچێوەی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپەدا ڕووبەڕووی دەسەڵات بوونەتەوە، هەندێکی تریشیان پاساویان بۆ خراپەکانیان هێناوەتەوە، دکتۆر بشارە ئاماژە بۆ ڕۆڵی زانایان و پسپۆڕەکانی بواری زانستە شەرعییەکان دەکات کە چۆن بەناوی(کلمە حق عند سلطان جائر) ڕووبەڕووی دەسەڵات بوونەتەوە(١٢).

کۆتا بینینمان بۆ پەیوەندیی و کارلێکی نێوان (ڕۆشنبیر و کۆمەڵگە و دەسەڵات) ئەو دەرەنجامەیە کە سەرەتای جوڵە و گۆڕانکارییە ئەرێنییەکان لە نوخبەی ڕۆشنبیرەوە دەستپێدەکات، یان بەلای کەمەوە بەشێک لەو نوخبەیە کە پەیامدار و خاوەن هەڵوێستی خۆیانن، ئەم کاریگەرییە جوڵە بە شەقام و ڕای گشتی ناو کۆمەڵگە دەدات و شەپۆلەکە دەسەڵاتە سیاسییەکە ناچار بە ڕیفۆرم یان گۆڕانێکی ڕیشەیی دەکات. لە هەر بارێکی تردا ڕۆشنبیر پاشکۆ بێت یان بکەوێتە ژێر کاریگەری نەریتی کۆمەڵگە یان بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات، کۆمەڵگە دەکەوێتە ناو تەنگەژەی گەورەی فیکریی و مەعریفیی و سیاسییەوە کە دواجار ژینگەیەکی ناسەقامگیری لێ دەکەوێتەوە.

## سەرچاوەکان


(١) سەروەر حەمەئەحمەد: ڕۆشنبیری سیاسی، ل١٨.

(٢) هەمان سەرچاوە: ل١٩.

(٣) ادوارد سعید : المثقف والسلطه، ت.محمد عنانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦، ل٣٢.

(٤) دلالات مفهوم المثقف، أحمد مفلح: مجله تبین، المرکز العربی للابحاث ودراسه السیاسات، ژ:٣١، ل٣٤.

(٥) هەمان سەرچاوە: ل٣٤.

(٦) د.کەمال مەزهەر: ڕێنیسانس، و.فوئاد مەجید میسری، چاپی سێیەم، ٢٠٠٠، ل٢٨.

(٧) بڕوانە: علی حرب: اوهام النخبه او نقد المثقف، چاپی سێیەم، ٢٠٠٤، ل٥٠.


(٨) د.عەلی شەریعەتی: مسؤلیة المثقف، ل٨٢

(٩) هەمان سەرچاوە: ل٧٢.

(١٠) هەمان سەرچاوە: ل٧٤.

(١١) المثقف والسلطه، ادوارد سعید، ل١٠٠.

(١٢) المثقف والثوره، د.عزمی بشارە، ل١.


چەمکی ڕۆشنبیریی و
ئەرک و پێگەی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەدا
عومەر ئیسماعیل ڕەحیم
لەدایکبووی ١٩٦٧، کۆیە.
ماستەر لە فیکری ئیسلامی
شارەزا و توێژەر لە هزری سیاسی ئیسلامی.

## پێشەکی:

پرسی رۆشنبیریی و پێگە و رۆڵی رۆشنبیر و ئەو ئەرک و بەرپرسیاریەتییەی توێژی رۆشنبیران لە گۆڕینی کۆمەڵگە و بەرەوباشتر بردنی دەبێت هەڵیگرن، رۆشنبیر کێیە و چۆن جیای دەکەینەوە لە نارۆشنبیر، ئایا رۆشنبیرانی کوردی هاوچەرخ توانیویانە وەک پێویست رۆڵی خۆیان ببینن، ئەگەر نەیانتوانیوە بۆ؟ ئەم باسوخواسانە ئەمڕۆ جێگەی مشتومڕ و گفتوگۆی گەرمی گۆرەپانی زۆرێک لە ناوەندە هزریی و رۆشەنبیریەکان، بەندەش لەم چەند لاپەڕەی خوارەوە بۆچوونی موتەوازیعی خۆم دەخەمە ڕوو.

## پێناسەی رۆشنبیری:

بۆ ئەوەی رۆشنبیر بناسین و بزانین دەبێت چ رۆڵێک لەناو کۆمەڵگە ببینێت، دەبێت سەرەتا پێناسەی رۆشنبیری بکەین، چەمکی رۆشنبیری دەلالەت و واتاکانی چین و پێناسەی چییە!؟ دوای ئەوەش بزانین رۆشنبیر کێیە؟ دەبێت خاوەن چ تایبەتمەندییەک بێت؟

رۆشنبیری دەستەواژەیەکی لێکدراوە لە دوو وشەی «رۆشن» و «بیر» پێکهاتووە، واتای هەردوو وشەکەش تاڕادەیەک روون و ئاشکرایە؛ «رۆشن» لە زمانی کوردی چەندین دەلالەت و بەکارهێنانی هەیە، رووناک، رۆشنکردنەوە و دیار و زانراو، هەڵکراو دایساو، مەعلوم، ئاوەدان(١)، دەوترێت وەجاغی ئاوەدانە، ئەنجا لە رۆشناییشدا مرۆڤ دەتوانێت ببینێت، ووردبێتەوە، شتەکانی دەوروبەری چاکتر بناسێت، بەرێی خوی لێ دیار بێت و بە دڵنیایی هەنگاو هەڵێنێت.

«بیر» خەیاڵدان و هزر و فیکر و ئەندێشە و یادگە و یادەوەری دەگرێتەوە(٢)، بۆ کەسێک دەگوترێت خەیاڵ و هزر و ئەندێشە و رۆحی رووناک و رۆشن بێت، کاتێکیش هەردوو وشەکە لێکدەدرێت دەلالات و واتاکانی رەهەند و پانتایی تر وەردەگرێت، وەک هۆشیاریی و دووربینی، لە هەنبانە بۆرینەدا هاتووە: (رۆشن بیر زانا بە دابی زەمان، تێگەیشتووی پێگەیشتوو، رۆشنفکر(٣)، لە فەرهەنگی زانستگای کوردستانیشدا هاتووە: (رۆشنبیر/ ئاوەڵناوە، رووناکبیر، تێگەیشتوو، خاوەن بیر و ڕوانینێکی زانایانە، ئاگا و دوور لە مێشک وشکی ئەفسانە، هەروەها رۆشنبیری رۆشنفکر(٤).

ئەمە واتا و دەلالەتەکانی دەستەواژەی «رۆشنبیر» لە زمانی کوردی، بەوپێیەی ئێمە مسوڵمانین و مەرجەعیەتی فیکریمان قورئانە و هاوبەشی رۆشنبیریی و فەرهەنگی زۆرمان لەگەڵ زمانی عەرەبیدا هەیە، ئەگەر بمانەوێت ریشەیی و وەک پێویست لە هەر بابەتێک بگەین و هەر چەمکێک پێناسە بکەین و بنج و بناوانی بزانین و بدۆزینەوە دەبێت بۆی بگەڕێینەوە لای قاموس و فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی لەلایەک و قورئانی پیرۆزیش لەلایەکی تر. ئەمەی کە دەیڵێم لەڕاستیدا پێویستی و خواستێکی هەم زانستی و هەم دینیشە.

بۆیە گرنگە بزنین وشەی «الثقافة» لە زمانی عەرەبی چ مانایەک دەگەیەنێت و لە قورئانی پیرۆزدا بە چ دەلالەت و واتایەک بەکارهێنراوە، ئەنجا ئەمە بەراورد بکەین لەگەڵ دەستەواژە کوردییەکەمان و لێکیبدەین، لێرەوە دەتوانین زانستییانە و بابەتییانە رۆشنبیری وەک چەمکێکی فیکریی و کۆمەڵایەتی پێناسە بکەین.

دوای گەڕانەوە بۆ قاموس و فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی بۆمان دەردەکەوێت وشەی «ثقافة» کە چاوگە و لە ریشەی «ثقف» ث،ق،ف وەرگیراوە، ئەویش بەم واتایانە بەکارهێنراوە، (حذق فی الفهم/ زیرەکی لە تێگەیشتن، لقف/ خێرایی لە وەرگرتن، ظفر/ پەی پێبردن، درک/ لێتێگەیشتن، إقامه العوج/ ڕاستکردنەوەی چەوتی، تهذیب و تشذیب/ پاڵاوتن و پاڵفتە و بژارکردن، تسویه بعد العوج/ رێک کردنەوە دوای خوار و خێچی، تعلم

وضبط المسموع وما يحتويه الكلام/ فێربوون و زەبت کردنی بیستراوەکان وەک پێویست، قام بە/ پێی هەڵسا، فطن/ وریا و چاوکراوە و کارامە، بە کەسێک دەوترێت خێرا و بە دورستی و ووردی لە شتەکان تێبگات(٥)، قورئانی پیرۆزیش لە چەند شوێنێکدا بە هەندێ لەم مانایانە بە چەند سیغەیەک وشەی «ثقف» بەکارهێناوە:

- ﴿وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ وَلَا تُقَاتِلُوهُمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ فَإِن قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ كَذَٰلِكَ جَزَاءُ الْكَافِرِينَ﴾ البقرة ١٩١

- ﴿ضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ أَيْنَ مَا ثُقِفُوا إِلَّا بِحَبْلٍ مِنَ اللَّهِ وَحَبْلٍ مِنَ النَّاسِ وَبَاءُوا بِغَضَبٍ مِنَ اللَّهِ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الْمَسْكَنَةُ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَيَقْتُلُونَ الْأَنْبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ﴾ آل عمران ١١٢

- ﴿سَتَجِدُونَ آخَرِينَ يُرِيدُونَ أَن يَأْمَنُوكُمْ وَيَأْمَنُوا قَوْمَهُمْ كُلَّ مَا رُدُّوا إِلَى الْفِتْنَةِ أُرْكِسُوا فِيهَا فَإِن لَّمْ يَعْتَزِلُوكُمْ وَيُلْقُوا إِلَيْكُمُ السَّلَمَ وَيَكُفُّوا أَيْدِيَهُمْ فَخُذُوهُمْ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأُولَٰئِكُمْ جَعَلْنَا لَكُمْ عَلَيْهِمْ سُلْطَانًا مُّبِينًا﴾ النساء ٩١

- ﴿فَإِمَّا تَثْقَفَنَّهُمْ فِي الْحَرْبِ فَشَرِّدْ بِهِم مَّنْ خَلْفَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ﴾ الانفال ٥٧

- ﴿مَلْعُونِينَ أَيْنَمَا ثُقِفُوا أُخِذُوا وَقُتِّلُوا تَقْتِيلًا﴾ الأحزاب ٦١

- ﴿إِنْ يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُوا لَكُمْ أَعْدَاءً وَيَبْسُطُوا إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُمْ بِالسُّوءِ وَوَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ﴾ الممتحنة ٢

ڕاغبی ئیصفەهانی کە فەرهەنگی «مفردات الفاظ القران» بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی وشە و دەستەواژەکانی قورئان داناوە دەڵێت: الثقف الحذق فی ادراک الشیء وفعله/ زیرەکی لە تێگەیشتنی کار لەسەر کردنی پرسێک، هەروەها دەرک کردنی شتێک و پەیپێبردنی بەهۆی چاوتیژیی و بیرتیژیەوە(٦)، هەرچەندە دیارە کە قورئانی پیرۆز هەر بەواتا زمانەوانییەکەی بەکارهێناوە، هەمان ئەو دەلالەت و واتایانەی وەرگرتووە کە پێشتر لە میانی فەرهەنگەکانی عەرەبی ئاماژەمان پێکرد، نەوەک وەک چەمکێکی کۆمەڵایەتی فیکری بەکارهاتبێت، چونکە لەو کاتە دەستەواژە و چەمکی «الثقافة» نەکەوتبووە ناو زمان و فەرهەنگی عەرەبی.

ئێستا دوای ئەو شیکارییە زمانەوانییە بۆ وشەی «ث،ق،ف» کە چەمکی «الثقافة»ی لێوەرگیراوە، هەروەها ئاماژەکردن بەوە کە چۆن لە قورئاندا بەکارهاتووە، دەتوانین ڕوونتر ئاماژە بە هەندێ دەلالەتی ئەو چەمکە بکەین:

١- ناوەڕۆکی چەمکی «الثقافة» لە ناوەوە و ناخی مرۆڤەوە خۆیەوە هەڵدەقوڵێت و سەرچاوە دەگرێت، نەوەک شتێک بێت و لە دەرەوەی خۆی بۆی بچێت و وەریبگرێت، دەبینین هەندێک لە ماناکانی وشەکە بریتین لە پاککردنەوە و بژارکردن و ڕاستکردنەوەی لارییەکان و ئەنجا پاڵنان بەرەو بەرهەمهێنانی مەعنا و واتای مەعنەوەیی و دەرخستنی جوانی ناخ و دەست واڵاکردنی وزە و تواناکان بۆ داهێنان و بەرهەمهێنانی ئەو مەعریفەیەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی.

٢- هەندێکی تر لە ناوەڕۆکی چەمکی «الثقافة» بریتی بوو لە لێکۆڵینەوە و گەڕان و پەیبردن بەواتای ڕاستی و چاکە و دادوەریی و هەموو ئەو بەها و پێوەرانەی بوونی مرۆڤ چاک و چاکتر دەکەن، دەیپاڵێوون لە خڵتە و پاکی دەکەنەوە لە پیسییەکان و ڕاستی دەکەنەوە لە هەڵە و چەوتییەکان، دەرگاکان بە ڕووی عەقڵ و ئاوەزی مرۆڤدا دەکاتەوە بۆ وەدەستهێنان و گەیشتن بە هەموو زانست و مەعریفەیەکی سوودبەخش بۆ مرۆڤ.

٣- پێداگری تێدایە لەسەر ئەو زانست و مەعریفەیەی مرۆڤ پێویستی پێی دەبێت بەپێی سەردەم و ژینگەی کۆمەڵگەکەی خۆی ئاشکرا دیارە، نەوەک هەر مەعریفە و زانستێک، تەنها زیرەکی «حذق وذکاء» بەس نییە دەبێت «فطن» کارامەیی و وریایشی لەگەڵ بێت، کە مەبەست ئەوەیە زانست و مەعریفەکەی چەسپاو سەردەمی بێت، ئەمەش چەمکەکە بەو چەشن و جۆری کۆمەڵگەیە دەبەستێتەوە کە مرۆڤ تێیدا دەژیت.

٤- دەلالەتەکانی وشەی «ثقف» ئەوە دەگەیەنن

که چەمک و پرۆسەی «ثقافة» پرۆسەیەکی هەمیشەیی و هەردەم نوێبوەوەیە و لە خاڵێکدا کۆتایی نایەت، واتە سنورێک، یا ئاستێک لە زانست و مەعریفە و بەها و پێوەرێک نییە کە مرۆڤێک، یا کۆمەڵگەیەک پێی گەیشت و دەستی لێ گیر کرد ئیدی بەمە گەیشتبێتە لوتکەی هەرەمی رۆشنبیری، گەیشتبێتە دوا سنوور، بینیمان لە دەلالەتەکانی «ثقف و ثقافة» پاڵاوتن و پاککردنەوە و ڕاستکردنەوەی چەوتییەکان و شارەزایی و زانایی بە دابی زەمانە دەردەکەون، ئەمانەش لەناو خۆیاندا نوێبونەوەیەکی خودیان تێدایە، واتە ئەبێت هەمیشە ئەو پاڵاوتن و پاککردنەوە و ڕاستکردنەوە دوبارە ببنەوە، بەردەوام بەدوداچوون و خوێندنەوەی بۆ سەردەمەکان چاو پێدا خشاندنەوەی دەوێت.

٥- ئەو هەمیشە بە دواداچوون و دوبارە پاککردنەوە و ڕاستکردنەوە و پاڵاوتنەی رۆشنبیریە وادەکات هەمیشە بەپێی بارودۆخ و پێویستی کۆمەڵگە بێت و لە ئاستی نرخ و بەهای مرۆڤایەتی لەو قۆناغەدا بێت، بۆیە رۆشنبیرییەکان لە سەر بنەمای پێشکەوتوویی و دواکوتوویی و درندەیی بوون و کۆنەپەرستی و ئەم شتانە پۆلێن ناکرێن، هەر کۆمەڵگەیەک و سەردەمێک جۆرە رۆشنبیرییەک دەخوازێت..

٦-رۆشنبیری «ثقافة» چەمکێکە نە تایبەتە و نە کورت دەکریتەوە بەسەر چینێک، یاخود گرووپێک لە مرۆڤەکان، بەڵکو چەمکێکی گشتییە و بۆ هەموو مرۆڤ و گرووپ و کۆمەڵگەیەکە(٧).

لەو شیکارییە زمانەوانییەی وشەی «ثقافة» لە زمانی عەرەبی و «رۆشنبیری» لە زمانی کوردی بۆمان دەردەکەوێت تەنانەت لە رووی زمانەوانییەکەش تا ئاستێکی باش لێک نزیکی هەیە، جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینرێت، مەگەر ئەوە کە وشەکە لە زمانی عەرەبی دەلالەتەکانی فراوانترن، رەهەندی زیاتر و روونتری وەرگرتووە، کە دەتوانێت پێناسەکەمان بۆ رونتر و کەمێک فراوانتر بکات. ئێستا دەتوانین پێناسەیەکی پوخت و گشتگیر و ئەنجا وەک لۆجیک دەڵێت پێناسەیەکی جامع و مانع بۆ چەمکی رۆشنبیری بکەین، رۆشنبیری کە وەک گووتمان بە زمانی عەرەبی لە بەرامبەر دەستەواژەی رۆشنبیر (ثقافة) و لە زمانی ئینگلیزی و لاتینیش وشەی (Culture) بۆ بەکارهێنراوە، پێناسەی زۆری بۆ کراوە، نزیکەی (١٦٥) پێناسەی جیا جیای بۆ کراوە(٨)، هێنان و بەراوردکردنی ئەو پێناسانە جێگەی ئەو بابەتەی ئێمە نییە و رووبەرێکی زۆریشمان لێدەگرێت، بۆیە چەند پێناسەیەک وەک نمونە ئاماژە پێدەکەین.

(کۆی ئەو بیرۆکە و مەعریفە و پێوەر و بەها و سنبول و هەست و هەڵچوون و سۆزە ویژدانیانەی باڵادەستن بەسەر ژیانی کۆمەڵگە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ سرووشت و بوون و هەروەها پەیوەندی تاکەکان لەنێو خۆیاندا و لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تر رێکدەخات)

مالک بن نبی-ش بەم شێوەیە پێناسەی رۆشنبیری دەکات: (ئەو کۆمەڵە سیما و خەسڵەتە ئەخلاقی و بەهای کۆمەڵایەتی کاریگەرەن لەسەر تاک هەر لە لەدایکبوونەوە، بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت بۆی دەبن بەو پەیوەندییەی رەفتارەکانی بە شێوازی ژیانی ئەو ناوەندەی تێدا لە دایکبووە دەبەستنەوە).

لە پێناسەی رێکخراوی یونسکۆشدا بەم شێوە هاتووە: (تەواوی ئەو سیما رۆحیی و ماددیی و فیکریی و سۆزدارییانەی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، یا چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو لەوانی تر جیادەکاتەوە، هەروەها هونەرەکان و ئاکار و رێکار و شێوازەکانی ژیانیش دەگرێتەوە، هەروەک مافە بنەرەتییەکانی مرۆڤ و سیستەم و بەها و نەریت و باوەڕەکانیش دەگرێتەوە).

لە کورتترین پێناسەش رۆشنبیری بریتییە لە: (کۆی ئەو مەعریفە و بەها و پێوەرانەی باڵادەستن بەسەر رەفتارەکانەوە)(٩).

لەم پێناسانەوە دەردەکەوێت ڕۆشنبیری ناکرێت کورتبکرێتەوە لە بوونی کۆمەڵێک بیرۆکە و زانیاری تیۆری ڕووت، یا کەڵەکە کردنی زانیاریی و داتا و مەعریفە لای کەسێک، یا لاساییکردنەوەی شێواز و فۆرمی ژیان و ڕەفتاری گەلێک، یا کۆمەڵگەیەکی باڵادەست، تا ئەزبەرکردنی کۆمەڵێک دەستەواژە و چەمکی فەلسەفی و هزری بە زمانە بیانییەکان و خوێندنەوە و گواستنەوەی تیۆرە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکان و گواستنەوەیان بەشێوەی کۆپی بۆ ناو ژیان و فەرهەنگی کۆمەڵگەکەی خۆمان، شیکردنەوە و لێکدانەوەی ژیان و مێژوو و توراسی لەمێژینەی خۆمان بەپێی میتۆد و مەنهەجێک کە بۆ لێکدانەوەی مێژووی ژیان و ژیارێکی جیاواز لەوەی ئێمە بەرهەم هاتووە؛ بەڵکو ڕۆشنبیری سستەمێکە بۆ ڕەفتارکردن، شێوە و کێشانی نەخشەیەکی گشتییە بۆ ژیان، بریتییە لە جوانی و بەرزی فیکر و ئەدەب و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاک و گرووپ و کۆمەڵەکان، سەلیقە و زەوقە لە دروستکردن و بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ناوخۆ و ئەوانی تری جیاواز، ڕۆشنبیری ئەو تیشک و ڕۆشناییەیە کە ئاوەز و دڵ و ڕۆح و ویژدانی مرۆڤ ڕووناک دەکاتەوە و دەیانوروژێنێت و بێداریان دەکاتەوە، دواجار پاراویان دەکات.

ڕۆشنبیری بەرلەوەی کۆمەڵێک زانست و مەعریفە بێت، بریتییە لە «ئەخلاق» مۆراڵ، یان ڕەوشت، دیارە کە ڕەوشتیش پرسێکی گرنگ و ناوەندییە لە ژیاندا، هەرچی پرنسیپ و بەهای تری ئینسانییە لەوەوە هەڵدەقوڵێت و سەرچاوە دەگرێت، دەبێت هەمووان پێوەی پابەندبن، پێویستە بەڕادەی پابەندی هەریەکێک بەو ئەخلاقەوە، یا سەرپێچی لێکردنی و لێ دەرچوونی پاداشت بکرێت و سەرکۆنە و سزا بدرێت، پیاو بێت یاخود ئافرەت، بەرپرس بێت، یان کەسێکی ئاسایی، نابێت هیچ جۆرە هەڵاوێردنێک لەو بوارە هەبێت، ڕۆشنبیری ڕەهەندی مەعریفە و زانستی هەیە، ڕەهەندی ڕۆحی بەهاکانی هەیە، ڕەهەندی جوانی و هونەری تێدایە، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە ڕۆشنبیری تەنها تیۆری نییە و دیوی کرداریی و پابەندبوونیشی هەیە.

**ڕۆشەنبیر کێیە:**

گرنگە دوای ئەوەی پێناسەی ڕۆشنبیریمان کرد بزانین ڕۆشنبیر کێیە؟ ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە تێگەیشتن و دیدگایەکی ڕوون و فراوانی بۆ ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی هەیە، لێکدانەوەیان بۆ دەکات و مامەڵەیان دەکات، شرۆڤەیەکی قوڵی هەیە بۆ قۆناغ و پەرەسەندنی قەیرانەکان و چۆنییەتی چارەسەرکردنیان بەپێی ئەو مەرجەعیەت و بەها و قیەمەی کە بڕوای پێیەتی.

هەر لێرەشەوە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان دوو کەس، یەکێک بەپێی خواست و سەردەم دابی کۆمەڵگەکەی خۆی مەعریفە و ڕۆشنبیری بەرهەم دەهێنێت و بە ئەرکی ڕۆشنبیرییانەی خۆی هەڵدەستێت، بەدەربڕینێکی تر ڕۆڵی خۆی وەک ڕۆشنبیرێک لەناو کۆمەڵگەدا ئەدا دەکات، یەکێکی تر کاوێژی ئەو ڕۆشەنبیرییە دەکات کە ئەوانی تر بەرهەمیان هێناوە، کاڵای مەعریفیی و ڕۆشنبیری کەسانی تر بەسەر کۆمەڵگەکەی ئێمەدا ساغ دەکاتەوە، یا بە دەربڕێنێکی تر لاسایی ڕۆشنبیرانی تری ناوخۆ، یان بێگانە دەکاتەوە.

مرۆڤی ڕۆشنبیر وێرای ئەوەی کەسێکی خوێندەوار و خاوەن زانیارییە، لە زۆرێک لە زانست و مەعریفە و هونەرەکان تێدەگات و ئاستێکی بەرزی ڕووناکبیری هەیە، لەهەمانکاتدا هەڵگری ئەخلاقێکی بەرز و جوانە، ناخ پاک و دڵسۆز و موهەزەبە، وەک مامۆستا عومەر ڕێشاوی»ڕەحمەتی خودای لێبێت» دەیفەرموو کەسی ڕۆشنبیر دەبێت ڕۆشنفیکر و ڕۆشندڵ و ڕۆشندید بێت(١٠).

مرۆڤی ڕۆشنبیر مرۆڤێکی زانای خاوەن

ڕەوشتی پاڵفتەبووی ناو قییەم و ئەزموونە، شارەزایی و ئاگاداری لە زۆرێک مەعریفە و زانست و هونەرەکان هەیە، ئاستی فیکریی و ئەدبی و ڕوحی و کۆمەڵایەتی بەرزە، خاوەن سەلیقە و زەوقی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەوانی تر.

مادام ڕۆشنبیری بەدیوێکیدا تێگەیشتن و پەیبردن بێت بە مەعلوماتی ڕابردوو، بۆ بەکارهێنانی لە مامەڵە و گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانی تر لە ڕووی کۆمەڵایەتی، کە مرۆڤ خۆی کائینێکی کۆمەڵایەتییە لە بنەڕەتدا، بۆیە ئەگەر هەرکەس توانای گفتوگۆ و مامەڵەی نەبێت لەگەڵ ئەوانی تر ئەوا هەرگیز بە ڕۆشنبیر دانانرێت ئەگەر بەرزترین بڕوانامەشی وەرگرتبێت. بڕوانامەی زانستی و ئەکادیمی مانای ڕۆشنبیر بوون ناگەیەنێت، بەڵکو بڕوانامە پلەیەکە، مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت بۆ چوونە ناو بازاڕی ژیانی پراکتیکی و ڕۆژانە، دەتوانین بڵێین هەموو خاوەن بڕوانامەیەکی زانستی، یان زانایەک ڕۆشنبیر نییە، بەڵام هەموو ڕۆشنبیرێک زانایە.

ڕۆشنبیر وەک چەمکێک ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتییە، خولیا و هەممی ئەوەیە سنوری شتەکان دیاری بکات، شیکاریان بۆ بکات، لە میانی ئەو دوو پرۆسەیە دەیەوێت بەشدارییەکی کارای هەبێت لە تێپەڕاندنی بەربەست و کۆسپەکانی بەردەم گەیشتن بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی باشتر و مرۆڤ دۆستانەتر، عەقڵانی تر، ڕۆشنبیر نوێنەرایەتی هێز و بزاڤێکی کۆمەڵایەتی وەهایە لە ڕێگەی ئەوەوە دەتوانێت کۆمەڵگە پێشبخات و گەشەی پێبدات، بە پێشخستنی فیکر و گەشەدان بە چەمک و تێگەیشتنە پێویستەکان.

کەسایەتی ڕۆشنبیر لەسەر پێوەر و بەهاکان بنیات دەنرێت نەوەک لە سەر بنەمای ئینتمای سەر بەم یان بەو پارت و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی یان چین و ئاراستەیەکی ئەدەبی و فیکری. ڕۆشنبیر کەسایەتییەکە دوای ئەوەی بەهۆشیارییەوە دەکەوێتە ناو شەپۆلەکانی ژیان، ئیدی هێواش هێواش پێدەگات و دورست دەبێت، بەپێی هەوڵ و ماندوو بوونی ڕۆشنبیرەکە خۆی، ئەمەش لەپاڵ ژینگە و دۆخی خێزانی و کۆمەڵایەتی و قوتابخانە و شەقام و بازنەی کاری ڕۆژانەیدا، فاکتەری بۆماوەیش کاریگەری خۆی لە سەر ئاراستەی ڕۆشنبیر بە باش و بە خراپ بەجێدەهێڵێت، بەڵام بەگشتی کەسایەتی ڕۆشنبیر پەیوەستە بە توانای خودی خۆی لە سەر کاریگەریی و گۆڕانکاری کۆمەڵگە، نەوەک ئینتمای بۆ چین و ئاراستەیەکی ئەدەبی و فیکریی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو، ڕۆشنبیر لە سروشتی ڕەفتارەکانییەوە، هەروەها بە پابەندی بەو بەها و پێوەرانەی باوەڕی پێی هەیە لە سایەیان دەجوڵێت و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی تر ڕێکدەخات، بۆیە بوونی ڕۆشنبیری ناتوانا لە سەر گۆڕانکاری پێموانییە ڕاست بێت، و لەبەردەم ئەو شیکاریی و لێکدانەوەیەی کردمان خۆی ناگرێت، چونکە یەکەم گرنگترین مەرج لە مەرجەکانی ئینتیمای ڕاستەقینە بۆ ڕۆشنبیری ئەوەیە بەو توێشوە مەعریفیی و ڕۆحی و هونەریی و توانای گۆڕانکاری ڕەفتاری کۆمەڵگەیی هەبێت بۆ بەرەو باشتربردن، لە ئەگەری دەستەپاچەیی بەرامبەر ئەو ئامانجە ناتوانێت شوناسی ڕۆشنبیر بوونی وەدەست بێنێت، مرۆڤ تەنها بە بانگەشە و لاف لێدان نابێتە ڕۆشنبیر، ئەو ئینتیما و شوناسە بە کار و کارایی و بەرهەمهێنانی مەعریفە و دەستکەوتی ڕۆشنبیریی و کاریگەری دروستکردن لە سەر کۆمەڵگە دەستدەکەوێت.

ئەمەی باسمان کرد وێنای کەسی ڕۆشنبیرە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی کورت و پوختی ڕۆشنبیر بکەین دەڵێین:

«ڕۆشنبیر کەسێکە بووبێتە خاوەنی زۆرترین و فراوانترین مەعریفە و بەهای باڵا و پێشییەوە پابەند بێت». کەواتە ئەو کەسەیە کە دەشێت ببێت و بکرێت بە پێشەنگ «القدوة« لەناو کۆمەڵگە، هەمیشەش پێشەنگەکان دەتوانن گۆڕانکاری بە ئاراستەی باشتر وەدیبێنن.

**ئەو فاکتەرانەی ڕۆڵیان دەبێت لە هەڵکشان و داکشانی پێگە و کاریگەری ڕۆشنبیر**

چەند تایبەتمەندی و بنەمایەک هەیە بۆئەوەی ڕۆشنبیر بتوانێت بە ڕۆڵی خۆی هەستێت و توانای گۆڕانکاری کۆمەڵگەی هەبێت بۆ بەرەو باشتربردن، دەبێت ئەو بنەما و تایبەتمەندییانەی هەبێت، ئەگینا ناتوانێت کاریگەری هەبێت و دواتر شوناسی ڕۆشنبیر بوون لە دەست دەدات، لەو بنەمایانە:

**١- باوەڕی بە بەها باڵا و مەرجەعیەتی کۆمەڵگەکەی هەبێت:**

یەکێک لە گرنگترین پایەکانی کاریگەربوونی ڕۆشنبیر، توانای گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە پێدەدات، باوەڕبوونییەتی بە بەها کۆمەڵایەتییەکان و مەرجەعییەتی فیکریی و فەرهەنگی کۆمەڵگەکەیەتی، نەوەک هەر بە قسەی ڕووت و ئیدیعا و بۆ ڕاگەیاندن باوەڕبوونی خۆی بسەلمێنێت، بەڵکو دەبێت لە رووی کردەییەوە، لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانیدا پابەند بێت بەو بەها باڵا و مەرجەعییەتەوە، بەپێچەوانە لە ئەگەری پابەندنەبوونی ڕۆشنبیر بە بەها باڵا و مەرجەعیەتی کۆمەڵگەکەی خۆی، یا نەیاربوون و دژایەتیکردنی ئەوە دادەبڕێت لە کۆمەڵگە و دووچاری نامۆیی دەبێت، لەو دۆخەشدا بەخۆی بزانێت یا نەزانێت ئەوە قبوڵکراو نابێت، گوێی لێ ناگیرێت و کاریگەری نامێنێت، ڕۆشنبیری ڕاستەقینە کەسایەتییەکی هۆشیار بنیاتنراوە لەسەر مەعریفە و بایەخدان بە کاروباری کۆمەڵگەکەی، لە بەدواچوونی بەردەوامدایە و ڕازی نییە بە گۆشەگیریی و دابڕان، خەمخۆر و دڵسۆزە و هەڵگری ناسۆریی و ئازارەکانی خەڵکە، نەوەک وەک ئەو کەسەی لە کۆشکی بلورین پاڵی داوەتەوە تەنها سەیر دەکات، یا خەریکی فەلسەفاندن و لێکدانەوەی تیۆری پرس و بابەتەکانە، ڕۆشنبیر کەسێکە بە زمانی خەڵک ئەدوێ و هەڵگری هەمان گرفت و کێشە و خولیا و ئاواتی ئەوانە و هەمان ئەو خەونەی ئەوان دەبینێت، جیاوازی ئەوەیە کاتێک خەڵک بێدەنگ دەبێت ئەم لە جیاتی ئەوان قەسە دەکات و ئەوکاتەی ئەوان دەستەپاچەن و بێدەنگ دەکرێن ئەم لەبری ئەوانیش هاوار دەکات، لەبری ئەوان بەرگری لە پیرۆزیی و شکۆ و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە دەکات، دەی ئەگەر خۆی باوەڕی پێی نەبێت و پێیانەوە پابەند نەبێت چۆن دەبێتە ئەو بەرگریکارە، ئەگەر بەرگریش نەکات چۆن دەتوانێت ڕۆشنبیرێکی کاریگەر بێت.

**٢- کۆمەڵگەیەکی زیندو و کارا:**

ئەستەمە یا زۆر زەحمەتە کۆمەڵگەی خاو و نا توانا ڕۆشنبیری هەڵکەوتوو و داهێنەر و خاوەن توانا بەرهەم بهێنێت، چونکە پاڵنەرەکان لاوازن، ژینگەکە لەبار نییە، هەندێ جار بگرە بەربەست و کۆسپ لە بەردەم دادەنرێت، ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە تەنها کەسانێکی بەناو ڕۆشنبیری بێ ئیشی ناکارای زۆربلێی تێدا هەڵدەکەوێت، کە هەموو خولیا و هەوڵیکیان گەڕانە بەدوای بەرژەوەندی کەسی و گیرفان پڕکردن و خۆ نمایشکردن لە سەر حیسابی داهێنان و گۆڕانکاریی و ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لە چەقبەستوویی و دواکەوتوویی و تەمبەڵی و گەندەڵی، لەو فاکتەرانەی گۆمەڵگە بە زیندوویی دەهێڵنەوە، و دەیکات بە ژینگەیەکی لەبار و دایەنگەیەکی باوەش گەرم بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری کارا و کاریگەر، گەورەیی و بچووکی قەبارەی کۆمەڵگە، هەرچەندە کۆمەڵگە گەورەتر بێت زیندوێتی زیاتر دەبێت؛ ڕێژەی نەخوێندەواری، تا ڕێژەی نەخێندەواری زۆرتر بێت ئەگەری بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری داهێنەر و بە توانا کەمتر دەبێت و بوار و مەیدان کراوەتر دەبێت لەبەردەم هەرکەس بتوانێت دوو قسە بکات و دوو دێڕ بنوسێت، سەربەخۆیی دامەزراوە میدیاییەکان، پیشەیی و ئەکادیمی بوونی دامەزراوە فێرکاریی و زانکۆکان، ئازادیی و سەربەخۆیی خانەکانی چاپ و پەخشکردن لە هەژموونی دەسەڵات و حکومەت، داهاتی مانگانەی تاک، بوونی چالاکی فیکریی و

رۆشنبیری ئازاد و ئاراستەنەكراو لەلایەن لایەنە فەرمییەكانی دەسەڵاتەوە، دانەخراوی كۆمەڵگە بەسەر خۆیدا و كرانەوەی بە سەر كۆمەڵگە و رۆشنبیرییە جیاوازەكاندا.

**٣- توانای رۆشنبیر لە سەر ناسینەوە و جیاكردنەوە:**

جیاكردنەوەی ئامانج لە ئامراز، چەندیەتی لە چۆنییەتی، راست لە راستر، خراپ لە خراپتر، حەقیقەت و سەلمێنراوەكان لەگەڵ بیردۆز و گریمانەكان، پێویستییەكان لە تەواوكارییەكان، گرنگ لە گرنگتر، شتە بنەڕەتی و سەرەكییەكان لە لق و پۆپ و لاوەكییەكان، نەگۆڕ لە گۆڕاوەكان.

بێگومان ئەو توانای جیاكارییە زیرەكیی و كارامەیی و لێزانێن و دووربینی و خوێندنەوەیەكی قوڵی رووداو و واقیع و پێداویستییەكانی كۆمەڵگە دەخوازێت، جگە لە بوونی شارەزایی لە هەندێ لە زانستە فقهیی و یاساییەكان، ئەگەر رۆشنبیر ئەو توانایەی نەبێت، ناتوانێت ئەولەویاتەكان تێبگات و دیاری بكات، ئەركی قۆناغ و خواستەكانی لێ تێكەڵ دەبێت، ئامراز و ئامانجەكانی لێ تێكەڵ دەبێت، ناتوانێت ستراتیژیەتی كاری رۆشنبیری خۆی دیاری بكات، دواجار لە بریتی ئەوەی بینا بكات دوور نییە ئەوەی خەڵكی تریش بنیاتی ناوە هەڵیبوەشێنێتەوە، یا ببێتە فاكتەری هاڵوەشانەوەی.

**٤- خود پێگەیاندن و فێركردن:**

ئەوەی رۆشنبیر بە چالاكی دەهێڵێتەوە و دەتوانێت بەردەوام بێت لە داهێنان و بەجێگەیاندنی ئەركی رۆشنبیری خۆیی و كاریگەری دورستكردنی لەسەر كۆمەڵگە، بەردەوامبوونە لە فێربوون و زیادتركردنی مەعریفە و شارەزاییە، كاركردنە لەسەر پێگەیاندنی خۆی، گەڕان و بە دواچوونیەتی سەبارەت بە واقیعی كۆمەڵگە و دەوڵەمەندكردنی خۆیەتی بە زیادكردنی مەعریفە، دروستكردنی پرسیارە سەبارەت بە هەرشتێك، پرسیار و سەرەتاتكێ _فضول- بناغەی وەدەستهێنانی مەعریفەیە، دەبێت لای رۆشنبیر هەستی پێویستی بە قاڵبوون و پێگەیشتن و كۆكردنەوەی ئەزموون بەردەوام بێت، ئەو هەستە دەبێتە پاڵنەر بۆ توێژینەوەی زیاتر و گەڕان بە دوای دەسكەوتنی ئەزموون و دانایی و پەند و وانە لای ئەوانی تر و لەناو لاپەڕەكانی مێژوو، بەردەوام بێت لە گەڕان بە دوای راستیدا و پێشبڕكێ بكات لە زوو گەیشتن بەو راستییە.

**٥- بوونی بیركردنەوەیەكی هۆشیارانە:**

مرۆڤەكان هەموویان بیردەكەنەوە، ئەمە راستییەكە نكوڵی لێناكرێت، بەڵام چۆن بیردەكەنەوە؟ لەچی بیردەكەنەوە؟ بۆچی بیردەكەنەوە؟ ئەمە گرنگە، بیركردنەوە دەبێت هۆشیاری لەگەڵ بێت، یا بە هۆشیارییەوە بێت، بۆیە رۆشنبیر پێویستی بە بنیاتنانی هۆشیارییەكی تەواو و تەندروست و واقیعی هەیە تا بتوانێت بە دروستی بیربكاتەوە و بەشداری بكات لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ كێشە و گرفتەكان، بتوانێت شیكارییەكی عەقڵانی دروست دوور لە بەستنەوەی رووداو و دیاردەكان بە فاكتەری ئەفسانەیی و خورافی نا دورست و خەون و خەیاڵ، یا تیۆری پیلانگێریی و دروستكردنی دوژمنی وەهمی.

پێكەوە بەستنەوەی زانیارییەكان و رووداوەكان بەیەكترییەوە بەشێوەیەكی رێك و پێك و دانانیان لە سیاقی مێژوویی خۆیاندا، نەوەك هەر كۆكرنەوەی زانیاری پەرش و بڵاو و بێ دەرنجام، هەروەها شیكاركردنی بزاڤ و حەرەكەتی كۆمەڵگە، گوێگرتن لە بۆچوونە جیاوازەكان و بیرلێكردنەوەیان و ئامادەیی بۆ وەرگرتنی بۆچوونە راست و دروستەكان، دیاریكردنی ئامانج بۆ هەر خوێندنەوەیەك، هەر هەنگاوێك دەینێت، تا لەكۆتاییدا بگاتە دەرەنجامی دروست و بەرهەمهێنانی مەعریفەیەك كە لای خەڵك وەرگیر بێت و دڵنیاییان بۆ بەدی بهێنێت،



**ڕۆشنبیر دەبێت هەمیشە لە بەرەی ڕاستی و حەقیقەتدا بێت، بەرگریکارێکی سەرسەخت بێت لە ڕەسەنایەتی و فەرهەنگ و مەرجەعیەت و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە.**

**٦- ئاگاداریی و سەروەتێکی مەعریفی و زانستی فراوان:**

ڕۆشنبیر نابێت لە خوێندنەوە و گەڕان و بە دواداچوونی زانستی و مەعریفی ماندوو ببێت، نابێت بەوە وازبهێنێت دیاردەکان و ڕووداوەکان بناسێت و بزانێت، دەبێت قوڵ بێتەوە بۆ ناخی ڕووداوەکان و جەوهەری دیاردەکان، چۆن مامەڵەیان بکات و کارلێکیان لەگەڵ دروست بکات، لە بنەڕەت و هۆکارەکانیان بکۆڵێتەوە، تەنها گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکانی چی ڕوویدا؟ چۆن ڕوویدا؟ دڵخۆشی نەکات، بەڵکو لە وەڵامی چۆن ڕوویدا؟ بۆ ڕوویدا؟ بکۆڵێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی لەگەڵ پسپۆڕ و شارەزایان دورست بکات و کەڵکیان لێوەربگرێت، نوسینەکانیان بخوێنێتەوە، پرسیاریان لێ بکات، گفتوگۆیان لەگەڵ ئەنجامبدات، لەبەرئەوەی مەترسیدار و هەستیارترین چەکی ململانێ و ڕکابەری ژیاریی و فیکریی لە ئەمڕۆدا زانیارییە «معلومە«، هەرچەندە زانیاریت زیاتر و ڕاستتر بێت و جۆراجۆرتر بێت و لە بواری فراوانتر بێت ئەوەندە بەهێزتر و باڵادەستتر دەبیت لە بەرامبەرەکانت، بۆیە پێویستە ڕۆشنبیر بەردەوام سەرچاوەی زانیارییەکانی نوێ بکاتەوە و جۆراوجۆری بکات، بە چەند سەرچاوەیەکی دیار قەناعەت بەخۆی نەهێنێت، ئامادەیی و بەشداری بەردەوامی هەبێت لە کۆنفرانس و کۆنگرە و دیدارە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان، کە ڕۆشنبیرە دیارەکانی تێدا کۆدەبێتەوە، خوێندنەوە و بەدواچوونی هەبێت بۆ ئەو بابەت و نوسینانەی لە گۆڤار و بڵاوکراوەکان بەتایبەت پسپۆڕییەکان بڵاو دەکرێنەوە.

**ئەرکی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگە:**

سەرەتا دەمەوێت جەخت بکەمەوە لەوەی مرۆڤ یا ڕۆشنبیرە، یان ڕۆشنبیر نییە، چونکە نیوە ڕۆشنبیر و فەریکە ڕۆشنبیر لە ئارادا نییە، هەروەها شتێکمان نییە بەناوی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە و درۆینە، یان پوچەڵ، کەواتە مرۆڤ یان ڕۆشنبیرە یان ڕۆشنبیر نییە، ڕۆشنبیریش بەوپێیەی ڕۆشنبیرە و کەسێکی «زیرەک، بیر تیژ، چالاک، وریا، زانا، بەتوانا لەسەر ڕاستکردنەوەی چەوتییەکان» هەروەها بەپێی ئەو خولیا و ئەرک و کارانەی چاوەڕێی دەکەن دەبێت کەسێکی کارا و لێهاتوو بێت و لەهەمانکاتیشدا لەگەڵ ڕوداوەکان کارلێکی هەبێت، چونکە بەپێی ئەوەی ڕۆشنبیر بەشێکە لە جوڵەی مێژوو و جوڵەی کۆمەڵگە، وەک بە ڕووداوە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژانە کاریگەر دەبێت کاریشیان تێدەکات. ئەو ڕۆشنبیرە کە لە ڕێگەی توێژینەوە و خوێندنەوەی بەردەوام، گەڕان و تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵک و شەقام، بەدواچوونی بۆ ڕووداوەکان مەعریفە و ئاگادارییەکی زۆری کەڵەکە کردووە، لە بزاڤی ڕۆژانەی ژیانی لەناو کۆمەڵگەدا هەمیشە هەوڵدەدات پرسیاری زیاتر سەبارەت بە واقیعی کۆمەڵگەکەیی و هەنگاوی بەرەو باشترچوون دروست بکات و بوروژێنێت. ڕۆشنبیر وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد دەبێت لە خەمی پەرەدان بێت بەو هۆشیارییەی خۆی کە توانای جیاکردنەوەی پێدەبەخشێت، جیاکردنەوەی درۆ لە ڕاستیی، دەمامک لە دەموچاوی ڕاستەقینە، وشە و ڕەفتاری ساختە لە وشەی ڕاستگۆ و ڕەفتاری دڵسۆزانە.



**بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی ئێستای کورد یا پاشکۆی گوتاری بێگانەن، یا پاشکۆ و تەواوکەری گوتاری دەسەڵاتە سیاسییە گەندەڵ و پوچەڵ و بێ بەرهەمەکەی خۆمانن.**

سازکردنی زەمییە و نەخشەدانان و دیاریکردنی هێڵە گشتییەکانی گۆڕینی کۆمەڵگە لە خراپەوە بۆ باش، لە باشەوە بۆ باشتر، کاری ڕۆشنبیرە، هەرگیز خشتەی کار و ڕەچەتەیەکی حازربەدەست و ئامادەش بۆ گۆڕان و دەسکاریکردنی دونیا کۆمەڵگەکان بوونی نەبووە و بوونیشی نابێت، هەرکەسێکیش بیەوێت ئەو خشتەی کارە ستانداردە بنووسێت، دەبێت دڵنیابێت لەوەی ئەو خشتەی کارە هەڵەیە و زۆرجاریش ترسناکە و زەرەری گەورەی بە دواوە دەبێت، مێژوو بە ڕەچەتە ناگۆڕێت، بەڵکو بەکاری بەردەوام و قورس و درێژخایەن و ئامادەیی بۆ قوربانیدان دەگۆڕێت، ئەوەی گرنگە ئازایەتی و کۆڵەندان و ڕاستیی وتن و لەگەڵ ڕاستی بوون و خۆنەدۆڕاندن و پشت نەکردنە لە فەرهەنگ و ڕەسەنایەتی و مەرجەعیەتی کۆمەڵگە.

ئەرکی سەرەکیی ڕۆشنبیر و ناڕۆشنبیر ئەوەیە ئەگەر لەبەر هەر فاکتەرێکی خودیی و بابەتی نەیانتوانی ببن بە ئامراز و مەشخەڵی گۆڕانکاری کۆمەڵگە بۆ بەرەو باشتر، ئەوا هەرگیز نابێت ببن بە بەشێک لەو دونیا و شێوە ژیانە ناشیرینەی کە دەبێت بگۆڕدرێت.

خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە ئەوەیە مرۆڤ توانای جیاکردنەوەی هەڵە لە ڕاستیی و شیاو لە نەشیاو و باش لە خراپ، لەدەستنەدات

ڕۆشنبیر ویژدان و چاوی کۆمەڵگەیە، ئەو شتانە دەبینێت کە کۆمەڵگە و خەڵکە گشتییەکە نایانبینێت، دەبێت ئەو بیبینێت و بۆیانی باس بکات، ویناکەی بخاتە بەردەستیان، کۆمەڵگەی لێ ئاگادار بکاتەوە، ڕۆشنبیر نابێت هەر ڕەخنەش بگرێت و دزێوییەکان دیاری بکات و پەردە لەسەر چەوتی و گەندەڵییەکان هەڵداتەوە، بەڵکو دەبێت لەگەڵ ڕەخنەگرتن کاری جددی بکات لەسەر هەقیقەت و ڕاستییە شاراوەکان و نیشانی کۆمەڵگەی بدات، تێبکۆشێت لەپێناو بڵاوکردنەوەی بەها باڵا و ئاکارە بەرزەکان و جێگیرکردنیان لەناو کۆمەڵگە، یارمەتیدەرێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی بێت بۆ هەر تێگەیشتنی زیاتر و باشترە لە بارودۆخی ژیانی کۆمەلایەتی، ئەخلاقی، فەرهەنگی، سیاسیی و کلتووری کۆمەڵگەکەی.

کاتێک ڕۆشنبیر بەدوای ڕاستی و حەقیقەتی شتەکانەوە بوو و توانی مەعریفە بەرهەم بهێنێت، بوو بە ویژدان و چاوی کۆمەڵگەکەی، ئەوە کارێکی ئەخلاقی دەکات و ڕۆڵی خۆی وەک ڕۆشنبیر ئەدا کردووە، نەوەک هەرکاتێک ئەو ڕۆڵ بینینە لە بەرژەوەندی نەبوو بە زیانی تەواو دەبوو دەست هەڵگرێت لە گووتنی ڕاستییەکان یان ئەگەر یەکێکی تر گووتی ئەو قبوڵی نەکات، ڕۆشنبیر دەبێت لەپێناو گەیاندنی ڕاستیدا نەسڵەمێتەوە لە وتن و جاڕدانی ئەوەی کە بە بەرژەوەندی باڵای کۆمەڵگە دەشکێتەوە و دەبێتە هۆکاری گۆڕان بەرەو باشتر چوون، نابێت ڕۆشنبیر هیچ کاتێک و لە ژێر هیچ بارودۆخ و بە هەر پاساوێک بکەوێتە بەرەی دەسەڵاتدارە گەندەڵ و نەیار بە فەرهەنگ و دابی کۆمەڵگەکەی، نابێت ببێتە بەرگریکار و قەڵغان و بەرگری لە ڕەفتارەکانیان بکات، ڕۆشنبیر دەبێت هەمیشە لە بەرەی ڕاستی و حەقیقەتدا بێت، بەرگریکارێکی سەرسەخت بێت لە ڕەسەنایەتی و فەرهەنگ و مەرجەعیەت و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە،

بێ گوێدانە هیچ جۆرێک لە سزا و هیچ گوشارێکی سیاسی، ئابووریی و کۆمەڵایەتی، ئامادەی هەموو جۆرە قوربانیدانێک بێت، ئەمەی کە لەو چەند دێرەی سەرەوە گووتمان لە ئەرکی رۆشنبیر لە خوارەوە بە چەند خاڵێک پۆلێنیان دەکەین .

**یەکەم، پارێزەری بەهابالاکان و کلتوور و مەرجەعیەتی کۆمەڵگە:**

هەرچەند دیدگا و تێگەیشتنی رۆشنبیر بازنەی فراوان بێت و کراوە بێت بۆ تێگەیشتن لە رووداوەکان و لێکدانەوەیان و رۆشنکردنەوەی رێگە لە بەردەم کۆمەڵگەکەی، نابێت دەرچێت، یا خود دوورکەوێتەوە لەو مەرجەعیەت و پێوەر و بەهابالایانەی کۆمەڵگەکەی پێوەی پابەندە، رۆیشتن و فریاکەوتنی رۆشنبیر لەگەڵ رەوت و رەورەوەی پێشکەوتنە سەردەمییەکان نابێت بکرێت بە پاساوی فەرامۆشکردنی ئەو مەرجەعیەت و پێوەر و بەها بالایانە، هەمیشە رۆشنبیر دەبێت رەسەنایەتی لە مەرجەعیەت و بەها بالاکان لەگەڵ ئامراز و میکانزمە سەردەمییەکان لێکبدات و بیکات بە قەڵغانی پاراستنی کۆمەڵگە و راستکردنەوەی لارییەکان و پاراستنی میراتی شارستانییەت و ژیاری کۆمەڵگەکەی خۆی بەشێوازێکی عەقلانی و رێکخراو. لەم لێکدان و تێکەڵکردنە نابێت رۆشنبیر بکەوێتە هەڵەی ململانێ لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگەکەی، بەپێچەوانەوە دەبێت هەمیشە پارێزەریان بێت، ئەم پارێزەرییە کرۆک و جەوهەری ئەرکی رۆشنبیرە، رۆشنبیرە گەورەکانی کورد لە وێنەی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد و مەلای گەورە و شێخی خاڵ و...هتد، ئەگەرچی رەخنەگری گەورە و بەتوانا بوون لە کەم و کورتی و دیاردە دزێو و نادورستە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆیان، بەلام هەرگیز لە مەرجەعیەت و بەهابالاکانی کۆمەڵگەی کوردیان لانەداوە و فەرامۆشیان نەکردووە، بەمە توانیویانە پێگەی خۆیان قایم بکەن و ببوونەتە مەشخەڵ و رێگەی بەرەوباشتر چوون و خەباتیان بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری رووناک کردۆتەوە.

**دووەم، پاراستنی شوناسی کۆمەڵگە ئەرکی لە پێشینەی رۆشنبیرە:**

دەبێت دلسۆزیی و لێبڕان بۆ شوناسی فەرهەنگیی و ژیاریی و ئایین و نەریتی رەسەنی کۆمەڵگە خەسڵەتی نەگۆڕی رۆشنبیر بێت، ئینجا و پارێزگاری لەو شوناسە ئەرکی لە پێشینەی رۆشنبیرە، دەبێت ئامادە بێت بەرگری لێ بکات و ئامادەی هەموو قوربانیدانێک بێت لەو پێناوە، ململانێی بەردەوامی مرۆڤ لەسەر هێشتنەوەی شوناس و قوربانیدانی لەم پێناوە ئاماژەی راستگۆیی و دڵسۆزیەتی، بەتایبەتی لەم سەردەمی بەجیهانیبوون و داڕوخانی سنورەکان لە بەردەم هێرشی فەرهەنگ و کلتوورە زاڵ و بالادەستەکان، بەهۆی پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاریی و خێرایی و فراوانبوونی دەزگاکانی راگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، مەترسی زیاتر رووبەڕوی دەکاتە هەڵوەشانەوە و بنکۆڵکردنی شوناسەکان، لێرەوە ئەرک و رۆڵی رۆشنبیر هەستیار تر و قورس تر دەبێت، بەتایبەتی زۆر کات دەسەلات و ناوەندە فەرمییەکان و هێزە سیاسییەکان لە بەر هەندێک بەرژەوەندی و دەستکەوتی سیاسی کاتی، یا لەبەر بوونی هەندێ بەڵێننامە و پەیمان نامە جیهانییەکاین ناچار دەبن یا ناچار دەکرێن، دەست شل کەن و چاوداخەن لە ئاست ئەو هێرشە فەرهەنگییانەدا، ئیدی تەنها رۆشنبیر دەمێنێتەوە وەک پارێزەر و قەڵغان لە بەردەم ئەو هێرشە فەرهەنگییانە.

**سێیەم، پایەدارکردنی دادوەری کۆمەڵایەتی:**

ئەگەر دەسەلاتی سیاسی بەرپرسە لە تەحقیق کردنی دادگەری کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا، ئەوا یەکەم و گرنگترین ئەرکی رۆشنبیر بریتییە لە خستنە روو و پەردەلادانە لەسەر ئاستی ئەو جێبەجێکردن و تەحقیق کردنەی دادگەری کۆمەلایەتییە لەلایەن دەستەلاتی سیاسی، گوزارشتکردن لە هەڵوێستی تاکەکانی کۆمەڵگە بە قبوڵکردن و رەتکردنەوەی ئەو دادگەرییە، واتە رۆشنبیر چاودێرێکی هۆشیار و چاوکراوە و دڵسۆز دەبێت بەسەر بەرژەوەندی

گشتی و ڕێگەگرتن لەسەر دەست بۆ بردن و زیان پێگەیاندن بەو بەرژەوەندییە گشتییە لەلایەن بەرپرسان و نوێنەرانی دەسەڵاتی سیاسی.

لەکاتی تەحقیق کردنی دادگەری کۆمەڵایەتی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی کەناڵە فەرمییە جۆراوجۆرەکانییەوە و خۆشحاڵی جەماوەر بەم دادگەرییە و قبوڵکردنیان بۆی ڕۆشنبیر لەوکاتە دەتوانێت ئەو دۆخە زەقبکاتەوە و زیاتر پیشانی بدات بۆ خەڵک بە گشتی و لە میانەشیدا ڕەهەندەکانی دادگەری کۆمەڵایەتی بناسێنێت بە جەماوەر، ئەمە گرنگترین و پیرۆزترین ئەرکی ڕۆشنبیرە کە پێویست دەکات ڕۆشنبیر ئاگادار و هەڵگری پێوەر و بەها باڵاکانی کۆمەڵگەکەی بێت، تا دیدگای ڕۆشنتر و فراوانتر بێت و باشتر بتوانێت ڕێگە لەبەردەم جەماوەری کۆمەڵگەکەی ڕووناک بکاتەوە و هۆشیاریان پێ بدات و لەم ئەرکەشی لە سنوری پێوەر و بەهاکانی کۆمەڵگەکەی دەرنەچێت.

لەوکاتەش دەسەڵاتی سیاسی سنورەکان دەبەزێنێت و پێشێلکاری ڕوودەدات و ستەم دەکرێت و دادگەری کۆمەڵایەتی دوادەکەوێت و تەحقیق نابێت لەوکاتەدا ڕۆشنبیر دەبێت هەڵوێستی دژ و بەرهەڵستی وەرگرێت و ڕەفتارە ستەمکارییەکانی دەسەڵاتی سیاسی ڕەتبکاتەوە و سەرکۆنەی بکات و جەماوەری لێ ئاگادار بکاتەوە، داوای سەروەری یاسا و یەکسانی و دادگەریی و گێرانەوەی ماف بۆ مافخوراوان لە دەسەڵاتی سیاسی بکات، ئەم ئەرکە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا وەک یەکە و ئەرکێکە هیچ پەیوەستبوونێکی بە حکومەت و دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە نییە، بەڵکو ئەرک و بەرپرسیارێتییەک ڕۆشنبیران خۆیان پێی هەستاون و هەڵدەستن، وەک چەندین ڕۆشنبیری گەورە لە وێنەی ئەفغانی و کەواکبی و محەمەد عەبدە، لای گەلی کوردیش وەک حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد و ئەمین زەکی بەگ و مەلای گەورەی کۆیە و ڕۆشنبیرە گەورەکانی تری گەلەکەمان.

**چوارەم، ڕۆشنبیر دەبێت هەمیشە واقیعی کۆمەڵگەکەی بخاتە ژێر پرسیار:**

ڕاستە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی سیاسی مەرجی ڕۆشنبیر بوون نییە، هەروەها پێویستیش نییە ڕۆشنبیر بەدرێژایی ڕێگە و هەمیشە پاڵپشتی بەرەی ئۆپۆزسیۆن و نەیارانی دەسەڵات بێت، ناشبێت ڕۆشنبیر لە ناڕوونی دیدگای خۆیەوە شتەکانی لێ تێکەڵ ببێت و تێکیان بشێلێت و دەست بکات بە گشتاندنی و هەڵبەستنی تۆمەت بۆ هەموو لایەک، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە هیچ کات کۆمەڵگە ناگاتە ترۆپک و دۆخێکی نمونەیی و ئەو کۆمەڵگە خەیاڵی و خۆشگوزەران و بێ کێشەیەی فەیلەسوفە خەیاڵ پڵاوەکان وەک «المدینة الفاضلة« باسیان لێوەکردووە نایەتەدی، تا ئیتر بڵێین لەو بابە ڕۆشنبیر بێ ئەرک دەکەوێت، بەڵکو هەمیشە دۆخێکی باشتر بە دیدەکرێت لەوەی ئێستا کۆمەڵگە پێیدا تێدەپەڕێت، هەمیشە سەرەتای ڕێگەی گەیشتن بە باشتر و چاکتر پرسیار دورستکردنە لەسەر ئێستا، ئەنجا خولقاندنی ژینگەی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی دید و بۆچوونەکانە سەبارەت بەو پرسیارانەی دروست دەکرێن و خوێندنەوە و لێکدانەوەی هەموو تێڕوانینەکانە، ئەمەش ئەرکی ڕۆشنبیرەکانە ئەنجامی بدەن.

**شەشەم، ڕەخنەگرتن:**

لەڕووی مەبدەئییەوە ڕەخنەگرتن خۆی ئەرکێکی سەرەکی و پایەیەکی بنەڕەتی پێشکەوتن و پەرسەندنی هەر کارێکە، ڕۆشنبیری یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی... بێت، ڕەخنەگرتن و دیاریکردنی لاریی و چەوتییەکان کاری بنەڕەتی ڕۆشنبیرە، ئەشێت سیاسییەکان و دەستەبژێری سیاسی ئەگەر لەبەرەی ئۆپۆزسیۆنیش بێت، هەندێک جار بە هەر پاساوێک بێت و بۆ پاراستنی هاوسەنگی سیاسی و هەندێ بەرژەوەندی کاتی

چاوپۆشی لە هەندێ کەموکوڕی بکات، بەڵام ئەوە هەرگیز بۆ رۆشنبیر دورست نییە و رەوا نییە بێدەنگی هەڵبژێرێت لەژێر هەر بارودۆخێکدا بێت، رۆشنبیر دەبێت رەخنەگربێت لەو نەنگییانەی کە دەبێتە مایە لەقبوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و نادادیی و نایەکسانی، بەڵام دەبێت لە قسەکردن رەها نەبێت و تەڕ و وشک بەیەکەوە بسوتێنێت، دەبێت کاتێک رۆشنبیر رەخنە دەگرێت ئاگاداری ئەوەشبێت چۆن رەخنە دەگرێت، کام گۆشە و کام رووبەرەی کۆمەڵگە و کام دیاردە دەبێت بخرێتە بەردەم نەشتەری رەخنەگرتنەوە، حیسابی ورد بۆ بارودۆخ و سرووشتی رووداوەکان و ئەو قۆناغەی پێیدا تێدەپەرێت بکات، تا بە دروستی ریزبەندیی و ئەولەویەت دیاری بکات، تا پرۆسەی رەخنەگرتنەکەی ئەرێنی دەرچێت بە ئاراستەی بنیاتنان و راستکردنەوە و نوێکردنەوە و پەرەپێدان و گەشەپێدانی کۆمەڵگە تەواو بێت، رۆشنبیر نەک هەر دەبێت خۆی رەخنەگر بێت، رەخنە بگرێت، بەڵکو دەبێت هەوڵبدات هەست و سەلیقەی رەخنەگرتن لای جەماوەری گشتیش پەروەردە بکات، تا ئەگەر ئەو جەماوەرە بە کرداریش رەخنە نەگرێت بتوانێت کارلێک و تەفاعولی ئەرێنی لەگەڵ رەخنەگرتن و پرۆسەی نوێبونەوە و پێشکەوتن هەبێت.

هەرچەند بوقی میدیا و دەزگاکانی راگەیاندنی دەسەڵاتی سیاسی ملهوڕ و دیکتاتۆر، یا گرووپ و کەناڵ و لایەنی تری دەستبڕ و خەڵەتێنەر، هێزە نەیارەکان بە کۆمەڵگە لەژێر پەردەی تاریکی و بێئاگایی خەڵک و بە شێوازی جۆراوجۆر بیانەوێت بەردەوامبن و پیلانەکانی خۆیان بەرنە پێش، بێگومان رۆشنبیر و گوتاری رۆشنبیران لە توانایدا هەیە پەردەیان لەسەر هەرماڵێت و لە بەرچاوی جەماوەر رووتیان بکاتەوە و دەغەڵی و گەندەڵی و بۆگەنی و پوچەڵیان بۆ جەماوەر ئاشکرا بکات، ئایا گوتار و فیکر و دیدگاکانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئەبو حەنیفە لە بێدارکردنەوەی جەماوەر لە بەرامبەر دەسەڵاتی ستەمکارییانەی خەلیفەکان سەرکەوتوو نەبوو، ئایا دواجار هاوارەکانی حاجی قادری کۆیی و ها بۆچوونەکانی نەبوون بە دەستەچیلەی شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریی و شێخ سەعیدی پیران، ئایا هیزر و بیرکردنەوە کردەیی و مرۆڤدۆستانەکانی پێغەمبەران و بیرمەند و رۆشنبیرە گەورەکان بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی نەبۆتە رۆشنایی بەردەوام و رێگەی بۆ کۆمەڵگەکان رووناک کردۆتەوە، بۆیە هەرگیز نابێت گوتاری رۆشنبیریی و رۆڵی رۆشنبیران نا دیدە بگیرێت.

بۆچی رۆشنبیری کورد کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە لاوازە؟

دەتوانم بڵێم ئێستا ئێمە رۆشنبیرێکی وامان نییە لەسەر ئاستی کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن جیهانبینی و دین و فەرهەنگ و خاوەن پرسگەلێکی رەوا و دیاریکراو بیربکاتەوە و کار بکات و بنوسێت، ئەوەش کە هەیە یان رۆشنبیرێکی حیزبییە، یاخود ئایدیۆلۆژیە، یان کەرەستە و توێشوی رۆشنبیربوونی پێ نییە، بە زۆر کراوە، یا خۆی کردووە بە رۆشنبیر، بەڵێ توێژەرمان هەیە، خەڵکی خوێندەوار و پسپۆڕ و شارەزامان هەیە، ئەدیب و شاعیر و چیرۆکنووس و تەنانەت دەکرێت بڵێین زانای باشیشمان لە بوارە جۆراوجۆرەکان هەیە، بەڵام رۆشنبیر وەک لە پێناسە و شیکردنەوەی چەمکەکە بۆمان روونبووەوە کە رۆشنبیر لە هەموویان جیاوازە، ئەگەر دەستمان سوک بکەین شلگیری لە پێدانی پێناسی رۆشنبیر بکەین بە هەندێک لە خوێندەوار و نوسەر و چالاکوانی مەیدانی رۆشنبیری،

لەسەر مەزهەبی ڕۆشنبیر و کۆلکە ڕۆشنبیر، ئەوا ئەوانیش قسەی ترمان لەسەریان هەیە، ئەو چینە ڕۆشنبیرەی ئێستای کورد، گوتاری کوردانەی خۆیان نییە، بەڵکو لەژێر کاریگەری ڕوانگە و لەناو بازنەی گوتاری زاڵی ناڕاستەوخۆی دراوسێکانمان، بیر دەکەنەوە، واتە هەمان تێڕوانین و خوێندنەوەی ئەو دراوسێیانەیە و وەریگرتووە و دووبارە بۆ ئێمە بەرهەمی دەهێنێتەوە، نەک وەک خۆی لە سایەی واقیعی خۆی و بەمەبستی گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆی و بۆ چارەسەری کێشە و ئاریشەکانی و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەی کوردەواری بەرهەمی هێنابێت.

هەمیشە لە ناوەڕۆکی گوتاری ڕۆشنبیری ئێستای کورد سایەی پلان و ئامانجەکانی دراوسێکان، یا تەنانەت هێز و فەرهەنگی تری دوورتر بەدی دەکرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی ئێستای کورد یا پاشکۆی گوتاری بێگانەن، یا پاشکۆ و تەواوکەری گوتاری دەسەڵاتە سیاسییە گەندەڵ و پوچەڵ و بێ بەرهەمەکەی خۆمانن، کاتێک ئەمە دۆخی گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیرانی کورد بێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ڕۆشنبیریی کوردی و ئەو ڕۆشنبیرانەی دەستمان شلکرد لە پێدانی شوناسی ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی بنەڕەتی، هەنگاوێکی داڕێژراویان بۆ توێژینەوەی ستراتیژیی و بونیادی تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی خۆیان نەناوە، هەر ئەمەش نهێنی بێمتمانەیی کۆمەڵگەیە بەرامبەر لێدوان و دەرهاویشتەی هزر و ئەو مەعریفەیەی گوایە بەرهەمی دەهێنن، بەهیچ جۆرێک ئەو چینە لە ڕۆشنبیر نەیانتوانیوە نەک هەر پارێزگاری لە ڕەسەنایەتی و شوناس و بەهابالاکانی کوردەواری بکەن، بەڵکو نەیانتوانیوە بشیدۆزنەوە، هەربۆیە خۆیان کەوتوونەتە بەرەی نەیارانی ئەو ڕەسەنایەتییە.

ئەمە پوختەی فاکتەرەکانی پشتی ناکارایی و لاوازی ڕۆڵی ڕۆشنبیری کوردە لەناو کۆمەڵگەدا، ئەگەریش هەر بمانەوێت خاڵبەندییەک بۆ هەندێک لەو هۆکار و فاکتەرانە بکەین دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتی بکەینەوە:

یەکەم: وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، لەسەر ئاستی نەتەوەیی ڕۆشنبیرمان نییە، مەگەر دوای دەستتشلکردن لە پێدانی شوناسی ڕۆشنبیری بە هەندێک نوسەر و چالاکوانی گۆڕەپانی ڕۆشنبیری هەندێک دەستکەوێت، ئەوانیش دوو بەشن، بەشێکیان ئەکرێت دان بەوەدا بنێین کە خوێندەواری باشن و سەروەت و سامانێکی مەعریفیی و زانستی تیۆری باشیان بەدەستهێناوە، بەڵام بەهۆی دابڕانیان لەو دین و مەرجەعیەت و بەهابالایانەی کۆمەڵگەی کوردەواری باوەڕی پێیەتی و پێوەی پابەندە کاریگەرییان زۆر سنوردارە. بەشی دووەم، پێموابێت ئەوانیش بەهۆی لاوازی خودی خۆیان، لەڕووی خوێندەواری، ئاستی مەعریفیی و زانستی، پشتبەستن بە عاتیفە و لاوازی عەقڵانییەت و لۆجیک لە گوتاریاندا.

دووەم، سنورداری بازنەی ئازادییەکان، هەندێکی بەهۆی دەسەڵاتی سیاسی، هەندێکی بە هۆی نەریتی کۆمەڵایەتی و بۆماوەیی، بەداخەوە کۆمەڵگەی کوردی جیاواز لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی تر لەمیانی مێژوویەکی دوورودرێژی ژیان لەژێر چەپۆکی داگیرکاران و فەرمانڕەوایی ڕژێمە داپڵۆسێنەر و ستەمکارەکانەوە لەلایەک، هەندێک نەریت و ئاکاری نەزۆک و کۆتوبەندکەری ئازادی بیرکردنەوە و ئازادی دەربڕین لەلایەکی ترەوە، ڕۆشنبیر نەک هەر نەیتوانیوە ڕۆڵی کاریگەر ببینێت، بەڵکو نەتوانراوە ئەو ڕۆشنبیرە کاریگەرە هەر دورست ببێت و پێ بگات، بۆ نمونە بایەخدانی

زۆر بە تەمەن و ڕیش سپیەتی، لە بەرامبەردا فەرامۆشکردنی یەکجاری لێهاتوویی و زیرەکی، کە ئەمە لە عورفی کوردەواریی و زۆرێک لە کۆمەڵگا عەشایرییەکانی تریشە، ئەم نەریتە کاتێک دەچێتە ناو هەموو کایەکانی ژیان و دەبێتە پێوەرێکی نەگۆڕ، بۆ خۆی دەبێت بەربەست و لەمپەر لە بەردەم ڕۆڵ بینینی پێویستی کەسە بە توانا و گەنج و کەم تەمەنەکان، دواجار درەنگکەوتن لە پێگەیشتنیان و کامڵبوونیان.

سێیەم، ئەو خوێندەوارانەی کار لەکایەی ڕۆشنبیریدا دەکەن، چالاکی ڕۆشنبیرییان هەیە زۆربەیان سەرقاڵکراون بەیەکترییەوە، لەبەر خاتری حیزب و بەرگری لە هەڵوێست و ئایدیۆلۆژیای حیزب، یا بە ئامانجی بەرژەوەندی کەسی و دەستکەوتنی پلەوپایە خەریکی ڕەخنەگرتنن لە یەکتری، شکاندن و سوکایەتیکردن بەکەسایەتی یەکتر، ئەوەندەی خەریکن بە قسەکردن لەسەر کەسایەتییەکان و هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لێیان چارەکی ئەوە خەریک نابن بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بابەت و بۆچوونەکان، تێز و تیۆرە فیکریی و کۆمەڵایەتییەکان.

چوارەم: کەمی وەرگری بەرهەمی هزریی و ڕۆشنبیری ڕۆشنبیران، کەمی داهاتی مانگانەی هاوڵاتی و لاوازی باری دارایی کاریگەرییەکی نەرێنی زۆری هەیە لەسەر بێتوانایی لە پەخش و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڕۆشنبیرییەکان، کاتێکیش ئەمە دۆخی ڕۆشنبیر بێت ئیدی پاڵنەرەکان بۆ بوونی بەرهەمی ڕۆشنبیری لاواز دەبێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر داهاتی تاک بەرز بێت، کێشەی دارایی نەبێت ئەوا ڕووکردنە بەرهەمە فیکریی و ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان بە گشتی زۆرتر دەبێت، بزاڤی ڕۆشنبیری چالاکتر و گەرموگوڕتر دەبێت، دواجار پێگە و ڕۆڵی ڕۆشنبیر دیارتر دەبێت و دەتوانێت کاریگەری زیاتری هەبێت لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و گۆڕانی بەرەو باشتر.

پێنجەم: کەمی کۆڕ و سیمینار و بازنەکانی توێژینەوە و تاقیگەی زانستی و خول و کۆنفرانسی ڕۆشنبیری هەموو ئەمانە کاریگەری نەرێنی لەسەر زیندوێتی و گەرموگوڕی بازاڕی ڕۆشنبیری دروست دەکەن، بەمەش ڕۆشنبیر لە چالاکییە ڕۆشەنبیرییەکانی سست و خاو دەبێتەوە و دواجار کاریگەری نامێنێت لەسەر کۆمەڵگە، یاخود کەم دەبێتەوە.

شەشەم: لە هەموو فاکتەرەکان کاریگەرتر دابڕانی ڕۆشنبیرە لە کۆمەڵگەکەی، بە فەرامۆشکردن و دوورکەوتنەوەی لە کلتوور و ئایین و مەرجەعیەتی فیکری ئەم کۆمەڵگەیە، کە ئەمڕۆ بەشێکی زۆری ئەوانەی بە ڕۆشنبیر دادەنرێن کەوتونەتە ئەو هەڵەوە، لێرە لە کوردستان دادەنیشێت و ئاووهەوای ئەم وڵاتە هەڵدەمژێت و بە زمانی کوردی دەنوسێت و پرس و دیاردەکانی کوردەواری تاوتوێ دەکات، کەچی بە میتودەکانی خۆرئاوا و لە سایەی گوتەزاو «مقولات» دیدگای بیرمەند و ڕۆشنبیرەکانی کۆمەڵگەیەکی تری تەواو جیاواز لە ڕووی ژیار و ئایین و کلتوور و جیهانبینی و نەریتی کۆمەڵایەتییەوە کێشە و پرسەکانی ئەم کۆمەڵگەیە شیدەکاتەوە و لێکدەداتەوە لەسەری دەنوسێت، دەشیەوێت بەرهەمەکانی بخوێنرێنەوە و کاریگەریش دروستبکەن، کە ئەمە هەرگیز ڕوونادات.

کۆتایی: لە کۆتایی ئەو بابەتە دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی هەستیار بکەم کە لەوانەیە پرسیاری زۆرێک لە خوێنەران بێت، ئایا ڕۆشنبیر دەکرێت ئینتما بکات بۆ پارتێکی سیاسی؟ لە وەڵامدا دەڵێم بەڵێ، من پێموایە کەسی ڕۆشنبیر، وەک هەر هاوڵاتییەکی تر مافی چوونە ناو پارتی سیاسی

هەیە و دەکرێت پشتیوانی لە پرۆژەیەکی سیاسی دیاریکراو بکات، ناکرێت بە هیچ شێوەیەک ئەو مافەی لێ بسەنرێتەوە، بەڵام دەبێت بیری نەچێت ئەرکی سیاسی و خەباتی سیاسی بە پلەی یەکەم لە دەوری بەدەستهێنانی بەرژەوەندی دەخولێتەوە، بەپێی پرەنسیپ و ڕێسای ستراتیژ و تاکتیک کار دەکات، بەڵام بازنەی کاری ڕۆشنبیر زیاتر لە بازنەی قییەم و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە دەخولێتەوە، ئەگەر بەرژەوەندیش بێتە پێشەوە ئەوا باس لە بەرژەوەندی باڵای کۆمەڵگەیە و لەچوارچێوەی کلتوور و بەها باڵا گشتییەکانی کۆمەڵگە دێتە پێشەوە، نەک لەچوارچێوەی ستراتیژی پارتێکی سیاسی دیاریکراو.

ئەگەر سیاسی سەرکردایەتی کۆمەڵگە دەکات لە ڕەوتی گەیشتن بە ئامانج و تەحقیق کردنی بەرژەوەندییەکانی، ئەوا ڕۆشەنبیر دڵی کۆمەڵگەیە و خوێن و وزەی پێویست بۆ هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە دەنێرێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

١. فەرهەنگی زانستگای کوردستان، ب٢، ١٣١٤. هەژار هەنبانە بۆرینە، ٣٥٣.
٢. هەژار هەمان سەرچاوە، ٩٠. فەرهەمگی زانستگای کوردستان، ب١، ٣٥٥.
٣. هەژار، هەمان سەرچاوە، ٣٥٣.
٤. فەرهەنگی زانستگای کوردستان، ب٢، ١٣١٤.
٥. لسان العرب، ابن المنظور، ج٢، ١١٢. مقایس اللغە، احمد بن فارس بن زکریا، ١٤٠.
٦. مفردات القران، الراغب الاصفهانی، ١٧٣.
٧. بۆ ئەو شیکارییە، لە بابەتێکی نصر محمد عارف، لە ژێر ناوی «الحضارة، الثقافة، المدنیهة، دراسة لسیرهة المصطلح»ی ، کە لە کتێبی «بناو المفاهیم» بڵاوکراوەتەوە، سوودم وەرگرتووە.
٨. دراسه فی المعرفه، نعمان عبدالرزاق السامرائی، ٦٩.
٩. ئەو پێناسانە لە هەر دوو کتێبی «صناعه الثقافهة»ی طاریق السویدان، هەروەها «دراسهة فی المعرفة«ی نعمان عبدالرزاق السامرائی وەرگیراوون.
١٠. پەیجی مامۆستا عومەر ڕێشاوی.

# پەیوەندی سیاسییەکان و ڕۆشنبیر
## ئەوەندەی پەیوەندییەکی دەسەڵاتییانەیە ئەوەندە ڕۆشنبیرییانە نییە



گۆڤاری خاڵ کۆمەڵێک پرسیاری دەربارەی ڕۆشنبیران و ڕۆڵ و پێگەیان لە کۆمەڵگەی کوردیدا کردە تەوەری ئەم جارەی ژمارە نوێیەکەی، لەو ڕووەوە کۆمەڵێک پرسیاریان ڕووبەڕووی برای بەڕێز د.سەردار عەزیز کرایەوە هەتا سەرنج و تێبینییەکانیان بخاتە ڕوو، ئەمەی خوارەوە وەڵامی بەڕێزیانە بۆ ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەیان کراوە.

**خاڵ: ڕۆشنبیر کێیە یان بە کێ دەوترێت ڕۆشنبیر؟**

سەردار عەزیز: پرسی ئەوەی ڕۆشنبیر کێیە، یەکێکە لە پرسیارە هەمیشە دووبارەکراوەکانی باشووری کوردستان لە پاش ڕاپەڕینەوە. ئامادەیی ئەم پرسیارە نیشانەی ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایە بە دوای ڕۆشنبیردا دەگەڕێت.نازانێت ئەم بونەوەرە کێیە؟ چۆن بیناسێتەوە؟ ئەوەی جێگای سەرنجە لەهەمانکاتدا ئەوەیە کە بەشێکی زۆری ئەوانەی کە خۆیان دەخەنە خانەی ڕۆشنبیران، یان دەخرێنە خانەی ڕۆشنبیر لەلایەن خەڵکەوە، بەردەوام قسە لەسەر ئەم پرسە دەکەن. لەڕاستیدا ئاسان نییە بڵێین ڕۆشنبیر کێیە، بە جۆرێک وەڵامەکەی بۆ هەموو کۆمەڵگایەک و کاتێک بگونجێت. ئایا ڕۆشنبیران گرووپێکی کۆمەڵایەتی ئۆتۆنۆمۆسی سەربەخۆن، یان هەموو گرووپێکی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری خۆی هەیە؟ بیرمەندی چەپی ئیتالی ئەنتۆنیو گرامشی ئەم پرسیارە دەکات. وەڵامی ئەو ئەوەیە کە گرووپێک ڕۆشنبیری خۆی بەرهەم دەهێنێت. ئەم پێناسەی گرامشی پێچەوانەی ئەو پێناسەیە ئایدیالەیە کە بۆ ڕۆشنبیران باوە کە کەسانێکن هەموو ژیانیان تەرخان دەکەن بۆ داکۆکی لە ڕاستی و دادپەروەری.

ئەگەر پێناسەکەی گرامشی واقیعی بێت و پێناسەکەی تر ئایدیال بێت، ئەوا لە نێوان ئەم دوو پێناسەدا شەبەنێک لە ڕەنگی جیاواز هەیە، کە جۆراوجۆری ڕۆشنبیر لەخۆی دەگرێت.

ئەگەر لە کۆمەڵگای کوردی بنواڕین ئەوا دەبینین کە ڕۆشنبیر وەک نوێنەری گرووپ، هێزی سیاسی، ئایدۆلۆژیا، بەرژەوەندی تایبەت بوونی هەیە، لەهەمانکاتدا ڕۆشنبیرانی ئایدیال کە خۆی لە نمونەکانی وەک سۆکرات و عیسادا دەبینێتەوە، بونیان کەمە. دەکرێت خەڵکانی وەک کاوە گەرمیانی و ئەوانی تر کە لەپێناو پرسێکی گشتیدا شەهیدکران، نمونەی ئەو جۆر ڕۆشنبیرانەبن کە بە ئایدیال ناویان دەبەین.

لە بەرامبەر ئەم دۆخەدا کۆمەڵگا لە نێوان واقیع و ئایدیالدا جۆلانێیەتی. بۆیە ڕۆشنبیر ساتێکی پاڵەوانە و ساتێکی تر خیانەتکار. ئەگەر ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە ڕاستی بە بیر دەسەڵات دەهێنێتەوە، وەک ئیدوارد سەعید پێناسەی دەکات، سەعید خۆی توانای ئەوەی نەبوو کە ڕاستی بەبیر دەسەڵات بهێنێتەوە، بەڵکو داکۆکیکەر بوو لە گرووپێک یان خەڵکێک، جا فەلەستینییەکان یان عەرەب، لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئەمریکی بەتایبەتی و دەسەڵاتی ڕۆژئاواییدا.

بەم پێیە ڕۆشنبیر، ناتوانێت خۆی خۆی پێناسە بکات، بەڵکو دەبێت ئەوانیتر پێناسەی بکەن. کاتێک ئەوانی تر بریتین لە خەڵکی جیاواز، ئەوا ڕۆشنبیر پێناسەی جیاوازی بۆ دەکرێت.ئەمە دەربارەی کێیەتی ڕۆشنبیر.لەڕوانگەیەوە ڕۆشنبیر کەسێکە کە هەڵگری بەهاو ئاگاییە یان کەسانێکن کە خاوەنی شارەزایی و بیرن. یان خەڵکانێکن کە دەبنە قسەکەری توێژێک، چینێک یان ئایدۆلۆژیایەک. بەڵام بەگشتی، ئەگەر کەمێک بۆردۆییانە بیربکەینەوە، ڕۆشنبیر بەرهەمی هابیتۆسی کۆمەڵایەتی کوردییە. ئەگەر بێتوو نەتوانێت ئەو هابیتۆسە تێپەڕێنێت، ئەوا دووبارەکەرەوەی دۆخەکەیە.دەتوانم بە ئاسانی بڵێم بەشی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد بەسەر جوگرافیای شەڕی ناوخۆ کوردیدا دابەشبوون. ئەمەش وەها لەم گرووپە دەکات کە بە زۆری ببنە قسەکەر و نوێنەر، لەبری بیرکەرەوە و بیرمەند.

**خاڵ: پێگە و ڕۆڵی ڕۆشنبیر لەنێو کۆمەڵگە زیندووەکاندا لە چ ئاستێکدایە؟**

سەردار عەزیز: پرسیارێکی سەرنج ئامێزە، پۆلێنکردنی کۆمەڵگە بۆ زیندوو و کە مانای ئەوەیە کۆمەڵگای مردووش بوونی هەیە. هەروەها لە ناواخنی پرسیارەکەوە ئەوە ڕوونە کە کۆمەڵگای کوردی بە زیندوو دانانرێت، بەڵکو کۆمەڵگای زیندوو ئەوانیترە. من لەگەڵ دیدی ئەم پرسیارەدا

تەبانیم. بەلای منەوە پۆلێنکاری کۆمەڵگای زیندوو و کۆمەڵگای مردوو، پۆلێنکارییەکی نابەجێیە. نازانم بەتەواوی مەبەست لە زیندوو چیە؟ ئەگەر لە ڕووی بایولۆجیەوە لێی بنوارین ئەوا زیندوو ئەو دۆخەیە کە گەشە و ژیانکردن و بەرهەمهێنان لە ئارادایە. دۆخی مردوو ئەو دۆخەیە کە پێچەوانەیە.

با بۆ نمونە کۆمەڵگای ئەمریکی وەربگرین. لە ساڵی ١٩٥٩ مارتن لیپست لە گۆڤاری دیدالۆس لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ڕۆشنبیران دەنوسێت، سەرەتا وەها دەستپێدەکات کە ڕۆشنبیران خەڵکانێکن لەلایەن بەشێک لە کۆمەڵگاکەیانەوە قەدریان ناگیرێت. بەڵام بەشێکی تری کۆمەڵگای ئەمریکی بەتایبەتی چینە پارێزەرەکەی گلەیی ئەوە دەکەن کە ڕۆشنبیران دەسەڵاتیان زۆرە. دیارە گلەیی لە زۆری لەهەمانکاتدا گلەیشە لە جۆریش.

ئەوەی جێگای سەرنجە کاتێک بەدوای زانیاریدا دەگەڕێیت دەربارەی ڕۆشنبیرانی ئەمریکی، زۆربەی ئەو ئارتیکلانەی کە لە گۆڤارە ئەکادیمییەکاندا بەرچاوت دەکەوێت دوو خەسڵەتیان هەیە: یەکەم نزیکەی نیو سەدە کۆنن، دووەم، لە ئەو گۆڤارانەن کە لەبەرەی چەپن. بەمپێیە پرسی ڕۆشنبیر دەگەڕێتەوە بۆ پێش نیو سەدە لەمەوپێش بەگشتی پرسی چەپە.

لە ساڵی ٢٠١٠ بەبۆنەی هاتنە سەر دەسەڵاتی باراک ئۆباما، وەک ڕۆشنبیرێک و ڕەشپێشتێک گۆڤاری دیسێنتی چەپ، سیمپۆسیومێک بۆ پرسی ڕۆشنبیری ئەمریکی تەرخان دەکات. یەکێک لەو پێناسانەی بۆ ڕۆشنبیر لەو سیمپۆسیومەدا دەکرێت ئەوەیە کە ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە بە کارکردن لە بوارەکانی وەک تیورەی سیاسی، ئیتیک، کۆمەڵناسی، ئابووری، دەنوسێت و بەکاری نوسینەکانی دەژی. لەم ڕوانگەیەوە، چەند خەسڵەتێکمان بۆ دەردەکەوێت: یەکەم، ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە لە هەندێک بواری تایبەتدا بیر بەرهەم دەهێنێت. بۆ نمونە فیزیاناسێک کاتێک تیورەیەک بەرهەم دەهێنێت، ڕۆشنبیر نییە، بەڵکو زانایە. دووەم، ئەو بوارانەی کە ڕۆشنبیر کاری تیادا دەکات بواری پیشەیی نین، بەڵکو پەیوەندییان هەیە بە بواری ژیاریی و ئاگایی و ئەخلاقی مرۆڤەکانەوە. لەلایەکی ترەوە، بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیریی پیشەیە. ئەمەش دەمانبات بۆ بوارێکی تر لە دونیای ڕۆشنبیری ئەمریکیدا، ئایا ڕۆشنبیران کاڵا بەرهەم دەهێنن و خوێنەریش کڕیاری ئەو کاڵایانەیە. لە هەندێک کۆمەڵگادا ڕۆشنبیران پۆلێن دەکرێن، ئەوانەی کە کاری تیۆری قوڵ دەکەن کە دەتوانین بە داهێنەران ناویان ببەین. ئەوانی تریش بە گەیەنەران.

بەڵام لە ئەمریکای ئەمڕۆدا خەڵکێکی زۆر هەردوو بوارەکە تێکەڵ دەکەن. بۆ نمونە کەسێکی وەک جیل لیپۆر، پرۆفیسۆرە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، هەروەها بابەتی پڕ لە چێژ لە گۆڤاری نیورکەر دەنوسێت. ئەمە هەتا ئاستێک بۆ مالکۆم گلادویێلیش ڕاستە. بەڵام دۆخ و کاتیش کاریگەری هەیە. ئەگەر نایەکسانی دۆخێکی هێندە زەق نەبوایە، لە دەرئەنجامی حوکمداریی نیولیبرالیزم، هەرگیز تۆماس پێکتی نەدەبووە بیرمەندێکی پڕفرۆش.

**خاڵ: ڕۆشنبیران چۆن دەتوانن کاریگەری لە سەر شەقام دروست بکەن؟**

سەردار عەزیز: لێرەدا پرسیارەکە ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆشنبیر و شەقام جیاوازن. شەقام پانتایی ڕۆشنبیر نییە. شەقام پێویستی بە ڕۆشنبیرە، بۆئەوەی ڕابەرایەتی بکات یان نوێنەرایەتی بکات. وا هەستەکەم ئەم چوارچێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی ئەوروپا و هەشتا و نەوەدەکانی ئێمە. ئێستا نارەزایی تەنها لە شەقام نییە، بەڵکو لە ماڵ و جێگاکانی تریشە، لە ناوەندە مەجازییەکانە.

لە ڕەهەندێکی ترەوە پرسیارەکە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەرکی ڕۆشنبیرە کاریگەری لەسەر شەقام دابنێت. ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە شەقام جارێکی تر پڕیەتی لە ناڕازی. ئەم پڕبوونەی شەقام لە ناڕازی دیاردەیەکی جیهانییە. هیچ کیشوەرێک

نییە بە دەستییەوە نەناڵێنێت. هەندێکی دەبنە پرس و برێکی زۆری تەنها لە لۆکاڵیتی خۆیاندا دەمێننەوە. ساڵانە هەزاران خۆپێشاندان لە چین دەکرێت، بەڵام بەدەگمەن نەبێت نابنە جێگای بایەخی میدیا.

ڕۆشنبیران دەتوانن بە ئامادەبوون، بە پشتیوانی، بە دارشتنی دونیابینی، بە داکۆکیکردن، بە نوێنەرایەتیکردن کاریگەری لەسەر شەقام دابنێن. بەڵام هەست دەکەم ئەم پەیوەندییە لە قەیراندایە. چونکە بەشێکی زۆری ئەوانەی کە دەخرێنە خانەی ڕۆشنبیرانەوە، دێنە شەقام نەک بۆ ئامانجی شەقام، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی سەرمایەی ڕەمزیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان کە پاشان بتوانن تەرجەمەی بکەن بۆ جۆری تری سەرمایە. بەگشتی ڕۆشنبیر ناتوانێت لەسەر شەقام بێت بۆماوەیەکی زۆر، چونکە خێرا دەبێتە چالاکوان یان قسەکەر، کە بەکاری نوێنەرایەتی هەڵدەستێت. لە دۆخێکی وەهادا ڕۆشنبیر لەوە دەکەوێت بەرهەمهێنی مەعریفیی و ئاگایی و تێگەیشتن بێت، بەڵکو ئامانجێکی دیاریکراوی دەبێت. ئایا ئەو ئامانجە ئامانجی چەندێک لە کۆمەڵگایە، ئەو لە کوێدایە لەگەڵ ئەو ئامانجانەدا، ئەمانە پرسیارن داوای وەڵام دەکەن. لەلایەکی ترەوە پەیوەندی ڕۆشنبیر لەگەڵ شەقامدا پەیوەستە بە خواستی شەقامەوە. ئایا شەقام دەیەوێت خواستێک بەدی بهێنێت؟ فشارێک بکات؟ پەیامێک بگەیەنێت یان دەخوازێت ببێتە ئەکتەرێکی سیاسی بۆ لە قاڵبدانی سیستەمی سیاسی؟ یان لە دۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتی ناڕازییە. بەگشتی خۆپێشاندان نابێتە هۆی بەرهەمهێنان، بەڵکو دەبێتە هۆی فشار و ڕووخان و گۆڕین. بەڵام ئەوەی کە دەبێت نوێیەک و جیاوازێک بەرهەم بێت دەبێت کاری زیاتر لە ئەوانیتر بێت.

**خاڵ: خاڵی لاوازی ڕۆشنبیری کورد چیە؟**

سەردار عەزیز: دیارە ڕۆشنبیری کورد زیاتر لە خاڵێکی لاوازی هەیە. ڕۆشنبیری کورد لە هەناو کۆمەڵگا و دەسەڵاتی کوردی و جیهانیدا دەژی. کۆمەڵگای کوردی، بەگشتی کۆمەڵگایەکی خوێنەر نییە. هیچ کتێبێک نییە لە کوردستان تیراژی بگاتە دە هەزار کۆپی. لە کۆمەڵگایەکی وەهادا ڕۆشنبیر ناتوانێت پەیامەکانی بگەیەنێت. لەهەمانکاتدا ناتوانێت، وەک ڕۆشنبیری گەلانی تر لەسەر پیشەکەی بژی. ئەم نەبوونی خوێنەر و خوێندەوارە، وەهایکردووە کە کەرتی ڕۆشنبیریی و نووسین و بڵاوکردنەوە بەگشتی بووەتە کەرتێکی سیاسی یان بووەتە ئەپەراتۆسی هێزە سیاسییەکان. سیاسییەکانیش پەیوەندییان لەگەڵ ڕۆشنبیردا پەیوەندییەکی ڕۆشنبیرییانە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی دەسەڵاتیانەیە، بۆیە ڕۆشنبیری کورد دەکەوێتە ژێر فشارەوە لەمبارەوە. لەهەمانکاتدا کۆمەڵگا بەگشتی بەدگومانە لە ڕۆشنبیر، چونکە بەگشتی ڕۆشنبیری کورد کاتێک ڕەخنە دەگرێت دەکەوێتە پانتاییەکی سیاسییەوە یان بەرێکەوت لە پارتێکی سیاسی نزیک دەبێتەوە، ئەوا خێرا دەبێتە بەشێک لە میکانیزمی شەڕی ناوخۆی کوردی. لەم ڕووەوە خەڵک هەڵوێستی لێوەردەگرن بە دۆست یان بە نەیار.

بەڵام ڕۆشنبیری کورد خۆی بەدەست چەند لاوازییەکەوە دەناڵێنێت. یەکەم، کەمن ئەوانەی لە هابیتۆسێکی ڕۆشنبیرییەوە هاتبن. تەنانەت ئەوانەش کە لە خێزانە خوێندەوارەکانەوە هاتوون، ئەمڕۆ دونیا تەواو جیاوازە. بۆیە بەگشتی ڕۆشنبیری کورد، نەوەی یەکەمی ڕۆشنبیرە لە دونیای کوردیدا. وەک نەوەی یەکەم خاوەن دید و تیۆرە و چەمک و خیتابی خۆماڵی نییە، بۆیە هەمیشە سەرگەردانی دونیایە بۆ تێگەیشتن لە خۆی. هەتا ئێستاش ئەوەی کەڵەکەبووە، بارتاقەی دونیا نابێت. کەواتە هەژاری، نوێیەتی، لە ئەنجامدا دەبنە هۆکاری لاوازی.

لەلایەکی ترەوە بەرهەمی مەعریفی لە دونیای کوردیدا، دەق بەشێوەیەکی گشتی هێشتا وەها تەماشا دەکرێت کە دەبێت چێژ بەخش بێت، کورت بێت، ڕوون بێت، پێویست بە ماندووبوون و تەقەلا

کۆمەڵگای کوردی، بەگشتی کۆمەڵگایەکی خوێنەر نییە. هیچ کتێبێك نییە لە کوردستان تیراژی بگاتە دە هەزار کۆپی. لە کۆمەڵگایەکی وەهادا ڕۆشنبیر ناتوانێت پەیامەکانی بگەیەنێت.



نەکات. بەگشتی ئەم سیفەتانە سیفەتی ئەو دەقانەن کە لە ڕۆژئاوا بە نووسینی تابلۆیدا ناودەبرێن. نوسینی تابلۆید ئەو نوسینانەن کە ژمارەیەکی سنوردارن لە وشە، کە بەگشتی لە ٢٥٠ تێناپەڕن، ئەم وشانە بەردەوام دوبارە دەکرێنەوە بۆ وەسفی هەموو ڕوداوەکان. بۆیە چوونە دەرەوەی ئەو فەرهەنگە تەسکە، دەبێتە مایەی بێزاری.

**خاڵ: بۆچی ڕۆشنبیرانی کورد لە ئاست پێگەکەیاندا نین؟**

سەردار عەزیز: ڕۆشنبیری کورد ئاوێنەی کۆمەڵگا و ئاگایی و خواست و دەرفەتی کۆمەڵگای کوردییە. لە هەموو کۆمەڵگایەکدا خیانەتکردن، یەکێکە لە وەسفە بڵاوەکانی وەسفی ڕۆشنبیر. بەگشتی ڕۆشنبیر یان قارەمانە یان خیانەتکار، ناوەندی نییە. پرسیارەکە دادوەرییەکی تیادایە کە قورسە. بەو مانایە دەبێت ڕۆشنبیر چی بکات بۆئەوەی لە ئاست پێگەکەیدا بێت؟ تەنانەت ئەو ڕۆشنبیرانەش ئامادەن بمرن نابنە جێگای ڕەزامەندی زۆرینەی کۆمەڵگا. بەوپێیە ئەگەر ئامادەبێت بۆ کۆمەڵگا بمرێت، تەنها بەشێکی کۆمەڵگا پێت ڕازییە، ئەمە لە کەیسی سۆکرات و مەسیحیشدا ڕاستە.

پرسەکانی کۆمەڵگای کوردی بە ڕۆشنبیر چارەسەر نابێت. بە نەوەیەک و دوو نەوە چارەسەر نابن. ڕەنگە ئەمە یەکێک بێت لە هۆکارەکان، کاتێک کارێک لە کەسێک چاوەڕوان دەکرێت کە توانای ئەنجامدانی نییە. بۆ نموونە ئەگەر هەموو کورد بەیەکەوە بە نیازی باش و باش هەوڵبدەن بۆئەوەی کێشەکانیان چارەسەر بکەن، هێشتا پێویستیان بەکاتی زۆر هەیە و ڕێگری زۆردێتە ڕێگایان.

بۆیە ڕەنگە دادوەریی ئەوەی ڕۆشنبیر لە ئاست پێگەکەیاندا نین چەند کێشەیەکی هەبێت: یەکەم، ئەوەی لە ڕۆشنبیر چاوەڕوان دەکرێت زیاترە لەوەی کە لە توانایدا هەیە. دووەم، ڕۆشنبیری کورد لەبەر گەلێک هۆکار، خاوەن زەخیرە و توانا و کاریگەرییەکی ئەوتۆ نییە کە بتوانێت کاریگەری گەورە لەسەر کۆمەڵگای کوردی دابنێت. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک تەنها کاری ڕۆشنبیریی تایبەت بکات ئەوا ڕەنگە کەمتر لە ٢٪ کۆمەڵگا بیناسن. بۆ نموونە محمد کەمال کاری قوڵی فەلسەفی وەردەگێڕێت و بەرهەم دەهێنێت، بەڵام لە کۆمەڵگادا ناسراو نییە، بە بەراورد بە ئەو هەموو چاودێرە سیاسییە، کە لە تەلەفزیونەکاندا دەردەکەون.

**خاڵ: بۆچی لێدوان و نوسینەکانیان وەک پێویست کاریگەرییان لەسەر تاکی کورد نییە؟**

سەردار عەزیز: ڕۆشنبیر خاوەن زمانی ئاخاوتن نییە لەگەڵ زۆرینەی تاکی کورددا. بە بەراورد بە مەلا و شێخەکان، بە سیاسییەکان، ڕۆشنبیران بونەوەرێکی نامۆن لە دونیای خۆیاندا. لە هیچ کۆمەڵگایەک ڕۆشنبیری وروژێنەری تاکەکانی کۆمەڵگا نییە. ئەمە یەکێکە لە پرسیارە ئاڵۆزەکان کە ڕووبەڕووی ڕۆشنبیر دەبێتەوە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا، بۆچی ڕۆشنبیران نابنە ئەستێرەکان، وەک ئەکتەر و گۆرانیبێژەکان لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا؟ چونکە زۆرینەی کۆمەڵگا تاقەتی ئاڵۆزی دونیای نیە. ئەوانەشی کە تاقەتی ئاڵۆزیی دونیایان هەیە بەسەر چەندین بەرەی دژ بەیەکدا پەرتبوون. جگە لە نەبوونی زمانی کۆمەڵگایی، ڕۆشنبیری کورد خاوەن زەخیرەیەکی وەها نیە کە



**هەتا ئێستا شتێك نییە لەناو کایەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کوردستان ناوی حیزب بێت، ئەوەی پێی دەوترێت حیزب هێزێکی ڕێکخراوە لەپێناو کۆمەڵێك ئامانجدا.**

بتوانێت تاکی کۆمەڵگای کوردی بوروژێنێت یان کاریگەری لە سەر دابنێت. خۆی لەڕاستیدا ئەرکی ڕۆشنبیر ئەوە نییە کە کاریگەردانەر بێت. ئەوەی دەیەوێت کاریگەری دابنێت ئەوەیە کە دەیەوێت خەڵک بە ئاڕاستەیەک ببات، هێزێک پێکبهێنێت. ڕۆشنبیری ڕاستەقینە، هەمیشە بە دەست پرسیار و گومان و بینینی ئاڵۆزی دونیاوە دەناڵێنێت. زۆرینەی خەڵک بەدوای دڵنیایی و سەقامگیریی و بەرچاوڕونی و ڕابەر و چاوساخدا دەگەڕێن. ئەگەر ڕۆشنبیر بەو کارانە هەستا ئەوە دەبێت کەسێکی سیاسی یان چالاکوان، یان عەقیدە بەخش، کە ئامانجی ئەوە نییە خەڵک بەرەو بیرکردنەوە و تێڕامان و پرسیار و ئۆتۆنۆمیی و بەرپرسیاریتی ببات، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە کە چۆن مێشکیان بشواتەوە، دونیایان لێبکات بە ڕەش و سپی، قەناعەتیان پێبهێنێت، هانیان بدات و پاڵیان بدات. تراژیدیایەکی تری ڕۆشنبیری ڕاستەقینە ئەوەیە کە پێش زەمەنی خۆی دەکەوێت. بۆیە لە زەمەنی کۆمەڵایەتیدا وەک دەرەکییەکی نامۆ دەبینرێت و زۆرجار وەدەردەنرێت. ئەوەشە وایکردووە زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی سەدەکانی پێشوو بە تەنهایی و بە برسێتی و نەداری بمرن. ئەگەر ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی نەبوایە بە مەسیحی ئەمڕۆ کەس عیسای نەدەناسی. ئەگەر مارکسیزم لەلایەن سۆڤیەتەوە نەکرایەتە ئایدۆلۆژیای دەسەڵات، ئەمڕۆ مارکس وەک زۆرێکی تری هاوسەردەمی لە خانەی لەبیرچووان بوو.

**خاڵ: بۆچی ڕۆشنبیران ناتوانن لە پرسە گرنگەکاندا شەقام بجوڵێنن؟**

سەردار عەزیز: ئەم پرسیارە چەند توخمێکی پڕ لە ئاڵۆزی تیادایە، ڕۆشنبیران، شەقام لەگەڵ جوڵاندن. ئایا شەقام بە ڕۆشنبیر دەوروژێت؟ ئایا ئەرکی ڕۆشنبیرە بیوروژێنێت، مۆبەلایز، یان ئەرکی ڕۆشنبیرە لە وروژانەکان بەگومانەوە ڕابمێنێت؟ ئایا شەقام پانتایی ڕۆشنبیرانە، ئەگەر ڕۆشنبیر هاتە شەقام و هەوڵی وروژانیدا ئایا وەک ڕۆشنبیر دەمێنێتەوە یان دەبێت بە چالاکوانی سیاسی؟ هەموومان دەزانین، نەک لە کوردستان بەڵکو لە هەموو ناوچەکەدا دابڕانێک هەیە لە نێوان ڕۆشنبیر و شەقامدا. ئەم دابڕانە ڕەنگە هۆکاری زۆری هەبێت، لەوانە، زمان، دید، پێگەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی، ئامرازی وروژاندن، لەگەڵ ئاستی خواست و داوای شەقام. بۆئەوەی ڕۆشنبیر ببێت بە وروژێنەر دەبێت بە زمانێکی تایبەت خۆی دەرببڕێت. ئەم زمانە دەکرێت ناوی بنێین زمانی شەقام. زمانی شەقام ئەو زمانەیە کە دڵنیایی و هیوا و وزە دەبەخشێت، زۆرجار لەسەر بنەمای وەهم یان بەرژەوەندی، بەبێ گوێدانە ڕەهەندە مێژوویی و ئەخلاقیی و گشتییەکەی. لەهەمانکاتدا ڕۆشنبیر بۆئەوەی ئەمە بکات دەبێت لە پانتایی شەقام و بە ئامرازەکانی شەقام بیکات، کە خۆی خاوەنی نییە. ئەمەش دیسانەوە دەیکات بە ئەوکەسەی کە ناچاربێت ئامرازە تەقلیدیی و نیمچە تەقلیدییەکان بەکاربەرێت. دەبێت ببێت بە سیاسی یان خەتیب یان ڕابەر. ئەم خەسڵەتە ڕەنگە بۆمایەک بیکات بە ئایکۆن، بەڵام وەک زۆر ئایکۆن لە ناوەوە بەتاڵ دەبێت. لەڕاستیدا شەقام جێگای مەرگی ڕۆشنبیرانە. شەقام گۆڕستانی ڕۆشنبیرانە. شەقام بەگشتی سیفەتی بەرخۆری هەیە، وزە هەڵدەمژێ بۆ کاتێکی کەم بۆ ئامانجێکی سنوردار پاش ئەوە

فرێی دەدات. ئەرکی فیکر ئەمە نییە. لە ئاستێکی تردا ڕۆشنبیران سەر بە دونیای عەلمانین یان دونیای مۆدرێن. ئەم دونیایە ڕەگ و ڕیشەی نییە لە شەقامدا، هەتا ئەمڕۆ دونیایەکی سنوورداره لە کۆمەڵگای ئێمە و کۆمەڵگاکانی دەوروبەرماندا. ئەم دابڕانە لە ئاستی فیکریی لەهەمانکاتدا بووەتە هۆکاری دابڕانی جەستەیی و کۆمەڵایەتی. لەم ئاستەدا کۆمەڵێک کێشەی گەورە لە ئارادایە. خەڵکە خۆ بە مۆدرێنزانەکە لە وەهمێکدا دەژین کە ئەوە کەلەپوور یان تەقلیدە کە ڕێگر و کێشەیە لە بەرجەستەبوونی ئامانجەکانیان، ئەگەر ئەو کەلەپوور و تەقلیدە لابدرێت ئەوا مۆدێرنە بەرجەستە دەبێت و دونیایەکی هاوشێوەی ڕۆژئاوا دێتە ئاراوە. ئەم بیرکردنەوە میکانیکییە هەتا ئاستێکی زۆر کاریکاتێرییە. لە دەرئەنجامی ئەمەدا چەمکی وەک هایبرید هاتووەتە ئاراوە، کە دەتوانین بە موتوربە لە قەڵەمی بدەین، بەومانایە نە کەلەپووری پاک هەیە نە مۆدێرنەی دابڕاو لە واقیعی کۆمەڵایەتی. ئەمە بەتایبەتی کاتێک بەرجەستە دەبێت کە ڕۆشنبیر دەبێتە کاراکتەرێکی شەقامی، ناچار دەبێت لەگەڵ مەلای ئایینی و کەسایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسییە ناسیاسییەکان هاوڕێز و تەبابێت و لە ئەنجامدا دەبێت بە کەسێکی هایبرید، بەڵام لەبەر زاڵی کەلەپوور و واقیعی کۆمەڵایەتی وردە وردە لوش دەدرێت و دەخورێت، یان بە کاوەخۆیی دەمرێت.

**خاڵ: بۆچی دەسەڵاتی کوردی گرنگی بە ڕۆشنبیران نادات؟**

سەردار عەزیز: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە کۆمەڵێک فاکتەر هەیە:

یەکەم، فاکتەری جۆرایەتی. ڕۆشنبیرانی کورد بەگشتی ئەدیب و نوسەرن. نەک خەڵکانی شارەزای بوارەکانی حوکمڕانی. ئەم سنوورداریێتی جۆرایەتییە وەها دەکات کە ڕۆشنبیران تەنها وەک قسەکرێکی کۆمەڵایەتی یان بە نوێنەربووی کۆمەڵایەتی سەنگیان هەبێت. زۆرجار ئەم پرۆسەی نوێنەرایەتی بوونە کاتی و تێپەڕە.

دووەم، هۆکاری ئابووری. لەبەر خوێنەر نەبوونی کۆمەڵگای کوردی، دەگمەنن ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی کە تەنها بە یەک زمان دەنوسن بتوانن لەسەر داهاتی کتێبەکانیان بژێوی خۆیان دابین بکەن.

سێیەم، لاوازی ڕۆشنبیران وەک توێژێک لە کۆمەڵگادا و هەبوونی کینە و ڕق و پەرتەوازەیی زۆر لە نێویاندا.

چوارەم، دەگمەنن ئەو ڕۆشنبیرانە بەکاری ڕۆشنبیری توانای خۆ بونیادنانیان هەبێت، وەک ئیشی قوڵ و تایبەت لەسەر بوارێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان حوکمداری. یان داهێنانی چەمکێک یان میتۆدێکی خوێندنەوە.

پێنجەم، بە سوتەمەنی بوونی ڕۆشنبیران لەکایەی میدیادا، لەبەر پەلەیی و ئاسانیی و خێرایی.

شەشەم، نەبوونی هیچ سەنگێکی ئەوتۆ بۆ مەعریفە لەکایەی حوکمداری هەرێمدا.

**خاڵ: مەیلی لایەنداریی و ئینتیمای حیزبی تا چەند زیانی بە ناوبانگی ڕۆشنبیران گەیاندووە؟**

سەردار عەزیز: مەیل و ئینتیمای حیزبی زیانی گەورە بە ڕۆشنبیران دەگەیەنێت، چونکە هەتا ئێستا شتێک نییە لەناو کایەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کوردستان ناوی حیزب بێت، ئەوەی پێی دەوترێت حیزب هێزێکی ڕێکخراوە لەپێناو کۆمەڵێک ئامانجدا. ئەم هێزە ڕێکخراوە خاوەنی بیر و ئایدۆلۆژیا و کادیر و مەعریفە و پرۆسەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارکردن بە داتا و ئەم شتانەی نییە. بۆیە ڕۆشنبیر لەم هەناوی حیزبەدا بەگشتی لەکاتی کپبوونی شەڕی ناوخۆدا دەبێتە بڵندگۆی باڵێکی ناو حیزب، لەکاتی کڵپەی شەڕی ناوخۆدا دەبێت بڵندگۆی حیزب یان لایەن. ئەم دۆخە وەها دەکات کە ڕۆشنبیری نزیک لە حیزب هەمیشە تەنها نزیکایەتییەکی بەس بێت بۆئەوەی ببێت بە کەسێکی نەخوازراو لەلایەن ئەوانەی لە دەرەوەی حیزبن.


خاڵ: کۆمەڵگەی کوردی لە نەبوونی نوخبەیەکی

ڕۆشنبیری بێلایەنی کاریگەر چ زیانێکی لێکەوتووە؟

سەردار عەزیز: هەموو کۆمەڵگایەک پێویستی بە مەعریفەیە. مەعریفە بۆئەوەی بتوانێت لە خۆی تێبگات، لە دونیا تێبگات و پەیوەندی لەگەڵیاندا دروست بکات. ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە ئەم مەعریفەیە بەرهەم دەهێنێت. لێرەدا پێویستە کە ڕۆشنبیر بکەین بە چەند ئاستێکەوە، خەڵکانێک هەن کە بیری قوڵ بەرهەم دەهێنن، هەندێک کار لەسەر ئەو بیرانە دەکەن و هەندێکیش کاریان گەیاندنییەتی. نەبوونی ئەم توێژە جیاوازانەی ڕۆشنبیر و هاوئاسات بوونی زۆربەی ڕۆشنبیران وەها دەکات کە کایەی ڕۆشنبیری کوردی کایەیەکی هەژار بێت. یەکێک لە زیانە گەورەکانی ئەم بوارە ئەوەیە کە توانای لێکگەیشتن و گفتوگۆ بوونی نییە. بۆ نمونە لە کایەی سیاسیدا کاتێک خەڵکی دەڵێن دیموکراسی، ماف، دەزگا، حکومەت، دەسەلاّت، لەکاتێکدا ئەم زاراوانە بوونەتە بەشێک لە ئاخاوتنی ڕۆژانە، بەلاّم بە هیچ شێوەیەک ماناکان و پاشخانیان ڕوون نییە. بۆیە هەرچەندە وشە و دەربڕینی هاوشێوە بەکاردەبرێت، بەلاّم ڕەنگە بە هیچ شێوەیەک ئامانج و مەبەست یەک نەبێت. ئەمەش لەهەمانکاتدا ڕەنگە هۆکاری ئەوەبێت کە کورد ناتوانن نە لەنیوخۆیاندا و نە لەگەڵ ئەوانی تردا بە ئاسانی گفتوگۆ بکەن یان بەسەر تەنگ و چەڵەمەکانیاندا زاڵبن. لە ئاستی پەیوەندی بە ئەوانیترەوە، کوردستان لە مێژووی نوێیدا جێگای بایەخی هەموو زلهێزەکانی دونیا بووە، لە پاش کەوتنی خەلافەتەوە، کوردستان جێگای ڕووس و بەریتانیا و فەڕەنسا و پاشان ئەمریکا دەبێت. لە داهاتوودا بەبێ گومان دەبێتە جێگای بایەخی چینیەکانیش. بەلاّم هەتا ئێستا هیچ ناوەندێک یان بیرمەندێکی تایبەت نادۆزیتەوە کە توانیبێتی کرۆکی ئەم کۆمەڵگایانەی بۆ کۆمەڵگای کورد بەیان کردبێت هەتا بتوانرێت لە ڕێگایەوە لە ڕەفتار و مامەڵەی ئەم وڵاتانە تێبگەین. لەهەمانکاتدا نابێت ڕەشبین بین، چونکە کۆمەڵگای کوردی هەتا چەند دەیەیەکی کەمی ڕابردوو و کۆمەڵگایەکی دابڕاو بوو لە دونیا. بە زمان و کلتووری ئەوانی تر هێندە شارەزا نەبووە. ئەمڕۆ جۆرێک لە کرانەوە هەیە، بەلاّم ئامرازەکانی تێگەیشتن لاوازن. سیستەمی خوێندن لە کوردستان لە ئاستی دەوڵەمەندی مەعریفی دونیادا نییە. ئەمە لەکاتێکدایە ئێمە چیدی بژاردەی ئەوەمان نەما کە لە دەرەوەی دونیابین یان لە دونیا دابڕاوبین. بە خۆشی و بە ترشی لەناو دونیا و قەیرانەکانیدان، چ لە ئاستی ئابووری، سیاسی، جیۆپۆلەتیکی و زۆر بواری تر.

**خاڵ: چۆن بتوانین نوخبەیەکی ڕۆشنبیری کاریگەر دروست بکەین؟**

سەردار عەزیز: پرسیارێکی سەیرە، وەک ئەوەی ڕۆشنبیر بتوانرێت بەدەست و برد لەکاتێکی کەمدا یان بە چەند کردارێکی دیاریکراو بتوانرێت بەرهەم بێت تان دروست بکرێت. ڕۆشنبیر چەندین دەیەی دەوێت لە وەرچەرخانی ئابووریی و سیاسیی و کۆمەلاّیەتی. یەک نموونەی بچووک، لە ڕوانگەی بۆریوە تەماشای زەوقی خوێنەر بکە. ئایا زەوقی خوێنەر نییە کە جۆری ڕۆشنبیت بەرهەم دەهێنێت؟ ئایا زەوقی خوێنەر خۆی بەرهەمی کۆمەڵگا و ئابووری نییە؟ ئەگەر وەلاّممان بە ئەرێ بێت، ئەوا دەبێت زەوقمان بگۆڕێت. دەبێت لە گەڕان بە دوای چێژدا لە دەقدا بۆ مەعریفە و چەمک بگەڕێین لە نوسیندا. ئەم وەرچەرخانە کاتی زۆری دەوێت، بەلاّم کۆمەڵگای کوردی لە وەرچەرخاندایە. وەرچەرخانی گەورەی وەک کۆتایی لادێ، دروستبوونی شار، هەبوونی سامانی کەڵەکەبوو، کاتی بەتاڵ، بەرخۆرێتی، سەنتەرێتی پارە، پارە دروستکەری بۆرژوایە. دەسەلاّتی پارە بوو لە سەدەکانی ڕابردوو دەسەلاّتی بەخشی بە بۆرژواکانی شار لە بەرامبەر خاوەن موڵکەکانی گوند. ئەم وەرچەرخانە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕودەدات.



دەمەتەقێ گرووپی گوڵنار

لەگەڵ ڕێبین هەردی «نووسەر و ڕۆشنبیر»

# لە بارەی ڕۆشنبیر و
# ئەرکی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەدا

## گوڵنار: ڕۆشنبیر کێیە؟

ڕێبین هەردی: لەڕاستیدا وێنەی زۆر جیاواز و ناکۆک بەیەک بۆ ڕۆشنبیر هەیە.. خودی چەمکەکەش پڕە لە ئاڵۆزی. هەر ئەوەندە بەسە بڵێین هیچ دەستەڵاتدارێکی ستەمکار نەبووە بتوانێت حوکمڕانی بکات بەبێ هاوکاری بڕێک لە ڕۆشنبیران. بەپێچەوانەشەوە هیچ شۆڕش و بەرگرییەک دژی ستەمکاری نەبووە کە ڕۆشنبیران دەوری کاریگەریان تیایدا نەبووبێت. هیچ دەستەڵاتێک نییە لەم سەردەمەدا بتوانێت کاروبارەکانی وڵات بەڕێوەبەرێت بەبێ ئامادەگی ڕۆشنبیران، بەپێچەوانەشەوە هیچ یاخیبوونێک لە دەستەڵات نییە ڕۆشنبیران دەوری کاریگەریان تیا نەبووبێت. بەشێوەیەکی گشتی ڕۆشنبیران بەدەر لەوەی لە بەرەی ستەمکار یان ئازادیخوازانن، کەسانێکن کە لە فەزای گشتییدا کار دەکەن و کاریگەری لەسەر خەیاڵ و بیرکردنەوەی خەڵک دروست دەکەن. هەموو ئەوانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان دەستکاری خەیاڵ و بیرکردنەوەی خەڵک دەکەن، دەتوانین پێیان بڵێین ڕۆشنبیران. ئامرازەکانی ئەم کاریگەرییەش دەستەڵات و پارە و پێگەی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکە توانایەکی تایبەتییە لە قسەکردن و نووسین. ڕۆشنبیر کەسێکە قسە دەکات یان دەنووسێت و بەم کارەشی کار لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی خەڵکی دەکات.

لێرەوە لەڕاستیدا هەموو دەستنیشانکردنێک بۆ ئەرک و ماناکانی ڕۆشنبیر تایبەتیین و دەربڕی بۆچوونی خاوەنەکەین. واتە پێناسێکی گشتگیر و هەمەلایەنمان بۆ ڕۆشنبیر نییە. منیش کە لێرەدا هەوڵ دەدەم دەستنشیانی هەندێک خاڵ بکەم، تەنیا تەعبیر لە بۆچوونی خۆم دەکەم و دەشزانم لەو ناساندنەی مندا زۆر کەس جێگەیان نابێتەوە کە بە ڕۆشنبیر دانراون و ناسراون! هەست دەکەم باشترین دەستپێکردن، گەڕانەوەیە بۆ مێژووی لەدایکبوونی چەمکەکە، چیرۆکی لەدایکبوونی ڕۆشنبیر وەک چەمکێکی تازە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەمیل زۆلای ڕۆماننووس. لە کۆتایی هەشتسەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا ئەفسەرێکی یەهودی بەناوی دریفۆس بەتۆمەتی خیانەتکردن دادگایی دەکرێت و حوکمی زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا دەدرێت. زۆلا کە بڕوای بە بێتاوانی دریفۆس هەبوو، وتارێکی بەناوبانگی بڵاوکردەوە بەناوی (من تۆمەتبار دەکەم) کە تیایدا بەرگری لە دریفۆس دەکات. زۆلا لەسەر ئەم نووسینە تووشی دەردەسەریی زۆر دەبێت. لەلایەن دادگاوە بەتۆمەتی ناوزڕاندن حوکم دەدرێت، بەڵام پێش دەستگیرکردنی ڕا دەکات بۆ ئینگلتەرا.. دواتر بێتاوانی دریفۆس دەردەکەوێت و لە ساڵی ١٩٠٦دا دادگا بێتاوانی دریفۆس ڕادەگەیەنێت.

زۆرێک بڕوایان وایە ئەم هەڵوێستەی ئەمیل زۆلا کە کاردانەوەی زۆر گەورەی دروستکرد، یەکەم چرکەی لەدایکبوونی ڕۆشنبیرە وەک هێزێکی تازە لە دنیای مۆدێرندا، کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا و دەسەڵات هەبێت. کاتێک لەم مێژووە ورد دەبینەوە، دەتوانین دوو خاڵی سەرەکی وەک شووناسی ڕۆشنبیر دەستنیشان بکەین:

١. ڕۆشنبیر کەسێکە بەناوی بەرگری لە ئازادیی و دادپەروەرییەوە ڕێگە بەخۆی دەدات قسە لەو بوارانەش بکات کە بواری تایبەتی خۆی نین. زۆلا ڕۆماننووس و ڕەخنەگری ئەدەبی بوو.

٢. بەرگریکردن لە ڕاستی بەبێ گوێدانە ئەوەی ئەم ڕاستییگوتنە تووشی چ کێشە و گرفتێکت دەکات. زۆلا کەسایەتییەکی گەورە کە خاوەن وەسامی شەرەف بوو، بەهۆی هەڵوێستەکانییەوە وەسامەکەی لێ سەندرایەوە و حوکم درا و ژیانی کەوتە مەترسییەوە.

لێرەوە بە بۆچوونی من ڕۆشنبیر کەسێکە بە دیدێکی ڕەخنەییەوە لە دنیای خۆی دەڕوانێت و لەسەر هەموو ئەو شتانە ڕادەوەستێت کە هەست

دەکات ئازادی یان دادپەروەری دەخاتە بەر مەترسی. مێژووی لەدایکبوونی چەمکەکە پێمان دەڵێت ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە بۆ بەرگریکردن لە ئازادی و دادپەروەری ئامادەیە قسە لەسەر هەموو ئەو بوارانە بکات کە بواری خۆشی نین. کاتێک ئەمیل زۆلا بەرگری لە ئەفسەرە یەهودییەکە دەکرد کە تۆمەتبار کرابوو بە خیانەت، نە پارێزەر بوو نە دادوەر، ڕۆماننوسێکی بەناوبانگ بوو کە ڕێگەی بە خۆی دا لەبەرئەوەی بێدادی دەبینێت، لەسەری هەڵبدات و بەرگری لە مافی ئەو کەسە بکات کە مافی خوراوە. کەوایە ڕۆشنبیر کەسێکە قسە دەکات لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە هەست بەوە دەکات ئازادی کەسێک یان گرووپێک لەژێر هەڕەشەدایە. کەسێکە بەرگری بێ چەندوچوون لە ئازادی بیروڕا و دادپەروەری دەکات و ژیان و کۆمەڵگای خۆی ڕەخنە دەکات بۆئەوەی سنورەکانی دادگەری و ئازادی فراوان بکات..

هەست دەکەم باشترین دەربڕین بۆ ڕۆشنبیر ڤۆلتێر کردویێتی کاتێک لە نامەیەکدا بۆ جان جاک ڕۆسۆ نووسی: (بیرڕاکانی تۆ تەواو پێچەوانەی بیروڕاکانی منن، بەڵام ئامادەم بمرم بۆئەوەی تۆ قسەکانت بکەیت). ڕۆشنبیر دەنگی ئازایە ئەوکاتەی هەڕەشەی لێ دەکرێت، هاواری دادگەرییە کاتێک بێدادی ڕوودەدات، دەنگ و قسەکردنە لەوکاتەدا کە بێدەنگی هەیە. ڕۆشنبیر کەسێکە دژی بێدەنگی و داواکارێکی بەردەوامە بی ئەوەی ڕووبەری قسەکردن بەردەوام لە فراوان بوون و گەورەبووندا بێت. هەست دەکەم گرنگی ڕۆشنبیریش هەر بۆ ئەم خەسڵەتی قسەکردنەی بگەڕێتەوە.. گرنگی ڕۆشنبیر لەوەدا نییە کە ڕاستی لە خەڵکی تر باشتر دەبینێت، کاریشی ئەوە نییە ڕەچەتەی چارەسەری کێشەکان بۆ کۆمەڵگا بنوسێت (زۆرجار ئەو چارەسەرەی ڕۆشنبیران پێشکەشیان کردووە، لە چارەسەرکانی دی باشتر نەبوون). بەڵکو کاری سەرەکی ئەوەیە قسە بکات و بە قسەکردنیشی هانی خەڵکانی دی بدات قسە بکەن. ئەرکی سەرەکی ڕۆشنبیر دژایەتی بێدەنگی و هیچ نەگووتنە.

**گوڵنار: ڕۆشنبیران چۆن دەتوانن کاریگەری لەسەر شەقام دروست بکەن؟**

ڕێبین هەردی: باشترین شتێک ڕۆشنبیر بیکات ئەوەیە هەرگیز بیری لای ئەوە نەبێت قسەکانی چی دروست دەکەن و چ دەرئەنجامێکیان دەبێت، باشترین کار ئەوەیە ڕۆشنبیران ڕاستگۆ بن لەگەڵ خۆیان و بۆچوونیان، هەرکاتێک شتێکیان پێ خراپ یان ڕاست نەبوو دژی بە دەنگی بەرز قسە بکەن بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی قسەکانیان چی دروست دەکات. ڕۆشنبیر پێشوەخت نابێت نە بۆ جوڵاندنی شەقام و نە بۆ کپکردنی قسە بکات، بەڵکو دەبێت قسە بکات ئەوکاتەی بڕوای وایە قسەیەکی هەیە بیکات. بەمانایەکی دی دەمەوێت بڵێم ڕۆشنبیران بۆئەوەی کاریگەرییان هەبێت پێش هەموو شتێک دەبێت خۆیان بن.. ڕای خۆیان بێ سڵمینەوە لە هیچ شتێک دەرببڕن و بیر لەوە نەکەنەوە ڕاکەیان کێ دڵخۆش یان زویر دەکات. ڕۆشنبیر بۆئەوەی کاریگەری هەبێت دەبێت بێ هیچ سڵکردنەوەیەک هەموو ئەو قسانە بکات کە بڕوای پێیەتی و بەرگریش لە هەموو ئەو دەنگ و بۆچوونانە بکات کە ڕێگەی وتن یان دەرکەوتنیان نییە. ڕۆشنبیر بەشێکە لە خەڵک و دەبێت لەگەڵ ئەو خەڵکەشدا هەنگاو بە هەنگاو بڕوات.. نە پێشڕەوی کەسە و نە پاشکەوتی کەسی دیش.. کەسێکە لە پاڵ خەڵکی خۆیدا دەژی و لەگەڵ ئەوانیشدا هەبگاو دەنێت. وابزانم ئیدی لەو سەردەمە دوورکەوتوینەتەوە ڕۆشنبیر وەک پێشڕەوی کۆمەڵگا دەبینێت کە کاری ئەوەیە ڕێگا پیشانی خەڵکی بدات. بەڵکو کاری ئەو ئەوەیە لە پاڵ و لەگەڵ خەڵکەکەیدا بێت و بەردەوام قسە بکات لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە هەست دەکات پێویستە قسە بکرێت.


**گوڵنار: ڕۆشنبیران چۆن دەتوانن کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی حکومەت دروست بکەن؟**

ڕێبین هەردی: بەوەی بەردەوام دەنگێک بن بیری ئەو شتانەیان بخاتەوە کە دەیانەوێت لە بیری بکەن، سەرنج و سەیرکردنیان بۆ ئەو شوێن و جێگەیانە ڕابکێشێت کە نایانەوێت بیبینن.. مەترسییەکانی دوورکەوتنەوە لە خەڵک و بێدادیی و ستەمکارییان بیربخاتەوە...ببێت بە بەشێک لەو هەوڵە زۆرانەی هەمیشە لە هەمو کۆمەڵگەیەکدا کە هەن بۆئەوەی کۆمەڵگەیەکی ئازادتر و دادپەروەرتر دروست بکرێت. بەوەشدا کە حوکمڕانی سەردەمی تازە بێ کادری ڕۆشنبیر مومکین نییە، ئەوا ڕۆشنبیران دەتوانن دەوری یەکلاکەرەوەیان لە زۆر ڕووی حوکمڕانیدا هەبێت..مانگرتنێکی سەرتاسەری مامۆستایان یان خوێندکاران کە لە پێگەی ڕۆشنبیراندان دەتوانێت حکومەت ناچار بە زۆر هەنگاو و گۆڕانکاری بکات. کاریگەری ڕۆشنبیر لەسەر حوکمڕانی تەنیا لەو حوکمڕانیانەدا ڕاستەوخۆ و بێ ناوەندە کە حوکمڕانییەکی عەقڵانی لە ئارادا بێت کە خۆی بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت لە قسە و ڕوانینی ڕۆشنبیرانەوە بەرنامەی کاری خۆی داڕێژێت. بەڵام لەو حوکمڕانییانەدا کە داخراون و ستەمکاری، کاریگەری ڕۆشنبیران ناڕاستەخۆیە.. کاریگەریەکە کاتێک دروست دەبێت کە بتوانێت ژمارەیەکی زۆری خەڵک وا لێ بکات ناڕازیبوونی خۆیان بە دەنگی بەرز ڕابگەیەنن.

گوڵنار: خاڵی لاوازی ڕۆشنبیری کوردی چییە؟

ڕێبین هەردی: ڕاستت بوێت پێش هەموو شتێک فەقیری فکرییە. ڕۆشنبیر بۆئەوەی دنیای خۆی ڕەخنە بکات و ئاسۆی تازە بدۆزێتەوە پێویستە لەڕووی فکرییەوە دەوڵەمەند بێت و شارەزاییەکی زۆری لەو بوارانەدا هەبێت کە قسەی تیادا دەکات. سەردەمێک مارکس گوتبووی فەیلەسوفان دنیایان تەفسیر کرد، ئێستا کاتی ئەوەیە بیگۆڕین. بەڵام لەڕاستیدا بێ تەفسیر و خوێندنەوەی دنیای خۆت، موکین نیە بتوانیت بیگۆڕیت. شتێک دەگۆڕیت کە بزانیت خاڵی بەهێز و لاوازەکانی چین. ئاڕاستەکانی چۆنن و بە چ میکانزمێک کار دەکەن.. گەر ئەمانە نەزانیت، چۆن دەتوانیت چاوەڕوانی گۆڕانکاری بکەیت.. دەی لەم ئاستەدا ئێمە ڕەنگە لە فەقیرتین ڕۆشنبیرەکانی دنیا بین. کەمترین لێکۆڵینەوە و ڕامان لەسەر کۆمەڵگای کوردی و گرفتەکانی هەیە.. کەمترین شت دەربارەی کەسێتی کوردی و کاریگەری دنیا لەسەری دەزانین.. کەمترین لێکۆڵینەوەمان لەسەر خێزان، قوتابخانە، گوند، شار.و هتد، هەیە بەشێکی زۆری دنیای ئێمە لە تاریکیدایە و زانیاری کەممان لەسەریان هەیە. ژیانی سیاسی، ئابووریی و کۆمەڵایەتی ئێمە پڕە لە شتی نەنوسراو و نەخوێندراوە. تەنانەت دنیای ئەدەبیاتی کوردیش پڕە لە شتی نەخوێندراوە و نەبینراو و باسنەکراو.. بێ هودە نییە ژمارەی ڕەخنەگرانی تێکستی ئەدەبی کوردی بە پەنجەکانی دەست دەژمێرێن. من جارێکی دیش گوتوومە ئێمە کە نەتوانین دنیای تێکستی خۆمان بخوێنینەوە، ئەوا بێگومان ناتوانین دنیای دەوروبەریشمان بە باشی ببینینڕوونتر بڵێم قسەکەی مارکس بۆ ئێمە ڕێک پێچەوانەیە، داواکارییەکی زۆری گۆڕانکاری هەیە، بەڵام تەفسیر و خوێندنەوەی دنیامان کەمە. کۆمەڵگایەکیش ئەستەمە بگۆڕێت گەر سەرەتا بەرچاوی بەرامبەر بە خۆی و ئەو دنیایەی تیایدا دەژی ڕوون نەبێت.

ڕۆشنبیریی ئێمە لاوازە، چونکە لەڕووی فکرییەوە یەکجار فەقیرە، هەر ئەوندە بەسە بزانین فەقیرترین کتێبخانەی دنیا کتێبخانەی کوردییە. بە پلەی یەکەمش فەقیری کتێبخانەی کوردی لە وەرگێڕاندا. هەر خوێندکارێکی کورد گەر بیەوێت شارەزای لە یەکێک لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسیدا پەیدا بکات، سەرچاوەی دەوڵەمەندی بە زمانی کوردی دەستناکەوێت. لەبەرئەوە بێگومان سەرکەیترین شتێک بۆ هەر ڕۆشنبیرێکی کورد ئەوەیە زمانێک یان دووان یان زیاتر بزانێت بۆئەوەی بتوانێت ژێرخانی فکری خۆی دەوڵەمەند بکات. زانینی زمانی کوردی بە



**بە بۆچوونی من ڕۆشنبیر کەسێکە بە دیدێکی ڕەخنەییەوە لە دنیای خۆی دەڕوانێت و لەسەر هەموو ئەو شتانە ڕادەوەستێت کە هەست دەکات ئازادی یان دادپەورەری دەخاتە بەر مەترسی.**

تەنیا مەحاڵە وات لێبکات هێندە لە ڕووی فکرییەوە دەوڵەمەند بیت، بتوانێت قسەیەکی کاریگەر لەسەر دنیای خۆت بکەیت.


**گوڵنار: بۆچی ڕۆشنبیرانی کورد لە ئاست پێگەکەیاندا نین؟**

ڕێبین هەردی: وەک وتم قسەکردن لەسەر ڕۆشنبیران وەک یەک گرووپی هاوشێوە و هاوئەرک کارێکی ڕاست نییە. ڕۆشنبیران هەموویان وەک یەک نین و هەمان ئەرک و شوناس و دەور نابینن... کاتێک قسە لەسەر ڕۆشنبیران دەکەین دەبێت بەدیاریکراوی بزانین باسی کێ و چی و لە چ شوێنێکدا دەکەین. ڕۆشنبیرانێکی زۆر ئەرکی خۆیان بە بەرگریکردن لە حیزب یان ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی دەبینن و ئەم ئەرکەش دەخەنە پێش هەموو شتێکی دیکەوە. ڕۆشنبیرانێکیش ئەرکی خۆیان بە بەرگریکردن لە ئازادی بیروڕا دەزانن و بەپێچەوانەی گرووپی یەکەمەوە هەموو ئایدۆلۆژیایەک کە بێدەنگکەری دەنگی تر و بۆچوونی ترە بە مەترسی دەبینن و دژی دەوەستنەوە. ڕۆشنبیرانێک باڵادەستی فڵان حیزب بە چارەسەری هەموو قەیرانێک دەزانن و ڕۆشنبیرانێکی دیش ئەم باڵادەستییە بە مەترسی دەبینن و ڕەخنەی لێ دەگرن. لە کوردستاندا هەردوو گرووپەکە ئامادەن. بەڵام بەوەدا کە ڕۆشنبیرانی حیزب یان ئایدۆلۆژیا ئامرازە کاریگەرەکانی پەیوەندیان لەبەردەستدایە، دەوریان گەورەترە لەوانەی هەمان ئامراز لەبەردەستیاندا نییە.

**گوڵنار: بۆچی لێدوان و نووسینەکانیان وەک پێویست کاریگەرییان لەسەر تاکی کورد نییە؟**

ڕێبین هەردی: من بەپێچەوانەوەی دەبینم، وابزانم بەشێکی زۆری ئەو ڕووبەرە نارازییەی لە دوای ڕاپەرینەوە ساڵ بە ساڵ گەورەتر بووە، بەشێکی بەرهەمی ڕەخنە و دەنگی ئەو ڕۆشنبیرانەیە کە بێدەنگ نەبوون و قسەیان کردووە. ڕۆشنبیرانی ئێمە بێدەنگ نەبوون و لە سەردەمی شەڕی براکانەوە دژی هەڵەکانی ئەم سیستەمە سیاسییە شتیان نوسیووە و قسەیان کردووە. کەم قۆناغی ژیانی سیاسی ئێمە هەیە لەلایەنی ڕۆشنبیرانەوە ڕەخنەی لێ نەگیرابێت و دژی قسەیان نەکردبێت. مێژووی سیاسی باشووری کوردستان، مێژووی بێدەنگی نییە، بەڵکو مێژوویەکی پڕ لە قسە و ڕەخنەیە کە بە هەوراز و نشێوی جیاوازدا ڕۆیشتووە. هەر مێژووی ڕاگەیاندنی ئەو حیزبانە بخوێنیتەوە، بەڕوونی ئەوە دەبینیت کە دەیانجار هێرشی گەورە و بەرفراوانیان کردۆتە سەر ڕەخنەگران و دەیان تۆمەتی ناپاکی و خیانەت و ئەمجۆرە شتانەیان خستونەتە پاڵ. بەڵام ئەوەی کێشەی دروستکردووە ئەوەیە کە کەناڵەکانی گەیشتن بە خەڵک و پەیوەندی زۆربەی بەدەست حیزبەکانەوەیە کە زۆرترین ڕووبەری قسەکردن دەدەن بەو کەسانەی لەگەڵیانن. ئەو هەموو کەناڵ و ڕۆژنامە و ڕادیۆ حیزبییە لە بەردەم ئەو ڕۆشنبیرانەدان کە لایەنگری حیزب و ئایدۆلۆژیایەکی سیاسین و هەمان شت لەبەردەستی ڕەخنەگراندا نییە. لەبەرئەوە بێگومان کاریگەری ئەوان لەسەر خەڵکی چ بە قەبارە و چ بە ڕووبەر کەمتر دەبێت.

**گوڵنار: بۆچی ڕۆشنبیران ناتوانن لە پرسە گرنگ و هەستیارەکاندا وەک پێویست شەقام بجووڵێنن؟**



حیزبی بوون ئەو کاتە دەبێتە کێشە کە دەستکاری ئەرکەکانی ڕۆشنبیر بکات وەك کەسێك کە بە ڕوانینێکی ڕەخنەییەوە تەماشای دنیا و دەوروبەری خۆی دەکات.

ڕێبین هەردی: جوڵاندنی شەقام پێویستی بە گەیشتنی دەنگ هەیە، گەیشتنی دەنگیش پێویستی بە ئامرازەکانی پەیوەندی هەیە لە تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەوە بۆ تورە کۆمەڵایەتییەکان□ دەی هەموو ئەمانەش بە تۆپزی لە بەردەم حیزبە باڵادەستەکاندایە. تەنانەت تورە کۆمەڵایەتییەکانیش کە وادەردەکەوێت وەک یەک لەبەردەستماندایە، ئەوا هەر حیزبە باڵادەستەکان لەناویدا بەهێزترن.. دەیان و سەدان پێگە و هەزاران ئەکاونت دەکەنەوە کە بە سپۆنسەرکردنێکی کراوە بە ڕووبەرێکی زۆر فراوانتر لە خەڵک دەگەن لەوەی ڕەخنەگران دەتوانن پێی بگەن. ئێمە دوو ڕۆژنامەی سەربەخۆمان لە کوردستاندا هەبوو کە لەبەر کەمی ئیمکانیات داخران، لەکاتێکدا ڕۆژنامە حیزبییەکان بە تیراژی زۆر و هەندێکیان بێ پارەش بەردەست خەڵک دەکەون. سەرمایەیەکی زۆری حیزبە باڵادەستەکانی بۆ ڕاگەیاندن سەرف دەکرێت کە ڕۆڵی گەورەیان لە بێلایەنکردن و کپکردنی دەنگی خەڵکیدا هەیە. ڕاستییەک کە هەیە ئەوەیە دەسەڵاتداران بەو هەموو ئیمکاتانەی هەیانە توانای جوڵاندنی شەقامیان گەر لە خەڵکی ناڕازی زیاتر نەبێت کەمتر نییە. ئەمە جگەلە لەشکرێک شەقاوە کە لەکاتە هەستیارەکاندا بە تێڵاوە دەچنەوە بە گژ ناڕازییەکاندا. گەر شەقام ناجوڵێت یان جوڵەی کەمە لەبەرئەوە نییە ڕۆشنبیران کەمتەرخەم بوون، بەڵکو لەبەرئەوەیە دەسەڵاتداران توانای تۆقاندن و ئازاردانیان گەورەیە.. جگەلەمەش توانای کاریگەریان لەسەر ئەو خەڵکە هەیە کە لایەنگریانن.. سامانێکی زۆری ئەوان بۆ کرین و ڕاکێشانی خەڵک سەرف دەکرێت. بەشێک لەوەی کە ئەم دەسەڵاتدارانە ناتوانن چاکسازی بکەن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چاکسازی ڕاستەقینە هەموو ئەو کەسانەیان لێوەردەگرێت کە بە ئیمکانات و ئیمتیازات ڕایانگرتووتن.

**گوڵنار: هۆی چییە دەسەڵاتی کوردی وەک پێویست گرنگی بە توێژی ڕۆشنبیران و تێڕوانین و بۆچوونەکانیان نادات؟**

ڕێبین هەردی: دەسەڵاتی کوردی گرنگی بەو ڕۆشنبیر و کەسانە دەدات کە هاوکاری دەکەن بۆ ئەوەی باڵادەستی بەسەر بوارەکاندا گەورەتر و بێ مەترسی تر بێت.. گرنگی بەوانە دەدات کە کار بۆ خۆی و بەردەوامی دەسەڵاتی دەکەن. بگرە سەرمایەیەکی زۆریش بۆ ئەوە تەرخان دەکات کە کەسانێک بۆ ئەم کارە هانبدات. سەرمایەیەکی زۆری دەسەڵات بۆ خوێندەواران سەرف دەکرێت چ بۆئەوەی بەشێک بن لە پرۆژەی دەسەڵاتداریتی ئەوان و چ بۆ بێدەنگکردن یان لانیکەم بێلایەنکردنیان. بەڵام سەیرەکە لەوەدایە کە دەسەڵات بەم کارانەی نەک تواناکانی بینین و بیستنی گەورە ناکات، بەڵکو بەردەوام بچووکی دەکاتەوە.. تێنوێتی دەسەڵات بۆئەوەی درێژکراوەی دەنگ و ڕەنگی خۆی ببینێ، وای لێدەکات زۆر ڕاستی و حەقیقەتی کۆنکرێتی بە باشی نەبینێت. ئەوەی وا لە دەسەڵات دەکات ئەو قسانەی گوێ لێ نەبێت کە ڕەخنەگرانی دەیڵێن، بەرزی و باڵادەستی ئەو دەنگانەیە کە خۆی سەرمایەگوزاری تیاکردووە بۆئەوەی وەک خۆی قسە بکەن و ببینن. پارادۆکسەکەش لێرەدایە، پارە و سامانی زۆر تەرخان بکەیت، بۆئەوەی نەبینیت

و نەبیستیت. ئەوەی دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان هەمیشە لە وەهمی ئەوەدا دەژین نوێنەری خەڵکن و خەڵک خۆشی دەوێن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵە. ئەو هەموو وتاری پیاهەڵدان و پشتگیرییە درۆزنەی بۆ خۆیانی دروست دەکەن، وایان لێدەکات حەقیقەتی خۆیان نەبینن و درۆکەی خۆیان لا ببێت بەڕاست. سەدام تا ڕۆیشتیش خۆی بە نوێنەر و دەنگی خەڵکی عێراق دەزانی. قەزافی دەیگووت خەڵک ئەویان داناوە و تا کوژراش خۆی بە خۆشەویستی خەڵک دەزانی.

**گوڵنار: مەیلی لایەنداریی و ئینتیمای حیزبی، و دابەشبوونی ڕۆشنیران بەسەر حیزبەکاندا تا چەند زیانی بە ناوبانگی ڕۆشنیران گەیاندووە؟**

ڕێبین هەردی: پرسیار ئەوە نییە ڕۆشنبیران حیزبین یان بێلایەن، ڕۆشنبیران وەک هەر مرۆڤێکی دی مافی ئەوەیان هەیە لایەنگری بکەن یان ببن بە ئەندامی حیزبێکی سیاسی. کێشە لە حیزبی بووندا نییە.. کێشە ئەوەیە حیزبی بوون یان لایەنگری وات لێبکات بە دیدێکی ڕەخنەییەوە نەڕوانیتە شتەکان.. حیزبی بوون ئەو کاتە دەبێتە کێشە کە دەستکاری ئەرکەکانی ڕۆشنبیر بکات وەک کەسێک کە بە ڕوانینێکی ڕەخنەییەوە تەماشای دنیا و دەوروبەری خۆی دەکات. ئەوکاتە کێشەیە کە لایەنگری حیزبی وات لێبکات هیچ کەموکوڕیی و خراپەکارییەکی حیزب نەبینیت و کار بۆ چاککردنی نەکەیت.. ئەوکاتە کێشەیە کە تەماعی خۆبردنە پێشەوە و خۆشەویستبوون لای سەرکردەکان وات لێبکات بە دڵ و حەزی ئەوان قسە بکەیت. گرنگ نییە ڕۆشنبیران حیزبین یان نا..گرنگ ئەوەیە لەناو حیزبدا دەوری ڕۆشنبیری خۆیان ون نەکەن و کار بۆ کرانەوەی زیاتری حیزب بکەن.. بەشێکیش لە ڕۆشنبیرانی حیزبیش ئەمکارەیان کردووە و دەیکەن.. ئەوەی کە جاروبار قسەی باش و کاری باش دەبینین (هەرچەند کەم) بەرهەمی کاری ئەو ڕۆشنبیرە حیزبیانەیە. هەموو ڕۆشنبیرانی حیزب نەبوون بە کۆیلەی حیزب و مەدحکەری دەسەڵات، بگرە هەندێکیان بە ویژدانێکی زیندوو کاریان لەسەر ئەوە کردووە حیزب فلان یان فیسار کار نەکات. ئەوەی کە کەمجار ڕوویداوە بەیانی ڕەخنەگرانە دەربکەین و چەندان ئەندامێکی حیزبیمان لەگەڵدا نەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵە. بوونی ڕۆشنبیران لەناو حیزبدا گرنگە، چونکە ڕەنگە تاکە هیوایەک بێت کە وا لە حیزبەکان بکات زیادەڕەوی لە خراپەکاریدا نەکەن. بەڵام هچ گومانێک نییە ئەوانەی ئەم دەورە پۆزەتیڤە دەبینن هەم بە ژمارە کەمن و هەم بە کردەوەش کەم هەست بە بوونیان دەکرێت، بەڵام هەن و بەشی خۆی کاریگەریان هەیە.

**گوڵنار: بە ئایدیۆلۆژیابوونی ڕۆشنبیران و بۆچوونەکانیان، یان زۆرجار داگەڕانیان بۆ شەڕی ئایدیۆلۆژیی و مەزهەبی و ناوچەیی، بەشداری کردنیان لە ململانێی نێوان ئیسلام و عەلمانییەت، یا ئیسلامییەکان و عەلمانییەکان تا چەند وایکردووە لایەنگرانی هەردوو بەرەی ئیسلامیی و عەلمانی ئامادە نەبن بە چاوی بایەخەوە سەیری ڕۆشنبیری ئێمە بکات؟**

ڕێبین هەردی: تەماشاکە، لەبەرئەوەی ڕۆشنبیران سەروکاریان لەگەڵ فکر و بۆچووندایە.. کاری ئاسایی ئەوەیە بۆچوونی خۆیان هەبێت و بەرگری لەو بۆچوونە بکەن. ئەوەی کێشەیە بەرگری لەم بۆچوونە بگاتە ئەو ئاستەی ئامادەبیت سەرکوتکردن و بێدەنگکردنی بۆچوونی ترت پێ ئاسایی بێت. یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیر (وەک من بڕوام پێیەتی) بەرگری لە بوون و ئامادەیی بۆچوونی جیاوازە. یەکێک لەو کێشانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی ئێمە بۆتەوە بەرگریکردنی هەنێک لە ڕۆشنبیرانە لە چەمکی عەلمانیەت وەک ئایدۆلۆژیایەکی پیرۆز کە قابیلی دەستکاری نییە... هەروەها پێچەوانەکشی وەک چەمکێکی کوفرئامێز و ناڕەوا کە قابیلی سوودلێوەرگرتن نییە.. هەردوو ئەم بۆچوونەکە کێشەی گەورەی بۆ دروستکردووین. من لە شوێنێکی دیش گوتوومە ڕەگ و ڕیشەی

عەلمانیەتی سیاسی بۆ ئەوە بوو کۆتایی بە ناکۆکی سیاسی گرووپەکان بهێنێت و وابکات دەوڵەت لەو ململانێیانەدا بێلایەن بێت..کەچی ئەو تێگەیشتنە بۆ عەلمانیەت (وەک جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت) بۆ ئەوە دێت ناکۆکی دروست بکات و گرووپەکان بەگژ یەکدا بکات. بەبڕوای من کاری ڕۆشنبیر هەمیشە و بەردەوام کەمکردنەوەی ڕادەی بەرکەوتن و ڕێگەنەدان بەوەی بەرکەوتنەکان توند و ڕەتکەرەوە بن. هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی زەمینەیەکی هاوبەش کە هەمووان بتوانن تیایدا پێکەوە بژین و قسە بکەن و ڕا و بچوون بگۆڕنەوە.

لەڕاستیدا عەلمانیەت پێویستی بە پێناسەکردنەوە هەیە. پێویستە بەجۆرێک لێی بڕوانین وەک ەمکێکی هاریکار بۆئەوەی ژیان ئاسانتر و لێبوردو تر بکات، نەک وەک عەقیدەیەکی ئایدۆلۆژی کە ناکۆکی و پێکدادان لە نێوانماندا دروست بکات. تۆ ڕاستدەکەیت زۆرێک لە وزەی ڕەخنەگری ئێمە بەهۆی ئەم ناکۆکییەوە بەفیڕۆ دەڕوات. بەڵام خۆشبەختانە لە ١٧ی شوباتدا ئەم ناکۆکییە کۆتای پێهات و ڕەخنەگرانی دینیی و ئەوانەش کە مەرجەعی بیرکردنەوەیان دین نییە، یەکیانگرت و بەم یەکگرتنەش هێزێکی زۆر گەورە و کاریگەریان دروستکرد. ١٧ی شوبات ئەوەی سەلماند گەر بەسەر ئەم ناکۆکییە دروستکراوانەدا باز بدەین، زۆر خاڵی گرنگ هەیە دەتوانین لەسەری کۆببینەوە و کۆبوونەوەکەشمان زۆر کاریگەرتر بێت لەوەی بەجیا کار بکەین.

**گوڵنار: کۆمەڵگەی کوردی لە نەبوونی نوخبەیەکی ڕۆشنبیری بێ لایەنی کاریگەر چ زیانێکی لێ کەوتووە؟**

ڕێبین هەردی: هەستناکەم ئەم پرسیارە ڕاست بێت. بەڕاست ڕۆشنبیرانێکی بێلایەن و کاریگەرمان هەبووە کە بەردەوام دەنگی بەرز و ئاشکرا بووە. کێشە ئەوەیە خەڵک کە دەبینن دنیا ناگۆڕێت، کە دەبینن شتەکان وەک خۆیانن. وادەزانن سوچی ڕۆشنبیرانە کە قسەیان نەکردووە. بەس ڕاستییەکەی ئەوەیە گۆڕینی شتەکان زۆر شتی زیاتر لە قسەی ڕۆشنبیرانی دەوێت. ئێمە لە باشووری کوردستاندا خەڵکانێکمان هەیە لەسەر قسەکردن شەهید بوون، زیندانی کراون و ئەشکەنجە دراون.. کەم ڕۆشنبیر هەیە لەلایەن حیزبەکانەوە پەلامار نەدرابێت چ بە شکات چ بە ڕێگەی تر ئازاریان پێ نەگایاندبێت. بڕوا مەکە گەر ئەو دەنگ و کارانەی ڕۆشنبیران بێ هودە بوایە، دەسەڵات واپێی ناڕەحەت بوایە و ئازاری بدانایە. بوونی ئەو هەموو شەڕە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگر و هەرجارە و دروستکردنی کێشەیەک بۆیان باشترین بەڵگەیە کە نوخبەیەکی وا هەیە و ئامادەگی هەیە. ئەوەی زیانی لە کۆمەڵگەی ئێمە داوە نەبوونی ڕۆشنبیری کاریگەر نیە، بەڵکو شتی ترە کە لێرەدا بە خێرای ئاماژە بۆ چەند شتێک دەکەم:

١) پارچە پارچە بوونی کۆمەڵگەی کوردی و دابەشبوونی بەجۆرێکی وا ترسناک کە کۆبونەوەیان یەکجار ئەستەم و زەحمەتە.

٢) باڵادەستی حیزبەکان بەسەر دوو زۆنی جیاوازدا کە بە تۆپزی هەر زۆنێکی لەژێر کاریگەری ئەودایە کە باڵادەستە بەسەریدا.

٣) نەبوونی بازاڕێکی هاوبەش وایکردووە هەرکەسە تەنیا لە شارەکەی خۆیدا سەرمایەگوزاری بکات و خۆی لە شارەکانی دی بەدوور بگرێت.

٤) نەبوونی تەنانەت زانکۆی نشتیمانی و کردنەوەی ئەو هەموو زانکۆیە لە شارەکاندا کە وایکردووە خوێندکاری هیچ شارێک لە شارێکی دی نەبێت و بەمەش کەمترین پەیوەندی لە نێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا ڕووبدات.

ئەم شتانە و گەلێک شتی تر هۆکاری سەرەکی گرفتەکانی کوردستانن کە بێگومان بە کاری ڕۆشنبیران بە تەنها چارەسەر نابن.

# هەبوونی ڕۆشنبیر واقعە یان ئاوات؟





**فازیل قەرەداغی**

لەدایکبووی ١٩٦٢، بەکالۆریۆس لە ئەندازیاری شارستانیی
(١٥) کتێب و چەند نامیلکەی چاپکراوی هەیە لە بوارەکانی
مێژووی دێرینی کوردستان، فیکر، ڕەخنە و ئەدەب.
دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.

**((کاتێک قسە بۆ سەربازەکانت دەکات بەرزیان بکەرەوە بۆ ئاستی خۆت و وریابە دانەبەزی بۆ ئاستی ئەوان))**

**یەکێک لە ڕێنماییەکانی هونەری سەرکردایەتی.**

**** ****

وشەی (ڕۆشنبیر) یەکێکە لەو زاراوە نوێیانەی کەمێک ڕاستییان تیایە لەگەڵ وەهمی زۆر. وشە کوردییەکە وەسفێکی جوان بە توێژێک دەبەخشێت کە تا ئێستا نازانین بەوردی ئەو توێژە کێ دەگرێتەوە. وشەکە کوردییەکە دەڵێت: ئەو کەسە خاوەن فیکرێکی ڕووناکە، بەڵام پێوەرێک نییە بزانین چی ڕووناکە و چی تاریکە، چونکە هەر کۆمەڵە کەسێک پێوەری خۆیانیان هەیە بۆ ڕووناکی و تاریکی. ئەگەر (ڕۆشنی)ش بەواتاکەی تر تەماشا بکەین، واتا (ڕوون)، بەشێکی ئەوانەی وەسفی ڕۆشنبیریان پێدراوە بیرکردنەوەی تێکەڵ و تەمومژاوییان هەیە.

ڕەنگە زاراوەی (بژاردە) یان (هەڵبژاردە) وردتر بێت چونکە ئەندازەی ستایشەکەی کەمترە ئەگەرچی هەر هەیەتی. لەبەر ڕۆشنایی ئەم زاراوەیەش دەڵێین هەر کۆمەڵگەیەک و هەر سەردەمێک هەڵبژاردەی خۆی هەبووە. مەلاکان لە کۆمەڵگەی کوردەواریی و بۆماوەیەکی زۆر هەڵبژاردە بوون. بەپێوەری خوێندەواریی و هەبوونی زانیاری مەلاکان زیاتر لە جەماوەر ئەوان ڕۆشنبیری کۆمەڵگە بوون، بەشێکیشیان نووسەر و شاعیر بوون، واتە بژاردەی بژاردە بوون. بێگومان بەپێوەری کەسانێکی تر مەلاکان ڕۆشنبیر نەبوون، بەڵکو سەرکاروانی بیری تاریکی بوون. دواتر توێژێکی تری خوێندەوار و نووسەر و شاعیر بوونە هەڵبژاردە کە دیسان بەپێی پێوەری توێژێکی تری کۆمەڵگە ڕۆشنبیر نەبوون.

**دوور بڕوانە، قووڵ ببینە**

تایبەتمەندییەکی ڕۆشنبیر کە لە خەڵکی ئاسایی جیای دەکاتەوە ئەوەیە ڕۆشنبیر قووڵتر و دوورتر دەڕوانێتە شتەکان و دیاردەکان. لەم تایبەتمەندییە ڕۆشنبیر لە پیاوی دەوڵەت و سیاسەتمەداری بەئەزموون دەچێت. جیاوازییەکەش ئەوەیە سیاسەتمەداری لەو جۆرە ئەوپەڕەکەی قووڵتر و دووتر دەڕوانێتە ڕووداوە سیاسییەکان، بەڵام ڕۆشنبیر لە ئاستی سیاسەت ناوەستێت بەڵکو چاوەکانی کاریگەریی ڕووداوەکان لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگە و تەنانەت بوون و گەردوونیش دەبینن. ڕۆشنبیر گشتگیرترە لە سیاسەتمەدار. ئەگەر سیاسەتمەدار لەپاڵ کارە سیاسییەکەی بەو شێوە فراوانە بیربکاتەوە ئەو کاتە لە پیاوی سیاسەت گەورەتر دەبێت: خاوەن ڕوئیا، خاوەن پەیام، بیرمەند، تەنانەت پێغەمبەری فیکریکی زەمینی.

دووربینی و قووڵبینی لای سیاسییەکان تایبەتمەندییەکی زۆر بڵاو نییە. هەوڵدان بۆ دەستکەوتی سیاسیی و ئابووریی سیاسەتمەدار هۆکارێکە بۆ نەبوونی ئەو دوو تایبەتمەندییە یان لادان لێیان ئەگەر هەبن.

ڕۆشنبیر پێویستی بە بەرژەوەندیخوازی نییە، چونکە نە سەرۆک حزبە و نە سەرۆک وڵات. ڕاستییە سادەکە وا دەڵێت، بەڵام بەشێوەیەکی فیعلی شتەکان جیاوازن. ڕۆشنبیر وەکو پیاوی سیاسەت وردە بەرژەوەندیی هەیە: دەستکەوتێکی ماددی دەسەڵات بیداتێ، دروستکردنی ناوبانگ بۆ خۆی، پەیداکردنی مورید و دەروێش ... ئەوەش جیاوازیی لە نێوان ڕۆشنبیری خاوەن پەیامێکی بەرز و دوور لە تەماع لەلایەک و ڕۆشنبیرێکی بێ پەیامی لەو جۆرە. هەربۆیەش زاراوەی ڕۆشنبیر زاراوەیەکی خەڵەتێنەرە و ناچارمان دەکات بە شاعیرێک کە ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرێت بڵێین ڕۆشنبیر، بەڵام بەهەمان شێوە بە شاعیرێک شیعر بۆ حزبەکەی یان بۆ سەرکردە یان بۆ دەسەڵات

دەهۆنێتەوە (واتە شاعیرێکی بێ پەیامی بەرز) بڵێین ڕۆشنبیر.

تایبەتمەندیی ((جیاوازبوون)) لە نێوان دوو جۆرە ڕۆشنبیرەکەیە، بەڵام بە کەڵکی جیاکردنەوەی ڕۆشنبیر لە کەسانی ئاسایی نایەت، چونکە جیاوازبوون مرۆڤ ناکاتە ڕۆشنبیر. جاری واشە مرۆڤی جیاواز دەجالێکی گەورەیە.

تایبەتمەندیی دوورتر و قووڵتر بیرکردنەوە زۆربەی زۆری ئەوانە ناگرێتەوە کە بە ڕۆشنبیر ناودەبرێن. ئەوانە زانیاریی تەواویان نییە لەسەر ئەو شتانەی قسەیان لەسەر دەکەن و وەکو خەڵکی تر سەرزارەکی بیردەکەنەوە و ناتوانن لە ئەمڕۆیان دوورتر بڕوانن. ئەمە بە بەرجەستەیی لە نووسین و لێدوانی ئەو ڕۆشنبیرانە دەبینین. ئەوانە قسە و تێگەیشتنی ناو خەڵک لەبارەی ڕووداوێک یان دیاردەیەک دووبارە دەکەنەوە و بۆچوونەکانیان لەسەر زانیاریی میدیا بینا دەکەن نەک لەسەر توێژینەوە. کاتێکیش پەنا بۆ توێژینەوە ئەوانە بەکاردەهێنن کە یەک پاشخانیان هەیە و کە بەزۆری ئەوەیە لەگەڵ بیروڕاکانیان ڕێکە. زۆریشمان بینیوە کەسانێک نەک تەنها ڕۆشنبیر بەڵکو بە بژاردەش زانراون زانیاریی هەڵەی لەو جۆرانەیان کردووە.

### کۆتوبەندی کۆمەڵگە و سەردەم

ڕۆشنبیر بەرهەمی کۆمەڵگە و سەردەمی خۆیەتی. بەشێکی ڕۆشنبیران لە کۆمەڵگەی خۆیان دەردەچن ئەویش ئەگەر لە کۆمەڵگەی تر بژین یان خوێندنی زۆریان لەسەر کۆمەڵگەی تر هەبێت. ئەگەر ڕۆشنبیرەکەش زیاد لە یەک زمان جگە لە زمانی دایک بزانێت و بەو زمانانە بخوێنێتەوە شارەزایی زۆرتر دەبێت لەبارەی کۆمەڵگەکانی ترەوە. ئەگەر ڕۆشنبیرێکی بەرهەمهێنەر وەکو نموونە وەربگرین دەبینین شاعیرێک (بەدەر لە بەهرەکەی) چەند زمانێک بزانێت و شیعر بە چەند زمانێک بخوێنێتەوە توانای زیاترە لە شاعیرێک تەنها زمانی دایک بزانێت.

دەربازبوون لە کۆتی زەمەن زۆر زەحمەتتر لە دەربازبوون لە کۆمەڵگە، مرۆڤ دەتوانێت بە ژیان لە کۆمەڵگەی تر یان بە زانینی زمانی تر تارادەیەک ئاستی بیرکردنەوەی فراوانتر بکات، بەڵام ئەو مرۆڤە دەتوانێت تەنها گەشت بۆ زەمەنی ڕابردوو بکات بەمەرجێک سەرچاوەی بۆ ئەو زەمەنە هەبێت. ئەو ناتوانێت گەشت بۆ سەردەمێک بکات کە نەهاتووە، هەرچەندیش لەسەر دواڕۆژ بخوێنێتەوە و خۆی بیری لێبکاتەوە هێشتا وێنەیەکی ناتەواوی دەستدەکەوێت (چەند کەس لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیست دەیتوانی پێشبینی ئینتەرنێت بکات؟). تەماشایەکی ڕۆمانە کۆنەکانی خەیاڵی زانستیش ئەو ڕاستییەیەمان بۆ دەردەخات، بۆ نموونە ڕۆمانی چوونە سەر مانگ کە جول ڤێرن ساڵی ١٨٦٥ نووسیبووی کە ئامێری چوونە سەر مانگ بریتی بوو لە تۆپێکی زەبەلاح کە کەسەکانی ناو خەرتووشێکی بۆ مانگ هەڵدا.

ئێستا چووینە مەیدانێک کە زۆر دوورە لە توانای زۆرێک لە ڕۆشنبیران. ڕۆشنبیریش ئەگەر نەتوانێت پێشبینیی داهێنانێکی تەکنەلۆجی بکات چۆن دەتوانێت دوورتر بڕوانێتە دیاردەیەکی ناو کۆمەڵگە بۆئەوەی قازانج و زیانەکانی بزانێت؟ ئەگەرچیش پێشبینیکردنی ئەمەی دوایی ئاسانترە لە پێشبینیکردنی داهێنانی تەکنەلۆجی، بەڵام یەکەمیان قورسبوونی خۆی لەوە وەردەگرێت کە تێکەڵە بە بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆجیا و تەنانەت حەزی ڕۆشنبیرەکە.

ئەم بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆجیا و حەزە کە کەس نییە لێیان خاڵی بێت گومان دەخاتە سەر زاراوەی ڕۆشنبیر و واتا باوەکانی. ئەو کەسەی پێشبینی دواڕۆژێک دەکات بەپێی بیروباوەڕ و حەزەکانی خۆی جیاوازیی نییە لە کەسێکی ئاسایی کە هەمان پێشبینی دەکات مەگەر ئەمیان وشەی ئاسایی بۆ

دەربڕینی ئەو پێشبینییە بەکاردەهێنێت و ئەویان زاراوە و چەمکی فیکریی و فەلسەفی بەکاردەهێنێت.

ڕەنگە بتوانین ئەو کەسەی پێش سەردەمی خۆی دەکەوێت بەوشێوەیەی حەزی لێدەکات ناوبنێین ڕۆشنبیر، بەڵام بیرکردنەوەی ئەو لە وەهم نزیکترە وەک لە ڕاستی. ڕۆشنبیری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە تەسەورێکی هەیە بۆ دواڕۆژ بەدەر لە حەزەکانی خۆی.

بەڵام کەسانێک هەن تەنانەت لە کۆمەڵگەی خۆشیان دابڕاون چ جای ئەوەی لە کۆمەڵگە و سەردەمی خۆیان دەربچن. ئەو ڕێنماییە زێڕینە بۆ سەرکردەکان کە دانەبەزنە ئاستی سەربازەکان بەڵکو سەربازەکان سەرخەن بۆ ئاستی خۆیان لای هەندێک کەس ئەمسەر و ئەوسەری بەدیهاتووە. لە سەری دانەبەزین بۆ ئاستی سەربازەکان ئەو کەسانە ئەوەندە خۆیان لا بەرز و دوور لە خەڵکن وەسفی (نیشەجێی بورجی عاجی)یان بەسەردابڕاوە. ئەمانە تێکەڵی خەڵکی ئاسایی نابن، هەرکاتێکیش تێکەڵیان دەبن بە ئەندازەیەکی زۆر بچووک و بۆ خۆنمایشکردنە تا ببینرێن. نەرجسیەت دەگاتە ئاستێک لایان کە بە لووتبەرزییەوە تەماشای نەک تەنها کەسانی ئاسایی بەڵکو ڕۆشنبیرانی تریش بکەن. سەرەکەی تریش، واتە بەرزکردنی سەربازەکان بۆ ئاستی خۆیان بەتەواوی لایان ونە. ئەوانە هەوڵ نادەن کەسانی بەتوانا هەڵبکەون، بەشێکیشیان تەنها مورید و دەرویشیان دەوێت بۆیە دەیانبینین زۆرترین کەسن باسی گرنگیی ڕەخنە دەکەن کاتێک خۆیان ڕەخنە دەگرن، بەڵام بێئارامترین کەسن بەرامبەر ڕەخنەیەک لە خۆیان دەگیرێت. سەیریش نییە ئەوانە زۆرترین هەڵە لە شیکاریی و لە زانیاری دەکەن، چونکە پشت بەو وێنەیە دەبەستن کە بۆ خۆیانیان دروستکردووە ئیتر زۆر بایەخ بە قووڵبوونەوە لە شیکاریی و وردی لە زانیاری نادەن. ئەوانە نەخۆشیی نەرجسیەتیان هەیە بۆیە ناتوانن ببنە مامۆستا بۆ کۆمەڵگە یان بەلای کەمەوە کاریگەرییان هەبێت لەسەری.

هەروەها ئەو دابڕانە لە کۆمەڵگە وایکردووە بازنەی گوێگرانی ئەو کەسانە تەنها بەشێکی خوێندەواران و وردە ڕۆشنبیر بن، چونکە تەنانەت بەشێکی زۆری خوێنەر و ڕۆشنبیرانی تر لێیان دەتەکنەوە. پاش ئەو دابڕانەی ڕۆشنبیرانیش نۆرەی گلەییەکردن لە کۆمەڵگە دێت کە بە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو ناوی دەبەن، چونکە گوێ بۆ ئەوان ناگرێت و بایەخی بە دوڕ و گەوهەرەکانی ئەوان نادات، بەڵام لە دەوری گۆرانبێژ کۆدەبنەوە و گوێ بۆ مەلاکان دەگرن.

### ڕۆشنبیر و دەسەڵات

دابڕانی گەورە دوای ئەوە دێت، کە لەهەمانکات دارمانێکی گەورەیە، کاتێک ڕۆشنبیر لە ستەمکارییەکانی دەسەڵات بێدەنگ دەبێت یان تەنها ڕەخنەی شەرمنانە و موتەحەفیز دەگرێت. دابڕان و دارمانی گەورەتریش کاتێکە ڕۆشنبیر ببێتە پاساوهێنەری دەسەڵات یان حزب. ئەو کاتەش تەنها توێژە نزمەکە لەڕووی فیکرییەوە و تەنانەت لەڕووی ئەخلاقیشەوە گوێی بۆ دەگرن کە خەڵکی سوودمەندن لە دەسەڵات، هەروەها حزبییە دەمارگیرەکان. بەشێکی زۆری چەپی عەرەب تووشی ئەو خۆلکاندنە بە دەسەڵاتی ستەمکار و دیکتاتۆرەکانەوە ببوون. پاڵنەری گەورەی ئەوانیش دژایەتیی تەوژمی ئایینی و بەتایبەتی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان بوو. لەم ساڵانەی دواتریش لیبراڵە عەرەبەکان چوونە پاڵیانەوە بۆ پشتگیریی نەک تەنها دەسەڵاتە ستەمکارەکان، بەڵکو تەنانەت دەسەڵاتی پاشا و میرەکانی کەنداو. هەردوولا لە دژایەتیکردنی تەوژمی ئایینی هەردوو لا چەمکی چەپگەرایی و لیبراڵیەتیان شێواندووە.

## پێکەوەبەستنی پەرشوبڵاوەکان

جگە لە قووڵ و دوور ڕوانین، تایبەتمەندییەکی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە ئەوەیە شتەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە. مرۆڤی ئاسایی دیاردەکان و ڕووداوەکان بە پارچەپارچەیی دەبینێت. زۆر جار دوو ڕووداو بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام توانای مامەڵەی نییە لەگەڵ قەرەباڵغی ڕووداوەکان بۆیە تەنانەت بەیەکەوە بەستنەکەشی سادەیە. کاتێکیش ڕۆشنبیرەکە وەک مرۆڤی ئاسایی سادە بیردەکاتەوە یان کاتێک ئایدیۆلۆجیایەک دەیجووڵێنێت (زۆربەشیان نکۆڵی لەوە دەکەن خاوەن ئایدیۆلۆجیا بن) وەکو ئەو مرۆڤە ئاساییە توانای بەیەکەوەبەستنی شتەکانی نییە. ئەو بێتواناییە لەوە دەبینینەوە کە قسە لەسەر دیاردەیەکی کۆمەڵگە دەکەن بێ بەستنەوەی بە سەرجەمی نیزامی کۆمەڵایەتییەوە و هەمان تەرحی کەسانی ئاسایی و ڕێکخراوە ئەهلییە خاوەن ئەجینداکان دووبارە دەکەنەوە.

## بۆچی ڕۆشنبیر کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە لاوازە؟

هەڵبژاردە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگە بەپێی نزیکییان لەو کۆمەڵگەیە کاریگەرییان هەیە، لە مێژووی ئیسلامی چەند جۆرە هەڵبژاردەیەک هەبوون، ئەوانەی نزیکتر بوون لە کۆمەڵگە فەقیهەکان و دوای ئەوان ئەوانەی خەریکی فەرموودە بوون. فیقهـ پێویستییەکی کۆمەڵگەیە، دوای ئەو فەرموودە. هەربۆیە جگە لەوانەی فیقهـ و فەرموودەیان بە پەیام و ئەرک زانیبوو کەسانێکی زۆر خەریکی ئەو دوو بوارە بوون، بەتایبەتی فیقهـ ، چونکە مرۆڤ بەهۆیانەوە پایەیەکی لە کۆمەڵگە دەستدەکەوت.

نوخبەیەکی تر ئەوانە بوون کە خەریکی عیلموکەلام بوون کە بە لاهووتی ئیسلامی ناودەبرێت. بابەتەکانی عیلموکەلام جگەلەوەی ئاڵۆزبوون دووریش بوون لە ژیانی خەڵک و بوارێکی تیۆری بوون. عیلموکەلام وەکو بوارێکی هەڵبژاردەکان مایەوە ئەگەرچی تارادەیەک بۆ ناو جەماوەر شۆڕبۆوە، بەڵام ڕەنگە ئەمە زیاتر بەهۆی ئەو ململانە فیکرییەوە بووبێت کە لە نێوان قوتابخانەکانی عیلموکەلام دروست بوو و کار گەیشتە ئەوەی لایەنە ناکۆکەکان پەنا بۆ دەوڵەت بەرن بۆ سەپاندنی ئەم قوتابخانەیە یان ئەو قوتابخانەیە.

ئەوەی سەیر نییە ئەوەیە موعتەزیلە کە بانگەشەیان بۆ عەقڵ و بەکارهێنانی عەقڵ دەکرد بە پشتیوانی بەشێک لە خەلیفەکان بیروباوەڕەکانیان بەسەر کۆمەڵگە سەپاند و کار گەیشتە بەندکردن و ملپەڕاندنی هەندێک زانای نەیار. ئەوە سەیر نییە، چونکە ڕۆشنبیربوون ڕێگە ناگرێت لە سەپاندنی بیرورا. ئەمە نەک تەنها بۆ ئەو سەردەمانە ڕاستە، بەڵکو بۆ سەردەمە نوێکانیش ڕاستە، بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز. داواکردنی قەدەغەکردنی هەندێک کاروچالاکی و بیروباوەڕ شتێکی دەگمەن نییە لای ڕۆشنبیران. ئەگەر ئەوە نەکرا بەدیلەکە جۆرە چەوساندنەوەیەکی ناڕاستەخۆ کە ناووناتۆرە و قێزونکردنە لای کۆمەڵگە. تۆمەتێکی وەک ((دواکەوتوو)) لەناو بەشێکی ڕۆشنبیران باوە بۆ ناوبردنی نەیارەکانیان لە تەوژمی ئایینی بۆ ناشیرینکردنیان لای توێژی خوێندەواران. بەرامبەر بەوەش تۆمەتی ئیلحاد و زەندەقە چەکی هەندێک ڕۆشنبیری تەوژمی ئایینی دژی ئەوانی تر بۆ دوورخستنەوەی جەماوەر لێیان.

کاریگەریی ڕۆشنبیران بەزۆری لەسەر ڕۆشنبیرانی ترە. لە حەفتاکانی سەدەی بیست چەند ئەزموونێکی شیعری لە کوردستان کاریگەرییان زۆر بوو لەسەر شیعر، بەڵام ئەمە زیاتر لەناو خوێندەواران دەنگیدایەوە لەکاتێکدا خەڵکی ئاسایی

تەنانەت ناوی شاعیرەکانیشیان نەبیستبوو. فیکری سیاسی ڕەنگە کاریگەریی زۆرتر هەبێت. لە ڕۆژئاوا (مۆنتسکیو)و (ڕۆسۆ)و (جۆن لۆک) کارێکی گەورەیان دانابوو لەسەر فیکری سیاسیی و شێوازی فەرمانڕەوایی. بەڵام ئەم کاریگەرییە لەرێگەی نوخبەیەکی ترەوە کە نوخبەی سیاسین کاریان بۆ چەسپاندنی تیۆرەکانیان کرد. بێگومان هەلومەرجی سیاسیی و ئابووریی ئەو سەردەمانە یارمەتیدەری گەورە بوون بۆ هەردوو تیۆرەکان و چەسپاندنیان.

## رۆشنبیر و توراس

مامەڵەیەکی باوی ڕۆشنبیران لەگەڵ توراس بریتییە لە لێدان و سووکایەتی پێکردن. هەندێک وا دەزانن بەو لێدانە دەبنە ڕۆشنبیر یان ستایشکردنی شتێکی توراس دەیانخاتە خانەی کۆنەپەرست. ڕۆشنبیری ڕاستەقینە زانستییانە لە مەورووس دەکۆڵێتەوە بۆ گەڕان بەدوای باشەکەی و ڕەخنەگرتن لە خراپەکە (بێگومان بەپێی پێوەری ئەو ڕۆشنبیرە بۆ باش و خراپ).

دیاردەیەکی باو لەناو ڕۆشنبیران ئەوەیە هەندێک لەوانە چەند شتێک دەبینن دژی ئەو باوەیە کە لەسەری گەورە بوون. ئەوانە ئەو ڕەخنانە بە دەستکەوتێکی گەورەی دەزانن، بەڵام لەجیاتی مامەڵەیەکی زانستییانە لەگەڵ ئەو ڕەخنانە بە هەڵچوون و حەماسەتەوە لە هەموو توراس دەدەن. لە بواری ڕەخنەگرتن لە توراسی ئاینیی لەو جۆرە هەڵچوونە زۆر دەبینین.

نموونەیەکی ئەوە ئەو هەڵچوون و حەماسەتە بۆ ڕەخنەگرتن لە دروستترین کتێبی فەرموودە لای ئەهلی سوننە ئەویش صەحیحی بوخاری. ئەو کەسانە چەند فەرموودەیەکیان لەو کتێبە بینیوە کە لای ئەوان جێگەی ڕەخنەیە، کاردانەوەی هەڵچووی ئەوانیش ڕەتکردنەوەی هەموو کتێبەکەیە ئەگەرچی پڕە لە ڕێنمایی بەرز و سوودێکی گەورەی هەیە. جاری واشە ئەو لێدانە بە مەبەستە و ئەمە زیاتر لەگەڵ ئەو کتێبە بینراوە. مەبەستە شاراوەکە لێدانە لە هەموو فەرموودەکان بۆیە دەستدەکەن بە ڕەخنەگرتن لەو کتێبە بۆئەوەی بڵێن ئەمە دروستترین کتێبە کەواتە ئەوانەی تر زیاتر پڕ هەڵەن کە ئەمە لەپاڵ ئەوەی کارێکی زانستی نییە نیەتی سیاسی یان مەزهەبیی لەپشتەوەیە. بێگومان هەموو هەڵچوونێک ئەو نیازەی لەپشتەوە نییە، بەڵام کاری نازانستی بەو دوو شتە دەناسینەوە: هەڵچوون و حەماسەت لە تەرحکردنی ڕەخنەکان و گشتیکردنی ڕەخنەیە لە شتێکی دیاریکراو (لە نموونەکەی سەرەوەمان: چەند فەرموودەیەکی بوخاری) لەسەر هەموو شتەکانی پەیوەست (لە نموونەکە: سەرجەم کتێبەکە).

ئەو جۆرە مامەڵەیە لەگەڵ توراس ساڵانێکی زۆر دەمانبەنەوە دواوە. دوای بەفیڕۆدانی ئەو ساڵانەش دواتر توێژەری تر لە کەشوهەوایەکی ئارام پەیدا دەبن و ڕەدی ئیعتبار بۆ بەشە ستەملێکراوەکەی توراس دەگەڕێننەوە.

## هەڵبژاردنکاری لە هەڵوێستەکان

تایبەتمەندییەکی گرنگی تری ڕۆشنبیر ئەوەیە هەڵبژاردنکارە لە هەڵوێستەکانی. ڕەنگە بوترێت: بەپێچەوانەوە، پێویستە ڕۆشنبیر مەوزوعی بێت نەک هەڵبژاردنکار. بەڵام ئەمە لەسەر زەویی واقع ڕاست نییە. ڕۆشنبیر چەند هەوڵبدات هەر لایەنگرە. ڕۆشنبیرێکی سەر بە تەوژمی ئاینی ناتوانێت وەک یەک هەڵوێستی هەبێت لەسەر ستەمێک لە ئاین بکرێت و ستەمێک ئایندارێک بیکات. بەهەمان شێوەش ڕۆشنبیرێکی دوور لە تەوژمی ئاییني ئەوەندەی داکۆکی لەسەر ئازادیی بیروڕا لە ڕەخنەگرتن لە ئایین دەکات ئەوەندە داکۆکی



**دابڕانی گەورە دوای ئەوە دێت، کە لەهەمانکات دارمانێکی گەورەیە، کاتێك ڕۆشنبیر لە ستەمکارییەکانی دەسەڵات بێدەنگ دەبێت یان تەنها ڕەخنەی شەرمنانە و موتەحەفیز دەگرێت.**

لەسەر ئازادیی بیروڕای ئاینی ناکات. هەردوو دەتوانن هەڵوێستیان هەبێت، بەڵام ئەندازەی هەر هەڵوێستێک وەکو ئەوەی تر نییە.

وەکو نموونەیەکی زەق، کاریکاتێرەکانی گۆڤاری (شارلی ئیبدۆ) لەسەر پێغەمبەر(د.خ) ئەو دووفاقەییەی سەلماند. ڕۆشنبیرانێکی زۆر دروشمی (من شارلیم)یان بەرزکردەوە کاتێک گۆڤارەکە ڕووبەڕووی هێرشێکی خوێناوی بوویەوە. لای ئەوان ئازاردانی هەستی مسوڵمانان بەناوی ئازادیی ڕادەربڕینەوە ئاساییە کە ئەمە هەڵبژاردنکارییە. نموونەی پێچەوانەی دەگمەنیش هەیە وەک مێژوونووس و کۆمەڵناسی فەڕەنسی ئیمانویل تود کە کتێبێکی بەناوی (شارلی کێیە؟) بڵاوکردەوە لەسەر دیاردەیەک کە ڕۆشنبیرانی تر باسیان نەدەکرد ئەویش کە لە بابەتی کاریکاتێرەکان موسڵمانانی فەڕەنسا لایەنە هەژار و بێهێزەکە بوون بۆیە چینی دەوڵەمەند و ناوەڕاست کە باوەڕیان بە هیچ ئاینێکی ئاسمانی نییە یەکیان گرت دژی کەمایەتییەکی مسوڵمان کە کۆچبەرە کرێکار و هەژارەکانی قەراغ شار بوون. دەشڵێت دیاردەی شارلی فێڵ و درۆیەکی گەورە بوو کە نوخبەی سیاسی و چینی ناوەڕاستی لەپشتەوە بوون کە تیرۆری کردبووە بەهانە بۆ ناشیرینکردنی ئیسلام بەناوی ئازادیی دەربڕین.

ناڕاستی چەمکی بیری ئازاد لەوەدا دەردەکەوێت کە هەمان گۆڤار بەیەک وشەش هۆلۆکۆستی جوولەکەی نەکردۆتەوە گاڵتەجاڕی، چونکە هەستی جوولەکە ئازار دەدات. ڕەخنەگرتن لە هۆلۆکۆست یەکێک لە حەرامەکان تەنانەت ئەگەر ئینکاریکردنیش نەبێت، بەڵکو ڕەخنە بێت لە ژمارەی شەش ملیۆن قوربانییەکەش تەنانەت ئەگەر بە لێکۆڵینەوەی زانستیش بێت.

ئەو گۆڤارە تەنانەت لەوە بچووکتریش قبوڵ ناکات مۆریس سینێ ستوونێکی لە گۆڤارەکە نووسیبوو لەسەر کوڕی سەرۆکی ئەو کاتەی فەڕەنسا، سارکۆزی، کە کچێکی جوولەکەی هێنابوو. سینێ لەسەر قسەڵۆکێک کە گوایە کوڕەکەی سارکۆزی بەتەمابوو ببێتە جوولەکە نووسیبووی: ((ئەو لاوە بچووکە زۆر سەرکەوتوو دەبێت لە ژیان)). فیلیپ ڤال، ئیدیتەری گۆڤارەکە، داوای لە سینێ کرد کە داوای لێبوردن بکات، بەڵام ئەم ڕازی نەبوو، ئەنجامەکەی دەرکردنی سینێ لە گۆڤارەکە و شکاتکردن لە دادگا بەتۆمەتی هاندانی کینەی ڕەگەزپەرستی بوو. بڕوانن کە ڕستەیەکی بچووکی بەرامبەر تاکە کەسێک وەکو ئەمە بە تۆمەتی کینە مامەڵەی لەگەڵ کرا، بەڵام سووکایەتییەکی زۆر بە بیروباوەڕی مسوڵمانان هەمان مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت. بیرمەندی جوولەکە بێرنارد-هێنری لیڤی و ژمارەیەک ڕۆشنبیری دیار پشتگیریی دەرکردنی سینێیان لە گۆڤارەکە کرد. ئەمەش ئاماژەیەکی زۆر ڕوونە لەسەر هەڵبژاردنکاریی ڕۆشنبیران.

هەڵبەژاردنکاری لای ڕۆشنبیری کورد لەوەدا دەرکەوت کە بۆ هێرشەکەی سەر شارلی ئیبدو چووە ناو قەرەباڵغییەکە و وتی: من شارلیم، بەڵام کاتێک هەمان گۆڤار سووکایەتیی بە ئەیلان کوردیی کرد (ئەو منداڵەی لە دەریا خنکا و وێنەی



## ڕاستگۆیی ڕۆشنبیر لەگەڵ بیروباوەڕەکان واتای ئازادبوونی ئەو ڕۆشنبیرەیە، بەڵام کە ئەو ئازاد نەبێت چۆن دەتوانێت جەماوەر ئازاد بکات؟

جیهانی هەژاند) بێدەنگیی هەڵبژارد. لەو کاریکاتێرە گۆڤارەکە وێنەی ئەیلانی بە گەنجی کردووە کە کچان ڕاودەنێت و موحارەشەیان پێ دەکات و نووسیویەتی: ئەیلانی بچووک گەورە ببوایە چیی لێدەهات؟ ئینجا گۆڤارەکە خۆی وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە: کەسێک دەست بۆ لەشی ئافرەتان دەبات لە ئەڵمانیا.

بەکورتی ڕۆشنبیر ناتوانێت لە بیر و هەستی خۆی دەربچێت و بەیەک ئەندازە بەرگری لە شتێک بکات کە باوەڕی پێیەتی و حەزی لێیەتی لەگەڵ ئەو شتەی نە باوەڕی پێیەتی و نە حەزی لێیەتی.

### خودپەرستیی ڕۆشنبیر

گوایە پێویستە ڕۆشنبیر عەقڵی جەماوەر ئازاد بکات، بەڵام ئەمە ئەگەر خۆی ئازاد بێت کە زۆربەی کات ئەمە حاڵەتەکە نییە. یەک لە جۆرەکانی کۆیلایەتی ڕۆشنبیر کۆیلایەتییەکەتی بۆ خودی خۆی. ڕۆشنبیر پێویستی بە جەماوەرە. داکۆکیکردن لە داواکارییەکانی جەماوەر ڕێگەیە بۆ بەجەماوەریبوون، جۆرێکی داکۆکیکردنیش لە جەماوەر بریتییە لە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات. بەڵام ئەم ڕەخنەگرتنە واتای لەدەستدانی بەشێکی جەماوەرە. بۆیە دەبینین هەندێک لە ڕۆشنبیران بەشێوەیەکی تەمومژاویی ڕەخنە لە دەسەڵات و حزبی دەسەڵات دەگرن. یەکێک لە گەمەکانی ڕۆشنبیرانیش لە وڵاتە مسوڵمانەکان بریتییە لە ڕەخنەی توند لە حیزبە ئیسلامییەکان کە نەک تەنها جەماوەریان کەمە، بەڵکو جەماوەری ئەو ڕۆشنبیرانەش نین تا خەمی ئەوە بخۆن لەدەستیان بدەن.

لەسەر ئاستێکی جیهانیش ڕەخنە لە دەوڵەتە ستەمکارییەکان و سستەمی جیهانی واتای بایکۆتکردنی ئەو ڕۆشنبیرانەیە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە و سنووردارکردنی جەماوەرێتیی جیهانییان. زۆرێک لە ڕۆشنبیران باسی ئازادی دەکەن، بەڵام خەڵاتی ئەو دەوڵەتانە وەردەگرن کە حکومەتێکی سەرکوتکەریان هەیە. ڕۆشنبیری تریش خەڵاتە جیهانییەکان وەکو نۆبڵ وەردەگرن هەرچەندە دەزانن بەخشینی خەڵاتەکە تەرەفگیریی زۆری تیایە.

ڕاستگۆیی ڕۆشنبیر لەگەڵ بیروباوەڕەکان واتای ئازادبوونی ئەو ڕۆشنبیرەیە، بەڵام کە ئەو ئازاد نەبێت چۆن دەتوانێت جەماوەر ئازاد بکات؟ ئەمەش دەچێتە پاڵ ئەوەی ڕۆشنبیران کاریگەرییان لەسەر خەڵک نامێنێت و وردە وردە لەناو بازنە تەسکەکەیان قەتیس دەبن.

دراوی خراپ

ڕەخنەگرتن لە عەقڵیەتی ڕۆشنبیران کاری ئەوانەی کە ساڵانێکە زۆرە لەو بوارانە کاردەکەن کە وەسفی ڕۆشنبیرییان پێدراوە. ئەوان پێویستیان بەوە نییە پێیان بوترێت ڕۆشنبیر، چونکە گەیشتوونەتە ئاستێک خۆیان بەسەر مەیدانی ڕۆشنبیری سەپاندووە. ئەو کەسانەی حەز لەو جۆرە نازناوانە دەکەن دوو جۆرن: بێ ئاستەکان و تازە هەڵکەوتووەکان. ئەمەش دیاردەیەکی جیهانییە. لە کۆن کە نازناوی ئەرستوکراتی هەبوون وەک بەگ و پاشا، ئەوانەی تازە دەستیان دەکەوت زۆر داکۆکییان لەسەر دەکرد و لە هەموو شوێنێک و بە

موناسەبە و بێ  موناسەبە ئەو نازناوەیان پێش ناوی خۆیان دەخست.

که ئەمەش دیاردەیەکی جیهانی بێت چارەسەری نییە. کێشەکە ئەو کاتە دروست دەبێت کە لای جەماوەر ڕۆشنبیری ڕاستەقینە لەگەڵ ڕۆشنبیری بێ ئاست یان تازەهەڵکەوتوو یەکسان بێت و چەند قسە لەوان   وەردەگرێت قسە لەمان وەردەگرێت، بەڵکو بەزیادەشەوە، چونکە ڕۆشنبیری ساختە چالاکترە لە قسە و نووسین و دەرکەوتن و خۆدەرخستن.

لە کەشوهەوایەکی وا ڕۆشنبیران ئەو یاسا ئابوورییەیان بەسەردا دەچەسپێت، کە دەڵێت: دراوی خراپ دراوی باش لە بازاڕ دەردەکات.

تووشی کێشە لەگەڵ ئەو دروای خراپە ئەنجامی دوورکەوتنەوە ڕۆشنبیری ڕاستەقینە لە جەماوەر. ڕۆشنبیر بەر لە هەموو شتێک پێویستە بزانێت پەیامێکی هەیە. ئەمەش خاڵی سەرەتایە بۆ بەڕوشنبیربوون. لەدوای ئەوانەش مەرجەکانی تر دێن.

## پەراوێزەکان

١. ج. كورتوا، لمحات فی فن القيادة، ت. المقدم الهيثم الايوبی، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط٤، ١٩٩١، ص ٩١.

https://www.mc-doualiya.com/chronicles/livres- cd/20150510-2-دفاعا-عن-الإسلام-إيمانويل-تود-شارلی-إيبدو

٣. قەزیەی سینێ لە ڕاگەیاندن بڵاوببووەوە، بۆ نموونە ئەمە ڕاپۆرتێکی کورتە:

https://timenote.info/en/events/Maurice-Sinet-Case 4-

٤. هەمان ڕاپۆرتی سەرەوە.

٥. بابەتێکی واشنتن پۆست لەسەر ئەو کاریکاتێرە تەماشا بکە: https://www.washingtonpost.com/news/worldviews/wp/2016/01/13/a-new-charlie-hebdo-cartoon-portrays-dead-3-year-old-refugee-aylan-kurdi-as-a-sexual-attacker-in-germany/?fbclid=IwAR3ZcDh0NqcnB9y6Ma8rZt18B-8J_8YlDhx32HJBGwUJ488WKVXhcF4buEGU

# یەك دوو قسە لەسەر
# ڕۆشنبیر





**مستەفای سەیید مینە**

لە سەنگەسەر لەدایکبووە، بەکالۆریۆسی لە زانکۆی سەلاحەدین و ماستەری لە ئەدەبی کوردی زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە، ژمارەیەک کتێبێکی نوسیوە و وەرگێڕاوە.

خوێندن و خوێندەواریی کە هەوێن و بنەمای ڕۆشنبیرییە، لەنێو هەموو گەلاندا پایە و بەهایەکی بەرزی هەیە، چونکە خەڵک بە مایەی چاوکرانەوە و خێر و خۆشیی دەزانن، جاری وایە ئەو بابەتە لەنێو هەندێک گەل و نەتەوەدا دەگاتە ئاستی زێدەڕۆیی.

ئەگەر تەماشای ئەدەبی کوردیی بکەی، دەبینی کەم شاعیر هەیە بەجۆرێک لە جۆرەکان ستایشی زانست و خوێندەواریی نەکردبێت و، وشە و خامەی خۆی لە ناحەز پێشاندانی نەخوێندەواریدا نەخستبێتە کار، تەنانەت هەموو سەرکەوتن و بەختەوەریی گەل لە گرەوی خوێندەواریی و زانین نراوە، بەڵام ئەوە هەر لایەکی هاوکێشەکەیە و لایەکەی دیکەی بابەتێکە پەیوەندیی بە لایەنی ڕەوشتەوە هەیە، کە ون و فەرامۆشکراوە.

ئاخر بابای خوێندەوار و ڕۆشنبیر ئەگەر پابەندی بنەماکانی ڕەوشت نەبێت و، جوگرافیای هەموو وڵات لەلای ئەو، تەنها جوغزی گیرفانی بێت و هەر بۆخۆی بژیت، زۆر لە کابرایەکی نەخوێندەواری هاوبیری خۆی ترسناکترە، چونکە هەرچی دەیزانێ لە فێڵ و فەرەج و بەدکاریدا دەیخاتە کار، بەخۆرایی نییە سەدان ساڵ لەمەوبەر شەرەفخانی بەدلیسیی لە شەرەفنامەدا گوتوویەتی:

خوێندەوار ئەگەر ڕێ لەخۆ خواردەکا
(.....) و کتێبان لەخۆ باردەکا

ڕۆشنبیری بە مشوور و ڕۆشنبیری خۆپەرست، هەریەکەیان بە ئاڕاستەیەک دەڕوات، یەکەمیان بەرگریی لە مافی خەڵک دەکات و بەهرەکەی بۆ خزمەتی گەل و وەدیهێنانی ئازادیی و دادپەروەریی دەخاتە گەڕ، بەڵام دووەمیان لەنێو قاپێلکی خۆیدا گرمۆڵە دەبێت، یان لەوەش دەترازێت و خەریکی چەواشەکاریی و چاوبەستەکێیە و، ڕەش بە سپی و سپی بە ڕەش ڕادەنوێنێ.

**(سارتەر) ڕۆشنبیران دەکاتە دوو بەش:**

١. ڕۆشنبیری پابەند و دەربەست، کە بێ ئەوەی کەس پێی سپاردبێت، بەرگریی لە ژیان و بەرژەوەندیی خەڵک دەکات و لەسەری دەکاتەوە.

٢. ڕۆشنبیری خائین، کە نەک هەر لەگەڵ خەڵکی، لەگەڵ خۆشی خائینە و، خۆپەرست و قەڵەمفرۆشە و، دەسەڵات و بەرژەوەندیی لەکوێ بێ، لەوێیە و، دژی خەڵک و بەرژەوەندییەکانیەتی.

(ئێدوارد سەعید)یش جەخت لەسەر لایەنی بیرئازادیی ڕۆشنبیر دەکات، کە دەبێ ڕۆشنبیر خاوەن ڕەوشت بێ و گرێدراو و گوێ لە مست نەبێ و، بەرگریی لە چارەنووسی مرۆڤ بکات و بە درۆکرن و بوختان هەڵبەستن خۆی سووک و ڕیسوا نەکات.

هەندێک نووسەر و بیرمەندیش زاراوەی (پەرێزپیس) بۆ ئەو ڕۆشنبیرانە بەکاردێنن کە کاری بەد و دزێوی دەسەڵاتداران جوان دەکەن و هەوڵی فریودان و بە لاڕێدا برنی جەماوەر دەدەن، ئەم جۆرەیان لە مێژووی ڕۆشنبیرییدا کەم وێنەیە و گەلێک جار تازە ئێجادە، چونکە گەیشتۆتە ئەوپەڕی دارمانی ڕەوشت و بەرگریی لە دڕندانەترین کاری دژە خەڵکی دەکات کە لە مێژوودا دەگمەنە، هەڵبەت بە بەرچاو ڕوونیشەوە ئەو بەدکارییە ئەنجام دەدات و درۆ لەگەڵ خۆی و خەڵکیش دەکات و هیچ بەهایەکی نەماوە!

ئەو جۆرە ڕۆشنبیرە، کرمی نێو خۆیە و زۆر لە داگیرکەران زیانبارتر و ترسناکترە، چونکە هەموو دەسەڵاتێکی ستەمکار پشت بە ڕەوە ڕۆشنبیرێکی گرێدراو دەبەستێت کە کاری بۆ ئاسان بکەن و، بە چاک و خراپ وە باڵی بۆ بکێشن و هەموو بەدکارییەکی بۆ پینە بکەن و، گشت تێکشکانێکی بە سەرکەوتن بۆ لەقەڵەم بدەن!

لەو وڵاتانەی خوێندن و خوێندەواریی بێ بەها

کراوە، ڕۆشنبیریی زۆر کەم بایەخە و ڕۆڵێکی وا لەنێو کۆمەڵدا نابینێت، چونکە هەندێک لە ڕۆشنبیران مێش لە ئاو ناکەن و هەقیان بەسەر هیچەوە نییە، زۆربەشیان ڕۆڵی خراپ دەبینن، چونکە بە ئازادیی بیر ناکەنەوە و چییان پێ بسپێرن وا دەکەن، بەشێکی زۆر کەمیش بەرپرسانە ڕەفتار دەکەن و ئەرک و ڕۆڵی خۆیان دەناسن، لەبەرئەوە لەنێو ئەو کۆمەڵانە، ڕۆشنبیران بەگشتیی نەک هەر جێی ئومێد نین، بەڵکو دژە ئومێدن و لەمپەری سەر ڕێی سەرفرازیی و بەختەوەریی خەڵکن....

هەڵبەت لە هەموو سەردەمێکدا کۆمەڵێکی زۆر ڕۆشنبیر هەبوونە بیری خۆیان داخستووە و قەناعەتی خۆیان پێشێلکردووە، بەڵام هەرگیز وەک ئێستا تووشی ئەو دەردە نەبوون...تەماشاکە، ڕۆشنبیرێکی وەک محەمەد سەعید سەحافی وەزیری ڕاگەیاندنی سەدام، چاک و خراپی سەدام بە چاک و جوان وێنا دەکات و، هەموو کەتن و تاوانێکی بۆ دەپۆشێت و بەبێ هەڵەی ڕادەنوێنێ، تەنانەت لە درۆ و چەواشەکاریدا ئەوەندە تێی دەپەڕێنێ، کە دەبابەکانی ئەمریکا لە شەڕی (أم المعارك!)ی بەعسییاندا دەگەنە نێو بەغدا، ئەو کابرایە بە ڕۆژنامەوانان دەڵێت: ئاخر لەنێو دەبابەکانیاندا گەمارۆماندراون و ناوێرن بێنە دەرەوە!!

(گۆبڵەز)ی وەزیری ڕاگەیاندنی هیتلەر، درۆ نەما بۆ ئەو دیکتاتۆرە نەیکات و، وەک فریشتەیەکی پیرۆزی دەخستە بەرچاوی گەلی ئەڵمان...

هەرچەندە ئەم دوو حاڵەتە زۆر لێک جیاوازن و، هیتلەر و پیاوەکانی ئەوەندە باوەڕیان بە مەسەلەی خۆیان هەبوو، بە مردووییش نەیانهێشت بکەونە دەستی دوژمنەکانیان و هەموو تەرمەکانیان سووتاندن، بەڵام سەدام و وەزیرە علووجەکەی و پیاوەکانی دیکەی، زۆر زەلیلانە بەزین و، تەنانەت وەزیرەکەی، دوای ڕووخانی بەعس، حاشای لە هەموو درۆنامە و ڕابردووی خۆی کرد و، لە بەغدا خۆی کوشم هەڵێنا و لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: من هاوڵاتییەکی ئاساییم و هەقی هیچم نییە!

بێگومان ڕێخوارکردنی ڕۆشنبیران لەبەر دوو هۆیە، یان لەپێناوی بەرژەوەندیی مادییە، کە بە هەموو شتێک ڕازین و، دنیا خەرا بێت ئەوان مێشیان میوان نییە، یان لەبەر بەستەڵەکی فکریی و کۆڵەواربوونە و توانای بیرکردنەوەی ئازادیان نەماوە.

پێڕی یەکەم وەکو خەڵکی دیکە چاک دەزانن کە لا ڕێبوونە، بەڵام – وەکو گوتمان- لەبەر خۆبازیی و بەرژەوەندیخوازیی وادەکە، بەڵام پێڕی دووەم دەردی بەستەڵەکی هزریی هەست و خوستی لێبڕیون و، هۆش و بیریان نەماوە و، هەست بە هەڵەی خۆیان ناکەن، ئەوانە بە زۆریی پابەندبوون بە ئایدۆلۆجیایەکەوە، دەست و پێی بەستوون و لە پەل و پۆی خستوون!

شێرکۆ بێکەس لە (نووسین بەئاوی خۆڵەمێش ) دا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوای سەردانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، بۆی دەرکەوتووە رۆشنبیرانی چەپ لەگەڵ خەڵکی کوردستان ڕاستگۆ نەبوون و، کولە مەرگیی و ژیانی سەختی گەلانی سۆڤیەتیان بە خۆشگوزەرانیی و بەختەوەریی بۆ خەڵک وێنا کردووە. کاتی خۆی لەبەرئەوەی بەپێی پێناسەی (ستالین) لە مەڕ نەتەوە، کە دەبێ نەتەوە لە خاک و زمان و مێژوودا هاوبەش بێت و، کوردستانیش خاکەکەی لەت لەتکراوە و، بلێی کورد نەتەوەیە، پێناسەی (پیرۆز!)ی ستالین هەڵدەوەشێتەوە، ڕۆشنبیرانی چەپ و نیوە چەپی کوردیش دەیانگوت: کورد نەتەوە نییە، کە ئەوە لە (چێشتی مجێور)ی مامۆستا هەژاری موکریانیدا بە جوانی ڕوونکراوەتەوە!

که کۆماری کوردستان له ساڵی ١٩٤٧دا ڕووخا، ڕۆشنبیرانی چەپ هەزار و یەک پینە و پەرۆیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت دەهێنایەوە، تا پەرێزی لەو شوورەییە پاک کەنەوە و، ئۆباڵی ئەو ئەتکەی لە مل دارنن، تا هەڵوەشانی سۆڤیەت و ڕووخانی شوورەی بەرلین، کەس زاتی نەدەکرد باسی تاوانی سۆڤیەت لە پشت بەردانی گەلی کوردستاندا بکات!

بێگومان ئەو بەستەڵەکە فکرییەی ڕۆشنبیران، وەنەبێ هەر بواری سیاسیی گرتبێتەوە، بەڵکو سەر بۆ هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانیش دەکێشێ و، بواری ئەدەبیات و، تەنانەت زمان و زانستیش دەگرێتەوە!

بۆ نموونە: هەموو کەس دەزانێ (مەم و زین)ی خانیی لێوڕێژە لە عیرفان و خواناسیی و ڕووحانیەت و، خانیی عارفێکی خوایی یەکجار گەورەیە، تەنها لەبەرئەوەی لە شوێنێک((شەیتانی فەقیر))ی بە کارهێناوە، ڕۆشنبیرێک نووسیبووی: لەوانەیە خانیی شەیتانپەرست و یەزیدیی بووبێ!

لە حەقیقەتاکاندا، زانایەکی ئایینیی کتێبێکی فەلسەفیی لەسەر بوونی خوا و دروستکردنی گەردوون بە ناوی (ڕێکەوت لە تەرازووی ژیریدا) نووسی، ڕۆشنبیرانی ئەو کاتە، کە نێوەڕۆکی کتێبەکە لەگەڵ بۆچوونی وان نەدەگونجا و، هیچ وەڵامێکیشیان پێ نەبوو، دنیایان لێ خەرا بوو و جنێو نەما لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوکاتەدا پێی نەدەن!


دەربارەی حەجکردنی (وەفایی)، ڕۆشنبیرێک- کە پرۆفیسۆریش بوو- نووسیبووی: وەفایی بە پاڵنەری ئایینیی نەچۆتە حەج، بەڵکو حەزی لە گەشت و گەڕان بووە، لەکاتێکدا ئەو شاعیرە سۆفیی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریی بووە و، سێ حەجی کردووە، بەو هەموو سەختیی و ناخۆشیی و مەترسیی ڕێگایە، بە پێیان و بە سواریی وڵاخ، لە سابڵاغەوە چووەتە حیجاز و، لە حەجی سێیەمیدا چەتەی عەرەب ڕێیان لێ گرتوون و لە مردن گەڕاوەتەوە!

یان نموونەیەکی زۆر نوێ، د.فازیڵی مەلا مەحموود، کە بیرمەندێکی کوردپەروەری گەورە بوو، لەپێناوی بیر و باوەڕ و نیشتیمانەکەیدا شەهید بوو، بەڵام بەهۆی بیر ئازادیی و نەگونجانی لەگەڵ مۆدیلی باوی ڕۆشنبیریی کوردیی، بە قەستیی ناویان ونکردووە و ئەوەندەی بۆیانکراوە فەرامۆشیان کردووە!

بەڕاستیی بیر تەسکیی و بەرچاو تەنگیی هزریی و بڕیاردانی پێشوەخت و بیرنەکردنەوەی ئازادانە، نێوەندی ڕۆشنبیریی کوردیی کردووەتە گۆمێکی داوەستاو، کە بەشی زۆری خەڵک هەستی پێ دەکات و، لە عەیبە و زیانباریی بەدەر، هیچی لێ ناپشکوێتەوە و، پێداچوونەوە و چارەسەری ڕیشەیی دەوێت.

# ڕۆڵی بیرمەند

## لە ئاگاکردنەوەی کۆمەڵگادا





**محەمەد عەلی باپیر**

لەدایکبووی سلێمانی ١٩٨٧، دکتۆرا لە زانستە ڕامیارییەکان، وانەبێژ لە بەشی زانستە ڕامیارییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی کوردستان - هەولێر. خاوەنی چوار توێژینەوەی زانستی بڵاوکراوەیە بە زمانی ئینگلیزی و بەرهەمێکی ئامادەی چاپە.

ئەو پرسیارەی کە من دەمەوێ وەڵامێکی بۆ بنوسم ئەوەیە؛ ڕۆڵی بیرمەند لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگادا چییە؟ بیرمەند کۆمەڵگا بەچی ئاگا دەکا و چۆن دەتوانێت کاریگەری دروست بکات لەسەر ئاگایی خەڵک، بۆ چ ئامانجێک؟ ئەو وەڵامەی کە من بەڵگەی بۆ دێنمەوە ئەمەیە؛ بیرمەند کۆمەڵگا بە بەها باڵاکان ئاگا دەکات و، لە ڕێگەی دواندنی ڕاستەوخۆی خەڵک کاریگەری دروست دەکات، ئامانجی پێشکەشکردنی دۆخێکی باشتر و ژیانێکی شایەستەترە لەوەی کە ڕەخنەی لێ دەگرێت و دەیەوێت تێیپەڕێنێ. واتە هەم ئەو دۆخەی کە نەخوازراوە دەبینێت و هەم ئەو دۆخەی کە ئارەزووکراوە وێنا دەکات؛ ئاراستەی بیری ڕووبەڕوو داهاتووە دەیەوێت ئەوەی کە دێ باشتر بێ لەوەی کە هەیە.

بەرلەوەی ئەو باسە دەستپێبکەم پێویستە بڵێم بیرمەند کێیە، ئەوە چەمکی ڕۆشنبیریشی بۆ بەکاردێت، بەڵام چەمکی بیرمەند لەو مانایەی کە من مەبەستمە نزیکترە. ئەو کەسێکە سەروکاری زیاتر لەگەڵ بیر و بەها باڵاکاندا هەیە. کەسێکە هەم ئاگایە بە کۆمەڵگا، هەم ئاگایە بە بەها باڵاکان. ئاستی هۆشیاری زانستی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە و خوێندنەوەی بۆ دۆخی کۆمەڵگا بابەتیانەیە؛ بەشێوەیەکی ڕەخنەیی دەڕوانێتە کۆمەڵگا و ئامانجی دەستنیشانکردنی گرفت و پێشنیازکردنی چارەسەرە، زووتر لە خەڵکی ئاسایی ڕووداوەکان پێشبینی دەکات – بەو ئەندازەیە لە ڕووی هزرییەوە دەکرێت لە پێش خەڵکی سەردەمی خۆیەوە بێ. لێرەدا من مەبەستم لە بیرمەندێکە کە دەیەوێت کاریگەری هەبێ و لە ڕۆژگاری خۆی دانەبڕێ، بکەرێکی دیار و کارا بێ. جا بۆیە، ئەم بابەتە لەسەر یەکێک لە ئەرکەکانی کەسی بیرمەندە، کە بیریتییە لە ئاگاکردنی کۆمەڵگا، کۆمەڵێک ئەرکی دی پەیوەست بوونی بیرمەند بە بابەتە هزرییەکانە و پێناس دەکەن، من لێرەدا باسیان ناکەم – دەکرێ ئەوە بابەتێکی دی سەربەخۆ بێ.


لەم نوسینەدا، بە کورتی ئاماژەیەک بە ڕۆڵی بیرمەند دەکەم لە ئاگاکردنەوەی کۆمەڵگادا و، بزواندنی چینی هۆشیار. ڕۆڵی بیرمەند لە کۆمەڵگادا دەیکاتە موڵکی گشتی، چونکە کەسی بیرمەند ئامانجی ئامانجێکی گشتییە، بیر لە گرفتە جڤاتییەکان دەکاتەوە، ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە تێکڕای خەڵکەوە، جا، ئابووری بن، کلتووری بن، ئایینی بن، زانستی بن، یاخود ڕامیاری. ڕۆڵی بیرمەندەکان یەک جۆر نین؛ دەگونجێ بیرمەند نەتەوەیی بێ و دۆزی نەتەوەیەک ببێتە چوارچێوەی ئیشی، دەکرێ نیشتمانی بێ و جوگرافیایەک ببێتە پانتایی مەیدانی کاری، دەکرێ ئاینیی بێ و بەردەوامی ئەو ئایینە بۆی گرنگترین ئامانج بێ و بۆی ببێ بە ئامراز. یا دەکرێت مرۆیی بێ و قسە لەسەر کۆی مرۆڤایەتی بکات؛ دەکرێ گەردوونی بێ و پەی بردن بە ڕاستییەکانی گەردوون لە ڕێی زانستەوە بۆی بووبێتە خولیای ژیان. کایەکانیان دەکرێ جیاوازبن، بەڵام تایبەتمەندییەک کە هەموو بیرمەندەکان تێیدا هاوبەشن ئەوەیە کە ئامانجیان چەسپاندنی بەها مرۆییەکانە، ئەو بەهایانەی چەسپاندنیان پێویستی بە خەڵک و کۆمەڵگا هەیە (تەنانەت ئەگەر دۆزینەوەیەکی زانستیش بێت دوێینراو هەر خەڵکە؛ دەیانەوێت خەڵک ئاگا بێ بەو ڕاستییە زانستییە) – مەرج نییە بیرمەند تەنها کەسی ئەکادیمی بێ، هەروەک چۆن مەرج نییە ئەوەی پلەیەکی باڵای ئەکادیمی هەبێت بەس بەوە ببێتە بیرمەند. دەنگونجێ کۆی ئەو تایبەتمەندییانەی دەبنە پێناسی بیرمەند لە کەسێکدا بوونیان هەبێ و ئەو کەسە ئەکادیمی نەبێ. ئەکادیمی بوون یەکێکە لە تایبەتمەندییەکان، بەڵام پێشمەرجی بیرمەندبوون نییە.

بۆ بیرمەند، بیر بردن بۆ هەر چەمکێک بیرکردنەوەیە لە کۆمەڵگا و پەیوەستە بە خەڵکەوە، بۆ وێنە ئەگەر باسی دادگەری بکات لەچوارچێوەی

کۆمەڵگادا باسی دەکات، جا یا کۆمەڵگای خۆی، یان کۆمەڵگایەکی دی، هەروەک لە باسکردنیدا بێ لایەن نییە. دەگات بە ئەنجامێکی دیاریکراو و بۆچوونی خۆی لەسەر دەردەبڕێت. بۆچوونی ڕوونە لەمەڕ ئەوەی ئایا دادگەری چەسپاوە، یا نا دادگەری، ڕای خۆی ڕاشکاوانە دەخاتەڕوو کە چۆن پێویستە کۆمەڵگا لە بەرانبەر نادادیدا هەڵوێست وەرگرێت، خۆشی یەکەم هەڵوێستی ڕوون دەنوێنێ و بۆ خەڵک دەبێتە پێشەنگ؛ قسەکانی بە کردەوە دەکات. بەواتایەکی دی، بیرمەند، هەستی بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە پرسە گشتییەکان ئەوەندە تێدا باڵایە کە دەبێتە بەرجەستەبووی هۆشیارییەکی کۆمەڵگا و، دەبێتە ویژدانێکی زیندووی خەڵک؛ ناتوانێت لەسەر ئەوەی کە زیان بە کۆی کۆمەڵگا دەگەیەنێ نەیەتەدەنگ، هەروەک ناتوانێ لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگا بۆ باشتربوونی پەکی لەسەر کەوتووە بێدەنگ بێت. بە هەردوو بارەکەدا، کەسی پڕبیر پەیوەستە و لە خەڵک دانابڕێت و لە چەقی پرسە گشتییەکاندایە. بنەمایەک هەیە کە پێویستییەکی بنەڕەتییە لە ڕۆڵی بیرمەند لە کۆمەڵگا ئاگاکردنەوە و کاریگەری ئەرێنی دروست کردن، لە کۆتایی ئەم نوسینەدا دێمەوە سەر باسی ئەو بنەمایە.

بیرمەند کۆمەڵگا بە کام لە بەها باڵاکان ئاگا دەکات و، کامەن ئەو بەهایانەی کە کۆمەڵگا بۆ تاکەکان دەکا بە ژینگەیەکی ئارەزووکراو؟ سێ بەها سێکوچکەی کۆمەڵگەیەکی شایستە بە ژیانن؛ ئازادی، یەکسانی و دادگەری. کەسی بیرمەند شان دەداتە بەر ئەرکێکی ئاڵۆز و بەرپرسیارییەتییەکی گەورە؛ دەبێ لە یەک کاتدا کۆمەڵگا پەروەردە بکا بە مانای هەریەک لەو بەها مرۆییانە، و دژەکانیشیان بخاتە ڕوو. بۆ وێنە، بە ڕاشکاوی ئەوە بگەیەنێت کە ژیان لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا بە بەراورد لەگەڵ ژیان لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئازادییە کەسییەکان پێشێل دەکا چۆنە؛ یاخود، کۆمەڵگەیەک کە تاکەکان تێیدا لە مرۆڤ بوون و مافدا یەکسانن، هەروەها کۆمەڵگایەک کە کەمینەیەک مافی زۆرینەیەکی ڕەها پێشێل دەکات چۆنە. ئەمە سەرەتایە لە کاری بیرمەند، هەرئەوەندە بەس نییە کە ئەو وێنە جیاوازانە پێشان بدات، ئەوەش ئەرکی بیرمەندە ئەو پەیامەش بدا کە پاراستنی ئازادییە کەسییەکان، یەکسان بوونی مرۆڤەکان، یاخود چەسپاندنی دادگەری پەکیان لەسەر چی کەوتووە و چۆن دەستەبەر دەبن. بۆ وێنە، ئەو ڕاستییە دەگەیەنێ بۆئەوەی تاکەکان بتوانن ئەزموونی ئازادییە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکانیان بکەن پێویستیان بە چەند یاسایەک هەیە پەیوەندییەکان ڕێکبخات، ئەمەش پێویستی بە دەسەڵاتێک هەیە بیچەسپێنێت، دەسەڵاتێک سەروەری یاسا بەرجەستە بکات تا ئەو شوێنەی کە یاسا بۆی دیاری دەکات و ڕێگەی پێدەدا کار ڕاپەڕێنێ.

لە کێشانەی دەسەڵات و خەڵک بیرمەند هەمیشە لە تای تەرازووی خەڵکدایە. ئەگەر لە دەسەڵاتیشەوە نزیک بێ دیسان ئامانجی ئەوەیە کە دەسەڵات بکاتە ئامرازی خزمەت و وەڵامگۆی داخوازییەکانیان. ئەوەی کە بۆ کەسی بیرمەند ڕوونە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگادا سەروەری یاسا بنچینەیە و مەبەستە، دەسەڵات ئامرازە بۆ ئەو مەبەستە. چونکە لە بە سەروەرکردنی یاسادا، یاسایەک سنور بۆ دەسەڵات دابنێ، تاکەکان دەتوانن ئەرک و ماف و ئازادیەکانیان لە کۆمەڵگادا بەرجەستە بکەن. بەڵام سەروەری یاسا پەکی لەسەر چی کەوتووە؟ یان دەسەڵات بە چ ئامرازێک دەتوانێت یاسا سەروەر بکات؟ بەدڵنیاییەوە لە ڕێگەی چەند دامەزراوەیەکەوە کە خاوەنی سەربەخۆیی بن لە ئەرک ڕاپەڕاندندا. کام ئەرک؟ ئەرکی دەستەبەرکردنی ماف و سپاردنی ئەرک و پاراستنی ماڵ و ژیانی تاکەکان. جا بەو ئەندازەیەی کە ئازادیی و دادگەریی و یەکسانی پەکیان لەسەر سەروەری یاسا و کاری دامەزراوەیی کەوتووە، بەهەمان ئەندازە سەروەری یاسا و کاری




**تایبەتمەندییەك كە هەموو بیرمەندەكان تێیدا هاوبەشن ئەوەیە كە ئامانجیان چەسپاندنی بەها مرۆییەكانە، ئەو بەهایانەی چەسپاندنیان پێویستی بە خەڵك و كۆمەڵگا هەیە.**

دامەزراوەییش بەهای باڵان و کەسی بیرمەند لە هەوڵی ئەوەدایە کە کۆمەڵگایان پێ ئاگا بکات.

بۆ کەسی بیرمەند، تاکە ڕێگە هۆشیار کردنەوەیە، بەڵام لێرەدا ئامرازەکان یەک جۆر نین، من لەسەرەوە ئاماژەیەکم کرد کە دەنگونجێ بیرمەندەکان لە چەند کایەیەکدا ڕۆڵ ببینن، دەکرێ کەسی بیرمەند نیگارکێش بێ و لە ڕێگەی وێنەکانییەوە کۆمەڵگا هۆشیار بکاتەوە؛ دەگونجێ بیرمەند مێژوونووس بێ و لە ڕێگەی باسکردنی ڕاستییەکانی ڕابردوو هاوکاری کۆمەڵگا بکات پەند لەو ڕاستییە مێژووییانە وەربگرێت؛ دەگونجێ بیرمەند ڕۆماننووس بێ و بە زمانێکی هونەری خوێنەر بدوێنێ و وێنای گرفتەکانی کۆمەڵگا بکا، یا فیلم ساز بێ، یا مۆسیقاژەن، یا شانۆ نووس بێ، یا شاعیر، یا کۆمەڵناس، یا ڕۆژنامەنووس، خاڵی هاوبەشی هەموویان بریتییە لە دواندنی کۆمەڵگا. هەریەکەیان چینێکی کۆمەڵگا دەدوێنێت، ئەو چینەی کە خوێنەریەتی، یا بیسەریەتی یا بینەر. بەڵام کۆکەرەوەی هەموویان یەک ئامانجە؛ ئاگاکردنەوەی کۆمەڵگا. ئەگەر سەرنج بدەین، هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا، کردەیەکی دوو ڕەهەندە، لە بارێکدا پێشاندانی کەموکوڕییەکان و تەنگژەکان، لەبارێکی دی دا، پێشاندانی ڕێگا چارە و ئاڕاستەکردن بۆ لێ دەرباز بوون. واتە سەرەتا پێشاندانی نەخوازراوەکان، ئەنجا وێناکردنی خوازراوەکان؛ دیاریکردنی ناپەسندەکان ئەنجا ناساندنی پەسندەکان. بۆ نموونە ئەگەر گرفتەکە کەمی یا نەبوونی هەندێک ئازادی کەسی بێ، دەستپێکی پرۆسەی هۆشیارکردنەوە دەبێ بە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەمەڕ نەبوونی ئەو ئازادییانە بێ، پاشان ئاگاکردنیان بەو ڕاستییەی کە سەندنی ئەو ئازادییانە بژاردەیەکی گونجاوە و ئەستەم نییە.

کەواتە، هەریەک لەو بیرمەندانە بۆئەوەی کاریگەری دروستبکەن پێویستە ڕاستەخۆ کۆمەڵگا بدوێنن.

بۆئەوەی ڕاستەوخۆ خەڵک بدوێنن پێویستییان بەوەیە لە ئاستێکدابن کە قسەیان کرد گوێیان بۆ بگیرێ. پێشمەرجەکانی گوێ بۆگیران زۆرن، بەراییترینیان بریتییە لە خوێندنەوەی دروست بۆ هەلومەرجی دراو و بینینی ڕاستییەکان. بەبێ ئەو پێشەمەرجە بەراییە ئەستەمە بیرمەند بگاتە ئەنجامگیرییەکی دروست. بۆ بیرمەند پەی بردن بە ڕاستییەکان و گەیاندنی ڕاستییەکان وەک یەک گرنگن؛ ئەگەر بەشێکی ژیانی تەرخان کردبێ بۆ گەیشتن بە ڕاستییەک بەشەکەی دی بۆ گەیاندنی ئەو ڕاستییەیە و سازش لەسەر نەکردنییەتی. گەیاندنی بە کێ؟ گەیاندنی بە کۆمەڵگا، لە ڕێگەی ڕاستەوخۆ دواندنی. لێرەدا، خاڵێکی گرنگ هەیە شایەنی هەڵوەستە لەسەر کردنە. وەک مرۆڤێک بیرمەندیش ترس و ئومێدی هەیە؛ دەترسێت، بەڵام ترسی لە نەبوونی ئازادی و لێکەوتەکانی زیاترە لە ترسی لەو باجەی کە دەیدا بۆ چەسپاندنی ئازادی. بیرمەند خاوەن ئومێدە، ئومێدیشی لە متمانەدا بەرجەستە دەبێت، متمانە بەو ڕاستییەی کە بەها باڵاکان کاریگەری دروست دەکەن و



**هەستی بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە پرسە گشتییەکان ئەوەندە لە بیرمەندا بالآیە کە دەبێتە بەرجەستەبووی هۆشیارییەکی کۆمەڵگا و، دەبێتە ویژدانێکی زیندووی خەڵك.**

خەڵک دەبزوێنن. کەسی بیرمەند نەزان نییە بە دەرەنجامی گوفتار و کرداری، بەڵام سەرباری ئەوەی کە دەزانێت ئەگەری ئەوە هەیە باج بدا ناسڵەمێتەوە. ئەوەیە پێوەر و، ئەوەشە جیاکەرەوە. هەر ئەوەشە پێشمەرجەی بوێریی و چاونەترسی.

بوێریی بیرمەندە وا دەکا دەنگی بە خەڵک بگا و شایستەی ئەوە بێ کە گوێی بۆ بگیرێ. چی گوتن مەرجێکە، بەڵام بەردەوامی لەسەری و سازش نەکردن مەرجێکی گرنگترە. گرنگترین هۆکار بۆ گەیاندن و تێگەیاندن بریتییە لە بەردەوامی و دووبارە کردنەوە – ڕاستییەک بە گوێی خەڵک دابدرێ تا ئەو کاتەی دەیبیستن، ئەوەندە بە بەردەوامی بیبستن تا تێیاندا بەرجەستە دەبێ. بەکورتی، لە ڕاستەوخۆ دواندنی خەڵکدا، بیرمەند خۆی دەکاتە ئامراز و ئەو پەیامەی کە دەیەوێت بیگەیەنێ دەبێتە ئامانج؛ ئامانجەکە ئەوەیە پەیامەکەی لە کۆمەڵگادا گۆڕانکاری ئەرێنی بێنێتە ئاراوە. بۆ وێنە، خەڵک هۆشیار بکات بە مافەکانیان بە ئەندازەیەک کە خەڵک سازش لەسەر مافەکانیان نەکەن و بیانستێنن؛ بەڕادەیەک خەڵک ئاگا بکا بە ئەرکە گشتییەکانیان کە خۆویستانە ئەو ئەرکانە ڕاپەڕێنن.

بیرمەند ئامانجدارە و زانایانە ئەرکی خۆی بەجێ دەگەیەنێ، کارێکی ئاگایانەی مەزن جێبەجێ دەکات و ئەو ئەرکە بە کەسی دی ناسپێرێ، بۆخۆی ڕایدەپەڕێنێ. بیرمەند بکەرێکی دانەبڕاوە، کاتێک پەی بە ڕاستییەک دەبات، هەوڵ دەدا ئەو ڕاستییە لە کۆمەڵگادا ڕەگ داکوتێ و، لەبەرانبەریدا هەوڵ دەدا چەوتییەک ڕیشەکێش بکات. بۆ وێنە، بیرمەند دانایە بەوەی کە چەسپاندنی دادگەری بە تەنها لە باسکردنی بیری پەسندی دادگەریدا نییە، بەڵکو پێچەوانەکەشی پێویستە بگوترێ. لە دژ نادادی ڕا دێ و بەرپەرچی دەداتەوە. بەرپەرچدانەوە و لە ڕاست ڕا هاتن و ڕاسان کاری سانا نین؛ زۆرجار باجی گوتنی ڕاستی کەمترە لە باجی پوچەڵکردنەوەی ناڕاستی. بیرمەند ئامادەیە ئەو دوو باجە بدا. لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا دیاریکردنی هەر ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی لە بەرانبەر خۆیدا ناڕاستییەکی کۆمەڵایەتی دیار دەکا. بۆ نموونە، ئەگەر بگەینە ئەنجامگیرییەک و ئەو ڕاستییە بسەلمێنین کە خوێنەربوونی زۆرترین ژمارەی کەسەکان لە کۆمەڵگایەکدا یەکێکە لە پێشمەرجەکانی پێشخستنی ئەو کۆمەڵگایە؛ واتە ئەو ڕاستییەی کە خوێندەواریی و پێشکەوتن پێکەوە ڕاستەوانە دەگۆڕێن. بۆ برەودان بە خوێندەواری ڕێگایەکی دیکە شک نابەین جگە لە نەهێشتنی نەخوێندەواری. واتە ئێمە لە یەک کاتتدا کە هانی خوێندەواری دەدەین، دژی نەخوێندەواری سەنگەرمان گرتووە. نمونەیەکی دی، ئەگەر ئەوە ڕاست بێ کە ئەوانەی ئەزموونی دەسەڵات دەکەن، کەمتر بواری قۆرخکاریی و گەندەڵی و ستەمیان دەبێ ئەگەر هاتوو لەژێر چاودێری پەیکەرەکانی نوێنەرایەتی خەڵکدا بن و، ڕێکارێک هەبێ بۆ لێپێچینەوەیان، ئەمە زیاتر لە گەیاندنی وەک ڕاستییەک پێویستە. بەتەنها گووتنی ئەو ڕاستییە بەس نییە، بەڵکو گرنگی ئەو ڕاستییە لە ئەزموونکردنیدا بەرجەستە دەبێ. واتە؛ بۆئەوەی ڕێ بگیرێ لە ستەم و گەندەڵی، پێویستە

پەیکەرەی دەسەڵات بخرێتە ژێر چاودێری ئاگایی خەڵکەوە. خەڵک هاندان بۆئەوەی چاودێری کاری دەسەڵات بکەن ئەرکێکە ئاگایانە و مەزن. باجی دەوێ، چونکە کەمینەیەک کە لە گەندەڵی و ستەم سودمەندن پارێزگاری لە بەرژەوەندی و پێگەی خۆیان دەکەن، ئەگەرێکی بەهێزە بۆ ئەو مەبەستە پەنا بەرنە بەر توندوتیژیی و هەڕەشە. نمونە زۆرن، بەڵام ئەو دوو نمونەیەی سەرەوە ئەو مانایەی کە مەبەستمە دەگەیەنن. ئەگەر سەرنج بدەین، بەرپرسیارێتی بیرمەند لە هەر بوار و لایەنێکی ژیانی کۆمەڵگەدا بریتییە لە پەیوەست بوون، لێ دانەبڕان و دەستەویەخەبوون؛ ئەو کەسایەتییەکی هەمیشە بزواوە و، دینامیکییە.

بۆ کەسی بیرمەند، گەیاندنی ئەو ڕاستییەی کە بۆچوونی لەسەر چەسپاوە بایەخێکی لە ڕادەبەدر پیرۆزی هەیە. با وێنەیەک بێنمەوە کە کەم تا زۆر هەمووومان پێی ئاشناین، فەیلەسوفی یۆنانی سوقرات ئامادە بوو ژەهری هیملۆک بخواتەوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ، بەڵام ئامادە نەبوو لە گوتنی ئەو ڕاستییانەی کە پەی پێ بردبوون پاشگەزبێتەوە، بواری درا لەوەی گوتوویەتی پەشیمان بێتەوە و لەبەرانبەردا لێ خۆش بن، ڕەتیکردەوە؛ بواری بۆ ڕەخسێندار لەو ماوەیەی کە لە زینداندا بوو خۆی دەرباز بکات، ئەمەشی ڕەتکردەوە، چونکە مەبەستی بوو ئەو ڕاستییەی کە پێیەتی بیگەیەنێ و، ئەوەش بگەیەنێ کە ڕاستییەکە بۆ ئەو ئەوەندە مەزنە، ئامادەیە گیانی خۆی لە پێناودا بدا. بۆ ئەو بایەخی گوتنی ڕاستی زیاتر بوو لە بایەخی ژیانێک کە تێیدا ئامادەبێ لە ڕاستییەکی ئەزمووونکراو نکۆڵی بکات. ڕاستییەکانی گووت، باجەکەیدا، بەڵام هەر ئەو ئامادەیی باج دانەی بوو کە ئێستا ئێمە وەک بیرمەندێک بە نموونەی بوێری دەیهێنینەوە – وەک بیرمەند ئەو موڵکی تێکرای مرۆڤایەتییە، ئەگەر هاتباو لە زیندان ڕایکردبا یا گیانی بۆ پەیامەکەی بەخت نەکردبا، ئێستا مرۆڤایەتی سوقراتێکی نەدەبوو. لەم وێنەیەدا وانەیەک هەیە بۆ هەمووو ئەوانەی کە دەیانەوێت ڕاستی بگەیەنن، کاریگەری دروست بکەن، ببنە موڵکی تێکڕای ئەو کۆمەڵگەیەی کە دەیانەوێت تاکەکانی هۆشیار بکەنەوە، وانەکەش ئەوەیە؛ کاریگەر بوون باجی پێویستە، زۆرجار ئەو باجەی کە دەبێ بیدەن بریتییە لە لەدەستدانی بەرژەوەندییەکی ماددی، یا پێگەیەکی فەرمی، یا دەسکەوتێکی پیشەیی، لە هەندێک باردا تەنانەت لەدەستدانی بەشێک یا کۆی ژیان، یا لەدەستدانی ئازادی – کەم نین ئەوانەی بۆ ئازادی لە زیندانن؛ لەپێناو بانگەشەیان بۆ ئازادی زیندانی کراون.

تا ئەو کاتەی بیرمەند ئامادەیی ئەوەی نەبێ کە لە بەرانبەر گەیاندنی ئەو پەیامەی کە هەیەتی کۆی بەرژەوەندییەکانی و ژیانی وەک دراو بدا، نابێ چاوەڕێی ئەوە بکات کە کار و گوفتاری کاریگەری لە کۆمەڵگادا دروست بکەن. ئەوەش ئەو بنەمایە بوو کە لە سەرەتای ئەم نووسینەدا ئاماژەم بۆ کرد و گووتم لە کۆتاییدا دێمەوە سەری؛ بنەمای بوێریی و لەخۆبوردن، خۆکردنە ئامراز و، بەهای باڵا کردنە ئامانج. دەستبەرداربوونی هەموو دراوەکانی دی و دەستگرتن بەو ڕاستییانەوە کە بە چەسپاندنیان کۆمەڵگا سودمەند دەبێ. ئامانج چییە؟ ئامانج خەڵک ئاگا کردنە بە بەها پەسندەکان. ئامانج بۆ کەسی بیرمەند ئەوەیە تاکەکانی کۆمەڵگا هۆشیار و زیندوو بن؛ هۆشیار بن بە زانینی دروست و، زیندوو بن بۆ ڕاپەڕاندنی. واتە خەڵک ئاگا کردن بە ڕاستییەکی ئەزموونکراو، ئەو ڕاستییەی کە بۆ باشترکردنی کۆمەڵگا زانینی دروست بەتەنها بەس نییە، بەڵکو ئەزموونکردن و بەرجەستەکردنی پێشمەرجەن بۆ گەیشتن بە دەرەنجامی ئارەزووکراو. کەسی بیرمەند دەیەوێت کۆمەڵگا ئەو ناوەندە بێ کە تاکەکان ژیان تێیدا مانابەخش دەبینن؛ ژیانێک کە شایستەی مرۆڤی هۆشیار بێ، مرۆڤێک ئاگا بە پرمانایی ژیان.

# ڕۆشنبیر کێیە و ئەرکی چییە؟





**م. محەمەد ساڵح پێندرۆیی (جگەرسۆز)**

ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی پێندرۆی ناوچەی (مزووری باڵا) لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨٧ خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواو کردووە، خاوەنی نزیکەی (٥٦) کتێبی چاپکراو و ژمارەیەکی زۆر وتاری بڵاوکراوەیە.

وشەی رۆشنبیر، وشەیەکی رەسەنی لێکدراوی کوردییە، لە دوو وشەی سادە پێکهاتووە، رۆشن، واتە رووناک، بیر، واتە هزر و فیکر، واتە کەسێک کە خاوەن هزرێکی رۆشن و بیرێکی رووناک بێت.

کەسی رۆشنبیر رۆڵێکی زۆر کاریگەر و گرنگی هەبووە و هەیە لە پرسە چارەنووسسازەکاندا و داینەمۆی گشت شۆرش و راپەرین و گۆرانکارییەکان بووە لەناو گشت کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا، بۆیە گەلانی جیهان، نەخاسمە گەلانی پێشکەوتوو، گرنگییەکی زۆریان پێداوە، لەم سۆنگەیەوە زۆرێک لە زانایان و بیرمەندان و نووسەران و ئەدەبیان و مێژوونووسانی جیهان هەر لە کۆنەوە تا ئێستا بە دەیان کتێب و توێژینەوە و نووسینیان لەسەر مرۆڤی رۆشنبیر و کاری رۆشنبیری نووسیوە و شەن و کەویان کردووە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی چەمکی رۆشنبیر، چەمکێکی فرە رەهەند و ئاڵۆزە، بۆیە تا ئێستا کۆدەنگییەک لەسەر پێناسەیەکی گشگیر، کە جێی پەسەندی هەمووان بێت دروست نەبووە، بۆیە هەرکەسێک لە دید و تێروانینی خۆیەوەی پێناسەی ئەم چەمکەی کردووە. لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێک لەو پێناسانە دەکەین، کە بۆ رۆشنبیر کراون:

١. پێناسەی کۆن و کلاسیکی بۆ رۆشنبیر ئەمە بوو:» رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە لە هەموو بوارێکی ژیاندا شتێک دەزانێت و لە بوارێکیشدا هەموو شتێک دەزانێت. هەروەها وتراویشە :»رۆشنبیر یەکەمین کەسە کە بەرگریی دەکات، کۆتا کەسیشە کە دەشکێت».

٢. ئەنتۆنیۆ گرامشی دەڵێت:»هەموو خەڵک رۆشنبیرن، بەڵام هەمووان رۆڵی رۆشنبیر لەناو کۆمەڵگەدا ناگێرن». هەروەها گرامشی، رۆشنبیران بۆ سێ جۆر دابەش دەکات (رۆشنبیری راستەقینە، رۆشنبیری ئەندامی(عضوی)، رۆشنبیری ساختە».

٣. ژولین بێندا دەڵێت:» رۆشنبیران ئەو کەسانەن کە ویژدانی مرۆڤایەتی دروست دەکەن».

٤. دیسان ژولین بێندا دەڵێت:» رۆشنبیر ئەو کەسەیە توانای ئەوەی هەبێت بەرامبەر بە دەسەڵات راستی بڵێت».

٥. سارتەر دەڵێت:»رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە تیۆرەکان دەگۆرێت بۆ پراکتیکییەکان».

٦. ئیدوارد سەعید لەمبارەیەوە دەڵێت:»دەتوانم بڵێم رۆشنبیران کەسانێکن، خاوەن هونەری پێشکەوتنن، جا چ بە گوتن بێت یان بە نووسین بێت، یان بە فیربوون بێت».

٧. زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی هاوچەرخ لویس کوزر دەڵێت:»رۆشنبیران میراتگرانی پەیامبەرانن».

٨. لیبست دەڵێت:» رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە کاری رۆشنبیری دەکات و رۆشنبیری بڵاودەکاتەوە و داهێنانی تێدا دەکات».

٩. محەمەد ئەرگون دەڵێت:» رۆشنبیر خاوەن گیانێکی سەربەخۆیە و حەزی لە دۆزینەوەیە».

١٠. دکتۆر عەلی شەریعەتی دەڵێت:» رۆشنبیر خاوەن دید و بیر و هزرێکی تازە و کراوەیە و توانای شیکردنەوە و راڤەکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی هەیە کە لەناو کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدەن».

١١. میشێل فۆکۆ دەڵێت:» رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە لە زۆرێک لە دۆخە سەختەکاندا هەڵوێست وەردەگرێت و لەگەڵ رۆشنبیرە جیاجیاکاندا پەیوەندیی دروست دەکات».

١٢. ئەنەتۆل بفرانس دەڵێت:»رۆشنبیر ئەو کەسەیە بۆ بەرژەوەندیی گشتی کار بکات و هیچ مەبەستێکی سیاسی لە پشت کارەکەیەوە نەبێت».

١٣. ئالوین گۆلد دێنێر دەڵێت:» رۆشنبیران کۆمەڵە کەسانێکی شارەزان و بە زمانێکی هاوبەش لەگەڵ هاوپیشەکانیان قسە دەکەن، کە خەڵکی ناشارەزا لێیان حاڵی نابێت».

١٤. بەختیار سەجادی دەڵێت:» ڕۆشنبیر مرۆڤێکی عەقڵانییە، هەم دەتوانێ خۆی بخوێنێتەوە، هەمیش خەڵکانی دیکە».

١٥. (وڵسۆن)ی ٢٨مین سەرۆکی ئەمریکا دەڵێت:» پێویستە بۆ مرۆڤی ڕۆشنبیر شارەزای مێژووی جیهان و مەدرەسە ئایدۆلۆژییەکان و زانستێک لە زانستەکان و زمانێکی جیهانی بێت».

١٦. سەلامە موسا دەڵێت:» ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە مەودایەکی زۆر پێش کۆمەڵگا دەکەوێت و هەوڵ دەدات گۆڕین دروست بکات و نموونەی تازە بخاتە بەردەست و هانمان بدات کە بۆ بەدەستهێنانی ئەو نموونانە خەبات بکەین و گۆڕانکاری دروست بکەین».

١٧. جەلال فەخری دەڵێت:» ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە مێژوو دەخوێنێتەوە و لە ئێستا تێدەگات و دید و تێڕوانینی خۆی هەبێت بۆ ئاییندە».

١٨. مارکس دەڵێت: «ڕۆشنبیر ئەو کەسانەن کە لە ڕێگەی قەڵەمەوە نان دەخۆن».

١٩. نیچە دەڵێت: «ڕۆشنبیران لەو مێشوولانە دەچن وا بەدەوری ڕۆشنایی و ئازادیدا دەخولێنەوە».

٢٠. دکتۆر (مثنى العبيدى) دەڵێت:» ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان گرنگی بە عەقڵ یان هزر دەدات یان بەکاریان دەهێنێت».

٢١. من وەک نووسەرێک، پێموایە ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە دەرک بە ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگا دەکات و هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانە دەدات، کە تەنگیان پێ هەڵچنیوە.

- ئەرکی ڕۆشنبیر چییە؟

هەڵبەت دیاریکردنی ئەرکی ڕۆشنبیر کە هەمووان لەسەری کۆک و تەبابن، کارێکی ئەستەمە، چونکە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت چوارچێوەیەک بۆ ئەرکەکانی ڕۆشنبیر لەلایەن زانایان و پسپۆڕانەوە دیاری نەکراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەرکی ڕۆشنبیر لەم چەند خاڵەدا چڕ بکرێنەوە:

١. پێویستە ڕۆشنبیر خاوەن دیدێکی ڕۆشن و بیر و هزرێکی قووڵ و ویژدانێکی زیندوو بێت، بۆئەوەی ببێتە ئەستێرەیەکی گەش و درەوشاوە لە ئاسمان مرۆڤایەتیدا و گڕ بە شەوەزەنگی تاریکییەوە بنێت، ئیدوارد سەعید لەمبارەیەوە دەڵێت:» ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە ڕاشکاوانە ڕوانگەی خۆی دەردەبڕێت و بەبێ گوێدان بە هەموو لەمپەر و تەگەرەکان پەیامی خۆی ڕاشکاوانە دەگەیەنێت». (١)

٢. پێویستە ڕۆشنبیر بەرگری لە بەها ئەخلاقییەکان بکات و بیپارێزێت. گەورە بیرمەندی ئەمریکی (نعۆم چۆمسکی) لە کتێبەکەیدا بەناوی (مسؤولية المثقفين) لەمبارەیەوە دەڵێت:» بەرپرسیارەتی ڕۆشنبیرانە، کە یارمەتیی کۆمەڵگاکانیان بدەن بۆ زانینی ڕاستی و حەقیقەت لە حکوومەتەکەیان».(٢)

هەروەها (إمبرتو إيكو)، لە کتێبەکەیدا بەناوی (دروس فى الأخلاق) دەڵێت:» ڕۆشنبیران ئەرکێکی دیاریان هەیە، کە بریتییە لە ڕەخنەگرتن و پابەندبوون بە هەڵوێستێکی پتەوی ئەخلاقی بەرامبەر بەو شتانەی کە لە دەوروبەریان دەگوزەرێت». (٣)

٣. پێویستە ڕۆشنبیر، ڕۆڵی هەبێت لە پێگەیاندن و تێگەیاندنی نەوەیەکی زانا و دانا و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو، بۆئەوەی تەفرە نەدرێن و دەستخەڕۆ نەکرێن. بابەک ئەحمەدی لەمبارەیەوە دەڵێت:»پێویستە ڕۆشنبیر داکۆکی لە زانست و دژایەتی دۆگماکان بکات».(٤)

٤. پێویستە ڕۆشنبیر لە گشت شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا، لەبەرەی میللەت و گەڵدا بێت و سەنگەری خۆی لە سەنگەری میللەت جیا نەکاتەوە

و خاوەن دەنگێکی دلێر بێت و کاریگەری لەسەر ڕای گشتی هەبێت و ڕۆڵی لە چاکسازیی و گۆڕانکارییەکاندا هەبێت لە گشت بوارەکاندا و هەوێنی تەبایی و یەکڕیزی و دلۆڤانی و ئاشتی بێت لەناو کۆمەڵگادا، ئیدوارد سەعید لەمبارەیەوە دەڵێت:» هیچ شۆڕشێکی مەزن لە مێژووی هاوچەرخدا بەبێ ڕۆشنبیران بەرپا نەبووە».(٥)

٥. پێویستە ڕۆشنبیر کەسێکی زانا و دانا و بەتوانا و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و لێهاتوو و دووربین و واقعبین و وردبین بێت و بەردەوام بخوێنێتەوە و سوود لە خوێندنەوەکانی وەربگرێت بۆ پرسە ڕۆشنبیرییەکان، سەلامە موسا لەمبارەیەوە دەڵێت:» ئەوەی خۆی بە ڕۆشنبیر بزانێت، واز لە هیچ نووسراوێک ناهێنێت، کە نەخوێندبێتەوە، گەر بڕیارێکی لەسەر نەدابێت، واتە لەسەر چەند لاپەڕەیەک، کورتەیەکی زۆر چڕوپڕ لەسەر لایەنە بەسوودەکانی دەنووسێت».(٦)

٦. پێویستە ڕۆشنبیر کەسێکی ڕەخنەگر و بوێر بێت و کەموکوڕییەکان بخاتەڕوو و پەنجە بخاتە سەر زام و برینەکان و خاوەن دید و تێڕوانین و ئەجندا و پرۆژەی خۆی بێت و ڕۆڵێکی ئاڤاکەر ببینێت و نەبێتە بەشێک لە کێشە، بەڵکوو هەمیشە بەشێک بێت لە چارەسەر، دکتۆر عەلی شەریعەتی لەمبارەیەوە دەڵێت:»مرۆڤی ڕۆشنبیر خاوەن سیفەت و تایبەتمەندیی خۆیەتی، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کە کەسێکی لێکۆڵەر و ڕەخنەگر بێت و توانای شرۆڤەکردنی بابەت و پرسە ئاڵۆزەکانی هەبێت و دید و تێڕوانینەکانی خۆی لەسەر ئەو بەڵگانە بخاتەڕوو».(٧)

٧. پێویستە ڕۆشنبیر ڕۆڵی هەبێت لە دۆزینەوەی ڕاستییەکان و دەرک کردن بە مەترسییەکان و خستنەڕووی چارەسەرەکان، لە ڕوانگەی بینداا:» ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە کەسانێکن زۆر دەگمەن، پارێزەری سەرەتا و کۆتایی ڕاستی و دادوەرین».(٨)

٨. پێویستە ڕۆشنبیر مرۆڤدۆست بێت و دوور بێت لە هزرتەسکیی و دەمارگیریی و ڕەگەزپەرستیی و ناپاکی، سەلامە موسا لەمبارەیەوە دەڵێت:» مرۆڤی ڕۆشنبیر لەم چەرخەدا، ئەو مرۆڤە نییە کە تەنیا داوای ڕۆشنبیری عەرەبی یان ئینگلیزی یان ئەڵمانی بکات، بەڵکوو داوای ڕۆشنبیری جیهانی دەکات، ئەو ڕۆشنبیرییەی کە نە ڕۆژهەڵاتییە و نە ڕۆژئاواییە، بەڵکوو ڕۆشنبیرییەکی هەموو ئەم هەسارەیەیە، ڕۆشنبیری جیهانی لێکۆڵینەوە لە مێژووی میسر و چین و هیند دەکات، لەبەرئەوەی مێژووی خۆیەتی، لێکۆڵینەوەی جوگرافیای ئاسیا و ئەمریکا دەکات، چونکە خاوەنی هەموو کیشوەرەکانە».(٩)

٩. پێویستە ڕۆشنبیر سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و نەکەوێتە ژێر هەژموون و کاریگەریی پارە و پوول و پلە و پۆستەکانی دەوڵەت و هێزە سەرمایەدارییەکان، بۆئەوەی پەیامەکەی، هێز و قورسایی خۆی هەبێت لە هاوکێشەکاندا، ڕاسێل جەیکۆبی لە کتێبی (دوایین ڕووناکبیران)دا، لەبارەی لاوازی ڕۆڵی ڕووناکبیرانی ئەمریکا لە سەدەی بیستەمدا دەڵێت:» بە درێژایی سەدەی بیستەم، بە هۆیەکی تەواو سیاسییەوە هێزی ڕووناکبیران لە زانکۆکانی ئەمریکادا ڕووی لە کزی کردووە و زۆریان ڕۆڵی سەربەخۆی خۆیان لەدەست داوە و لە سیستمی بیرۆکراسی دامەزراوە حکوومییەکاندا تواونەتەوە».(١٠)

١٠. پێویستە ڕۆشنبیر هەست بە بەرپرسیارەتی بکات بەرامبەر بە کۆمەڵگە و پرسە گشتییەکاندا و پارێزەری بەرژەوەندییە بەرز و باڵاکانی میللەت و نیشتمان بێت، لە تێڕوانینی بینداا:» ڕۆشنبیران بەدوای هیچ بەرژەوەندییەکی ماددییەوە نین».(١١)

١١. پێویستە ڕۆشنبیر، کار بۆ چەسپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بکات و دژی ستەم و بێدادی بوەستێتەوە، هەروەها پێویستە هەمبەر هەر دەسەڵاتدارێکی نادادگەر و ستەمکار، حەقبێژ بێت و بە ئاشکرا دیدگا و تێڕوانینی خۆی دەرببڕێت، بیندا لەمبارەیەوە دەڵێت:» نابێت ڕۆشنبیر پێگە و مەقامێکی وای لەناو دەسەڵاتدا هەبێت، کە ببێتە خزمەتکار و مشەخۆری دەسەڵات».(١٢) هەروەها دەڵێت: پێویستە ڕۆشنبیر توانای ئەوەی هەبێت بەرامبەر بە دەسەڵات حەق بڵێت».(١٣)

١٢. پێویستە ڕۆشنبیر، بەمەبەستی بەرفراونکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەی خۆی، بەباشترین شێوە سوود لە تەکنەلۆژیای زانیاریی وەربگرێت، بۆئەوەی بتوانێت بە جوانی و ڕەوانی پەیامەکەی بگەیەنێت بە دەسەڵات و کۆمەڵگا، چونکە تەکنەلۆژیا گەورەترین چەکی ئەم سەردەمەیە و زۆرترین کاریگەریی هەیە لەسەر هەست و نەستی خەڵک، هەروەها داینەمۆی بەهێزکردنی ژێرخانی پەروەردە و ئابووریی و پیشەسازیی و ڕاگەیاندن و گشت کایە گرنگەکانی دیکەی ژیانە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

(١) نیشانەکانی ڕۆشنبیری، ئیدوارد سەعید، و: داود ڕەسوڵی کیا، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

(٢) موقع العرب، المثقفون والموقف الاخلاقي، کاتب عراقی محمد حیاوی، ٢٠١٨/٦/٢٥.

(٣) موقع الخليج، المثقف والاخلاق، محمد إسماعيل زاهر، ٢٠١١/٣/٥.

(٤) کاری ڕووناکبیری، بابەک ئەحمەدی، وەرگێڕانی تەحسین تەها، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، ٢٠١٨.

(٥) نیشانەکانی ڕۆشنبیری، ئیدوارد سەعید، و: داود ڕەسوڵی کیا، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦

(٦) خۆڕۆشنبیرکردن، سەلامە موسا، وەرگێڕانی مەحموود تاهیر سادق، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

(٧) پرورش فکر (روشنفکر کیست)، دکتر علی شریعتمداری، انتشارات جهاد دانشگاهی اصفهان، ١٣٧٢شمسی.

(٨) نیشانەکانی ڕۆشنبیری، ئیدوارد سەعید، و: داود ڕەسوڵی کیا، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

(٩) خۆڕۆشنبیرکردن، سەلامە موسا، وەرگێڕانی مەحموود تاهیر سادق، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

(١٠) کاری ڕووناکبیری، بابەک ئەحمەدی، وەرگێڕانی تەحسین تەها، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، ٢٠١٨.

(١١) نیشانەکانی ڕۆشنبیری، ئیدوارد سەعید، و: داود ڕەسوڵی کیا، دەزگای وەرگێڕان، چلپخانەی منارە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

(١٢) نیشانەکانی ڕۆشنبیری، ئیدوارد سەعید، و: داود ڕەسوڵی کیا، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

(١٣) ڕۆشنبیر کێیە؟ چارەنووسی چییە؟ کۆمەڵە وتار، وەرگێڕانی سۆران عەلی پوور، دەزگای وەرگێڕان، ٢٠٠٧.






# ڕووناکبیر و ڕۆڵی ئەو لە هەستانەوەی کۆمەڵگادا

## لە گفتوگۆیەکی کراوەی سەنتەری زەهاویدا



داڕشتنەوە و نووسینەی: هەژار حاتەم

رۆژی دووشەمە ٢٠٢٠/٩/٢٨ سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی بە هاوبەشی لەگەڵ گۆڤاری خاڵ، گفتوگۆیەکی کراوەی بۆ بەڕێز (د. سەباح بەرزنجی) سەرۆکی سەنتەر سازکرد، بەناونیشانی:»ڕووناکبیر و ڕۆڵی ئەو لە هەستانەوەی کۆمەڵگادا»، کە ژمارەیەک لە دەستەبژێران لە مامۆستای زانکۆ و نووسەران تیادا بەشداربوون و ئامانج لێی دیاریکردنی چەمک و ڕۆڵی ڕووناکبیرانە لە هەستانەوەی کۆمەڵگادا.

پێش دەستپێکی گفتوگۆکە، (د. سەباح بەرزنجی) دوای بەخێرهاتنی ئامادەبووان، هەروەها زەرووڕەتی ئەم چالاکییە و هاوشێوەکانی بۆ ڕوونکردنەوە و پاشان موفرەدەی گفتوگۆکەی بۆ خستنەڕوو، کە بەم شێوە بوو:

- چەمکی ڕووناکبیر چییە؟
- گرفتەکانی ڕووناکبیریی چین؟
- ئەرکەکانی ڕووناکبیر.
- پەیوەندیی نێوان مەعریفە و ڕەخنە.
- پەیوەندیی نێوان مەعریفە و ڕووناکبیر.
- گرفتە بنەڕەتییەکانی ڕووناکبیران، بەگشتی و ڕووناکبیری حیزبە ئیسلامییەکان لە کوردستان بەتایبەت چین؟
- هۆیەکانی ئەو گرفتەکان چین؟
- زانکۆکانی کوردستان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ڕووناکبیری کردووە؟

**چەمکی ڕووناکبیر:**

بەنیسبەت چەمکی ڕووناکبیرەوە، د.سەباح بەرزنجی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە چەندین پێناسەی جیاواز و لە دیدگای جیاوازەوە بۆ چەمکی ڕووناکبیر کراوە، هەروەها چەند ئیشکالیەتێکیشی لەو ڕووەوە، کە لای زانایان و قوتابخانەکانیان هەبووە و هەیە خستەڕوو. ئێوە دەزانن ڕووناکبیر ڕۆڵی هەیە، بەڵام چەندە و چۆنە؟ ئەمەیان جێگەی پرسیارە، ئایا کۆمەڵگە قبووڵیەتی، کە ڕووناکبیر ئاراستەی بکات؟ ئایا کۆمەڵگە ئیعراف بەوە دەکات، کە کەوتووە و ئەو هەڵیبسێنێتەوە؟

لە پێناسەکردنی چەمکی ڕووناکبیردا د. سەباح بەرزنجی دەڵێت: هەیە پێیوایە ڕووناکبیر ئەو کەسەیە، کە خاوەنی ڕاوبۆچوونی ئازاد بێ و دژ بێ بە ڕواڵەت و فۆرمی زاڵ، دەشڵێت: ئەو کەسەکەیە، کە خوولیای گەڕانە بە دوای نهێنییەکانی خودی خۆیدا، پاشان لە حەدی زاتی خۆیدا بیر ڕۆشن بێ، وتراویشە کەسێکە پڕە لە مەعریفە و حەز و خوولیا، هەروەها ڕۆشنبیر کەسێکە، کە خاوەنی میتۆدێکی ڕەخنەیی و هەمەچشنەیە، کە قبووڵی سنووردارکرن ناکات، بەهەمان شێوەیە کەسانی دیکەش پێیانوایە ڕووناکبیر کەسێکە، کە توانای ناسینی ڕووداوەکان و پێناسەکردنیانی هەبێت، وتراویشە ئەوەیە کە لە ژیان تێبگات.

هەروەها ئەوەیە کە خاوەنی بیکردنەوەی گشتگیرە و لە ڕووبەڕە بەرتەسکەکان تێپەڕی بێت، بەردەوام بەدوای خۆیدا دەگەڕێت. یان ئەو کەسەیە میتۆد و سەرچاوەی تایبەتی خۆیەت و لە سەر بەرنامە هەنگاو دەنێت و کەسێکیشە مەنهەجی هەیە.

کۆتایی ئەو ڕاوبۆچوونانەش، لە دەوری ئەو ڕایە کۆبوونەوە، کە ڕووناکبیر کەسێکە خاوەنی بینین و پەیام و هەڵوێست و بڕوا و پرسی تایبەت بە خۆیەتی. کەواتە سەرنجی هەرکەسێک بدەی نسیبەتێک لە ڕووناکبیری تێدایە، جا هەیە لە لووتکەدایە، هەشە لە خوارەوە، هەشە لە ناوەندایە.

**پۆلێنکردنی ڕووناکبیران:**

دوای ئەوەی چەمکی ڕووناکبیرمان ناساند و دید و تێڕوانینە جیاوازەکانمان لەو ڕووەوە خستەڕوو، ئێستاش باس لە پۆلێنکردنی ڕووناکبیران دەکەین و دەڵێین: بەپێی ئەو پرسیارە بێ، کە دەیکەن و دەیروژێنن، چەند پۆلێن و جۆرمان هەیە، کە ئەمانە گرنگترینیانە:

١. ڕووناکبیری ڕەخنەئامێز و ڕووناکبیری پینەچی: ڕووناکبیرمان هەیە پرسیار و بابەتی ڕەخنەئامێز دەخاتەڕوو، لە بەرامبەردا ڕۆشنبیرشمان هەیە پینەچییە! بەو مانایەی کاری بۆتە پینەکردن و پاساوهێنانەوە.
٢. ڕووناکبیری کراوە و ڕووناکبیری داخراو.
٣- ڕووناکبیری مولتەزیم و ڕووناکبیری نامولتەزیم.
٤. ڕووناکبیری ئۆپۆزسیۆن و ڕووناکبیری گوێڕاڵ و سەر بە دەسەلات.
٥. ڕووناکبیری میدیاکار و ڕووناکبیری نووسەر.
٦. ڕووناکبیری بەشدار و ڕووناکبیری جەماوەریی.
٧. ڕووناکبیری درۆینە و ڕووناکبیری پارچەکراو، کە هەر جارەی بەشێوەیەک بیر دەکاتەوە.
٨. ڕووناکبیری کلاسیک و ڕووناکبیری مۆدێرن.
٩. ڕووناکبیری گۆشەگیر.
١٠. جۆری تریش کە نایەوێ بچێتە هیچ یەکێک لەو پۆلێنانەوە.

بۆیە دەڵێین: ڕووناکبیری بڕوانامەیەکی تەشریفیی نییە، کە بە یەکێکیان وت ڕووناکبیر ئیتر کاری تەواو بێ، بەڵکو پەیوەستە بە جیهانبینی و دید و تێڕوانینەوە لەگەڵ ئامادەگی لە پرسەکاندا.

ڕۆڵی قورئان لە دروستکردنی ڕووناکبیردا

ئایا قورئانی پیرۆز ڕووناکبیر دروست دەکات؟ ئایا دەتوانین بڵێین داعییەک ڕووناکبیرە؟. بێگومان بەڵێ، چونکە ئەرکێکی گەورە و سەرەکی قورئانی پیرۆز، هاندان و خۆپێگەیاندنی مسوڵمانە لە ڕێگەی خوێندن و خوێندنەوە و خودفێکردنەوە، خوای گەورەش دەفەرموویێت: **[وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ]** (فصلت: ٣٣)، تەفکیر، مەلەکەی تەفکیر لە قورئاندا زۆر گرنگە، تەئەقول، تەدەبوور. لە ڕوانگەی ئەو پێناسانەی، کە کران دەتوانین بڵێین ئەرکێکی سەرەکی قورئان دروستکردنی کەسی ڕووناکبیرە، لە چ ڕووەیەکەوە؟ بێگومان قورئان پڕە لە بیروبڕوا، پڕە لە بەهای ئینسانی، پڕە لە بەهای گەردوونی، پڕە لە پەیام، پڕە لە لێکۆڵینەوە و بەدواچوون، لەوە زیاتر ئێمە چاوەڕوانی چی لە قورئان بکەین، ئینجا پێش هەموو ئەوانەش قورئان داوای وەعی لە مرۆڤ دەکات، کە ڕەگەزێکی سەرەکییە لە دروستکردنی ڕووناکبیردا، وەعی بە خود، وەعی بە ئەوی تر، وەعی بە کۆمەڵگا. کاتێک کە سەیری ئایەتەکانی قورئان دەکەی، بەشێکی باسی ئەوە دەکات، کە خۆت بناسی، بەشێکی ئەوەیە، کە خوا بناسی، بەشێکی تریشی ئەوەیە، کە مرۆڤ بناسی، داوای ناسینی حەق و باتڵمان لێ دەکات. باشە لەوە زیاتر چ تەوەقوعێکمان هەبێ لە کتێبێکی وەک قورئان بۆ دروستکردنی وەعی، بۆ دروستکردنی ڕووناکبیر، بۆ دروستکردنی مەعریفە و بەرهەمهێنانی، کەواتە قورئان فێری دەرککردن بە خود و جیهانمان دەکات، هەر ئایەتێکی قورئان سەرنج بدەی، ئەو لایەنە هەست پێدەکەی. تەنانەت سورەتی (فاتیحە) بەو پوختییەی خۆی، بەو جەوهەریەت و میحوەرییەتییەی خۆی، ئەو ڕەگەزانەی هەمووی تێدایە، وەعی بە خۆت، بە جیهان، بە ڕێگە و بە مەنهەج، بە چارەنووس، بە مێژووی مرۆڤایەتی، بە بەختەوەریی.

هەروەها قورئان هەم تەولیدی ڕووئیا دەکات، هەم بانگەواز بۆ بەها دەکات، هەم تەجسیدی پەیامیش دەکات، یانی ئەو پەیامەی کە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێ) هێناویانە، لە هەموو قۆناغێکی مێژوویشدا بەرجەستەی دەکات، پاشان قورئان شەخسیەتی مرۆڤ بەهێز دەکات، دیاریشی کردووە، کە شەخسیەتی ئینسان بە ڕووناکبیر و نا ڕووناکبیرەوە بە دوو ڕەگەز بەهێز دەبێ، بە ئیمان و بە کردەوەی چاک.

کەواتە ڕووناکبیری قورئانی کەسێکی سنوونەییە، یانی کەسێکە بڕوای بە سستەم و یاسا هەیە لە گۆڕانکارییەکاندا، کەسێکیشە، کە بڕوای بە تەدەبوور و گۆڕانکاریی بەرەو باشتر هەیە، پێیوایە ئەو گۆڕانکاریی بەرەو باشترەش مومکین

و حەتیشمە، هەر دەبێ ببێ، کە بەرهەمی مامەڵەی مرۆڤە لەگەڵ سروشت و دەروبەریدا.

کەواتە پێناسەیەکی جوان، کە لە قورئانەوە وەریبگرین بۆ چەمکی ڕووناکبیر ئەوەیە، کە (یدع الی الخیر) و (یأمر بمعروف وینهی عن المنکر) (الدعوة الی الخیر) یانی سیفەتەکانیش سیفەتی بابەتیین، سیفەتی تیۆریی و میسالی نین. کەواتە ئێمە دەتوانین ئەوە بکەین بە پێوەر، کاتێک دەبینین ڕۆشنبیرێک بانگەوازکارە بۆ بەرژەوەندیی و چاکەی گشتی کۆمەڵگە، ئەوە پێی بڵێین: ڕووناکبیرە. ئینجا (الامر بالمعروف) خۆی مەعروف و مەعریفە پەیوەندیی زۆریان بەیەکەوە هەیە، ئەو کەسە خۆی مەعریفەی نەبێت، چۆن مەعروف دەناسێ؟! مەعریفەی نەبێ، چۆن فەرمانی پێ دەکەن؟

بەبڕای ئێمە هەموو زانستە کۆمەڵایەتیی و مرۆییەکان بەدرێژایی مێژوو، جەخت لەم سێ شتە دەکەنەوە:

١- تەحدید و تەشسیخی خەیر.
٢- تەحدید و تەشسیخی مەعروف.
٣- تەحدید و تەشسیخی مونکەر.

کەواتە کۆمەڵێک عاقڵ دەتوانن دەستنیشانی ئەوە بکەن، گەر سستمێکی سیاسیی ئاوا بێت پەسندە، ئاوا بێ مونکەرە، بۆیە هەموو مەعاریفی بەشەریی لەسەر بنچینەی دەستنیشانکردنی خەیر و مەعروف و مونکەر وەستاوە.

پاشان خەیر یانی زاتیەتی حەق، مەعروفیش واتا دەرهاویشتەکانی حەق، مونکەریش یانی دەرهاویشتە سلبییەکانی ناحەق.


کەواتە گەر ئەو عەقیدەیە جێبەجێ بکەین: ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ﴾ (ال عمران ١٠٤)، یانی با کۆمەڵێک ڕووناکبیری ڕاستەقینەتان هەبێ و بانگەواز بۆ خەیر و چاکەی گشتی بکات، هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد.

گرفتە بنەڕەتییەکانی ڕووناکبیران:

د.سەباح بەرزنجی دەڵێت: بەپێی ئەو توێژینەوە و بەدواچوونانە بێ، کە من نووسیومن و پێیهەستاوم، یەکەمین گرفتی ڕۆشنبیری ئیسلامیی ئەوەیە، کە پەیوەست نییە بە کێشەکانی سەردەمەوە، مرۆڤی ئەم سەردەمە داوای شتێک دەکات، ڕۆشنبیری مسوڵمان باسی شتێکی تر دەکات، واتا پێچەوانەی واقیع دەوەستێتەوە، هەروەها دووەمین گرفت پەیوەندیی بەدوو سیفەتی ترەوە هەیە، کە ڕووناکبیری ئیسلامی داپۆشیوە ئەوانیش: (الابیتکالیة) پشتبەستن بە ئەوی تری، کە پێشینانن، کە هەموو شتێکیان وتووە و کردووە و کۆتاییان پێهناوە، هەروەها (النمطیة) یانی گەر بەو نەهجە کۆنە بیر نەکەیتەوە، ڕۆشنبیریت نەبێ، حسابی ڕووناکبیرت بۆ ناکرێ! ئەمەش وایکردووە، کە ئێمە هەموو مەعریفەی نووسراومان دووبارە بکەینەوە، باشترین زاناش لەو ڕوانگەیەوە ئەوانەن، کە کتێبێک بە جوانی لەبەر بکەن و بیڵێنەوە، بۆیە ئەو کەسانەش کە پێچەوانەی ئەوەی باسکرا، جوڵابێتنەوە، یاخود بجوڵێنەوە، پەراوێز دەخرێن و حسابیان بۆ ناکرێت.

پاشان گرفتێکی تر نەبوونی ئازایەتی بۆ تێپەڕاندنی ئەو واقیعەی پێشینان، بەرەو ئەو شتەی پێویست و گرنگترە بۆ ئەم سەردەمە، بەڕاستی گرفتی ڕووناکبیری مسوڵمان لەوەدایە، کە ئەویش دابڕاوە لە خودی خۆی، ڕۆشنبیرییەکەی لە شوێنێکە و خۆی لە شوێنێکی تر، ئەو ڕۆشنبیرییەی کە هەیەتی کەمترین ڕەنگدانەوەی هەیە لە ژیانی واقیعی خۆیدا.

د. سەباح بەرزنجی لە درێژەی قسەکانیدا دەربارەی ڕەخنەگرتن لە حاڵەتی ڕۆشنبیری ئیسلامی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئێستا ژمارەیەک ڕووناکبیری ئیسلامیمان هەیە، کە ڕووناکبیرن، بەڵام بۆ داهاتوو کێشەی گەورەمان دەبێ، کە ناتوانین تەکوینی ڕۆشنبیر بکەین، بۆچی؟ چونکە بەهۆی خراپیی سستمی پەروەردەیمان، لەگەڵ ئەوەشدا کە جوهدێکی زۆر دەدرێت، بەڵام ئەنجامەکەی وەک پێویست نییە.



یەکەمین گرفتی ڕۆشنبیری ئیسلامیی ئەوەیە، کە پەیوەست نییە بە کێشەکانی سەردەمەوە، مرۆڤی ئەم سەردەمە داوای شتێك دەکات، ڕۆشنبیری مسوڵمان باسی شتێکی تر دەکات، واتا پێچەوانەی واقیع دەوەستێتەوە.

دکتۆر سەباح دەشڵێت: بەنیسبەت حزبەکانەوە، بە ئیسلامی و عەلمانییەوە لە کێشەیەکی گەورەدان، چونکە هیچ گوورِوتینێک بە گەنج نابەخشن، ڕەناسەیەتی بوونی نییە، بۆچی؟ هۆکارەکانی چین؟ بەڕای ئێمە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ:

١- گرنگی بە توێژینەوە و سەنتەرەکانی توێژینەوەی فیکریی نادرێت، خراونەتە پەراوێزی پەروەردە و فێرکردنەوە، کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستی تەنها بۆ ناو دەکرێن.

٢- تەرویج بۆ شتی هەڵە دەکرێت.

هەموو ئەمانە بوونەتە هۆکاری ئەوەی ڕووناکبیر بە ڕۆڵی خۆی هەڵنەسێت، کە خۆی لە چوار ڕۆڵی سەرەکیدا دەبینێتەوە، کە ئەمانەن: (بنیاتنان، ڕەخنەگرتن، ڕاستکردنەوە و ڕیفۆرم، گۆڕانکاریی).

-ڕۆڵی ڕوناکبیر لەو ڕووانەوە کاڵ بۆتەوە و خەڵکی بێ ئومێد بووە، زانکۆکان هیچ سەربەخۆییەکیان لە ئیدارەداندا نییە، هیچ سەربەخۆییەکی داراییان نییە، بۆیە ئینتاجی مەعریفیی و ڕووناکبیریشیان نابێت.

پاشان بە نیسبەت پەیوەندیی نێوان مەعریفە و ڕۆشنبیرییەوە، ئەمە بابەتێکی ترە، لەوانەیە هەمان شت بن و یەکتر تەواو بکەن، لەوانەشە جیاواز بن، هەروەها ڕەنگە هەمان سیفاتیان هەبێت، تۆ دەڵێی (ثقافە عامە) و (معرفة عامة)، بەڵام ڕۆشنبیری زیاتر زیرەکیی و هۆشیاریی دەردەخات و مەعریفەش ئەو ئەندازە زانستییەیە، کە لە ئەم و لە ئەو وەریدەگرێت. نوقتەی ئیبداع لێرەدا ئەو کاتە دەستپێدەکات، کە کەسێک ئەو مەعریفە و ڕۆشنبیرییەی کە هەیەتی، بیکاتە هێزی بنیاتنان و خۆی بجوڵێنێت، پێش ئەوەی کە خەڵک بجوڵێنێت.

موداخەلە و سەرنجی ئامادەبووان:

بەشێکی تری گفتوگۆکە تایبەت بوو بە موداخەلە و تێبینییەکانی ئامادەبووان، کە هەریەکە لە بەڕێزان: د.ئاراس محەمەد ساڵح، فازیل حەیدەر، تۆفیق کەریم، فازل قەرەداغی، ئاراس محەمەد ئەمین، د.دیاری ئەحمەد قەساب، د.حسێن محەمەد ئیبراهیم) بەشدارییان تیادا کرد.

لە سەرەتای موداخەلەکاندا، (د. ئاراس محەمەد ساڵح) مامۆستای زانکۆ بە ڕەخنە لە حیزبە ئیسلامییەکان دەستپێکرد و گووتی: من قسەم زۆرە، هەرچەندە کاک دکتۆر سەباح ئاماژەی بە زۆربەیان کرد. ئیسلامییەکان کاتێک دەستیان بە کار و بانگەواز کرد، زۆربەیان خوێندەوار بوون لەناو زانکۆکان هەڵقوڵابوون، کە ئەوە مایەی شانازیی بوو، هەتا ئێستاش ئەوە ماوەتەوە، کە ئەوەندەی ئیسلامییەکان لە چەقی شار و ناو زانکۆ و پەیمانگاکان بەهێزن لە گوند و ئاواییە دوورە دەستەکان، وانین. لە نەوەدەکان ئیسلامییەکان بە هەموو ڕەوتەکانەوە گەشەی زیاتریان کرد، ژمارەیەک گۆڤاری باش دەرچوون و خوێنەریان هەبوو، بەڵام بەداخەوە لە دوای ساڵی (٢٠٠٠)کانەوە پاشەکشەیان کرد، کەوتنە سەر ئاراستە نەمەتە دییندارییە دواکەوتووەکە، گۆڤار و ڕۆژنامەکان داخران، خوێنەریان نەما، من ناچارم قسەکانم لەبەر کات تەنها ئاراستەی لایەنە ئیسلامییەکان بکەم، ئێستا کە ساڵی (٢٠٢٠)ە، ئیسلامییەکان زۆر دواکەوتووترن لە نەوەدەکان، کۆڕ و کۆبوونەوە هەبوو، نووسەر و قەڵەمی باش هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەو کتێبانەی سەرف دەبن،



ئێمە وا حاڵی بووین، کە تەزکییە تەنها بابەتی ڕۆحانیات و ئەخلاقیاتە، بەڵام مانا فراوانەکەی تەزکییە باسکردنە لە گەشەپێدانی تواناکانی مرۆڤ بە هەموو ڕەهەندەکانەوە، ڕەهەندی مەعریفی، ڕەهەندی ڕۆحی، ڕەهەندی سلوکی.

ئەوانەن  کە وەعزین و چیرۆک و خورافین، کتێبێکی فیکریی بە یەک ساڵ (٦) دانەی سەرف نابێ.

ڕەخنەیەکی تر لە هەموو حیزبەکان، ئەوان کەسی بێدەنگیان دەوێ، خوێنەوار و هۆشیاریان ناوێ، ئەوانەی کە سەری خۆیان دادەخەن  و ڕەخنە ناگرن، بەڕاستی حیزبەکان بە ئیسلامی و عەلمانییەوە  ئەوانەیان دەوێ، هەربۆیە ڕۆشنبیران و نووسەران لە حیزبەکان ڕادەکەن.

دواتر (فازیل حەیدەر)ی نووسەر گووتی: دوای دەستخۆشی، بابەتەکە لە عینوانا تازە نییە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی تازە بوو. گووتیشی: چەمکی ڕووناکبیر و جۆرەکانی ڕووناکبیر باس لە گۆڕاوێک دەکات لە واقیعدا، هەربۆیە ڕای جیاواز هەڵدەگرێت. هەروەها ناوبراو گووتی: بێگومان دەزانین، کە ئامانجی قورئان بۆ مرۆڤ تەزکیەیە، بەڵام ئێمە وا حاڵی بووین، کە تەزکییە تەنها بابەتی ڕۆحانیات و ئەخلاقیاتە، بەڵام مانا فراوانەکەی تەزکییە باسکردنە لە گەشەپێدانی تواناکانی مرۆڤ بە هەموو ڕەهەندەکانەوە، ڕەهەندی مەعریفی، ڕەهەندی ڕۆحی، ڕەهەندی سلوکی، کاتێکیش کە باسی ئەوەتکرد، کە ئەرکی ڕۆشنبیر (یدعون الی الخیر) ئەوە (اسم التفضیل)ە باسکردنە لە چاکترین خەیر (کردەوە)، کە دەبێت ڕووناکبیر لە کۆمەڵگادا پێیهەستێ و باشترین بانگەواز بکات، (وینهون عن المنكر) هەم ڕەخنەی تیایە، هەم موعارەزەبوون. لەبارەی ئەو کێشانەش کە لە ناوەندە ئیسلامییەکاندا باستکرد و هەیە، ئەوە بەڕای من دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ڕۆشنبیری مسوڵمان لە قورئانەوە خۆی پێناگەیەنێت، بەڵکو لە مێژووەوە، ئێمە لە مێژوودا دەژین.

هەروەها (تۆفیق کەریم) خاوەن و سەرنووسەری گۆڤاری (خاڵ) لەبارەی پێناسەی چەمکی ڕووناکبیرەوە گووتی: چەندین پێناسەی دیکەش بۆ چەمکی ڕۆشنبیر کراوە و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت، ناوبراو پێیوایە وشە کوردییەکەی ڕۆشنبیر زۆر جوانە. خاڵی دووەم لای من: ئایا کۆمەڵگە پێویستی بەوەیە، کە  ڕۆشنبیر ئاراستەی بکات؟ بەلای منەوە بەڵێ، بەڵام بەمەرجێک پەیامێکی واقیعی هەبێ و هەڵوێستی هەبێ، کە ئەوە باجیشی دەوێ، بەڵام بەپێچەوانەوە گەر ئەو سیفەتانەی تیادا نەبێ، کە باسکران، ئیتر کۆمەڵگە چاوەڕێی چی لێبکات! تەنها دەبێتە قسەکەرێک. بۆیە بەڕای من خەڵک سەیری کردەوە و هەڵوێست دەکات نەک خوێندنەوە و نووسینی قەبە، لەم ڕووەوە شەڕی ناوخۆ لە کوردستان باشترین بەڵگەیە، کە ئێمە بینیمان نووسەران و ڕۆشنبیران لە نێوان لایەنەکاندا دابەشبوون و وەک ئەوانیان کرد.

لەبارەی ئەو خاڵەی دیکەشەوە: ئایا قورئان ڕۆشنبیر دروست دەکات؟ ئەو دەڵێت: باشترە بڵێین ئیسلام پێکهێنەرێکی گەورە و سەرەکییە، چونکە ئەوە فراوانترە، تەنها یەک هۆکاریش نابنە دروستکەری ڕۆشنبیر، بەڵکو دەشێت بڵێین کۆمەڵێک هۆکار، کە یەکێکیانە ئایینە، کە ڕۆڵی سەرەکیشە، دەبنە یارمەتیدەر و پێکهێنەری کەسێتی ڕۆشنبیر.

پاشان (تۆفیق کەریم) ڕەخنەی لە ڕۆشنبیری ئیسلامی دەگرێت و دەڵێت: نەیتوانیووە تەجاوزی حزبەکەی بکات (کالا بە قەد بایە!) حیزب لەم کاتانەدا چ بکات؟، بۆچی ڕۆشنبیرەکە لێی یاخی نابێ؟، ئێمە باسی ئەوە دەکەین، کە ڕۆشنبیر ئاراستەی

کۆمەڵگە بگۆڕێت، باشە کە نەتوانێت گرووپەکەی بگۆڕێ، لەکوێ دەتوانێ کۆمەڵگە بگۆڕێ؟! بۆیە من بەشێکی گەورەی کێشەکە، ئەخەمە ئەستۆی کەسێتی رۆشنبیر خۆی، ئایا رۆشنبیران لە کوردستان کاریگەرییان تا چەند بووە بۆ کرانەوە و یەکترقبوڵکردن و پێکەوەگونجان؟

دواتر (فازڵ قەرەداغی)ی نووسەر و رۆژنامەنووس قسەکانی بەوە دەستپێکرد: رۆشنبیر دەبێ موبادەرەی هەبێ بۆ کۆمەڵگاکەی، هەروەک ئەو وتەیەی کە دەڵێت: سەرکردە ئەو کەسەیە، کە شوێنکەوتووانی بباتە ئاستی خۆی، نەک خۆی دابەزێ بۆ ئاستی ئەوان، رەخنەشی ئاراستەی چەمکی رۆشنبیری لە زمانی کوردیدا کرد و گووتی، کە تارادەیەک پیاهەڵدانی تیایە، گوایە هەرچی رۆشنبیر بوو، ئەوە بیری رۆشنە و لە لوتکەی رووناکبیریدایە، لەراستیدا وانییە!، بەڵکو رۆشنبیر ئەوانەن، کە تارادەیەک جیاوازتر دەبینن لە کەسانی تر، قووڵتر بیردەکەنەوە هەموو رووناکبیرێکیش کوڕی سەردەمەکەی خۆیەتی، کۆتا شت پێموایە رۆشنبیر نابێ هەرگیز بەهۆی زانست و زانیارییەکەوە هەستی فیز و خۆبەگەورەزانین بەسەریدا زاڵ بێ.

دواتر (م. ئاراس محەمەد ئەمین) قسە و سەرنجەکانی بە پێشنیازێک دەستپێکرد و گووتی: پێشنیاز دەکەم، گەر گفتوگۆی تری لەم شێوەیە ساز کرا، تەوەرەکە رابگەیەنرێت و چەند کتێب و سەرچاوەیەک دەستنیشان بکرێت، تاکو بتوانین زیاتر و وردتر لەسەر بابەتەکە بدوێین. ناوبراو پێشیوایە، کە چەمکی رۆشنبیر مەرحەلییە، هەروەک باسکرا، کاتێکیش چەمکی رۆشنبیر پاڵدەدەینە لای کەسێک دنیایەک ئیشکالیەتمان بۆ دروست دەبێ، چونکە مەرج نییە ئەو کەسە ئەهلیەتی ئەوەی هەبێت.

رۆشنبیر لە قورئان هەمان سیفەتی ئیمانداری راستەقینەی هەیە، پێشموایە رۆشنبیران ئەوانەن، کە کردەوەی زیاتریان هەیە، نەک قسە و نووسین، لەبارەی ئەو هۆکارەکانەشەوە، کە بوونەتەهۆی لەکەداربوونی رووناکبیران دەڵێت: دەبێ رۆشنبیران خۆیان لە داخراویی فیکریی وەلابنێن، گووتیشی: رۆشنبیری لە ئێستا رۆشنبیرییەکی درۆینەیە، چونکە بەهۆی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە لەو رووەوە رۆڵێکی خراپی هەبووە، حیزبەکانیش هەموویان رۆڵێکی خراپیان لە دروستکردنی رۆشنبیری درۆینە و مەزهەبی گێڕاوە.

پاشان (د.دیاری ئەحمەد قەساب)، جێگری سەرۆکی سەنتەری زەهاوی بە رەخنەگرتن لە رۆشنبیری ئیسلامی دەستپێکرد و گووتی: رۆشنبیری ئیسلامی رۆشنبیرییەکی سادەیە، هەر بۆ نموونە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نازانن، کە دوو زمانی زیندوون، بۆیە پێویستە خۆیان پێبگەیەنن و پەرە بە تواناکانیان بدەن. گووتیشی: رووناکبیر چەندین سیفەتی هەیە، کە بریتین لە:

- یەکەم ئازاد بێ، خۆی لە ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەی تەسکبینانە بەدوور بگرێت.
- نیەتی ریفۆرم و چاکسازیی هەبێت.
- پۆزەتیڤ بێ.
- واقیعی بێ.

لە کۆتایی موداخەلەکانیشدا، (د. حسێن محەمەد)یش گووتی: من پێموایە بنیاتنانی رووناکبیر پێویستی بە کەشێکی ئارامە، لەگەڵ بوونی دامەزراوەکاندا، کە رۆڵی سەرەکیان لەو رووەوە هەیە، وەک دامەزراوەکانی (میدیا، خێزان، پارت و رێکخراوەکان... هتد)، کە هەموو ئەمانە هەماهەنگی و هاوکاریی یەکتر دەبن بۆ دروستبوون و گەشەکردنی کەسێتی رووناکبیر. ئەوەشی گووت، کە پێگەیاندنی رووناکبیر لە سەردمی منداڵییەوە دەستپێدەکات، دواتر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە منیش لەگەڵ دکتۆر ئاراسدام، ئیسلامییەکان ساڵانی نەوەدەکان بەشداریی رۆشنبیرییان زۆرتر بوو، چالاکتربوون، ئێستا کەمترین بایەخیان بۆ ئەو بابەتانە هەیە.

# ڕۆڵی نەوەی یەکەمی نوخبەی کوردی لەسەر پەرەپێدانی سیاسی لە کوردستان






**مەجید ساڵح عزیز**

ساڵی ١٩٦٨ لە خانەقین لەدایکبووە، خوێندکاری دکتۆرایە لە زانستی سیاسی زانکۆی رازی کرماشان، خاوەنی ژمارەیەک کتێبی چاپکراو و دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەیە.

## پێشەکی:

لە سەدەی نۆزدەیەمەوە لەژێر کاریگەری تیۆرییەکانی ‹کارل مارکس›دا بە تایبەتی تێڕوانینەکانی بۆ چینە کۆمەڵایەتییەکان، قسەکردن سەبارەت بە نوخبە (elite) بووەتە خواستێکی زانستی - فیکری بۆ پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی سیاسی. هاوتەریب لەگەڵ گەشەکردنی چەمکی چینە کۆمەڵایەتییەکان، گوتارێکی نوێ بەناوی «نوخبەگەرایی» سەری هەڵدا، ئێستا ئەو گوتارە لە ژێر ناوی «کۆمەڵناسی نوخبەکان»دا بووەتە زانستێکی جیا و خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

یەکێک لە هۆکارەکانی گرنگی پێدان بە نوخبەکانی کۆمەڵگا لەلایەن کۆمەڵناسەکانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆڵە کاریگەر و بنەڕەتییەی ئەمانە لە بوارە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکاندا دەیبینن و سەرئەنجامەکەشی بە گۆڕانێکی ریشەیی لە ستراکچەری کۆمەڵگاکانیاندا سەردەردێنێ. نوخبەکانی کۆمەڵگا جگە لەوەی کۆمەڵگاکانی خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن، دەتوانن بەو ئاراستەیەشدا ببەن کە نەخشەیان بۆ داناوە، بەجۆرێک دەکرێت بڵێین نوخبەی پێشکەوتووخواز دەتوانێ کۆمەڵگاکەی بە ئاراستەی مۆدێرنەکردن و تەجەدود ببات و نەخبەی کۆنەپارێز و دواکەوتووش، کۆمەڵگاکەی بەرەو دواوە بگەڕێنێتەوە یان لانی کەم لە جێگەی خۆیدا رایگرێ و نەهێڵێت هەنگاو بۆ پێشەوە بنێت.

لێرەدا قسەکردن لەسەر نوخبەکان و رۆڵیان لە کۆمەڵگای کوردستاندا وەک زۆر بواری دیکە کەمترین قسەوباسی لەسەر کراوە، کە کرابێتیش میتۆدێکی زانستی نەگیراوەتەبەر. لەوانەیە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوە بێت کە زانستی کۆمەڵناسی و بە تایبەتی کۆمەڵناسی سیاسی، لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی ئێمەدا کەمترین مایەی لەسەر دانەنراوە و زۆر جێگەی گرنگی پێدان نەبووبێت.

کۆمەڵگای کوردستان لەچاو کۆمەڵگاکانی دەوروبەرماندا، بەحوکمی ژێردەستیی و داگیرکاری، دەکرێ بوترێ تا سەرەتای سەدەی بیستەم، تارادەیەکی زۆر کۆمەڵگایەکی مەیو و چەسپاو بووە، هەندێ رووداوی گەورە نەبێ کە بەدەر لە خواستی خۆی شەڵەقاندویەتی و بووەتە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێ نوخبەی بەرجەستە، ئەگینا سروشتی خێڵەکی و نەبوونی شاری گەورە و شێوەی بەرهەم هێنانی کۆن، رێگر بوون لە دەرکەوتنی نوخبەی نوێ کە بتوانێ لە گەڵ نوخبە کۆنەکاندا بکەوێتە ململانێوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا دەگاتە سەرەتای سەدەی بیستەم، ئەو نوخبەیەی کە چارەنووسی کۆمەڵگای ئێمەی لەدەستدا بوو، واتە سەرۆک خێڵ و شێخ و ئاغاکان، لەچوارچێوەی دەسەڵاتەکانیاندا خێڵەکانی خۆیانیان بەهەمان میکانیزمی ئابوری و سیاسی و بەها کۆمەڵایەتیانە بەڕێوە دەبرد کە چەندین سەدە بوو لەسەری راهاتبوون. بۆیە تاوەکو سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزم لە ناو تورک و فارسەکاندا، کۆمەڵگای ئێمە جگە لەو نوخبەیەی کە پشتاوپشت بۆیان بەجێ مابوو، نوخبەیەکی دیکەی نەدەناسی کە گوتارەکانی جیاواز بێ لەوەی پێش خۆی.

ئەم باسە هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەو نوخبەیەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم و قۆناغی دوای یەکەمین جەنگی جیهانی لە کوردستانی عوسمانیدا دەرکەوتن، هەروەها تەقەلایەکە بۆ خستنەڕووی بیروباوەڕ و شێوازی کاردنی ئەو نوخبە نوێیە و کاریگەرییان لە سەر پەرەسەندنی سیاسی لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری

### یەکەم: نوخبە و نوخبەی سیاسی

نوخبە (Elite) وەک مەریوان وریا قانع پێناسەیەکی کردوە: «لەزانستی کۆمەڵناسیدا نوخبە بەو کەمینە خاوەن نفوزو کاریگەرییە دەگوترێت کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرزی هەیەو کاریگەری لەسەر توێژو هێزە کۆمەڵایەتییەکانی تر

هەیە. ئەمانە ئەو کەسانەن کە ناوەندە گرنگەکانی دەسەڵات لەناو کایەو بوارە جیاوازەکاندا دەگرنەدەست. لەو کەسانە پێکدێن کە بە بەراورد بەکەسانیتری ناو کۆمەڵگا، بەتواناترو لێهاتوترو شارەزاترن‌و رۆڵی سەرکردایەتیکردن لەبوارەکانی خۆیاندا دەبینن. چەمکی نوخبە یەکێکە لەچەمکە سەرەکییەکانی ناو سۆسیۆلۆژیای سیاسیی و باسکردنیشی لەچوارچێوەی باسکردنی دەسەڵات‌و چین‌و هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا دێت.»(١)

سان سیمون (١٧٦٠ –١٨٢٥) لە پێشەنگی زانایانی بواری کۆمەڵناسیە کە بەشێوەیەکی مەنهەجی شیکاری بۆ نوخبە و رۆڵی نوخبە لە ستراکچەی کۆمەڵگادا کردوە و پێی وایە هەبوونی نوخبە کارێکی پێویست و بەبێ نوخبە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا مەحاڵە و هەر لەبەر ئەوەش بوو پشتگیری لەو بۆچوونە دەکرد کە دەبێ فەرمانڕەوایی بدرێتە دەستی نوخبەی هۆشیاری کۆمەڵگا بەتایبەتی زانایان و هونەرمەند و ئەو کەسانەی کە پیشەسازییە گەورەکانی وڵاتیان بەدەستە، بەڵام جەختی لەسەر هەبوونی توانای زانستی و فیکری دەکردەوە و دژی ئەوە بوو خانەدان و ئینتیما تەقلیدییەکان بکرێتە پێوەر بۆ دەست نیشان کردنی نوخبە. سیمون کۆمەڵگای بێ نوخبە بە کۆمەڵگایەکی بێگیان دەزانێ و بۆ ئەوەش نمونەیەک دەهێنێتەوە «با وای دانێین، فەرەنسا لەپڕێکدا گرنگترین پەنجا زانای فیزیایی و پەنجا کیمیازان و پزیشک و زانا و شاعیر و وێنەکێش و ئەندازیار و جەڕاح و دەرمانسازی بەناوبانگی خۆی لەدەستدا، ئەوکاتە نەتەوەیی فەرەنسا دەبێتە جەستەیەکی بێ گیان، نەوەیەکی تەواوی دەوێ بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو زیانە مەزنە بکاتەوە.»(٢)

بەشێوەیەکی گشتی سێ ئاراستەی بیرکردنەوەی جیاواز هەیە بۤ چەمکی نوخبە یان نوخبەگەرایی:

**١. ئاراستەی سایکۆلۆژییە ویلفردو پاریتو (١٨٤٨– ١٩٢٣)**

پاریتو دیارترین تیۆریسینی کلاسیکییە لە بواری نوخبەگەرایی، گرنگیەکی زۆری بە لایەنی سایکۆلۆژی نوخبەکان داوە و لە پێناسەکانیدا بۆ نوخبە، بە پێچەوانەی کارل مارکس کە پێی وابوو نوخبە دەرهاویشتەی هێزی ئابورییە، ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییە سایکۆلۆژییەکانی کردوەتە هۆکار بۆ دەرکەوتنی نوخبە. پاریتو لە روانگەی تێگەیشتنی خۆی بۆ سروشتی مرۆڤ و ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە دەیڕوانیە چەمکی نوخبە. ئەو پێی وابوو مرۆڤەکان نە لەرووی توانای جەستەیی و نە لەرووی ئاستی هۆشیاری و ژیرییەوە وەک یەک نین. لە پێناسەی نوخبەدا دەڵێ: «نوخبە بەو کەسانە دەوترێ کە بە پێی ئەو رۆڵەی لە کۆمەڵگادا دەیبینن و ئەو توانا سایکۆلۆژییەیان تێدایە کە وایان لێدەکات هەژمونی خۆیان زاڵ بکەن، پلە و پێگەیان لەچاو ئەندامانی کۆمەڵگاکانیان بەرزترە و لەراستیدا دەکرێ بوترێ نوخبەکان ئەوانەن کە لە ئەندامەکانی دیکەی کۆمەڵگا باڵاترن.»(٣)

هەر لەو چوارچێوەیەشدا کۆمەڵگای دابەش کردبوو بۆ دوو چین:

جەماوەر: کە نەزانن و پاڵنەری پێشکەوتن تیاندا لاوازە و کاریگەرییان نییە بەسەر رووداوەکانەوە.

نوخبە: کە لەرووی سایکۆلۆژییەوە باڵادەستن، خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتین و توانای فەرمانڕەواییان هەیە، گۆڕانەکانی نوخبەشی دابەش کردوە بۆ دوو جۆر: نوخبەی دەسەڵات بەدەست Governing Elite و نوخبەی دەرەوەی دەسەڵات .Non-governing Elite

جەماوەر لە تیورییەکەی پاریتوودا داماو وبێ دەسەڵاتە وتوانای ئۆرگانیزەکردنی خۆی نییە، ئەمەش رێ بۆ نوخبە خۆش دەکات بەئاسانی ئامانجەکانی بەدی بهێنێت وجەماوەریش لە دەرەوەی بازنەی کردەی سیاسیدا بهێڵێتەوە.

بەڵام ئەم باڵاییە لای پاریتو پلەپلەیە و هەموو

نوخبەکان وەک یەک نین «ئەگەر هەموو جۆرەکانی چالاکی مرۆڤەکان لەبەرچاو بگرین و نمرە بۆ تواناکانی ئەوان لە هەر جۆرێکیاندا دابنێین، وەک چۆن لە تاقیکردنەوەی وانە جیاجیاکاندا نمرە دادەنرێ، نوخبە ئەو کەسەیە کە زۆرترین نمرە بەدەست دەهێنێ.»(٤)

پاریتو مەسەلەی سوڕی نوخبەشی لە روانگەیەکی سایکۆلۆژییەوە لێکداوەتەوە و پێی وایە «نوخبە دەتوانێ سەقامگیری و بەردەوامی خۆی لە چوارچێوەی میکانیزمێکدا دەستەبەر بکات ناوی ناوە «سوڕی نوخبە»، و ئەو سوڕەشی کردوە بە دوو جۆرەوە:

یەکەم: سووڕی ناوخۆیی، ئەوەش بە وەرگرتنی کەسانێکی دەرەوەی خۆیان دەکرێ. رێگە بۆ ئەوکەسانە زۆش دەکرێ بۆ ئەوەی بێنە ناو بازنەکەیانەوە، بەمە هەم یەکێتی ناو خۆی دەپارێزێ و هەمیش بەربەست دادەنێ لەبەردەم سەرهەڵدانی نوخبەی رکابەر و دژ.

دووەم: سوڕی دەرەکی: دوای ئەوەی نوخبەی دەسەڵاتدار، سەرکەوتوو نابێ لە پرۆسەی سوڕی ناوخۆیی، پاشەکشە دەکات بۆ هاتنە پێشەوەی نوخبەیەکی نوێ کە بتوانێ ئەرکە ئەساسیەکانی خۆی لە کۆمەڵگادا بەڕێوە ببات.

بەهۆی لەبەر چاونەگرتنی هۆکارە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان و جەختکردنەوەی زیاد لە پێویست لەسەر لایەنی سایکۆلۆژی، تیۆرییەکەی پاریتو بۆ نوخبەگەرایی رەخنەی زۆری لێگیرا. بە تایبەتی بۆ کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان کە تاوەکو ئێستاش پێوەری خوێن و بنەماڵە و خێڵ و نزیکایەتی لە دەسەڵات دەتوانێ نوخبەی دەسەڵاتدار دەستنیشان بکات.

**٢. ئاراستەی ئۆرگانی مۆسکا و میشلز:**

ئەم ئاراستەیە گایتانۆ مۆسکا Gaetano Mosca (١٨٥٨– ١٩٤٨) و روبرت میشلز – Robert Michels (١٨٧٦– ١٩٣٦)، نوێنەرایەتی دەکەن. باوەری ئەمانە وایە، نوخبە بۆیە نوخبەیە، چونکە توانای خۆ رێکخستن و هەڵسەنگاندنی ورد دەکات بۆ سەرچاوەکانی هێز لە ناو کۆمەڵگادا.

مۆسکا دابەشکردنێکی مێژوویی دەکات لە نێوان چینی حاکم و چینی مەحکوم یان کەمینەیەکی دەسەڵاتدار و زۆرینەیەکی بێ دەسەڵات،. ئەو لای وایە نوخبەکان شتێکیان بەدەستەوەیە کۆمەڵگا رێزی لێدەگرێ، جا ئەو شتە سەروەت و سامان بێ یان پێگەی ئاینی و..هتد. مۆسکا پێی وایە «چینی دەسەڵاتدار لەبەر ئەوەی خاوەنی ئامانج و پاڵنەری خۆیەتی بۆ ئەو مەبەستە خۆی رێکخستووە، بۆیە دەتوانێ فەرمانڕەوایی بکات بەسەر زۆرینەی نارێکخراوی کۆمەڵگادا و زۆرینەش بەناچاری ملکەچی فەرمانڕەواییان بێ».(٥)بەڵام مۆسکا پێی وا نییە رێکخستن بەتەنها بتوانێ کەمینەیەک بکات بەدەسەڵاتدار و وای لێ بکات لە ناو خەڵکدا رێزی لێبگیرێت، بەڵکو شارەزایی و لیهاتوویش مەرجی سەرەکین بۆ بوون بە نوخبە.(٦)

روبرت میشلز، کۆمەڵناسی ئیتالی کە لە ئەڵمانیا لەدایک بووە، توانی پەرە بە بۆچوونەکانی مۆسکا بدات. ئەو بەتەواوەتی هاوڕای ئەو بۆچوونەی مۆسکادا بوو کە پێی وابوو هێزی نوخبە لە یەکرێزی و هەبوونی رێکخستندایە. میخلر زیاتر گرنگی دەدا بە لێکۆڵینەوە لە رەفتاری سیاسی نوخبەکان لە ناو رێکخستنە گەورەکانی وەک حیزب و سەندیکا و رێکخراوە پیشەییەکان.

تیۆرییەکەی میشلز سەبارەت بە نوخبە لە «یاسای ئاسنینی ئۆلیگارشی»دا دەردەکەوێ کە پێی وایە هەموو رێکخراوێک پێویستی بە فەرمانڕەوایی نوخبە هەیە، چونکە لە بیرۆکراتی رێکخراوەکاندا، دەسەڵات لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە، لەبەر ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیش بەبێ بوونی رێکخراوەکان بەڕێوە ناچن، و کەمینەیەکیش دەبنە بڕیاربەدەستی، لێرەوە سیستمی ئۆلیگارشی سەرهەڵدەدا. ئەمەش بەومانەیە دێ کە باس کردن

له دروستکردنی سیستمێکی دیموکراسی بەبێ هەبوونی ڕێکخستن کارێکی مەحاڵە»(٧)

**١: ئاراستەی کۆمەڵایەتی ئابوری میلز:**

چارلز رایت میلز - Charles Wright Mills (١٩١٦ -١٩٦٢)، کۆمەڵناسی بەناوبانگی ئەمریکایی، بە باوکی رادیکالیەت لە زانستی کۆمەڵناسی لەقەڵەم دەدرێت و لە رووی ئایدۆلۆژیەوە بە چەپی مۆدێرن دێتە ژماردن، ئەو پێی وابوو نوخبەی ئەکادیمی ئەرکێکی ئەخلاقی گەورە لەسەر شانە بۆ ڕێبەرایەتی کردنی کۆمەڵگا و ئاراستەکردنی بۆ ژیانێکی خۆشتر.

میلز لە پێناسەکردنی بۆ نوخبە، بە پێچەوانەی باریتو و مۆسکا، جەختی لەسەر هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری دەکردەوە و بەراوردی دەکرد لە نێوان چەمکی نوخبە و چەمکی هێزدا و هەر ئەویش بوو ساڵی ١٩٥٦ بۆ یەکەم جار چەمکی نوخبەی هێزی Power elite داهینا؛ وەک دەلالەتێک بۆ پەیوەندی پتەوی نێوان نوخبە وهەموو جۆرەکانی تری هێز وەک هێزی سیاسەت وهێزی ئابوری و هێزی سەربازی. ئەو پێی وابوو نوخبە لە گەوهەردا واتە بوونی هێز.

هەر لەو ڕوانگەیەشەوە میلز پێی وایە «نوخبە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەو کەسانەیە کە سەرچاوەکانی هێز و دەسەڵاتی ناو بازنەی سیستمە باڵا و سەرەکییەکانی کۆمەڵگایان لەدەستدا، وەک فەرماندە سەربازییەکان، گەورە سەرمایەدارەکان و گەورە پیاوانی سیاسەت و ئابوری.»(٨) بە واتایەکی دیکە نوخبە پێک دێت لەو کەسانەی کە کۆنترۆڵکردنی سێگۆشەی دامەزراوەی سەربازی و سیاسی و کۆمپانیا زەبەلاحەکانیان لەدەستدایە.

بەڕای میلز یەکێتی تایبەتمەند لە رووی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەوە لە نێو نوخبەکان دروست بووە و لە ڕێگەی ئەو یەکێتیە سەوە دەتوانن هەموو بەڕێوەبەرە ئیدارییەکانی کۆمەڵگا بخەنە ژێر هەژموونی خۆیانەوە لەوێشەوە بەسەر جەماوەری بێدەسەڵاتدا جێبەجێی بکەن. میلز لای وایە ئەو نوخبانە لە هیچ حاڵەتێکدا ناکۆکی ناکەوێتە نێوانیانەوە. میلز لە دروست بوونی نوخبەدا ئاراستەی سایکۆلۆژی بەتەواوەتی وەلاوە دەنێ و جەخت لەسەر ڕۆڵی هۆکارە ئابوری و بابەتییەکان دەکاتەوە.(٩)

**دووەم: خەسڵەتەکانی نوخبەی سیاسی:**

بەشی زۆری زانایانی کۆمەڵناسی سیاسی لەسەر ئەو رایە کۆکن کە نوخبەکان ئەو کەسانەن کە «شارەزایی فیکری و ئیداری و توانای داراییان هەیە و هەژمونیان بەسەر سەرچاوەکانی دەسەڵات و سەروەت (پسپۆری، لێهاتوویی، مەعریفی)دا هەیە و شایستەیی بیرۆکراتی و تەکنۆکراتی هەیە کە وای لێدەکات بەشێک لە جومگەکانی دەوڵەتی مۆدێرن بەڕێوە ببات. «(١٠)

بوون بە نوخبە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە بە پێی رادەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و دۆخی ئابوری و سیاسی دەگۆڕێ. لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا توانای جەستەیی و ئازایەتی و شارەزایی لە هونەرەکانی جەنگ بەس بوون بۆ ئەوەی کەسێک بە نوخبە حساب بکرێ، جگە لەوە کاهین و پیاوانی ئاینی هەمیشە لەو کۆمەڵگایانەدا لە ریزی پێشەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا حسابیان بۆ دەکرا، چونکە خەڵکەکەیان پێیان وابوو ئەمانە دەتوانن لە ڕێگەی پەیوەندی کردنیانەوە بە خواوەندەکانەوە لە هەڕەشەی ئەهریمەنەکان بیانپارێزن. جگە لەوان هەمیشە دەوڵەمەند و خاوەن پێگە ئابورییەکانیش توانیویانە بچنە ریزی دەستەبژێر و نوخبەکانی کۆمەڵگاوە.. بەڵام لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا ئەوانە دەبنە نوخبە کە لەڕووی کولتووری و زانستی و ئیداری و سەربازییەوە بتوانن خۆیان بسەپێنن. بەهەر حاڵ پێوەرەکانی بوون بە نوخبە زۆرن و لە ئێستادا لایەنی سایکۆلۆژی وەک زیرەکی و لێهاتوویی و داهێنان و توانای بەڕێوەبردن و توانای دارایی



لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا ئەوانە دەبنە نوخبە، کە لەڕووی کلتووریی و زانستی و ئیداریی و سەربازییەوە بتوانن خۆیان بسەپێنن.

و بەها ئەخلاقیەکان وەک پێوەری سەرەکی بۆ بوون بە نوخبە دێنە ژماردن «نوخبە بەو کەسانە دەوترێت کە پێگەکانیان ئەو دەسەڵاتەیان پێدەدا کە جیاواز بن لەو چوارچێوەیەی ژن و پیاوانی ئاسایی کۆمەڵگا تێدا دەژین.»(١١)

**سێیەم: تیپۆلۆژی نوخبەکان:**

پسپۆڕان نوخبەکانیان کردوەتە چەندین دەستەی جیاجیاوە، هەندێکیان بە پێی پیشە دابەشی کردون بۆ نوخبەی ڕۆشنبیران و نوخبەی ئیداری و فەرمانبەرە پلە باڵاکان. هەندێکی دیکە بۆ حەوت جۆر پۆلێنی کردون؛ سەرکردە سیاسییەکان، سەرکردە ئابورییەکان، پیاوانی ئاینی، زانایان، خاوەنی کۆمپانیاکانی ماس میدیا، فەرماندە دیارەکانی سوپا، دادوەرە ناودارەکان. پسپۆڕی وا هەیە هەموو ئەوانەی لە چوار جۆر نوخبەدا کورت کردوەتەوە. ١. نوخبەی سیاسی ٢. نوخبەی ئابوری، ٣. نوخبەی سەربازی، ٤ نوخبەی فیکری.

ویلفردۆ پارتو بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی نوخبەی دابەش کردوە بۆ دوو جۆر یەکێکیان نوخبەی دەسەڵاتدار کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە حکومەتدا ڕۆڵیان هەیە و ئەوی تریش نوخبەی دەرەوەی دەسەڵات.(١٢)

لەخوارەوە باس لە سێ لە گرنگترین جۆرەکانی نوخبە دەکەین:

**١. نوخبەی سیاسی:**

لێکۆڵینەوە لە چەمکی نوخبەی سیاسی یەکێکە لەو چەمکانەی کە لەلایەن زانستی کۆمەڵناسی سیاسی هاوچەرخەوە زۆرترین گرنگی پێدراوە. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم کەمینە سیاسییە جگە لەوەی هەژمونیان بەسەر گرنگترین پلەوپۆستە سیاسی و ئیدارییەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، بەبەردەوامیش لە ئاراستە کردنی کۆمەڵگا ڕۆڵیان هەیە.

جون هیگلی (١٩٣٨-..) و میشیل برۆتۆن وا پێناسەی نوخبەی سیاسی دەکەن:

«نوخبەی سیاسی کەسانێکن کە دەتوانن بەپێی پێگەی ستراتیژی خۆیان لە ڕێکخراوە بەهێزەکان یان بزوتنەوەکاندا، کاریگەری سیستماتیک و بنەڕەتی لە سەر دەسکەوتە سیاسییەکاندا بەجێبهێڵن. هەر بۆیە دەسەڵاتی بنەڕەتی و سیستماتیک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو نوخبانەن و لە هاوڵاتی ئاسایی جیایان دەکاتەوە. بە زمانێکی سادەتر نوخبەی سیاسی ئەو کەس و گروپانەن کە هەلومەرجێکی ڕێکخراویان هەیە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی گرفتە سیاسی ڕیالیستیە بەردەوامەکان.»(١٣)

«نوخبەی سیاسی بریتیە لەو گروپە کەمینەیەی دەسەڵاتدارەی کە دان بە کاریگەرییاندا دەنرێت بەسەر کاروباری ئەو کۆمەڵگایەی تێدا دەژین..»(١٤)

**٢. نوخبەی ئاینی:**

چەمکی نوخبەی دینی وەک نوخبەکانی دیکە، جێگەی گرنگی پێدانی زۆربەی زانایان و بیرمەندان و ئەکادیمییەکانی بواری کۆمەڵناسی بووە. ئەمانە پێکدێن لە ڕێبەرە ئاینییەکان و شێخەکانی تەریقەت و مەرجەعی مەزهەبە جیاجیاکان و زانایانی لاهوت. بۆ نموونە پاپای کاتۆلیکەکان و کاردیناڵەکانی



**کارل مانهایم تەنها ئەوانە بەنوخبەی کلتووری دەزانێ، کە هەموو ژیانی خۆیان بۆ نوسین و بەرهەمهێنانی مەعریفە تەرخان دەکەن و پێیان دەڵێ ڕۆشنبیرانی پیشەگەر.**

فاتیکان لە ئاینی مەسیحی و شێخەکانی تەریقەت و مەرجەعی تەقلید لەلای ئیسلام.

جورج لید برج پێی وایە پیاوانی ئاینی لە هەموو ئاینەکاندا چینێکی کۆمەڵایەتی کامڵن و گرنگترین ئەرکەکانیان بریتییە لە پەروەردەکردنی لاوان و ئاراستەکردن وپاراستن و فێکردنیان لەسەر داب ونەریتەکانی کۆمەڵگا و پرکتیزە کردنی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا.(١٥)

لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەندییەکی جەدەلی هەیە لە نێوان نوخبەی دینی و نوخبەی سیاسی. «پیرۆزییە ئاینییەکان هەمیشە بوونەتە هۆی پتەوکردن و بەردەوام بوونی دەسەڵاتە سیاسییەکان و بەدرێژایی مێژوو پاساویان بۆ مانەوەیان هێناوەتەوە. بە زۆری دەسەڵاتی ئاینی لە ڕووی حوکمڕانی و دەسکەوتەکانەوە وەک شەریکی ستراتیژی دەسەڵاتی سیاسی بووە.»(١٦)

بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا نوخبەی ئاینی مەیلی بەلای سیاسەتدا شکاوەتەوە و ژیانی سیاسی و ئاینی تێکەڵ کردوە و ڕاستەوخۆ خۆی دەسەڵاتی سیاسی کردوەتەوە دەست، ئیتر بەو نوخبەیە دەوترێ نوخبەی سیاسی دینی، وەک ئەوەی لە ئێران و تورکیا و جەزائیردا هەیە. هەندێک بەوانە دەڵێن ئیسلانی سیاسی.

**٣. نوخبەی کولتووری:**

ڕۆشنبیر ئەو کەسێکی خوینەوارە و سەرقاڵی کاری فکرە. کە لە بواری ئەکادیمیدا هەڵگری بڕوانامەی بەرز و لە بواری فکر و فەلسەفە و ڕۆشنبیری و کولتووریدا ڕۆڵی بەرجەستەی هەیە. فەیلەسۆف و نووسەران و هونەرمەندان و میدیاکارانی ناودار دەچنە ریزی نوخبەی کولتوویەوە

مارتن لۆتەری ریفۆرمخوازی گەورەی ئەڵمانی پێی وایە: «خۆشبەختی نەتەوەکان بەتەنها بەند نییە بە زۆری ڕێژەی داهات و بەهێزی قەڵاکانی بەرگریی یان جوانی بیناکانیەوە، خۆشبەختی بەستراوەتەوە بە ڕۆشنبیرانی خۆیانەوە، بە پیاوانی پەروەردە و زانست و ئەخلاق، خۆشبەختی و بەهێزی و بە توانایی بەستراوەتەو بەوانەوە»(١٧)

کارل مانهایم تەنها ئەوانە بە نوخبەی کولتووری دەزانێ کە هەموو کاتی خۆیان بۆ پیشەی نووسین و بەرهەم هێنانی مەعریفە تەرخان کردوە و پێیان دەڵێ چینی ڕۆشنبیرانی پیشەگەر. لای گرامشی ئەوانە نوخبەی کولتوورین کە یۆرگانیکین و ئدوارد سەعیدیش پێیان دەڵێ ڕۆشنبیری پەیامبەر و سارتەر و نیچەش بە بیرمەندی ڕەخنەگر ناویان دەبا.

نوخبەی ڕۆشنبیران هەریەکەو بە پێی پسپۆری و ئاستی مەعریفی و فیکری خۆی کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر ڕۆحی مەعنەوی گەلەکانیان، جیاوازن لەو چینە بەرفراوانەی کە لە حەقلی کولتووریدا کار دەکەن، بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی کۆمەڵگاکانیان بەجێناهێڵن.

## بەشی دووەم: پەرەپێدانی سیاسی:

یەکەم. چەمکی پێناسەی پەرەپێدانی سیاسی:

چەمکی پەرەپێدانی سیاسی چەمکێکی مۆدێرنە، بەشێکی بنەڕەتیە لە پەرەپێدانی گشتگیر. بەڵام ئەم چەمکەش وەک زۆربەی چەمکەکانی

تری زانستە مرۆڤایەتییەکان دامێنگیری ئاڵۆزی و فرە بۆچوونی بووە. پاش دووهەمین جەنگی جیهان، زۆربەی وڵاتەکان سەربەخۆیی خۆیانیان بەدەستهێنا و لە کۆلۆنالیزمی ئۆرۆپی رزگاریان بوو، ئەو وڵاتانە بۆ ئەوەی بتوانن سەروەری خۆیان بەسەر خاکەکانیاندا بپارێزن، دەستیان دایە پێشخستنی بواری سیاسی و پەرەپێدانی پەیوەندییە دیپلۆماسی و ئابورییەکانیان لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکاندا. ئیتر لەوەو بەدواوە چەمکی پەرەپێدانی سیاسی سەری هەڵدا و وەک هۆکارێکی گرنگ و کاریگەر حسابی بۆ کرا لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئەو وڵاتانە.

پەرەپێدانی سیاسی گرنگی بە پەرپێدانی تواناکانی جەماوەر دەدا بۆ دەرک کردن بە گرفتە سیاسییەکانی و کارکردن بۆ چارەسەرکردنیان بەشێوەیەکی پراکتیکیانە و ریالیستیانە. لە زۆربەی پێناسەکانی پەرەپێدانی سیاسیدا باس لە دروست بوونی چوارچێوەیەکی فیکری یان سیاسی نوێ دەکرێت، کە لە پرۆسەیەکی پلەبەپلەی هاوسەنگ و سەقامگیری سیاسیدا سەرهەڵدەدا و دادەمەزرێ. لەو پرۆسەیەی باس کرا گروپێکی سیاسی خۆبەخشانە لە پێناوی بەشدارییەکی سیاسی چالاکانەی بەشێوەیەکی هۆشیارانە و ئاقڵانە هەنگاو هەڵدەنێن و تێدەکۆشن بۆ ئەوەی دور لە توندوتیژی چارەیەک بۆ گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەکانی خۆیان بدۆزنەوە.» (١٨)

«پەرەپێدانی سیاسی بەواتای زۆربوونی چالاکی و لێهاتوویی سیستمێکی سیاسی دێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە فەردی و گشتییەکان و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا، لە پێناوی رەخساندنی زەمینەی ئامادەیی جەماوەر لە بوارە جیاجیاکانی وەک بەشداری کردنیان لە ئەنجومەنەکان، حزبە سیاسی و چاپەمەنی و میدیاکاندا.»(١٩)

گرنگترین ئامانجەکانی پەرەپێدانی سیاسی بریتین لە:

١. ئامانجی یاسایی: گرنگی بە ستراکچەری دەستوری دەوڵەت دەدا، بەواتای دانانی بناغەی دیموکراسییەکان بەهەموو رەهەندەکانیەوە.

٢. ئامانجی ئابوری: رەخساندنی زەمینە بۆ گەشەی ئابوری بەجۆرێک لەگەڵ خواستەکانی خەڵکدا بگونجێ.

٣. ئامانجی سیاسی: رەخساندنی هەلی ئاوێتەبوون لە سیستمی کۆمەڵایەتی و بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی.

٤. ئامانجی ئیداری: گرنگیدان بە دروستکردنی ئیدارەیەکی بەرپرس کە رێز لە رەوایەتی پرەنسیپە ئیداری و یاساکان بگرێت و مەرجەکانی لێهاتووی و عەقڵانییەت و کارایی تێدا بێ.

٥. ئامانجی کولتووی: گرێدانەوەی پەرەپێدانی سیاسی بە نوێکردنەوەی کولتوورییەوە.(٢٠)

**دووەم. رۆڵی نوخبە لە پەرەپێدانی سیاسیدا:**

لە پەرەپێدانی سیاسیدا، نوخبەکان رۆڵێکی یەکجار کاریگەریان هەیە.

رۆڵی نوخبە بە تایبەتی نوخبەی سیاسی لە پەرەپێدانی سیاسیدا لەوەدا بەرجەستە دەبێ کە بەشدار دەبێ لە دانانی ئامانجە گشتیەکانی پەرەپێدان بەو پێیەی شارەزا و بەئاگایە لە ئیدارەدانی کاروباری کۆمەڵگا. جگە لەوە نوخبە دەتوانێ لەکاتی جێبەجێکردن و چاودێریکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی گشتیدا رۆڵی گەورە بگێڕێت.

بەڵام رادەی بەشداری کردن و رۆڵ بینینی نوخبە لە پەرەپێدانی سیاسیدا، بەستراوەتەوە بە ئاستی پێشکەوتن و دواکەوتن و خەسڵەتەکانی ئەو کۆمەڵگایەی تێدا دەژی. جگەلەوە نەریتە سیاسیەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی رێگە خۆشکەر دەبن بۆ بەشداری نوخبە لە پەرەپێدانی سیاسی یان رێگری دەکەن.

## بەشی سێیەم: نوخبەی کوردی و ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی سیاسی:

**یەکەم: نوخبەی کوردی لە هەناوی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی:**

کۆمەڵگای کوردستان بەو پێیەی لە چوارچێوەی ئەو ستراکچەرە سیاسی و ئیداریی و کۆمەڵایەتییەی کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و قاجاری پێوەبەڕێوە دەبرا، دەژیا، ڕێگرییەکی گەورە دەکرا لە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هەر جۆرە داهێنان و ئەزمونێک لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە فەرمییە چەقبەستووەی کە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بوون، بەمجۆرە دەرکەوتنی نوخبەی نوێ لە دەرەوەی ئەو سیستمە کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام موستەحیلیش نەبوو.

ئەحمەدی خانی، فەقێی تەیران، حاجی قادری کۆیی، و شاعیرانی قوتابخانەی بابان نالی و سالم و کوردی و حەریق و وەفایی و دەیانی دیکە؛ سەرەڕای بەربەستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانی سەردەمی خۆیان، توانیان لەمپەرەکان وردوخاش بکەن و بناغەیەکی گرنگ بۆ دەرکەوتنی سەدان کەسی دیکە لە دوای خۆیان دانێن.

ئەگەرچی کۆمەڵگای کوردی لەو سەردەمەدا وەک نوخبە تەماشای ئەوانەی نەدەکرد، بەڵام ئەوان بەئەرکی خۆیان هەستان و پەیامی خۆیان نووسی و بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بەجێهێشت..

**حاجی کەسێکە بێ کەس، بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ؛**
**گوێی لێ دەگرن زەریفە، ناگرن بەڵا لە خۆتان!**
(حاجی قادر)

**گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک**
**ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک**
**ڕوم و عەرەب و عەجەم تەمامی**
**هەمیا ژ مە ڕا دکر غولامی**
**تەکمیل دکر مە دین و دەولەت**
**تەحلیل دکر مە عیلم و حیکمەت.** (خانی)

گوێنەگرتن لە نوخبەی کوردی هۆشیار، وەنەبێ هەر لەلایەن کۆمەڵگا=وە بێت، بەڵکو ئەو ئەمیر و خانەدان و خاوەن موڵکانەش کە ئەو دەمە زیمامی ئموری کۆمەڵگای کوردییان بەدەستەوە بوو، لە ئاست ئەو پەیامەدا کەڕم کوێرم و هیچ نابینم و نابیستمیان لێکرد؛ و تا دواجار بوون بە پاشکۆ و لەبەردەم دەربار و باب العالی ئێران و توران لێی هەڵتوتان.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، بەهۆی بەریەککەوتنی بەردەوامی عوسمانییەکان و ئێرانییەکان لە گەڵ وڵاتانی ئەوروپایدا لە ڕێگەی ناردنی خوێندکار بۆ ئەو وڵاتانە، سەرەتاکانی تێڕوانینی نوخبەکانی ناو دەسەڵات بۆ ستراکچەرە رزیوو و کۆنەکانی وڵاتەکانیان دەرکەوت و خواستی تەجەدود مۆدێرنایزە کردن سەری هەڵدا. هەردوو شۆڕشی مەشروتە لە ئێران ١٩٠٥ و لە تورکیا ١٩٠٨ لەسەرەتای سەدەی بیستەم، بەشێک بوون لەو ئەرکانەی کە نوخبەی تازەنەفەسی مۆدێرنخوازی ئەو دوو وڵاتە پێی هەستان.

هەم بەهۆی بەریەککەوتنی دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری لە گەڵ ڕۆژئاوادا، هەمیش بەهۆی شۆڕشی عوسمانی، خواستی گۆڕان و مۆدێرنە لە نوخبەی کوردیشدا سەری هەڵدا. چونکە بەشێک لەوانەی سەفەری دەرەوەیان کرد کورد بوون، تەنانەت هەندێ لە سەرکردە دیارەکانی مەشروتەخوازی عوسمانی و ئێرانی کورد بوون. ئەوە جگە لەوەی کۆمەڵێک لە نوخبەکانی ناو دەسەڵاتی ئیداری و سیاسی عوسمانی کورد بوون، بەڵام هەر هەموویان لە چوارچێوەی عوسمانیدا خەباتیان دەکرد.

بەلاواز بوونی دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، تورکەکان کە ٥٠٠ ساڵ بوو لە ژێر پەردەی ئیسلامدا فەرمانڕەوایەتی چەندین نەتەوە و وڵاتیان دەکرد، ڕوویان لە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی تورکی کرد و کەوتنە دژایەتی کردنی

نەتەوەکانی تری ناو ئیمپراتۆریەتەکە. ساڵی ١٨٨٩ ڕێکخراوی «تورکە لاوەکان» لە نێو ئەفسەرە تورکەکاندا وەک ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی تورکی دامەزرا، ڕێکخراوەکە داوای دروستکردنی «تورانی گەورە»ی دەکرد و پێی وابوو نەژادی تورکەکان سەروەری هەموو نەژادەکانی دیکەوەیە. ساڵی ١٩٠٦ ئەم ڕێکخراوە خۆی گۆڕی بۆ «جەمعیەتی ئیتحاد و تەرەقی». دوو ساڵ دواتر لە ساڵی ١٩٠٨ کودەتایەکی سەربازی بە سەر سوڵتان عبدولحەمیدی دووەمدا کرد و لەکاری دوور خستەوە. ئیتر لەوەبەدواوە تا کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهانی لە ساڵی ١٩١٨ هەرسێ پادشا تەلعەت پاشا و جەمال پاشا و ئەنوەر پاشا فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانیان بەدەستەوە بوو.

**دووەم: نەوەی یەکەم و ماڵ جیایی لە گەڵ عوسمانی:**

نوخبەی کورد و نەتەوەکانی دیکە لەکاردانەوە بەرامبەر تەشەنەسەندنی ناسیۆنالیزمی تورکی، کەوتنە خۆیان و هەریەکەیان لای خۆیەوە کەوتە خۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگاکەی خۆی. نوخبەی کوردی کە زۆربەیان لە بنەماڵەی میر و خانەدان و شێخەکانی کوردستان و ئەو ئەفسەر و دیپلۆمات و بەڕێوەبەرە ئیداریانەی ناو دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی بوون، کاردانەوەیان پیشاندا و کەوتنە چالاکی و خۆئامادەکردن بۆ هەلومەجێکی نوێ.

گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی، بەدەستهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی بوو، مرۆڤ بەبێ هەبوونی ناسنامە ناتوانێ بژی. بەدرێژایی ٥٠٠ ساڵ عوسمانییەت توانی بوو ببێتە ناسنامەی نەک هەر بۆ تورک و عەربەکان، بەڵکو بۆ کورد و زۆربەی نەتەوەکانی تری چوارچێوەی ئیمپراتۆرێتەکە. کە ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی عوسمانی بوو بە تورانیەت، هەموو نەتەوەکان، بە کوردیشەوە کەوتنە هەوڵدان بۆ ماڵجیایی لەو ئیمپراتۆرێتە پیروپەکەوتەیە.

«هەڵبژاردەی کوردی لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی عوسمانیدا چالاک و بەرچاو بوو، لەبەر ئەوە کە ئینقلابی عوسمانی بو، جگە لەوەی کورد لە مەجلیسی مەبعوسان و مەجلیسی ئەعیان و لە وەزارەتدا بەشدار بوون، هەڵبژاردەی کوردیش لە ئەستەمبول کەوتە چالاکی بۆ سەلماندنی مافی نەتەوەیی کورد، ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیان دامەزراند، قوتابخانەی کوردیان کردەوە و ڕۆژنامە و گۆڤاریان دەرکرد، ئەوەی جێگەی سەرنجە هەموو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە لەم ماوەیەدا دەرچون، ناوی کوردستان یان کوردیان پێوەیە. ئەوەش نیشانەی هەوڵدانە بۆ سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد جیاکردنەوەی لە نەتەوەکانی تری عوسمانی.(٢١)

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە نوخبەی کوردی چیتر نەیدەتوانی لەچوارچێوەی خێڵەکەی یان بۆ عوسمانییەت تێبکۆشێ. ئەو لەبەردەم ئەرکێکی گەورەی نەتەوەییدا بوو؛ ئەویش خوڵقاندن و وروژاندنی گوتارێکی نوێ بوو. گوتارێک کە نوخبەکانی پێشتر چاوپۆشیان لێ کردبوو یان هێشتا شارەزاییان لێ نەبوو.

وەدیع جویدە تێکچونی پەیوەندییەکانی کورد و تورکی دوای کودەتاکەی ئیتیحادییەکانی، گێڕاوەتەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانە:

١. هەڵوێستی تورکە لاوەکان بەرامبەر بە خەلیفە و ئاینی ئیسلام، ئەو داستانی پەیوەندییە بەهێزەی نێوان کورد و دەوڵەتی عوسمانیی پوچەڵ کردەوە کە کوردەکان شانازییان پێوەدەکرد.

٢. دڵنیابوون لەوەی کە سیاسەتەکانی جوڵانەوەی تورکە لاوەکان لە سەپاندنی دەسەڵاتی مەرکەزی و بە زۆر بەتورک کردندا، دەبێتە هۆی لێکترازان و لێکدابڕان، کوردەکانیش وەک نەتەوەکانی دیکە بەرامبەر بە سیاسەتی بەزۆر بە

تورک کردن راوەستانەوە.

٣. سەرنەکەوتنی سیاسەتەکانی تورکە لاوەکان لە دژایەتیکردنی گەندەڵی و بەزۆر خۆسەپاندندا، بوونە هۆی وروژاندنی هەستی ناسیۆنالیستی لای کوردەکان و پاڵنەرێکیش بوو بۆ یاخیبوون لێیان.(٢٢)

کورد رێی نەدرا لە قەڵەمرەوی عوسمانیدا رۆژنامە دەربکات، لەبەر ئەوە بەدرخانیەکان بۆ بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی (کوردستان) چونە قاهیرە، کە لەوێش تەنگیان پێهەڵچنین رویان کردە ئەوروپا. ژمارەی یەکەمی غەزەتەی کوردستان لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە لەلایەن میقداد مدحەت بەدرخان بەگ کوڕی بەدرخان پاشاوە دەرکراوە..»(٢٣)

«لە ئەستەمبووڵ پەرەسەندنی گوتاری تازەگەری و زاڵ بوونی گوتاری شوناسخوازی، ئەم دۆخە کاریگەری و کارتێکەری کردە سەر کوردانی نیشتەجێی ئەو شارە و هەر لەم شارەشدا بوو کە یەکەم بەرەی مونەوەرلفیکریی کورد، واتە سەید عەبدولْقادر، ئەمینعالی بەدرخان، ئەحمەد رەمزی، محەمەد شوکری، پیرەمێرد و مەولانازادە رەفعەت و لە پێش هەمووشیانەوە حاجی قادری کۆیی سەری هەڵدا.»(٢٤)

دەرکردنی رۆژنامەی «کوردستان» لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە شێوەی کاری نوخبەی سیاسی کوردستان. نوخبەی کوردی لە ئەستەمبول هەر بەدەرکردنی رۆژنامەوە نەوەستا، بەڵکو هەلومەرجی نوێی دەوڵەتی عوسمانی ئیستغلال کرد و چەند رێکخراوێکیان دامەزراند. هەڵبژاردنی کوردەکانی ئەستەمبول لە شەمزینی و بەدرخانی و بابانی بەسەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادری شەمزینی ساڵی ١٩٠٨ رێکخراوێکیان دامەزراند بە ناوی «کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتسی» واتە جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کورد بۆ هەوڵدان بۆ سەلماندنی مافی نەتەوەیی کورد لە ناوچوارچێوەی مایعەی عوسمانیدا ئەم رێکخراوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی خۆی بڕیاریدا غەزەتەیەکی هەفتانە بە تورکی و کوردی لە ئەستەمبوڵ دەربکا و لە ولایەتەکاندا لق دامەزرێنێ خوێندگایەکی بۆ منداڵانی کورد لە ئەستەمبول کردەوە.»(٢٥) ئەم جەمعیەتە هاوکات لەگەڵ دامەزراندنیدا لە تشرینی دووەمی ١٩٠٨دا رۆژنامەی «کورد تعاون ترقی غەزەتسی: دەرکرد خاوەنی ئیمتیازەکە پیرەمێرد و سەرنووسەرەکەی ئەحمەد جەمیل دیاربەکری بوو. زۆربەی نوخبەی سیاسی و دینی و رۆشنبیری کورد لەو غەزەتەیەدا بابەتیان نووسیوە. یەکێک لە ناوە دیارەکان بەدیع الزمان سەعید نەورەسییە کە لە ژمارە یەکدا وتارێکی نووسیوە و بە «ئەی گەلی کورد» دەست پێ ئەکا و ئەڵێ: ئەی گەلی کوردان! لەئیتیفاقدا قوەت، لە ئیتحاددا حەیات، لە برایەتیدا سەعادەت لە حکومەتدا سەلامەت هەیە. باش گوێ بگرن من شتێکتان پێ ئەڵێم، ئێوە بزانن سێ جەوهەرمان هەیە پاراستنی خۆیان لە ئێمە ئەوەێ:

**یەک** ئیسلامیەت کە خوێنی هەزاران شەهید نرخەکەی داوە.

**دوو**: ئینسانیەت کەلازمە ئەم خۆ نەزرا خەلقی دە بە خدمەتا ئەقڵی و جوامێرانی و ئینسانێتی خۆ نیشانی دنیا بدەین.

**سێیەم**: میللەتێ مەیە.

ئەبێ کورد سێ شت بپارێزن، ئیسلام و ئینسانیەت و قەومیەت... (٢٦)

ئەم وتارەی نەورەسی دەربڕی بیروباوەڕی بەشی زۆری نوخبەی ئەو کاتەی کوردە، کە ئاینی ئیسلام و پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی و مەسەلەی ناسنامەی نەتەوەییان پێکەوە گرێ داوە، هاوکات لە گەڵ ئەو گوتارەدا نوخبەی تورک ئیسلام و ئینسانیەتیان وەلاوە نابوو، تەنها

مەستی تورانییەت بوون.

دوابەدوای ئەو جەمعیەتە نوخبەی کورد لە ئەستەمبول کەوتنە چالاکی دیکە و چەندین ڕێکخراوی دیکەیان دامەزراند و کۆمەڵێک رۆژنامە وگۆڤاری دیکەیان دەرکرد؛ لەوانە «کورد هیڤی جەمعیەتسی: جڤاتا هێڤی فەقێی کوردان، لە ساڵی ١٩١٢، ئەم ڕێکخراوە غەزەتەی ڕۆژی کورد لە ساڵی ١٩١٣ دەرکرد. ئەوەی جێگەی تێبینییە نوخبەی کوردی هەموو ناوچەکانی کوردستان لەو جەمعییەت و غەزەتانەدا رۆڵیان هەبووە، سەرنووسەری ئەم رۆژنامەیە کەسێکی کەرکوکی بوو بە ناوی عەبدولکەریم حاجی عەبدوڵڵا کەرکوکلیزادە. دوای راگرتنی ئەو رژنامەیە هەمان جەمعییەت غەزەتەی هەتاوی کورد لە ١٩١٣ دەرکردوە دوابەدوای ئەویش غەزەتەی بانگی کورد لە ١٩١٤ دەرچووە، یەکەمین جەنگی جیهانی چالاکییەکانی نوخبەی کوردی راگرت. بەڵام دوای جەنگ جەمعیەتی تەعالی کوردستان لە ١٩١٨ دامەزرا تاوەکو ساڵی ١٩٢٢ بەردەوام بوو، دەیان چالاکی کولتووری و سیاسی و دیپلۆماسی ئەنجامدا، بەڵام بەداگیرکردنی ئەستەمبول لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورک ئەندامانی جەمعییەتەکە بەوڵاتاندا پەرش و بڵاوبوونەوە و هەریەکەو لای خۆی کەوتە درێژەدان بەو هەنگاوەی کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دەستی پێکردبوو.

لەبەرامبەر گوتاری تورانییەت، کوردەکانیش کەوتنە خۆیان و هەندێ کتێبیان نووسی سەبارەت بە مێژووی کۆنی کورد، لەوەدا میرلیوا مستەفا پاشا کە ئەفسەرێکی کوردی خەڵکی سلێمانی بوو و ئەندامی جەمعییەتی تەعالی کوردستانیش بوو، ساڵی ١٩١٨ کتێبی «حەقیقەتی کوردستان»ی بە زمانی تورکی بڵاوکردەوە و گەشتێکی بە مێژووی دێرینی کورددا کردوە لە سەردەمی نوحەوە تا سەردەمی خۆی.

## سێیەم. رۆڵی نوخبەی کوردی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم

دوای دامرکانەوەی ئاگری جەنگی جیهانی یەکەم و شکست و لاوازی دەوڵەتی عوسمانی، خانەدان و رۆشنبیر و ئەفسەر و مونەوەرانی کورد بە هەلیان زانی و کەوتنە خۆیان بۆ ئەوەی خواستە نەتەوەییەکانی خۆیان بەدیبهێنن. بۆ ئەو مەبەستەش لە کۆتایی١٩١٨ (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان)یان دامەزراند.

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە لایەن چەند کەسایەتیەکی ناسراوەوە بە سەرۆکایەتی (سەید عەبدولقادر ئەفەندی) دامەزراوە. (٢٧) ئامانجی سەرەکی ئەم جەمعییەتە سەربەخۆیی کوردستان بوو، لە ماوەیەکی کورتدا لە زۆربەی شار و پارێزگاکانی کوردستاندا لقی خۆی کردووەتەوە. «رۆشنبیران و لاوانی کورد، زۆرتر روویان کردووەتە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئەو گەنجە کوردانەی کە لە ئەستەمبووڵ دەیانخوێند، کاتێک بۆ پشوو دەگەڕانەوە بۆ کوردستان، کاریگەرییان لەسەر گەنجان و ئەندامانی بنەماڵەکانیان دادەنا، ئامۆژگارییان دەکردن تا لقی جەمعییەتەکە لە ناوچەکانی خۆیان بکەنەوە.»(٢٨)

لە ٢ی کانونی یەکەمی ١٩١٩ مستەفا پاشا یاملکی و ئەمین عەلی بەدرخان و سەعید مەوللا، بە ناوی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە سەردانی مەندووبی سامی بریتانیایان کردوە و داوایان کردوە، کورد لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکاندا خودموختارێتی پێبدرێت.

ئەمیراڵ سومرست ئارسەر جوف کالت هۆرپ (١٨٦٤-١٩٣٧)، مەندووبی سامی بریتانیا لە ئەستەمبووڵ سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو کۆبونەوەیە، نامەیەک ئاراستەی وەزیری دەرەوەی

بەریتانیا دەكات و پێی رادەگەیەنێت: «ئەو كەسانە دەڵێن بەشێک لە دانیشتوانی شارەكانی سێواس و ئەنقەرە و كۆنیا و حەلەب و ئادانا كوردن، هەر وەها زۆربەی دانیشیتوانی شارەكانی ئەرزرۆم و وان و بەدلیس و خارپێت و دیاربەكر و موسڵ كوردن و داوای پێدانی وڵاتێكیان بۆ كورد كردووە، كە سنورەكانی دیاریكراو بێ».(٢٩)

بەشێک لە ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی كورد باوەڕیان وابوو دەبێ خاوەنی هێزی چەكدار بن، د. نوری دەرسیمی رێبەرایەتیی ئەم ئاراستەیەی كردووە. بۆیە داوای لە رائید مستەفا بەگ كە لە خانەدان و بنەماڵەی ساری سالیک بووە، چەكی بۆ دابین بكات. رائید مستەفا لە كاتی یەكەمین جەنگی جیهانیدا بەرپرسی وەرگرتنی سەرباز بووە لە ئەستەمبووڵ، جگە لەوە ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی كوردستانیش بووە، گویڵداش بەشێک لە چیرۆكەكەی بەم شێوەیە باس كردووە: «لە دوای جەنگ مستەفا بەگ بە بیانووی پێدانی چەک بەو كوردانەی كە لە دەوروبەری ئەنقەرە ئاژەڵ بەخێو دەكەن، (١٥٠٠) تفەنگی ئینگلیزی دەدات بە نوری دەرسیمی، ئەویش (١٢٠٠) دانەی بە سەر كرێكارە كوردەكانی ئەستەمبووڵدا دابەش دەكات، ئەوەی دەمێنێتەوە دەیەوێت لە رێگەی شەمەنەفەرەوە بە پێنج جانتا رەوانەی ئەنقەرەی بكات بۆ حەیدەر پاشا كە لە كوردەكانی ئەو شارەیە، بەڵام لەو كاتەی دەیانەوێت بیخەنە ناو فارگۆنی شەمەنەفەرەكەوە، بەهۆی قورسی جانتاكانەوە پۆلیس كەشفی دەكات و دەستی بەسەردا دەگرێت و نووری دەرسیمیش دەستگیر دەكرێت دوای لێكۆڵینەوە دەدرێتە دادگای دیوانی حەرب».(٣٠)

دوای داگیركردنی ئەستەمبول لەلایەن بریتانیاوە لە ١٩١٨/١١/١٣، شەریف پاشای كوڕی حسێن پاشای خەڵكی سلێمانی، دەست دەكاتەوە بە چالاكیی دیپلۆماسی و لە ١٩١٩/٢/٦ لە پاریسەوە نامەیەک بۆ سەرۆكی كۆنگرەی ئاشتی دەنێرێت، لەبارەی داواكاری و خواستەكانی كورد. ئەو كۆنفرانسە چارەنووسی نەتەوەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دیاری دەكرد. شێخ عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و ئەمین عالی بەدرخان، بەناوی (جەمعییەتی تەعالی كوردستان)ەوە ڕایدەگەیەنن كە شەریف پاشا بۆی هەیە لە كۆنفڕانسە نێودەوڵەتییەكان ببێتە نوێنەری داخوازییەكانی گەلی كورد. بۆ ئەو مەبەستە نامەی پشتیوانی و پشتگیرییان بۆ ئەنجوومەنی كۆنفڕانسەكە نووسی بوو. شێخ مەحمودیش لە باشوری كوردستانەوە لە ١٩١٩/٣/٢٢دا پشتیوانی خۆی لە خواستەكانی شەریف پاشا كرد. شەریف پاشا لە كۆنفرانسەكەدا داوایكرد دەوڵەتێكی سەربەخۆ بۆ كورد دابمەزرێ. بەهۆی ئەو یاداشتنامەیەوە هاوپەیمانان ناوی كوردیان خستە بەندەكانی (٦٢ و ٦٣ و ٦٤) ی پەیمانی سێڤرەوە كە ١٩٢٠/٨/١٠ پەسەندكرا. پێكهێنانی دەوڵەتی كوردی وەک مافی كورد، دیاری دەكرا و دەوڵەتی توركیاش بەوە ڕازی بوو.

بەڵام رەوتی ڕووداوەكانی توركیا و سیاسەتی بریتانیا لە ناوچەكە و بەستنی كۆنفرانسی لۆزان لە ٢٤ی تەموزی ١٩٢٣ و ڕاگەیاندنی سیستمی كۆماریی لەلایەن مستەفا كەمال ئەتاتورک لە ٢٣ی ئۆكتۆبەری ١٩٢٣ هەموو هەوڵەكانی نەوەی یەكەمی نوخبەی كوردی پەكخست و زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی نەوەی دووەمی نوخبەی كوردی رەخساند.

## دەرئەنجام:

ئەگەر بەپێی هەرسێ ئاراستەکەی کە لە بەشی یەکەمدا باس کران هەڵسەنگاندن بۆ نەوەی یەکەم و دووەمی نوخبەی کوردی بکەین دەکرێ بڵێین بە پێی تیۆرییەکانی پاریتو نوخبەی کوردی ئەم قۆناغە چی ئەو ماوەیەی لە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون و چی کاتێک هاتنە دەرەوە و رێکخراو و ناوەندی تایبەت بە خۆیان دامەزراند لە رووی سایکۆلۆژییەوە باوەڕێکی پتەویان بە خۆیان و ئەو ئەرکەی کە گرتبویانە ئەستۆ، زۆر بوو. ئەوان ئامادەگی تەواویان تێدا بوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان قوربانی بدەن؛ ئەمەش وای کردبوو لە ناو خەڵکدا پلە وپێگەیان زۆر بەرز و بەچاوی رێزەوە تەماشا بکرێن.

خۆ ئەگەر بەپێی تیۆرییەکەی موسۆکا هەڵسەنگاندن بۆ نەوەی یەکەم و دووەمی نوخبەی کوردی بکەین کە جەختی لەسەر توانای خۆ رێکخستن و هەڵسەنگاندن بۆ سەرچاوەکانی هێز دەکات لە ناو کۆمەڵگا، دەکرێ بڵێین ئەم نوخبەیە لەماوەیەکی کەمدا توانییان پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاینی و رۆشنبیری خۆیان بەکاربهێنن بۆ دامەزراندنی چەندین جەمعییەت و رێکخستینی سیاسی نەتەوەیی، ئەم رێکخستنە سیاسیانەش توانیان زۆرینەی نارێکخراوی کۆمەڵگادا بخەنە ژێر هەژموونی خۆیانەوە و لە رێگەی بڵاوکردنەوەی چەند رۆژنامە و گۆڤاریشەوە بیروباوەڕەکانی خۆیان بۆ جۆشدانی کۆمەڵانی خەڵک بکەن.

لە روانگەی تیۆرییەکەی (میلز)یشەوە کە پێی وایە پێگەی کۆمەڵایەتی نوخبە (پلەی سەربازی، سەروەت و سامان و ئاین و سیاسەت) یارمەتی دەرن بۆ ئەوەی نوخبە بتوانێ لە ناو کۆمەڵگادا رۆڵی کاریگەرو وبەرچاو بگێڕێ. نەوەی یەکەم و دووەمی نوخبەی کوردی توانییان پلەوپۆست و سەروەت و سامان و پێگە سیاسی و ئاینییەکانی خۆیان بخەنە خزمەتی ئامانجەکانیان.

لە رووی پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە ئەم نوخبانە پێکهاتبوون لە بنەماڵەی خانەدان و میر و پاشا زادەکان، هەندێکی دیکەشیان لەو فەرمانبەر و ئەفسەرانە پێکهاتبوون کە لە دەوڵەت و سوپای عوسمانیدا ناوی دیار بوون.. مستەفا پاشا یامولکی، شەریف پاشای خەندان و پیرەمێرد. لە زانایانی ئاینیش کەسانێک هەبوون کە رۆڵی دیاریان هەبوو بەدیع الزەمان سەعید نەورەسی ناودارترینیان بوو.

نەوەی یەکەمی نوخبەی سیاسی کوردی کۆمەڵێک ئامانجیان هەبوو بۆ پەرەپێدانی سیاسی لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا، بۆ ئەو مەبەستە رێگای سیاسی و کولتووری و دیپلۆماسی و تەنانەت سەربازیشیان گرتەبەر بۆ وەدیهێنانیان.

سەرەتای کارکردنیان لە رێگەی دامەزراندنی چەند جەمعییەت و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار و رۆژنامەو کردنەوەی قوتابخانە بە زمانی کوردی، ئاستی هۆشیاری سیاسی و هەستی نەتەوەیی لە ناو خەڵکدا پەرپێبدەن و ئەم جۆرە چالاکیانە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستی پێکرد و تاوەکو ١٩١٨ بەردەوام بوو. پاشان لە رێگەی جەمعییەتی تەعالی کوردستانەوە کە کوردی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان تێدا ئەندام بوون، کەوتنە تەقەلایەکی زۆری دیپلۆماسی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و لەو پێناوەشدا کاری گەورەیان کرد.

هەرچەندە هەوڵ و تەقالاکانی نەوەی یەکەمی نوخبەی کوردی ئاکامێکی زۆری بەدەست نەهێنا، بەڵام بناغەیەکی پتەوی بۆ بیری نەتەوەیی لەناو هەموو کورددا دانا و ئەو مەشخەڵەی ئەوان هەڵیان کرد، تا ئێستاش ئاگرەکەی نەوە لە دوای نەوە بە زیندوویی ماوەتەوە.

## پەراوێز:


١. مەریوان وریا قانع، پیشەسازی دروستکردنی نوخبە، نوخبە وەک رەعیەت، رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە ٥٣٧، ٢٠١٦/٧/٢٦، ل١٩.

٢. ابراهيم العريس، أمثولة سان سيمون: بناء المستقبل مشروط بازدهار الفنون والحرف، رۆژنامەی الحياة – ٢٠١٠/٧/٣٠.

٣. گی روشه، تغییرات اجتماعی، :دکتر منصور وثوقی، تران ، انتشارات نی، چاپ ١٣٨٠. روشه، گ٢٥ یازدم، ص ١١٦.

٤. دکتر محمد عابدی اردکانی، پارتو و اندیشه نخبەگرایی، مجله اطلاعات سیاسی –اقتصادی، شماره ٢٦٩ –٢٧٠، ص ٧٨.

٥. صمد عابدینی و دگران، نقش نخبگان فکري و سیاسی در تحولات سیاسی و اجتماعی ایران بین دو انقلاب، مجله مطالعات علوم اجتماعی ایران، سال یازدهم، شماره چهارم، بەهار ١٣٩٨، ص ١٣٠

٦. ا.م.د حيدر علي حسين وآخرون، انواع النخب في المجتمع، مجلة جامعة كربلاء المجلد الثالث عشر –العدد الثالث، ٢٠١٥، ل٨٥.

٧. ربرت میخلز، جامعەشناسی احزاب، ترجمه احمد نقیبزاده، تهران، نشر قومس، ١٣٧٣، ص٢٣.

٨. د.علي أسعد وطفة، مفهوم النخبة، مركز نقد وتنوير للدراسات إلانسانية الاصدارات الخاصة ، اإلصدار ألاول إيار، ٢٠١٥، ص ٣٠.

٩. ويلفريدروريش، سیاست به مثابه علم، ترجمه، ملک یحیی صلاحی، تهران، سمت، ١٣٧٢، ص١٩٥.

١٠. د.علي أسعد وطفة، المصدر السابق، ص١٩.

١١. سی رایت میلز نخبگان قدرت، ترجمه بنیاد فرهنگی پژوهشی غرب شناسی، تهران: انتشارات فرهنگ مكتوب،١٣٨٣، ص ٣٤.

١٢. دکتر حسین رفیع، جستارهایی در باب الیتیسم کلاسیک، فصلنامه علمی پژوهشی علوم سیاسی و روابط بین اللملل، دوره ٤، شماره ١٤ – ص١٩٣.

١٣. محمد يزداني نسب، بررسي انتقادي تئوري نخبگان در علوم اجتماعي، مجله جامعه شناسي ايران، دوره شانزدهم، شمارة ٤ ،زمستان ١٣٩٤، ص٩٩.

١٤. محمد شطب عيدان المجمعى، النخبة السياسية واثرها في التنمية السياسية، مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية والسياسية، السنة ١، المجلد ١ العدد ٤، ٢٠٠٩. ص١٣٣.

١٥. فضيل حصرى، تشكيل النخبة الدينية في الجزائر، رساله دکتورا في علم الاجتماع، جامعة أبو بكر بلقايد ، كلية العلوم الإنسانية والعلوم الاجتماعية،٢٠١٣، ص ٥٨

١٦. أ.د.علي أسعد وطفة، المصدر السابق، ص ٣٨.

١٧. أ.د.علي أسعد وطفة، المصدر السابق، ص ١٧.

١٨. حسین سییف زاده، نظریه های مختلف درباره راه های گوناگون نوسازی و دگرگونی سیاسی، تهران، توس ١٣٧٧، ص٥٧

١٩. محمد عابدی اردکانی، توسعه نیافتگی سیاسی از منظر فرهنگ سیاسی نخبگان در ایران، پژوهشنامه علوم سیاسی، سال نهم شماره چهارم، پاییز ١٣٩٣، ص١٣٩.

٢٠. م.م. محمد شطب عيدان المجمعي، النخبة السياسية وأثرها في التنمية السياسية، مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية والسياسية، السنة ١ العدد ٤،ص ١٣٩.

٢١. نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردی، دار العربية للعلوم ناشرون، لبنان ٢٠١٣، ل ٢١.

٢٢. وديع جويده، ص ٢٦٦–٢٦٧

٢٣. نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

٢٤. ئیسماعیل مەحموودی، (غونچەی بەهارستان) ی حوزنی و سەرهەڵدانی گوتاری مێژوونووسانەی کوردی: https://galawej.com/2020/10/2020-10-11092654.html

٢٥. نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

٢٦. نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.

٢٧. ئیسماعیل گوێڵداش، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، وەرگێڕانی زریان رۆژهەڵاتی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، هەرێمی کوردستان ٢٠١١، ل١٠

٢٨. ئیسماعیل گوێڵداش،سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤.

29. Ferudun Ata,Süleymaniyeli Nemrut Mus̆tafa Paşa-Bir İşbirlikçinin Portresi,Selçuk Üniversitesi Fen-Edebyat Fakültesi Dergisi, 2008..p86.

٣٠. ئیسماعیل گوێڵداش، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧–٧٨

## سەرچاوەکان:


١.ابراهيم العريس، أمثولة سان سيمون: بناء المستقبل مشروط بازدهار الفنون والحرف، رۆژنامەی الحياة – ٢٠١٠/٧/٣٠.

٢. سی رايت ميلز نخبگان قدرت، ترجمه بنياد فرهنگی پژوهشی غرب شناسی، تهران: انتشارات فرهنگ مكتوب،١٣٨٣.

٣. ا.م.د حيدر علي حسين وآخرون، انواع النخب في المجتمع، مجلة جامعة كربلاء المجلد الثالث عشر –العدد الثالث، ٢٠١٥.

٤. حسين سييف زاده، نظريه های مختلف درباره راه های گوناگون نوسازی و دگرگونی سياسی، تهران، توس ١٣٧٧.

٥. د.علي أسعد وطفة، مفهوم النخبة، مركز نقد وتنوير للدراسات الإنسانية الاصدارات الخاصة ، اإلصدار ألاول إيار، ٢٠١٥.

٦. دكتر محمد عابدی اردكانی، پارتو و انديشه نخبەگرايی، مجله اطلاعات سياسی –اقتصادی، شماره ٢٦٩

٧.ربرت ميشلز، جامعەشناسی احزاب، ترجمه احمد نقيبزاده، تهران، نشر قومس، ١٣٧٣.

٨.. صمد عابدينی و دگران، نقش نخبگان فكري و سياسی در تحولات سياسی و اجتماعی ايران بين دو انقلاب، مجله مطالعات علوم اجتماعی ايران، سال يازدهم، شماره چهلم، بەهار ١٣٩٨.

٩. فضيل حصرى ، تشكيل النخبة الدينية في الجزائر، رساله دكتورا في علم الاجتماع، جامعة أبو بكر بلقايد ، كلية العلوم الإنسانية والعلوم الاجتماعية،٢٠١٣.

١٠.گی روشه، تغييرات اجتماعی، :دكتر منصور وثوقی، تران :انتشارات نی، چاپ ١٣٨٠). روشه، گ٢٥ يازدهم.

١١. م.م. محمد شطب عيدان المجمعي، النخبة السياسية وأثرها في التنمية السياسية، مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية والسياسية، السنة ١ العدد ٤،

١٢. محمد شطب عيدان المجمعی، النخبة السياسية واثرها في التنمية السياسية، مجلة جامعة تكريت للعلو، القانونية ولاسياسية، السنة ١، المجلد ١ العدد ٤، ٢٠٠٩.

١٣. محمد عابدی اردكانی، توسعه نيافتگی سياسی از منظر فرهنگ سياسی نخبگان در ايران، پژوهشنامه علوم سياسی، سال نهم شماره چهارم، پاييز ١٣٩٣.

١٤. محمد يزداني نسب، بررسي انتقادي تئوري نخبگان در علوم اجتماعيجله جامعهشناسي ايران، دوره شانزدهم، شمارة ٤ ،زمستان ١٣٩٤.

١٥. مەريوان وريا قانع، پيشەسازی دروستكردنی نوخبە نوخبە وەک رەعيەت، رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە ٥٣٧، ٢٠١٦/٧/٢٦.

١٦. نەوشيروان مستەفا ئەمين، چەند لاپەڕەيەک لە مێژووی رۆژنامەوانی كوردی، دار العربية للعلوم ناشرون، لبنان ٢٠١٣.

١٧. ويلفريدروريش، سياست به مثابه علم، ترجمه، ملک يحيی صلاحی، تهران، سمت، ١٣٧٢.

١٨. ئيسماعيل گوێڵداش، جەمعييەتی تەعاليی كوردستان، وەرگێڕانی زريان رۆژهەڵاتی، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی ژين، سلێمانی، هەرێمی كوردستان ٢٠١١، ل١٠

١٩. ئيسماعيل مەحموودی، (غونچەی بەهارستان) ی حوزنی و سەرهەڵدانی گوتاری مێژوونووسانەی كوردی:

٢٠. .دكتر حسين رفيع، جستارهايی در باب اليتيسم كلاسيک، فصلنامه علمی پژوهشی علوم سياسی و روابط بين اللمل، دوره ٤، شماره ١٤.

21.https://galawej.com/2020/10/2020-10-11092654.html

22. Ferudun Ata,Süleymaniyeli Nemrut Mustafa Paşa-Bir İşbirlikçinin Portresi,Selçuk Üniversitesi Fen-Edebyat Fakültesi Dergisi, 2008..p86



# بابەتی گشتی



بیرەوەرییەکانی
مەولود باوەمراد

بەشی چوارەم

# سەرکردەیەك و
# تێکگیرانی ئیرادەکان

پاش عەسرانێک لە شەقامێکی نزیک مزگەوتی گەورەی شاری سنە- دار الاحسان- بە مەرحومی مامۆستا عەبدوللەتیفی واژەیی گەیشتم بە عادەتی تەوازوعەکەی خۆی تەوقەیەکی گەرمی بە پێکەنینەوە لەگەڵدا کردم، پیاوێکی جامەدان بەسەری، ریش درێژی لەگەڵ بوو پشتوێنەکەی بە شێوازی بادینی بەستبوو، تەوقەم لەگەڵ ئەویش کرد، مامۆستا گووتی: ئەوە نایناسی؟ گووتم: نەخێر، گووتی: کورە ئەوە دکتورەکەی لایخۆتانە، دکتۆر عەبدولمەجید، ئەو تۆ دەناسێت، ئەوکەسە بوو کە لە ئەڵقەی پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد، بەرپرسی هێڵی کاری ڕێکخستنی نهێنی ئیخوان موسلیمینی عێراق بوو، نازناوی دکتۆر(ئەبوزەڕ) بوو.

شەوەکەی چووم بۆ ماڵی مامۆستا صدیق، دکتۆر خۆیی و خێرانی لەوێ بوون- خێزانی مەبەست ژنەکەیەتی چونکە دکتۆر منداڵی نەبوو- ، باسی ئەوەی کرد لەکاتی هەڵکوتانەسەریدا لەلایەن دەزگای ئەمنی عێراقەوە بەرلەوەی دەستگیری بکەن توانیویەتی دەرباز بێت و خۆی گەیاندووەتە چیاکانی دەوروبەری ناوچەی زاخۆ، چوار مانگ لەناو پێشمەرگەکانی پارتیدا ماوەتەوە، هاوکاریی چارەسەری پزیشکی بۆ کردوون، دواتر خەبەری مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمان و بزوتنەوەی ئیسلامیی و ئێمەی زانی بوو، بەرەو شاری سنە هاتبوو، دواتر نازناوی خۆی لە (ابوزەڕ)وە گۆڕیبوو بە (ابو یونس).

شەوی دووەم لە ماڵی مامۆستا صدیق کۆبوونەوەمان لەگەڵ دکتۆر کرد (مامۆستا صدیق، بەندە، مامۆستا محەمەد ڕەئوف، دوو برای تر) تەواوی گفتوگۆ لەسەر دانان و ئامادەکردنی بەرنامەیەکی نوێی ڕێکخستنی تەنزیمی و عەسکەری بوو بۆ بزوتنەوەی ئیسلامی، کە گوایە بەگوێرەی ئەم پەیڕەو و پرۆگرامە نوێیە، بە فەرمانی ئەو وەک بەرپرسی کاری هێڵی ڕێکخستنی ئیخوان موسلیمین لە عێراقدا، لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامیی دەمجبین؟

دکتۆر ئەبوزەڕ پەیڕەوی ناوخۆی بزوتنەوی ئیسلامی لەبەردەست بوو، چوار پێنج لاپەڕە مسوەدەی بۆ پێشنیازی پەیڕەوی نوێی بزوتنەوەی ئیسلامیی نووسی بوو، بۆی دەخوێندینەوە؟ ئێمەش جارجارە نەعەمێکی عەرەبیمان دەکرد، جارجارەش موداخەلەی لابەلایی، بەندە لە کۆبوونەوەکەدا بە کوردی بە مامۆستام صدیقم گووت: جا بزووتنەوە ئەم داڕشتن و ڕێکخستنەوە نوێیەی گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆ قبوڵ دەکات؟ گووتی: بابزانین، یەکێک لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە گووتی: ئەی بۆ قبوڵی ناکەن؟

دکتۆر پاش گفتوگۆیەکی دوورودرێژ کە هەتا درەنگانێکی شەوی خایاند، گووتی: جارێ با ئەو برایانەی ئێرەش ببینم- مەبەستی مامۆستا صەلاح و برایانی هاوکاری بوو- دواتر لەگەڵ قیادەی بزووتنەوە کۆدەبینەوە و گفتوگۆ لەسەر ئەم بەرنامە و پەیڕەوە دەکەین!

دکتۆر لەگەڵ مامۆستا صەلاح و برایانی هاوکاری کۆبوونەوەی کردبوو، خودا دەزانێت کارێکیان پێکردبوو دەبارەی فەتوای جیهاد و چەکداربوونەکەی مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمان، و هەڵوێست و پەیوەندی ئێمە بەکاری شەرعی ئیخوانی عێراق لە تاراوگەی ئێران، و بڕیاری قیادەی ئیخوانی عێراق لە دەرەوە لەمبارەیەوە، نەک هەموو ڕیسەکەیان لێکردبۆوە بە خوری، بەڵکو بەدگومانیشیان کردبوو بەرامبەر مامۆستا صدیق و هەموو ئەوەی لە دەوروبەریدایە، باسی بزووتنەوە و دەمج و چەکدارییان وەها لە مێشکیدا کوژراندبۆوە ببڕای ببڕ جارێکی تر ناوی نەهێنێت.

ئەگەر بەوردی سەرنجی ناوەڕۆکی ئەو نامەیە بدەین، کە سەرکردایەتی ئیخوان موسلیمینی عێراق لە دەرەوە، بۆ مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمانیان ناردبوو، لەگەڵ دەربڕینی ئەو هەموو ڕێز و حورمەت و پیاهەڵدان و تەقدیرە، ئاماژە بەوە دەکات کە بەیعەتی مامۆستا مەلا عوسمان بەهێڵی کاری ڕێکخستنی ئیخوان موسلیمین لە ناوخۆدا بەڕاگیراو حسێب دەکرێت، دەبێت ئێستا بە حوکمی ئەوەی لە دەرەوەی عێراقە، پابەندی بڕیارەکانی ڕێکخستنی ئیخوان موسلیمینی تاراوگە-المهجر- بێت، ئەکید ئەم بڕیارە بۆ پابەندبوونی دکتۆر ئەبوزەڕ بە ڕێکخستنی ئیخوانە عێراقییەکانی دەرەوە/ نیشتەجێی ئێران کە مامۆستا صەلاح ڕابەرایەتیان دەکات، زیاتر و زۆرترە، چونکە ڕێکەوتن لە نێوان قیادەی ناوەوەی ئەم هێڵی ڕێکخستنە و قیادەی ڕێکخستنی دەرەوە لەسەر ئەم هەماهەنگییەی کارکردنی ڕێکخستنی ئیخوان لە دەرەوە و ناوەوەی عێراق پێشتر کراوە، لە دوا گفتوگۆکانی کۆبوونەوەی ڕێکەوتنی هێڵی ڕێکخستنی مامۆستا صدیق و مامۆستا صەلاح لە ماڵی مامۆستا صەلاح لە کرماشان بە ئاشکرا بابەتی ڕێکەوتن لەسەر ئەم جۆرە هەماهەنگییەی ڕێکخستنی ناوەوە و دەرەوە خرایە بەرباس.

پێدەچوو هەروەک ئێمە ئاگامان لەم بابەتە نەبوو، دکتۆریش بەهەمانشێوە لێی بێ ئاگابووبێ، یان ڕەنگە وای چاوەڕوان نەکردبێت ڕێکخستنی ئیخوانە عێراقییەکانی ئێران ئەوەندە فراوانە و ئەندامی نەتەوەکانی تری لەگەڵە، بێگومان لەوەها هەڵوێستێکدا جگە لە پابەندبوون، نە قسەیەکی بۆ گووتن هەیە و نە کارێکی بۆ کردن لە بەردەم دەمێنێت.

ئەوەی لێی بێگومانم و دەیزانم، دکتۆر هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی نەکردبوو هێڵی مامۆستا صەلاح ئەوەندە توند و تورە و بێزار و وەڕسبن، لە تاکە تاکەی هەموو ئەندامانی هێڵی مامۆستا صدیق لە مامۆستاوە بگرە هەتا هەرکەسێکی سەر بەم هێڵە لە ئێراندا حەدیسێکی لە مامۆستا صدیقەوە ڕیوایەت کردبێت، دابوویانە بەر زمانی تیژ و زبری جەرح و تەعدیلی خۆیان، هەرکەسێکیش کۆبوونەوەی لەگەڵ دکتۆر کردبوو لە هێڵی مامۆستا صەلاح لە تاران و کرماشان و شاری سنە و...هتد، بەهەمان چەقۆی زمان هەمان توێکاری ئەم هێڵەی ئێمەی بۆ کردبوو، تا ببێتە ڕیوایەتێکی متواتەری گومان بڕ.

ئەمە ئەو بۆچوونە لای خوێنەر دروست نەکات کە دکتۆر جەرەیانی قسە و تانە و گومان و خراپ ڕوانینەکانی ئەوانی بۆ ئێمە یان بۆ مامۆستا باس کردبێ و گواستبێتەوە، نەخێر تەنها و تەنها دەیگووت ئەم برایانە تێبینیان هەیە لەسەر کارتان، لەوانە باسی پەروەردە و ڕادەی پابەندبوون بە مەنهەجی ئیخوان و بڕیاری قیادەی ئیخوان دەکەن، هیچی تری نەدەگووت، دواتر خوێنەر لەمیانەی گێڕانەوەکاندا تێدەگات کە ئەم زانیارییانەم دەبارەی ڕای هێڵی مامۆستا صەلاح، لەسەر هێڵی ئێمەی دەوری مامۆستا صدیق لەکوێوە زانیوە.

خودا شاهیدە کە دکتۆر لەکاتی کۆبوونەوەکەمان لە شاری سنە و لە ماڵی مامۆستا گووتی: جارێ با ئەو برایانەی ئێرەش ببینم، بەندە ئەو ئەنجامەی لە کۆبوونەوەکەی نێوان دکتۆر و مامۆستا صەلاح کەوتەوە وەک خۆی پێشبینیم دەکرد، چونکە ڕوونە نامەکەی پیشان دەدەن و ئیتر خۆی بۆخۆی گۆچانی لەدەست دەکەوێت؟

دوو سێ جار وەک دەڵێن جەولەی مەکوکی دانیشتن و کۆبوونەوەی لە نێوان خۆی و مامۆستا صدیق، خۆی و مامۆستا صەلاحدا کرد بەمەبەستی لێک نزیکردنەوەی تێگەشتنەکان و ڕا جیاوازەکان، دواتر گووتی: من دەمەوێت بچم بۆ پاکستان و

ڕۆیشت. مەودای دابڕان و قوڵبوونەوەی کێشەی نێوان کەسەکان و کۆمەڵەکان کاتێک فراوان دەبێت، بەجۆرێک بەیەکگەیشتنەوە ئەستەم دەردەکەوێت، کە شتە دەروونی و کەسییەکانی خۆیان بکەنە بەشێک لەو حەقیقەتەی بەدەستیانەوەیە.

دوای ڕووداوە کارەساتبار و جەرگبڕەکەی تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ هەموو خەڵکی شارەکە و ناوچەی شارەزوور بە برینداری و نیوە مردوویی، ئاوارەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون، هەموومان سەرگەرمی هاوکاریی و بەدەمەوەچوونیان بووین، لە ڕێگاکان و ئۆردووگاکان و خەستەخانەکان و تەنانەت لە قەبرستانەکانیش بۆ دۆزینەوەی گۆڕی گۆڕغەریب کەوتووانی شارەکە.

بەم ئاوارەبوونە کارەساتبارەی خەڵکی هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوروبەری، هەموو ئیخوانەکانی نەوەی یەکەم و دووەمی شارەکە و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی هێڵی ئێمەش لە ئۆردووگا و شارەکانی ئێران نیشتەجێ بوون، بەمەش تای تەرازووی ژمارەیی مامۆستا صەلاح تەواو سەنگین بوو، ئێستە کەسایەتییەکی تر هاتووەتە ناو هاوکێشەکە، ئەویش مەرحومی مامۆستا مەلا عومەری ڕێشاوی بوو، کە وەک براگەورە و ڕیش سپی جیلی یەکەم و دووەمی ئیخوانەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری تەماشا دەکرا و خاوەن نفوزی خۆی بوو.

بەندە لەوماوەیەدا لە سەروبەندی ئەوەدابووم ساڵی چوارەمی خوێندنی کۆلێژی کارگێڕی ئابوریی لە تاران تەواو بکەم، چونکە بە پشتگیری بەشی خوێندن و دیراساتی «ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لە عێراق» قوتابی عێراقی دابڕاو لە خوێندن لە هەموو قوناغەکاندا لە قوتابخانە و زانکۆکانی ئێراندا وەردەگیران، پاش و هەوڵ و بێنە و بەرەیەکی زۆر بەشی دیراساتی ئەنجومەنی باڵا پشتگیری بۆ نووسیم، سەرەنجام لە کۆلێجی ئابووری زانکۆی تاران بەشێوەی سەرەتایی وەرگیرام بەمەرجێک کۆرسی (١٠) ماددەی قۆناغەکانی ڕابردوو وەرگرم و تاقیکردنەوەیان تیادا ئەنجام بدەم، کتێب و مەلزەمەی مادەکانم وەرگرت، بەڵام نەمتوانی کۆرسەکان بخوێنم، چونکە نزیک بە ساڵێک مانەوەی لە تاران دەویست، زانکۆش بەبێ وەرگرتنی کۆرسی خوێندنی ئەو ماددانە و خویندنی کۆرسی زمانی فارسی، هەرچەند هەوڵمدا تاقیکردنەوەیان لێ قبوڵ نەکردم. دواتر لە ڕێگەی (د.ابو یونس)وە هەوڵمدا بچمە پاکستان بۆ خوێندن، دکتۆر دوو کتێبی زانستی ئابووریی بۆ ناردم و نووسیبووی خوێندن لێرە بە زمانی ئینگلیزییە.

کاتی یەکگرتنەوەی هەردوو هێڵەکەی ڕێکخستنی ئیخوان بوو لە ئێراندا، پرسم بە مامۆستا صەلاح کرد، گووتی: ئەوێ دنیایەکی جەنگەڵە هەزار نەوع خەڵک بەوناوا پڕاون خوا دەزانێت چیت بەسەر دێت؟ ئەوێشم ڕەفزکرد، دواتر لە ڕێگەی «ئەنستیتیوتی کوردی لە پاریس هەوڵمدا بچمە فەرەنسا بۆ هەمان مەبەست، دەعوەتنامەیان بۆ ناردم، منیش لە هەوڵی پەیداکردنی پاساپۆرتدا بووم بۆ سەفەری دەرەوە، باوکی ڕەحمەتیم مانع بوو.

(د.ابو یونس) لە پاکستانەوە سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆی دەربارەی کارەساتی هەڵەبجە بۆ دەربڕین، گووتبووی: ئێمەش لێرە پێشانگا و خۆپیشاندان و کۆڕی ماتەمینیمان ڕێکخستووە، لە نامە و تەلەفۆنکردنەکانیدا جەماعەتی ئێمەی بەناوی «شەریکە« ناودەبرد. هەورەها بڕیاریدا بوو کە هاوکارییەکی دارایی بۆ ئاوارە و لێقەماوەکانی سەر بە هێڵی ئێمە بنێرێت؟ بەندە ڕاسپێرام

> بەمەبەستی درێژەدان بە خوێندن لە پاکستان، پرسم بە ماموستا سەلاح کرد، گووتی: ئەوێ دنیایەکی جەنگەڵە هەزار نەوع خەڵك بەو ناوا پژاون، خوا دەزانێت چیت بەسەر دێت.

بۆ وەرگرتنی ئەو یارمەتییە، کە هەر جارێک دەگەیشت لە یەکێک لەم دوو شوێنە کرماشان یان تاران بەگوێرەی لیستێکی دیاریکراوی ناوی خێزان و گەنجانی ئاوارەی ئۆردووگا و شارەکان وەرمدەگرت، بە جانتایەکی دیپلۆماسی ڕەش دەمگەیاندە ئۆردووگای کامیاران، لەلایەن بەندە و مامۆستا محەمەد ڕەئوف و برایەکی ترەوە بەگوێرەی لیستەکە دابەش دەکرا، لەڕاستیدا هەم مەبلەغەکەی کەمبوو، هەم ماوەکەشی کورتبوو، لە سێ چوار گوژمە تێنەپەڕی.

بەندە سندوق بەریدێکم لە شاری «ڕەی تاران» کردبۆوە، هەموو نامە و گۆڤارێک بۆ ئێمە بهاتایە لەلایەن دکتۆرەوە یان کاک ابو ولیدەوە- ابو خوبەیبی ناو برایانی نەهزە-، مانگی جارێک دەچوومە تاران/ پۆستی شاری ڕەی، وەرمدەگرتن و دەمهێنایەوە بۆ برایانی خۆمان لە ئۆردووگای کامیاران و دەگەیەنرایە شوێنەکانی تر.

پێشینەیەک لە ناکۆکی:

بەپێویستی دەزانم تۆزێک لەسەر باسی(ئەبو خوبەیب) ڕاوەستم، چونکە ماوەیەکی زۆر لە مەسەلەی ئەمبەر و ئەوبەری ئەم هێڵە ئیخوانییانەی هەرێمی کوردستان و پاشتر نەهزە و یەکگرتوودا لەنێو گەنجاندا ڕۆڵی هەبوو. بەماوەی دوو ساڵێک بەر لە ڕۆیشتنی ئێمە بۆ ئێران، کاک شێخ ئومێد پارەزانی کوڕی ڕەحمەتی مامۆستا شێخ عەبدولعەزیز پارەزانی کە پیاوێکی نووسەر و خوێنەواری دیاری ڕۆژگاری خۆی بوو لەناو ئیخوانەکانی هەڵەبجەدا، لەگەڵ کاک محەمەد حەسەن زاوای مامۆستا مەلا عومەر عەبدولعەزیز بەرەو ئێران ڕۆشتبوون، لەوێ لەناو ئۆردووگا و شارەکاندا خەریکی بانگەشە و کۆکردنەوەی خەڵکی ئاوارەی عێراق بوون لە دەوری ئەم هێڵی ڕێکخستنەی ئێمە بەو حسابەی هێڵێکی خاوەن شەرعیەتی ڕێکخستنی ئیخوانی عێراقە و نوێنەری ڕاستەقینەی کاری ئەوانە، چەند کەسێکیان لە دەوری خۆیان کۆکردبۆوە لەوانە ئەم کاک (ئەبوخوبەیب)ە، کە ناوی (ولید یونس) ە و خەڵکی زاخۆیە، کەسێکی بەجەستە لاواز و ڕەنگ و ڕوو سپیکار و ڕیشێکی تەنکی جوان و خاوەن ڕۆشنبیریەکی ئیسلامیی و تەنانەت فیقهی باش بوو، بە ئاسانی بەدڵەوە دەچوو، وەک عەرەب دەڵێن(حەباب)بوو.

جارێکیان شێخ ئومێد لە ئێرانەوە گەڕایەوە بۆ هەڵەبجە و منیش لە هەڵەبجە بووم، نامەیەکی پێچراوەی دایە دەستم و گووتی: ئەمە هی برایەکی چالاکی خۆمانە لە ئێران، دەیەوێت بگاتە دەستی خێزانەکەی لە زاخۆ لە ڕێگەی مامۆستا مەلا (تەها سنجاری)ەوە ئیمامی مزگەوتی حاجی صبریە لە گەڕەکی عەباسییە، پیاوێکی ناسراوە لە شارەکەدا، منیش پاش نیوەڕۆیەکی پێنج شەممە بە جلی زەی موحدی ئەوسای جامیعەوە، نامەکەم پێچا لە پارچە نایلۆنێک و خستمە ناو گوێرەویەکانم و لە موسڵەوە بەرەو زاخۆ ڕۆیشتم، پێشتر زاخۆم نەدیبوو، بەپرسیار پرسیار پێش نوێژی عیشا

**مێژووی گەلان نیشانیداوە، سەرکردەی دەستنیشانکراو لە دەرەوەی خواستی ئەوانەی سەرکردایەتییان ئەکات هەواری کاروان بە هیچ مەنزڵێك ناگەیەنێت، ئەوەی دەیکات تەنها ڕاپەڕاندنی ئەرك و وەزیفەیە.**

گەیشتمە مزگەوتەکەی مەلا تەها، مزگەوت قاتی سەرەوەی باڵاخانەیەک بوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی عەشایەری گەڕەک بە جلوبەرگی بادینی و جامەدانەی گەورەوە ئامادەی نوێژبوون، تەنها من لەناویاندا جلی ئەفەندیم لەبەردابوو، من هەر سەرنجی خەڵکەکە دەدەم تا مەلا تەها شەنگالی ببینم، قامەتکرا و یەکێک بەهەمان جلوبەرگی خەڵکە عەشایەرەکەوە ئیمامەتی بۆ کردین، لایخۆمەوە دڵنیابووم کە ئەمە مەلا تەها نییە، پاش نوێژ لە یەکێکیانم پرسی شێخ مەلا تەها لەکوێیە، گووتی: نەخۆشە لەماڵەوەیە، دوو هەفتەیە نەهاتووە بۆ نوێژ، کەسێکی تری بانگکرد و کۆڵان بە کۆڵان گەیشتینە ماڵی شێخ مەلا تەها شەنگالی، لە ڕێگا پرسیاری زۆریان لێکردم، یەکێک لە پرسیارەکان ئەوەبوو بۆچی ئەچی بۆ لای شێخ مەلا تەها، نازانم بۆچی کوتوپڕ ئەو وەڵامە هاتە سەرزمانم گووتم: برایەکم نەخۆشە و ئەچمە خزمەتی دوعایەکی بۆ بکات! گووتیان: ئەرێ واللە پیاوێکی عالم و موبارەک و بەتەقوایە.

شێخ لە زاوییەیەکی دیوەخانەکەیدا لەسەر قەرەوێڵەیەک ڕاکشابوو، بەدوای ئەواندا منیش ڕۆیشتم دەستم ماچکرد و چفاندم بەگوێیدا کە من لای وەلیدەوە هاتووم، چاوی تەواو زەقکردەوە سەیرێکی کردم و گووتی: بەخێر بێیت فەرموو دانیشە، پیاوەکان پاش حیکایەتی هێنانی من بۆ ماڵی شێخ و هەواڵپرسینی ڕۆیشتن، شێخ تەها لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕاستبوویەوە و بانگی کردمە تەنشت خۆی، پیاوێکی ڕەقەکاری ڕیش ماشوبرنجی، سەروسیمای زانای پێوەدیار بوو جامەدانییەکی کردبووە غوترە و دانەیەکی پێچابوو بەسەرییەوە، نامەکەم دایە دەستی و گووتم: داوایکردووە بگاتە دەست عائیلەکەی، پاش خەبەر پرسینی وەلید، کە من هیچم لێنەدەزانی، گووتی: واللە باوکی پیاوێکی بێکەڵکی خراپە، موەزەفە لە دائیرەی صحە، هەمیشە سەکیر و سەکرانە، دایکی ئافرەتێکی باشی ئیمانداره گیری کردووە بەدەست باوکییەوە، ئیتر باسی وەلید لێرە تەواوبوو، هەتا سەعات ١٢ی شەو باسی ئیخوان و گلەیی لە ئیخوان لەسەر ئەوەی دەبوو نەیانهێشتایە ئەم بەعسییانە حوکم بگرنەدەست، تائێستە ئاوا مسوڵمانان زەلیل نەبن، گووتی: ماوەیەک لەمەوپێش ژمارەیەک لە ئەفسەرانی ئیخوانی هەڵاتوو لە شەڕی عێراق - ئێران مایسمی بالقادسیە لە ڕێگەی دۆستان و برادەرانمەوە ڕەوانەی تورکیا کردووە.

زۆری تەکلیفکرد شەو لای بمێنمەوە، بەڵام گەڕامەوە بۆ ئوتێکەلە، گووتی: دەبێت بەیانی لای من نانی بەیانی بخۆیت، بەیانی چومە خزمەتی هەتا درەنگانێک باسی موناقەشەی نێوان خۆی و خەیروڵڵا تولفاحی بۆ کردم و کتێبەکانی خیروڵڵا تولفاحی نیشاندام کە بەخەتی خۆی پێشکەشی شێخی کردووە، گووتی: ئەمە جاهیل و عونصوریە، زۆربەی قسەکانی خیلافی شەرعی ئیسلامە، زۆر بابەتی تری دەربارەی پێشمەرگە و بزوتنەوەی ڕزگاری کوردی باسکرد.

بچینەوە سەرەتا، ئەم چەند برایە لەو ماوەیەی پێش هاتنی ئێمە بۆ ئێران چەخماخەی ناکۆکی و دژبەری و دووبەرەییان لەگەڵ برایانی هێڵی مامۆستا صەلاحدا لێدابوو، بەتایبەت لەو ئۆردووگایانەی کە کاک وەلید و کاک ئەبو عەبدی لێ ببوون، ئەمان برادەرانی مامۆستا صەلاحیان بە ئەنصار ناودەبرد، کە گوایە پیاوی ئێرانن و لە ئیخوان لایانداوە و ئیستغلالی ناوی ئیخوان دەکەن بۆ کۆکردنەوەی عێراقییەکان لە دەوری خۆیان، تاکار گەشتبووە دابڕان لە جەماعەت و جومعە لەگەڵ یەکتر و تەنانەت دەستەویەخەش وەستابوونەوە؟ کە گەیشتینە ئێران بەرلەوەی مامۆستا مەلا عوسمان و بەشێک لە خەڵکی هەڵەبجە و دەوروبەری کۆچ بکەن بۆ ئێران، بەرلەوەی مامۆستا صەلاح ببینین، لە شاری (دیگولان) ئەم هەناسەیە کرا بە ڕۆحماندا، بەڵام لەبەرئەوەی مامۆستا لەوبارەوە مەعلوماتی زیاتربوو قسەکان کاریگەری نەبوو لەسەر ئەو و ئێمەش.

## هەڵسەنگاندن و هەوڵی یەکخستن

دکتۆر(ابو یونس) گەڕایەوە بۆ ئێران و لە تارانەوە داوای لە مامۆستا صدیق کردبوو، کە (٣) کەس لەو برایانەی قیادەی خۆتانم بۆ بنێرە بۆ تاران، مامۆستا مەلا ئەحمەدی شافیعی لە شاری بانە بوو، مامۆستا صدیق ئەم سێ کەسەی ڕاسپاردین کە بچین بۆ تاران ( بەندە، مامۆستا محەمەد ڕەئوف، مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا) لە مەیدانی ئازادی شاری تاران لەگەڵ دکتۆر یەکمانگرتەوە، بەرەو ئوتێل (سپێدە)ی نزیک پارکی ئێرەم لە ناوچەی تۆپخانەی تاران بەڕێکەوتین، نزیکەی هەفتەیەک ماینەوە، دکتۆر کەسێکی تری لەگەڵ بوو ئەگەر لەبیرم بێت ناوی (ابوعمر النقشبندي) بوو، پیاوێکی مووسوری ڕووخۆش بوو، بەیانیان و پاشنیوەڕوان و شەوان، موحازەرات و پرسیار لە ئێمە و شێوازی کارمان و بابەتەکانی دەرس و دەوری پەروەردە و ئوسرە و...هتد. بەشێکی بەرچاو لە پرسیارەکان، دەربارەی گومانەکانی هێڵی مامۆستا صەلاح بوو، لە ئێمە و لە هێڵی ئێمە و بەتایبەتی لە جەنابی مامۆستا صدیق- بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ - دەکرا، ئێمەش لە نەغمە و لەحنی پرسیارەکان دەگەیشتین، پرسیاری واهەبوو هی دە ساڵی بەر لە کات و ساتی ئەو دانیشتنە بوون، ئەم خولە خولی هەڵسەنگاندن و خۆدڵنیاکردنەوەی دکتۆر ئەبو یونس بوو لە واقیعی کاری ئێمە و ئەو قسانەی کرابوون دەربارەمان.

لەمیانی ئەم موحازەرە و گفتوگۆیەدا دکتۆر گووتی: ئێمە هەرگیز تەسلیمی بڕیاری ڕاگرتن و هەڵوەشاندنەوەی کاری ڕێکخستنی ئیخوانی عێراق لەلایەن دکتۆر عبدالکریم زەیدانەوە نەبووین، بەناوی «جماعه الرایه» لەسەر کاری ڕێکخستنی ئیخوان هەر بەردەوامبووین، ئەو کێشە و گرفتەی لای ئێوە هەبووە دژ بەم ئاڕاستەی کاری ڕێکخستنەی ئیخوان لە دەرەوەی بڕیاری دکتۆر زەیدان، لای ئێمە زۆرقورستر و تونتر هەبووە تارادەی هەڕەشەلێکردن. بەهەمانشێوەی ئێمە گفتوگۆی لەگەڵ کەسانی تەرەفی مامۆستا صەلاح لە تازە کۆچکردووەکان کردبوو.

بەندە دوای ئەوجارە چەند جاری تر لەسەر ڕاسپاردەی مامۆستا صدیق لە کرماشان و تاران لەگەڵ دکتۆر کۆبوونەوەم دەبوو، دەبێ ئەو ڕاستییە بڵێم من سەرسامبووم بە خوێنەواریی و زیرەکی و شارەزایی دکتۆر لە زانستە ئیسلامیەکاندا، لەگەڵ ئەوەی پزیشکی دەروونی منداڵان بوو کە پسپۆڕییەکی قورس و دەگمەنە، قورئانی پیرۆز و ریاض الصالحين و مەتنێکی گەورەی ئوسوڵ فیقهی لەبەربوو، شارەزاییەکی باشی لەتەفسیر و فیقهدا هەبوو، وەک بڵێی خۆی بۆ ئەم بەرپرسیارێتییە ئامادە کردبوو.

ئێمە ناوەناوە لە ئۆردووگای کامیاران و لە ماڵی مامۆستا لە سنە کۆبوونەوەمان دەرکرد، بەڵام بەدروستی و وردی نازانین چی دەکەین، ماوەیەک خۆمان بە نووسینەوەی پەیڕەو و پرۆگرامێکی پەروەردەییەوە خەریککرد. مامۆستا صدیق ناوەناوە نامەی لە برایانی ڕێکخستنی خۆمان لە عێراقەوە بۆ دەهات- بەتایبەت لەلایەن کاک ئارام قادرەوە- مژدەی ئەوەیان دەدایێ کە کارمان بەردەوامە، ئیشمان باش دەڕوات، بێخەمی ئێمەبن، ئەم خەبەرانە وایکردبوو کە مامۆستا گرەو لەسەر زەمەن و گۆڕانی بارودۆخەکە بکات، ئێمەش وەک هەموو خەڵکی ناوچەکە لە ئۆردووگاکاندا چاوەڕوانی ڕووداوەکانمان دەکرد، بەڵکو ئاسۆیەک بۆ گەڕانەوە دەرکەوێت، پارێزگاری لە بوون و مانەوەی خۆمان بۆ خۆی ببووە ئامانج.

وەک دەڵێن: ڕاکردن بەدوای دوو کەروێشکدا کاری نەکردەنییە، چونکە هیچکامیانت بۆ ناگیرێت، بەندە لەڕووی بێزاریی و نیگەرانیم لەو دۆخەی تێیکەوتبووین، بەهەندێک لە برایانم دەگووت: ئەگەر ناچینە ناو بزوتنەوە و پەیوەستیش نابین بە ڕێکخستنی ئیخوانی عێراقەوە لەم وڵاتە، باخۆمان حزبێک دروست کەین؟ یان ئاوا ناتوانین بەردەوامبین.

لە شاری سنە و لە پاسازی عیزەتی کتێبخانەیەکی بچووکم دانا و خەریکی کتێبفرۆشی بووم، داهاتێکی ئەوتەوی نەبوو، بەڵام هەرچۆن بێت پێوەی سەرگەرمبووم، ئەندازەیەک تێکەڵاویم لەگەڵ برایانی مەکتەب قورئان هەبوو، بەتایبەت ڕەحمەتی کاک فاروقی فەرصادی و کەسانی تر، لە غیابی سەرکردەیەکی بەتوانای بەرچاوڕوونی کاریزما ئاسای وەک مەرحومی «کاک ئەحمەدی موفتیزادە«دا، نەک ئەوەی کەسێکی تر دەرنەکەوتبوو، بەڵکو سەرەتای جیاوازی دید و بۆچوونیش لە نێوانیاندا سەری هەڵدابوو؟ نیگەرانی و نارەزایەتییەکی قوڵیان لە ئیخوان و ڕەوتی ئیخوان هەبوو، بەتایبەت ڕەخنەیان لە بابەتی ڕێکخستن لە کۆمەڵەی دەگرت وەک خۆیان دەیانگووت (سازماندەهی)، دیاربوو ئەوانیش کێشەیان لەگەڵ هێڵی ئیخوانەکانی ئێراندا هەبوو.

دکتۆر (ابو یونس) خەریکی جەولەی مەکوکییە لە نێوان مامۆستا صدیق و برایانی مامۆستا صەلاحدا. دروست لەبیرم نییە کێ خەبەریدامێ، گووتیان: دکتۆر ابو یونس، دەڵێت: بێت بۆ کرماشان دەمەوێت ببینم، ڕۆیشتم تەپلەیەک و شەرواڵ و چاکەتێکی کرماشانی لەبەربوو، پاشنیوەڕۆیەک بەدرێژایی چەند جادەی شارەکە دەگەڕاین و قسەمان دەکرد، کورتەی قسە ئەمەبوو: ناکرێت ئەم وەزعە ئاوا بەردەوام بێت، برایانی ئیخوانی عێراقی ڕێکخستنی دەرەوە، تەئکید لەسەر چارەسەری ئەم گرفتە دەکەنەوە؟ مامۆستا صدیق و برایانی ئێوە کێشەتان لەم بابەتەدا چیە؟ مەرجتان چیە؟ گووتم: چاوەڕوانی گۆڕانی وەزعەکە و فرسەتی گەڕانەوە دەکەین؟ بەڵام برایانی مامۆستا صەلاح چی دەڵێن؟ گووتی دەڵێن: پابەندبوونی بێ قەید و شەرت دێن باشە، نایەن کەیفی خۆیانە؟ گووتم: یانی وەک ئەو حاڵەتەی ئێستا هەیە؟ گووتی: ئاخر وەک گووتم: گرفتی قیادەی دەرەوە هەیە، قیادەی ئێرەش دەڵێن: نابێ باسی ئیخوانبوون بکەن، و ناوی ئیخوان لەسەر کاری خۆیان ببەن شەرعیەتیان نییە، و.... هتد، زۆر پرسیاری تر دەربارەی ئێستای دۆخی کاری ئێمە و پەیوەندیمان لەگەڵ مامۆستا مەلا عوسمان و برایانی بزوتنەوە.

دەربارەی قەیرانی شەرعیەت، وەک پەندە عەرەبیەکە دەڵێت: (رجعت الحليمه الى عادتها القديمه) چەند ساڵ هەوڵماندا تا ئەم تەوقەمان لە گەردن کردەوە، ئێستە بەهەمان ڕەنگ و نەفەس و

ئیدعاوە بەرۆکی گرتینەوە.

پەیوەست بەهەمان بابەت، نازانم بڵێم برایەک، برادەرێک، گرنگ کەسێک شتێکی لەم قسانەی سەرەوەی لە مامۆستا صەلاح بیستبوو، کە گوایە بڕیاری فەسڵکردنیان لە ڕێکخستنی ئیخوان بۆ دەردەکەین؟ ڕاستەوڕاست هاتبوو بۆ لای مامۆستا صدیق لە شاری سنە، پاش گفتوگۆ گووتبووی: بەڕاستی من نیگەران و دڵتەنگ و پەرێشانم لەو خەبەرە ناخۆشەی دەربارەی بەرێزتان ئاگاداركرامەوە، ئیحراجیشم باسی بکەم، بەڵام تازە کارلەکار ترازاوە، جەماعەت لێرە بڕیاری فەسڵکردنی ئێوەیان لە ڕێکخستنی ئیخوان موسلیمینی عێراق دەرکردووە، بەهۆی پابەند نەبوونتان بە بڕیار و پەیڕەوی کار و لائیحەی جەماعەتەوە؟

مامۆستا صدیق هات بۆ ماڵمان، لە جوڵە و سیمای دەموچاوی مامۆستادا هەستمکرد خەبەرێک هەیە یان شتێک ڕوویداوە، گووتی: وەرە بچینە دەرەوە، کەوتینە سەر جادەی ئوستانداری، تەواوی گفتوگۆکەی نێوان خۆی و ئەوکەسەی بۆ گێرامەوە، گووتی: سەعاتێک لەمەوپێش لامبوو ئەم خەبەریان پێداناردبوو، هەردوکمان قسەکانی ئەبو یونسمان لەبیر بوو نیگەرابووین، نە ئەوان و نە ئێمە وەک ئێستە نەبووین، دەستکەینە شرۆڤە و شرۆڤەکاریی و لێدانەوەی سیاسی، لانیکەم بڵێین: ئەمە کارتی گوشارە، بەڕێگەی ئەم برایە پەیامەکە دەنێرن! یان تەسریبی دەکەن بزانن کاردانەوەمان چی دەبێت؟ یان بڵێین جا ئێمەش لە فرسەتی خۆیدا تانە لەو بڕیارە دەدەین.

هەردووکمان برێک دۆشدامان و بزرکانمان پێوە دیاربوو، لەسەر دوو شت ڕاوەستاین: یەکەم، بەدواداچوونی ڕاستی ئەم هەواڵە و چاوەڕوانی بڕیارەکە. دووەم، گۆڕانکارییەکان لە وەزعەکەدا چارەسەری ئەم کێشەیەن.

**گەڕانەوە بۆ سەرەتا**

قوربانیدان بەتەمەنی لاوێتی کە سەردەمی گوڕوتین و بەرهەم و داهێنان و مەشق و فێربوون و ئیرادەگەرییە، لەو سەرەمەدا بۆ ئێمەمانان بیرمان لای ئەوە نەبوو ئاوڕ لە خۆمان بدەینەوە کە قوربانی بە چ سەرمایەیەکی گران بەها دەدەین؟ کەی ئەمە ئەو کار و ئەرک و ڕۆڵە پێویستەیە کە دەبێت کۆمەڵەیەک، حزبێک، ڕێکخستنێکی پەیامدار، شەڕی شەرعییەت لەسەری کۆمەڵە گەنجێکدا بشکێنن، لەبری پەرەپێدان و فێرکردن و ئامادەکردنیان بۆ قۆناغی دواتر؟ مەخابن؟

دەربارەی قەیرانی شەرعیەت، وەک پەندە عەرەبیەکە دەڵێت: (رجعت الحليمه الى عادتها القديمه)، چەند ساڵ هەوڵماندا تا ئەم تەوقەمان لە گەردن کردەوە، ئێستە بەهەمان ڕەنگ و نەفەس و ئیدعاوە بەرۆکی گرتینەوە.

دەگێرنەوە کابرایەکی ڕێبوار دەمی بە شۆربای برنج خراپ سووتابوو، گەشتە لای کابرایەکی تر بە گوێدرێژێکەوە؟ گووتی: باری گوێدرێژەت چیە؟ گووتی: برنج؟ گووتی: خێرا دایگرە پشتی گوێدرێژەکەت دەسوتێت؟ بەندەش هەر ئەوکات بڕیارمدا ئیتر لەمەودوا نابێ دەمی خۆم بە شۆربای شەرعیەت بسوتێنم؟

ئەوەی نارەوایەتی ئەم ناکۆکی و دژبەریی و ململانێیەی ئەوسا و تا ئەمڕۆش و بۆ هەر ئایندەیەکیش، لەسەر پرسی ئەمجۆرە شەرعیەتە پشتڕاست دەکاتەوە، دووانەی ڕاستییەکانی واقیع و ئەخلاقە:

یەکەم: ئەو سەرزەمین و پانتاییە کۆمەڵایەتیەیە کە ببووە چوارچێوەی پێکهێنانی ململانێ و ناکۆکییەکانی ئەم دوو گرووپ یان دوو هێڵە کە دنیایەک ڕایەڵە و تانوپۆی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، سەربە یەک دین و یەک مەزهەب و

تەنانەت سەربە یەک نەتەوە و یەک مەنهەجی کار و یەک جوڵانەوەی ئیسلامی و یەک ڕەمزی هاوبەشی هەناوی جوڵانەوەی ئیسلامیی، تەنانەت لەبیرمە برایەکی گەنجی سەربە هێڵی ئێمە کە ئێستە هەڵگری پلەی ماستەرە لە زانستە ئیسلامییەکاندا، لە دوعای پاش نانخواردن( الحد لله الذی اطعمنا و سقانا و جعلنا من المسلمین، دەیگووت: وجعلنا من الاخوان المسلمین)؟؟

دووەم: لەڕووی زاراوە ئیمانی و ئەخلاقییەکانی ئیسلامەوە، غەیبەت و نەمیمە و ئافەتی زمان و خوێنەوەی نیەت و تەئویلی فاسدی قسە و هەڵوێستەکان، و گاڵتەجاڕی و....هتد، لەوشتانە بوون کەس ناتوانێت لەژێر هیچ پاسا و ڕووپۆشێکدا خۆی لێ بەری بکات.

بەنەتیجە ئەم ململانی و ناکۆکییەی بابەتی شەرعیەت، لەسەر کۆمەڵێک بەها و پرەسیپ و پێوەری هەناوی دین و عەقیدە و ئەخلاقی دین نەبوو، تەنانەت لەسەر ئینتما و لایەنداری هەر لایەک بۆ خودی جوڵانەوە ئیسلامییەکەش کە کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمینە بابەتی بنەڕەتی کێشەکە نەبوو.

زۆر بەسادەیی کرۆکی قەیرانەکە، قەیرانی سەرەکان و بێباکییان بوو بەرامبەر بەوەی ڕوودەدات لە تێکشکاندنی ڕاستییەکانی پێکەوە بەسترانی واقیعی کۆمەڵایەتی هەردوولا و ئەخلاقی دینداری، کە دواجار شەرعیەت لە کەسی دەستنیشانکراو لەلایەن بەرپرس یان بەرپرسانی ئیخوانی عێراقەوە بەرجەستە و نمایش دەبوو وەک ڕاعی ڕەعیەتی هەموو ئەوانەی ئینتمای ویژدانی و مەنهەجیان بۆ ڕەوتی کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمین هەیە.

ئەوەی مێژووی کۆمەڵگە و گەلانی دنیا نیشانیداوە لە پرسی سەرکردەدا، سەرکردەی دەستنیشانکراو لە دەرەوەی ویست و خواستی ئەوانەی سەرکردایەتیان دەکات و بەدەر لە توانا و لێهاتن و کارامەیی سەرکردانەی خۆی، هەلومەرجە بابەتییەکان هەرچۆن و هەرچی بن، ئەمجۆرە سەرکردەیە هەواری کاروان بە هیچ مەنزڵێک ناگەیەنێت، بەڵکو ئەوەی دەیکات تەنها ڕاپەڕاندنی ئەرک و وەزیفەیە؟؟

ئێستە لەم تەمەنی (٥٦)ساڵیەدا یادی ئەو ڕۆژگارانە دەنووسمەوە- زۆر بەکورتی و گوشراوی- کۆڵێک بەزەیم بە خۆم و گەنجانی هاوتەمەنی ئەوکاتەمدا دێتەوە، گەنجانێک بەو هەموو گەرمی و حەماسەت و دڵسافییەوە، ڕوویان لێرەیە و پشتیان لە هەموو شتی تری ئەو دنیایە، ئەوە زیاتر لە (١٠) ساڵە گیرۆدەی مەسەلەی شەرعیەتبوون، ئەمە ئەو بەش و گۆشەیە کە لەمنەوە دیارە، ئەوەی لای کەسانی ترە ڕەنگە چەند ئەوەندە لەمە زیاتر بێت؟

«بتراند ڕاسڵا» دەڵێت: ئەگەر مرۆڤ بیتوانیایە خەرقی بیرکردنەوەی کەسانی تر بکات، بڕواموایە دۆستایەتی دەتوێتەوە، هەروەک بەفر چۆن لەبەر تیشکی هەتاو دەتوێتەوە؟



# پەیڤین

## لە دەقە پیرۆزەکاندا

## (قورئان وەک نموونە)



**پ.ی.د. کامەران محەمەد**

ساڵی ١٩٧٦ لە سلێمانی لەدایکبووە. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە فەلسەفەی مێژوو. هەشت کتێبی چاپکراوی هەیە. چەندین توێژینەوەی بڵاوکردووەتەوە.

## چەمكی پەیڤین

داتاشینی بێژەی پەیڤین (الحوار) لە زماندا لە مادەی (ح و ر)ەوە، چەندەها واتا لەخۆدەگرێت: واتای گۆڕان و ناجێگیری: (هەموو شتێک لە دۆخێكەوە بۆ دۆخێكی تر بگۆڕێت لە عەرەبیدا پێی دەڵێن (حار)، بە واتای (ڕاڕایی) و (گەڕانەوە)ش هاتووە، (الحور: گەڕانەوە، واتای قسەكردن و پێداچوونەوە و وەڵام و قایلبوون: وەک دەوترێت: (ما احار بكلمة) واتە قسەی كرد، (المحاورة)ش وەڵام و پێداچوونەوەی دەگەیەنێت(١).

ڕاغیبی ئەسفەهانیش سەبارەت بە زاراوەی پەیڤین دەڵێت: (الحوار) ڕاڕابوونە بەخود یاخود بەهزر(٢)، وشەی پەیڤین هەموو شێوازەكانی قسەكردن لەخۆدەگرێت، ئەوانەی جیاوازییان لەنێواندایە و ئەوانەش كە جیاوازیان لەنێواندا نییە(٣).

لە قورئانی پیرۆزدا تەنها لە سێ شوێندا وشەی پەیڤین (الحوار) بەڵام بە كردار نەک بە چاوگ بەكارهاتووە. ئەوانیش بریتین لە:

(وَكَانَ لَهُ ثَمَرٌ فَقَالَ لِصَاحِبِهِ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَنَا أَكْثَرُ مِنْكَ مَالًا وَأَعَزُّ نَفَرًا؟) الكهف ٣٤.

(قَالَ لَهُۥ صَاحِبُهُۥ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥ أَكَفَرْتَ بِٱلَّذِى خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّىٰكَ رَجُلًا) الكهف ٣٧.

(قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ) المجادلة ١.

گەر لەم سێ ئایەتە ڕابمێنین ئەوا بەو ڕاستییە دەگەین كە پەیڤین لە دوو سیاقی جیاوازدا بەكارهاتووە: سیاقێكی مەككی و سیاقێكی مەدەنی. پەیڤینی یەكەم لە نێوان مرۆڤێكی باوەڕدار و بێباوەڕدا ئەنجامدراوە، واتە بابەتی پەیڤینەكە لە نێوان دوو جیهانبینی و بیروباوەڕی جیاواز بەرانبەر بە خودا و ڕۆژی دوایی و..تاد دروست بووە.

بەڵام لە ناوكۆی دووەمدا لایەنە پەیڤینكارەكان بریتین لە پەیامهێن (د.خ) لەگەڵ ژنێكدا (خەولەی كچی سەعلەبە)، واتە لە بازنەی ناوخۆی كۆمەڵی موسڵماناندا و بابەتی پەیڤینەكەش پەیوەندی بە یاسادانان و بڕیارەكانەوە هەیە.

لەم سەربەنەوە دەردەكەوێت، كە چەمكی پەیڤین لە قورئاندا هێندەی فراوانی ژیان و گەردوون واڵایە! لەسەر ئاستی جیوگرافیا تەواوی كۆمەڵە مرۆییە جیاوازەكانی جیهان دەگرێتەوە و لەسەر ئاستی بابەتیش لە بچووكترین پرسی پەیوەست بە مرۆڤەوە تا دەگاتە بابەتە بیروباوەڕییەكان و تەنانەت (خودا)ش لەخۆدەگرێت.

لەم ڕوانگەیەوە پەیڤین واتایەكی فراوانتر لە (جەدەل) لەخۆدەگرێت، لەكاتێكدا وشەی جەدەل واتای ململانێ و ڕكابەرێتی و زاڵبوون دەگەیەنێت، بەڵام دەبینین وشەی پەیڤین جەدەلیش و جگەلەوەش لەخۆدەگرێت و، دەیەوێت هزرەكە لە ڕێگەی پرسیار و وەڵام ڕوون بكاتەوە. واتە لێرەدا وشەی پەیڤین گشتگیرترە، ڕەنگە زۆرجار لە واقعدا ململانێش بوونی نەبێت و كەشێكی ئارام و لەبار فەراهەم بێت، بۆیە لە شوێنێكی وادا جەدەل هیچ بیانوویەكی بوونی نابێت و پەیڤین لێرەدا كاری خۆی دەكات.

لێرەوە دەتوانین بڵێین پەیڤین گوزارشتێكی ژیارییە دەربارەی باری هزریی هەر كۆمەڵگەیەک لە كۆمەڵگەكاندا. لەگەڵ پەیڤیندا هزر قوڵ دەبێتەوە و ڕۆشنبیری گەشە دەكات و، دیاردەكانی دواكەوتوویی و پەرتەوازەیی لە بۆچوون و قایلبوون (قناعة)ەكاندا ئاوادەبن. چونكە كرداری پەیڤین لە ڕەهەندە كردارییە ڕاستەقینیەكەیدا كاردەكات بۆ نزیكخستنەوەی دید و تێڕوانینە جیاوازەكان لەپێناو گەیشتن بە قایلبوونێكی هاوبەش یاخود بەلای كەمەوە ماوە دووردرێژەكانی نێوانەكان نزیک دەخاتەوە(٤).

لەبەرئەوە پەیڤین بە تاكە ئامرازی تێگەیشتنی نێوان ئایینەكان و تێكڕای ڕەوتە هزرییەكان دادەنرێت، بۆیە ئەو شێوازە ژیارییە بێ وێنەیە كە ڕێگە بۆ بەیەكگەیشتن خۆش دەكات. لێرەوە پێویستی ڕەخساندنی زەمینەكان لە زەویدا دێت، تا

تەنها بە بانگەشەیەکی بەتاڵ نەمێنێتەوە، کە لە بۆنە ئایینی و سیاسییەکاندا بوترێتەوە. بەڵکو دەبێت ببێتە بەرنامەیەکی ئایینی و سیاسی گشتگیر لە هەموو موفرەداتەکانی ژیاندا. لێرەدا جێی خۆیەتی هەڵوێستەیەک بکەین و بپرسین کە ئەگەر پەیڤین لە جەدەل گشتگیرتر و فراوانتر و ناسکتر و ژیربێژی (لۆجیکی) تربێت، ئەوا بۆچی پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا زیاتر وشەی جەدەلی بەکارهێناوە نەک پەیڤین؟ بڵێی هۆکاری ئەو جیاوازییە زۆرە چی بێت و داناییەکەی لەکوێدا بێت؟

ڕەنگە نهێنی ئەو پانتاییە فراوانەی کە ئەو وشەیە لە قورئاندا گرتوویەتییەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەو واقیعەی کە ئیسلامی تێدا ژیا.

ئیسلام ڕووبەڕووی چەندەها ئاڵنگاری نەریتیی بووەوە کە لەنێو هۆشیاری بیری مرۆڤەکاندا دەژیا و دەیویست بیانخاتە بزووتنەوەی گۆڕانەوە، ئیسلام دەیویست خۆی بخزێنێتە قوڵایی مرۆڤ و هزرەوە، بۆئەوەی لە تاریکی گومان و بێباوەڕی و گومڕاییەوە بیگوازێتەوە بۆ ڕووناکی باوەڕ و یەکتاپەرستی و ڕێنموونی. هەروەها ڕووبەڕووی چەندەها ئاڵنگاریی دەرەکیش بووەوە لە هێزە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا بەرجەستەدەبوو، کە ئەو کاتە باڵیان بەسەر ژیانی مرۆڤەکاندا کێشا بوو، واتە کۆمەڵگە بەشێوەیەکی بەرفراوان بێباوەڕ بوو بە ئیسلام، بۆیە هەوڵێکی زۆریدا تا ڕێ لە بەرەوپێشچوونی ئیسلام بگرێت و کاریگەرێتییەکانی لەکاربخات و لە کاروانەکەیدا ئیفلیجی بکات، بۆئەوەش چەندەها شێواز و ئامرازی جۆراوجۆریان گرتەبەر کە لەوکاتەدا هەیان بوو، ئەوەبوو هەوڵێکی زۆریاندا بۆ دروستکردنی گومان و دڵەڕاوکێ و سەرسامی بەرامبەر بەوەی کە ئیسلام دەیخستەڕوو، هەر لە ڕێنموونی و چارەسەری کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ژیان.

جا لەسەر ئەو بنەڕەتە، ئیسلام بەرامبەر بە هەموو ئەو ئاڵنگارییانە وەستایەوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئاڵنگارییەکە بەهەمان شێوەی ئاڵنگارییەکە بەوپەڕی تامەزرۆییەوە بۆ گەیشتن بەهەق و کردنەوەی بوار بۆئەوەی هزرە جیاوازەکان لەگەڵ چەمکەکانی ئیسلامدا بەیەک بگەن. نەک تامەزرۆییەک بۆ زاڵبوون لەپێناو حەزی زاڵێتیدا. لەبەرئەوە ئیسلام پەنای بردە بەر جەدەلێکی وەستاو لەسەر پەیڤێکی ڕاستەوخۆ، کە لە خستنەڕووی هزرەوە لە گۆڕەپانی ململانێوە دەستیپێکرد، لەپێناو پڕکردن و سەرقاڵکردنی گۆڕەپانەکان بە نیشانەکانی پرس و تێرامان(٥).

هەموو ئەوانەی لەپێناو ئەوەی کە هزرەکە بە قوڵیی بچێتە هۆشی مرۆڤەوە و بەهێزەوە لەگەڵ هزرەکانیدا بەریەک بکەون. هەر لەبەر ئەوەش ئیسلام – لە قورئانی پیرۆزدا جەدەلی مرۆڤ و پەیڤینی خودی لەگەڵ خۆیدا خستەڕوو، لەپاڵ جەدەلی لەگەڵ کۆمەڵگە و لەگەڵ ئەو توێژانەی کە هێزی بەرهەڵستکاری ئەوکاتەیان دەنواند.

هەر لەو ئاستەشدا نەوەستا، بەڵکو هەوڵی زیندوراگرتنی وروژاندنی هەموو ئەو بڕگە جەدەلیانەیدا کە دەربارەی بیروباوەڕبوون، لەپێناو بەردەوامبوون و زیندوراگرتنی ئەو شێوازە لە بزوتنەوەی بیروباوەڕ و ژیاندا.

## مێژووی پەیڤین لە ئیسلامدا:

ئەگەر مێژووی پەیڤین بەگشتی بگەڕێتەوە بۆ ئەو چرکەساتانەی کە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا دەربارەی دیاردە و کێشەکانی دەوروبەریان دوواون و گفتوگۆیان ئەنجامدابێت و کەوتبێتنە پەیڤینەوە، ئەوە مێژووی پەیڤین لە جیهانبینی ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ پێش بەدیهێنان(خلق) ی (ئادەمیزاد) لە بووندا. دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چرکەساتەی پەروەردگار بە فریشتەکانی ڕاگەیاند کە دەمەوێت جێنشین(ئادەمیزاد) لەسەر زەوی بەدیبهێنم: (وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ

بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ. وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَٰؤُلَاءِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ. قالوا سبحنك لاعلمَ لنا إلا ماعلمتنآ إنك أنت آلعليمُ الحكيمُ. قالَ يا آدم أنبئهم بأسمائهم قال ألم أقل لكم إني أعلم غيب السموات والأرض وأعلم ماتبدون وما كنتم تكتمون) البقرة(٣٠-٣٣).

واتە: (پەروەردگار بە فریشتەکانی فەرموو: بەڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێک دابنێم (بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەویی و ئاینداری)، فریشتەکان گووتیان: ئایا کەسێکی تێدا دەکەیتە جێنشین کە خراپە و تاوانی تێدا بچێنێت و خوێنڕێژی تێدا ئەنجام بدات؟! لەکاتێکدا ئێمە تەسبیحات و سوپاس و ستایشت دەکەین و قەدر و ڕێزی تۆ چاک دەزانین و بەدوورت دەگرین لەو شتانەی کە شایستەی تۆ نین، لەوەڵامیاندا خودا فەرمووی: بێگومان ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن، (ئینجا ئادەمی دروستکرد و ویستی توانا و لێهاتوویی بۆ فریشتەکان ڕوونبکاتەوە) ناوی هەرچی پێویستی دەوروبەری هەبوو فێری کرد، لەوەبەدوا بە فریشتەکانی ڕانواند و پێی فەرموون: ئادەی ئێوە ناوی ئەو شتانەم پێ بڵێن ئەگەر ڕاست دەکەن. فریشتەکان گووتیان: پاکی و بێگەردیی و ستایش هەر شایستەی تۆیە کە ئێمە هیچ زانستێکمان نییە، تەنها ئەوە دەزانین کە تۆ فێرت کردووین، بەڕاستی تۆ پەروەردگارێکی زانا و دانایت. ئەوسا خودا فەرمووی: ئەی ئادەم ئادەی تۆ ئاگاداریان بکە بەناوەکانیان، جا کاتێک ئادەم هەواڵی ناوەکانی پێدان. خودا فەرمووی ئەی پێم نەگووتن بەڕاستی خۆم ئاگادارم بە نهێنی ئاسمانەکان و زەوی، دەشزانم چی دەردەخەن و چی دەشارنەوە؟؟(٦)

بێگومان ئەو چیرۆکە پەیڤینییە شێوازێکی قورئانییە بۆ نزیککردنەوەی هزرەکان لە ڕێگەی پەیڤینەوە، چونکە ئەوە شێوازێکی نزیکترە بۆ تێگەیشتنی هزر وەک لە شێوازی ئینشائی.

شێوازی پەیڤین جوڵاوە و جوڵە دەخاتە هزرەوە، کاتێک پەیڤین لە نێوان چەند کەسانێکدا لە شێوەی پرسیار و وەڵامدا دابەش دەبێت، ئەمە لەکاتێکدا لە شێوازی ئینشائیدا هەست دەکەین هزرەکە بەشێوەیەکی هێدی دەڕوات و لە دەروونەدا و لەمیانەی سرووشتی هزرەکەدا هیچ هەستێک- جگە ئاسایی ناوروژێنێت..

یەکێک لەو نیگا گرنگانەی کە لەم ئایەتەدا بەدیدەکەین، (بابەتی پەیڤین)ەکەیە! کە خودی مرۆڤە! هەموو ئەو بابەتانەی خودا لەسەریان دواوە، گرنگی لە ئەندازە بەدەریان هەیە! لێرەدا (بەدیهێنانی مرۆڤ) دەبێتە بابەتی پەیڤینەکەی خودا لەگەڵ فریشتەکاندا! واتە لە تێڕوانینی ئیسلامدا گریدانی (پەیڤین و مرۆڤ) دەگەڕێتەوە بۆ پێش بەدیهێنانی مرۆڤ! خودا پێویستی بە خستنەڕووی بابەتی (بەدیهێنانی مرۆڤ) نییە بۆ فریشتەکان! بەڵام خستنەڕووی ئەو بابەتە و بوراردان بە فریشتەکان کە تێڕوانینی خۆیان دەربڕن، ئەوا سەرەڕای گرنگی بابەتی پەیڤینەکە کە مرۆڤە! خستنەڕووی خودی پەیڤینەکەش لە نێوان (بەدیهێنەر-خودا) و (بەدیهێنراوەکان-فریشتەکان)دا ئەوەندەی تر گرنگە! ئەوە جگە لەوەی کە خودا بە فریشتەکان دەڵێت: من بەدیدەهێنم! بەڵام ئەوانیش بەوپەڕی ئازادی و لۆجیکییەوە ڕای خۆیان لە شێوازی پرسیاردا دەردەبڕن!

تەنانەت خودا دوای تەواوبوونی (پەیڤین)ەکە و کرداری بەدیهێنانی مرۆڤ (ئادەم)، بەکردارییی ئادەمیش دێنێتە نێو پرۆسەی پەیڤینەکەوە و لەگەڵ فریشتەکاندا دەیانخاتە نێو بازنەی پەیڤینەوە و دواتر فریشتەکان تێدەگەن کە ئەوان دەسەوسان بوون لە ناسینی (تەواو)ی مرۆڤدا. بۆیە لێرەدا لە پێش دروستبوونی مرۆڤ و تەنانەت لەکاتی بەدیهێنانیدا کەشێکی پەیڤین ئامێز باڵی بەسەر تەواوی مرۆڤدا کێشاوە! واتە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لە ژیانیدا پێش تەواوی پرس و ئاڵنگارییەکانی بریتی بوو لە (پەیڤین).

یەکێکی تر لەو نیگایانەی لەم ئایەتەدا بەدی



**زانست ڕەگەزێکە پەروەردگار بە یەکەم مرۆڤی سەرزەمینی بەخشی تا بتوانێت لە ئەرکە مەزنەکەی جێنشینیدا بەکاریبهێنێت و ژیانی لەسەر بونیادبنێت.**


دەکەین، گرنگی پەیڤینە لە ژیاندا، لێرەدا پەیڤین لە نێوان بەدیهێنەری بوون و فریشتەکاندا ڕوودەدات، دەربارەی بەدیهێنان و تایبەتمەندی و شێوازی ژیانی مرۆڤ، واتە لێرەدا وەک چۆن پەیڤینەکە بەرەو ئەنجامێک ڕۆیشت کە لە کۆتاییەکەیدا مرۆڤ ئەو پێناسەیە نەبوو کە فریشتەکان خستییانەڕوو، هەرچەندە ئەوە ڕوویەکی بوو، ڕوویەکی گەشی تری هەبوو، ئەویش دارای ئەو بەدیهێنراوە (مرۆڤ) بوو بە زانست (العلم) تا بەرپرسیارێتییەکانی خۆی پێ بەڕێوەبەرێت، ئەمە لەکاتێکدا فریشتەکان خۆیان دارای ئەو تایبەتمەندییە نەبوون، واتە لێرەدا باڵابوونی مرۆڤ دەرکەوت کە ویستی پەروەدگاری لەسەربوو.

ڕەنگە لە یەکێک لە نیگاکانیدا ئەوەمان پێ بڵێت، ئەگەر مرۆڤەکان لە ڕەوت و کاروانی ژیانیان و لە نێوان خۆیان شێوازی پەیڤینیان لە هەموو ورد و درشتێکی ژیانیاندا گرتەبەر، ئەوا ڕووە گەشەکەی ژیانیان باڵ دەکێشێت بەسەریاندا و ڕووە خراپ و دوژمنکارییەکەش لەناویاندا کۆچ دەکات و جێیان دەهێڵێت، واتە لە ڕێگەی پەیڤین و لەسەر بنەڕەتی ژیریی و زانستەوەیە کە بەها باڵاکان باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا دەکێشێت، کاتێکیش پەیڤین لە نێوان مرۆڤەکاندا سڕکراو خرایە پەراوێزەوە ئەوا خراپە و تاوان و خوێن ڕشتن باڵ بەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگەدا دەکێشێت!

واتە بوون و نەبوونی پەیڤینە، کە سرووشتی کۆمەڵگە لە نێوان باشی و خراپیدا دیاری دەکات. بەهەرحاڵ مێژووی پەیڤین-لە ڕوانگەی قورئانەوە- دەگەڕێتەوە بۆ چرکەساتەکانی پێش بەدیهێنانی مرۆڤ و، بەدیهێنەری بوونەوەر وەک شێوازێک هەڵی بژاردووە و پیادەی کردووە، بۆ ئەوەی لە ئێمەی مرۆڤی بگەیەنێت کە پێش هەموو جوڵە و کارێک پەیڤین و گفتوگۆی لەسەر بکەین، تا ئەنجامەکان ڕاست و دروست بن و لەگەڵ پەیامی ڕاستی بووندا گونجاو بێت.

لەکاتی بەدیهێنانی مرۆڤ(خلق الانسان) و لەمیانەی ئەو دەقە قورئانییەی پێشەوە، ئەو نهێنییە مەزنەمان بینی کە پەروەردگار بەو بوونەوەرە مرۆییەی بەخشیوە، کە ئەوەش پێدانی جڵەوگیری جێنشینی بوو لە زەویدا بەهۆی زانستەوە(علم). نهێنی توانابوون بەسەر دانانی سیمبولەکان (الرموز) بەناو بۆ ناولێنراوەکان(شتەکان). نهێنی توانابوون بەسەر ناولێنانی کەسێتی و شتەکان بە ناوانێک کە ببنە سیمبول بۆ ئەو کەسێتی و شتە هەستپێکراوانە، بێگومان ئەوەش توانایەکە کە بەهایەکی گەورەی لە ژیانی مرۆڤ لەسەر زەویدا هەیە. لەڕاستیدا کاتێک درک بەو بەهایانە دەکەین کە ڕووبەڕووی نارەحەتییە مەزنەکان دەبینەوە، جا ئەگەر مرۆڤ ئەو توانایەی پێنەبەخشرایە کە بە سمبولی ناوەکان گوزارشتی لەناو لێنراوەکان بکردایە.

کاتێکیش ڕووبەڕووی ئەستەمی دەبینەوە لە تێگەشتن و مامەڵەکردندا، گرنگی ئەو بەهایەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەو کاتەی هەموو تاکێک بۆئەوەی لەگەڵ کەسانی تردا لەیەکتر تێبگەن کە خودی شتەکە لە بەردەمیاندا ئامادە بکەن، بۆئەوەی لەیەکتر بگەن. وەک باسکردنی دارخورمایەک کە لەکاتی



ئیسلام لە هەر ئاینێکی تر زیاتر جەختی لەسەر پەیڤین کردۆتەوە، لەپێناو هۆشیارکردنەوەی خەڵکی بەرامبەر ڕاستییەکانی بوون و ناساندنی میتۆدە تەواوکاریەکەیی و گەیشتن بەژیان و شارستانیێتێکی باشتر.

باسکردنیدا هیچ ڕێگەیەک نامێنێت بۆ تێگەیشتن تەنها بە ئامادەکردنی خودی دارخورماکە نەبێت! یاخود سەبارەت بە چیایەک کە هیچ ڕێگەیەک نامێنێت بۆ تێگەیشتن تەنها بە چوون نەبێت بۆ لای چیاکە و...هتد! بێگومان ئەوەش نارەحەتییەکی زۆر گەورەیە کە هەرگیز بنش (تصور)ی جیهانی لەگەڵدا ناکرێت. لەبەرئەوە ژیان بە ڕێگەی خۆیدا نەدەڕۆشت ئەگەر پەروەردگار ئەو توانایە (توانای ناولێنانی شتەکان بە سیمبول)ی بەو بوونەوەرە نەبەخشیایە(٧). هەربۆیە پەروەردگار سەرلەنوێ لەسەر ئەو بنەڕەتە (بنەڕەتی زانست) لەگەڵ فریشتەکان و یەکەم مرۆڤی بەدیهێنراو (ئادەم) دەکەوێتە پەیڤینەوە و داوا لە هەریەکەیان دەکات کە ناوی شتەکان بڵێن، بەڵام فریشتەکان دادەمێنن و ئادەمیش ناوەکان دەڵێت.

بێگومان ئەم کردارە پڕ بەهایە لە نیگایەکیدا ئەوەشی لێ دەخوێنرێتەوە کە زانست و زانین ڕەگەزێکی بنەڕەتی و گرنگن، ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر ڕادەوەستێت، بۆیە زانست ڕەگەزێکە پەروەردگار بە یەکەم مرۆڤی سەرزەمینی بەخشی تا بتوانێت لە ئەرکە مەزنەکەی جێنشینیدا بەکاریبهێنێت و ژیانی لەسەر بونیادبنێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین لەکاتی بەدیهێنانی یەکەم مرۆڤ و، ئەنجامدانی پەیڤین لە نێوان پەروەردگار و فریشتەکان و یەکەم مرۆڤدا و سوڕانەوەی ئەو پەیڤینە لە خولگەی زانست(علم) دا، لە نیگایەکیدا گرنگی پەیڤین و زانست پیشانی مرۆڤەکان دەدات، تا بتوانن لە ئەرکی جێنشینی و ڕەوتی ژیاندا پێی بەهرەمەند ببن. بۆیە لەکاتی بەدیهێنانی یەکەم مرۆڤدا ژیان بە پەیڤین دەستپێکرد و، پەیڤینێکیش بوو کە بنەڕەت و بابەتەکەی (زانست) بوو. لە پاش بەدیهێنانیش پەیڤین بووەتە هێڵی کرداریی هەموو پەیامبەران (سەلامیان لێ بێت) کە لەسەری دەڕۆیشتن و، هەڵبژاردنی یەکەمیان بوو کە پەیامەکان لە کرداری ڕێنموونی و ڕاگەیاندن (التبلیغ)دا پشتیان پێ دەبەستن.

ئەوە ئەو ڕێبازە بوو کە خودا دەیویست خەڵکی لە جموجۆڵەکانیاندا ژیانیانی پێ بەڕێوە ببەن، ئەو نێردراوی بۆ لای خەڵک ڕەوانە دەکرد. تا پەیامەکانیان پێ ڕاگەیەنێت، بۆئەوەی کە لەناو دەچێت لەسەر بەڵگە و بەرچاوڕوونی بێت و ئەوەش کە دەژی هەر لەسەر بەڵگە و بەرچاوڕوونی بێت. هەموو ئەوانەش لەمیانەی ئەو توانایانەی کە بۆی ئامادەکردوون لە ژیرییەکی بەتوانا لەسەر نەخشەدانان و گەیشتن بە ئامانجە گەورەکان و، بەخشینی ویست و توانای هەڵبژاردن.

بێگومان پەیام و پەیامبەرانیش لە هێڵە گشتییەکانیاندا کە بانگەوازەکانیان بەڕێوە بردووە جیاواز نەبوون، وەک قورئان ئەم ڕاستییە ئاشکرا دەکات: (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ). النحل:٣٦. واتە (بێگومان ئێمە لەناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا پەیامبەرێکمان ڕەوانە کردووە و پێمان ڕاگەیاندووە کە پێیان بڵێن: تەنها خودا بپەرستن، خۆتان دوورە پەرێز بگرن لە هەموو پەرستراوێکی تر)(٨).

تێکرای پەیامبەران (سەلامیان لێ بێت) ڕێگەی

پەیڤینیان هەڵبژاردووە بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان بە مرۆڤەکانی دەوروبەریان، پەیڤینێک کە پرس و وەڵامدانەوەکان هەموو بابەت و چەمکەکانی هزر و هەناوی کۆمەڵگە بووروژێنێت، هەر لە بیروباوەڕ و ئاکار و دیاردە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان و.. تاد. لەهەمانکاتیشدا هەوڵی رەخساندنی کەشێکی لەباری دەدا بۆ بەرێوەچوونی پەیڤین، هەوڵی دەدا ژیریی و هێمنی و هەڵنەچوون باڵ بکێشێت بەسەر کەشەکەدا، بۆئەوەی پەیڤینەکە بگاتە ئەنجام، بۆیە زۆر بەهێوریی و بابەتیی وەڵامی ئەو پرسیار و گومانانەی دەدایەوە کە دەربارەی پەرستراوێتی خودا و پێغەمبەرایەتی و رۆژی دوایی و...تاد. لەلایەن خەڵکییەوە دەوروژێنران.

بەهای ئەو پەیڤینەش لەوەدا بوو، هەوڵی ئاسانکردن و روونکردنەوەی هزرەکەی دەدا، لە هەموو لایەنەکانییەوە تا لایەکی شاراوەی تێدا نەمێنێتەوە. لەبەرئەوەی هەموو لایەنێک لە لایەنەکانی پەیڤین هەوڵی دەدا ئەو خاڵانە بووروژێنیت کە خۆی باوەڕی پێیەتی و بەرگری لێدەکات.

قورئانی پیرۆز لە زۆر بۆنەدا باس لە ئەزموونی پەیامبەران لەگەڵ کۆمەڵگەکانیاندا دەکات، کە شێوازی پەیڤین بە هەموو بابەتییبوون و زانستییبوونێکی ئامانجدارەوە لەلایەن خاوەن پەیامەکانەوە دەستی پێ دەکرد. بەڵام رووبەڕووی ئەو هەوڵە دژانە دەبووەوە کە بە هەموو شێوازێک هەوڵی رەتکردنەوەی پەیڤینیان دەدا و دەیانویست بەزووترین کات بیگەیەننە کۆتاییە داخراوەکان. لەڕاستیدا ئەم هەڵوێستەشیان (هەڵوێستی پەیامبەران بۆ پەیڤین) بە هەرەشەیەکی ژیربێژی دادەنا بۆ هەموو هەڵوێستە لادەرەکانیان و، بۆ سەرجەم پلەوپایە باڵاکانیان، بۆیە دژی پەیڤین جەنگان و رەتیان کردەوە. خاوەن پەیڤینەکانیش رووبەڕووی چەندەها شێوازی نەیارانە بوونەوە کە بە نکوڵیکردن و بەوپەڕی توندی و پەرگیریی و دوور لە ژیربێژی و زمانی هزرەوە رووپۆشکرابوو.

ئیسلام لە هەر ئاینێکی تر زیاتر جەختی لەسەر پەیڤین کردۆتەوە، لەپێناو هۆشیارکردنەوەی خەڵکی بەرامبەر راستییەکانی بوون و ناساندنی میتۆدە تەواوکاریەکەیی و گەیشتن بەژیان و شارستانێتێکی باشتر. گەورەترین موعجیزەش لەکۆتا پەیامهێن محەمەد(د.خ)ی پێ هات، تاکو خەڵکی بە حەقیقەتی ئاینی ئیسلام ئاشنا بکات، بریتی بوو لە گوفتار(الكلام)، ئەوەش بەڵگەیەکی زیندووە لەسەر بەکارهێنانێکی لە ئاسابەدەر(خارق)ی پەیڤین لەپێناو ناساندنی راستییەکان بە خەڵکی لە سەردەمی پەیامی کۆتادا. بەڵام نەیارانی ئیسلام، ئەوانەی درکیان بەتوانا گوفتاریی و رەوانبێژییەکەی پەیامبەری خودا (د.خ) کردبوو، هەوڵیان دەدا بە هەموو شێوەیەک نەهێڵن خەڵکی پەیڤینی لەگەڵدا بکەن، تەنانەت زۆرجار گەرەلاوژێ و دەنگە دەنگ و فیکەلێدان، بۆئەوەی خەڵکی گوێیان لە دەنگی نەبێت لەکاتی خوێندنەوەی قورئاندا (وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَسْمَعُوا لِهَٰذَا الْقُرْآنِ وَالْغَوْا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ) فصلت:٢٦. واتە (بێ باوەڕان دەیانگووت: گوێ مەگرن بۆ ئەم قورئانە و بیکەن بەگاڵە و هەراوهوریا بۆئەوەی ئێوە زاڵ ببن و ببیەنەوە)(٩). لە هەندێک کاتیشدا ئامۆژگاری ئەوانەیان دەکرد کە تەوافی کەعبەیان دەکرد، تا لۆکە بخەنە گوێیانەوە بۆئەوەی قسەکانی پەیامهێن(د.خ) کێشیان نەکات(١٠).

بەهەرحاڵ پەیڤینی پەیامبەر و شوێنکەووتوانی بەشێکی گرنگ و پرشنگدار لە مێژووی ئیسلام پێکدەهێنن. ئەو بانگەشانەش کە ئەمڕۆ بۆ پەیڤین دەکرێت ئەوا شتێکی تازە نییە لە مێژووی ئیسلامدا، بەڵکو ئەوە بانگەوازێکە پێش چواردە سەدە ئیسلام رای گەیاندووە و دەبێت تا دوا چرکە ساتەکانی ژیانی مرۆڤایەتیش پەیڤین لە ئیسلامدا بەزیندوویی بمێنێتەوە و هێڵی پیادەکردنی باوەڕداران و بانگخوازانی ئاینی ئیسلام بێت.

### فەلسەفەی پەیڤین لە ئیسلامدا

ناتوانین باس لە فەلسەفەی پەیڤین لە ئیسلامدا بکەین، ئەگەر بێت و باس لە فەلسەفەی ئاین نەکەین لەڕوانگەی قورئانەوە، فەلسەفەی ئاینیش بریتییە لە پێشکەشکردنی میتۆدێک بۆ کامڵبوونی مرۆڤ بەهزرە ئازادەکان(١١). ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کتێبە ئاسمانییە لەسەر ئەو متمانەیەیە کە ژیاری ئیسلامی هاوڕێکە لەگەڵ پێوەری زگماکی (فطري) و ژیرییەکان. بۆیە ئیسلام لە ژیانی خەڵکیدا لە بنکەیەکی بنەڕەتی لە بیرکردنەوەیدا هاتەبوون، کە ئەوەش دانایی ژیری بوو، وەک هزرێکی چاک بۆ حکومدان بەسەر شتەکاندا و تەرازوویەک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستی و چەوتی پرسەکان. تەنانەت لە هەندێک فەرموودەی پیرۆزدا کە دەربارەی ژیری دەدوێت هاتووە و دەڵێت: ژیری نێردراوی ناوەوەیە لەکاتێکدا وەسفی پەیامهێن(د.خ) دەکات لەبەرامبەر ئەوەدا بەوەی ژیرییەکە لە دەرەوە، ئەمەش وەک شێوازێک لە شێوازەکانی جەختکردنەوە لەسەر ڕێزگرتنی ژیریی و ڕۆڵی لە بیروباوەڕ و شەریعەتدا(١٢). جا مرۆڤایەتیبوونی مرۆڤەکان لە ژیریاندایە و، ژیرییەکانیشیان خۆیانن و، لەبەرئەوە دەبێت ڕێزی ژیرییان بگرن، بەوەی بە ئازادی بمێننەوە و بجوڵێن.

لێرەدا هیچ کەسێک نییە خاوەنی پیرۆزی بێت و بتوانێت دەست بەسەر ژیریدا بگرێت، یاخود زیندانی بکات. کاتێکیش کە عەقڵانی دەبن، لەمیانەی ژیرییەوە هەڵدەبژێرن و باوەڕ دەهێنن و هەر لەومیانەشەوە باوەڕ ڕەتدەکەنەوە و، بەو ڕێگە عەقڵانییە لە هەموو بەرنامە و میتۆدەکانیدا دەجوڵێن، بۆیە وانابینرێت ڕووبەرەکە هێندە فراوان بێت لە نێوان ئەزموونی یەکە(وحدة)ییەکان لە هێڵێکی فرەیدا، لەبەرئەوەی دەتوانن بە ژیری زۆر لە ماوەکان کورت بکەنەوە و زۆر بە قوڵاییدا ڕۆبچن.

ئەو بەرنامەیەی ئیسلام بۆ ژیان و ژیار خستیەڕوو، ئەگەر لەسەر بنەما زانستییەکان دانەمەزرایە، ئەوا مرۆڤی بۆ ئەوە بانگ نەدەکرد کە ژیری بخاتە کار و ڕابمێنێت و سەبارەت بە بنچینەکانی بیروباوەڕ پەیڤین بکات. بەڵکو پەنای دەبردە بەر چەوساندنەوەی هزریی و ئاینیی و چاولێکەریی کوێرانە و بەرگری لێ دەکرد. ئەوە لەکاتێکدا قورئانی پیرۆز لە زۆر شوێندا سەرزەنشتی دیاردەی چاولێکەریی(التقليد) لە بنەڕەتییە هزرییەکاندا دەکات. بەوشێوەیە ئیسلام دەیەوێت کۆتەکانی چاولێکەری تێک بشکێنێت کە دەست و پێی هزری مرۆڤەکان کۆت دەکات و لە کۆیلایەتی هزری ئازادیان دەکات و، ڕێگەش لە بەردەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا خۆش دەکات بۆ بنیاتنانی ژیان و شارستانییەتێکی باشتر لەمیانەی تێرامان و توێژینەوە و پەیڤینی هزرە ئازادەکان.

قورئانی پیرۆز بەڕاشکاوی فەلسەفەی ناردنی پەیامهێن (د.خ) ڕادەگەیەنێت، کە بۆ ڕوونکردنەوەی پەیامەکانی خوایە بۆ خەڵکی، بۆئەوەی لەمیانەی تێرامان و بیرکردنەوەوە بیری لێ بکەنەوە و باوەڕی پێ بهێنن: (وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ) النحل:٤٤. واتە: (ئێمە قورئانمان بۆ ئێوە دابەزاند، تا بۆ خەڵکی ئەوە ڕوونبکەیتەوە (واتە پەیامهێن) کە بۆیان هێنراوەتە خوارەوە، بۆئەوەی بیرێک بکەنەوە و تێفکرن)(١٣).

لەسەر ئەو بنەڕەتە، دەبێت ژیری لە بزوتنەوەیەکی بەردەوامدا بێت و گەشە بکات و هەڵسەنگاندن و پەیڤین ئەنجامبدات. ئاینیش دەبێت ڕێزی ژیری بگرێت و بواری بۆ بڕەخسێنێت، لە پێشکەشکردنی ئەو بیروباوەڕ و چەمکانەش کە دەیخاتە ڕوو، لەبەرئەوە ئیسلام بزوتنەوەیەکی پەیڤینی دەستپێکرد کە بە دوو ئاڕاستە دەبزوا: یەکێکیان بە بزوتنەوەی بانگەوازەوە لە بەرامبەر هێزی مرۆڤە سەرکەشەکان و ئەوی دیکەشیان پەیوەست بوو بە بزوتنەوەی بانگەواز لە ژیاندا. بەوپێیەی بواریان بۆ ڕێگە ژیرییەکان لە بیرکردنەوەدا بڕەخسێنێت، تا شوێنی خۆی لە ژیاندا بگرێت، لەو قۆناغە مێژووییەدا بوارێک بۆ بوونی میتۆدی ژیری لە بیرکردنەوەدا نەبوو. سەرەتاکانی ئەو میتۆدەش داواکردنی ئیسلام بوو لە مرۆڤەکان تا باوەڕی پێبهێنن، بەڵام لەسەر بنەڕەتی قایلبوونێکی

خودییانە، ئەوەش لەمیانەی ئەو بەڵگە و سەلماندنانەی لە بانگەوازەکەیدا هەیە، بەوپێیەی کە ئەوە ڕێگای دروستە بۆ هەڵبژاردنی بیروباوەڕی ڕاست. هەروەها چاولێکەریی لە بیروباوەڕدا ڕەتکردەوە، تەنانەت ئەگەر باوەڕهێنانیش بێت بە خودی ئاینی ئیسلام. چونکە لە چاولێکەرییدا دوورکەوتنەوە لە هێڵی دروستی بیرکردنەوە و، مانەوەی هەڵە و سەرلێشێواویی دروست دەبێت. بەبێ ئەوەی هیچ ئومێدێک لە ڕاستکردنەوەی لادانەکاندا هەبێت. بەوپێیەی کە مەترسییەک لەسەر خودی ژیان پێکدەهێنێت، واتە پەیڤین لەپێناو بونیادنانی ژیانێکی باڵا و شایستەیە.

لەلایەکی تریشەوە، تێبینی ئەوە دەکەین کە بیروباوەڕ هەر بیروباوەڕێک بێت بە شوێنکەوتنی چاولێکەرانی بەهێز نابێت، لەبەرئەوەی هێزی چاولێکەریی بەردەوام نابێت، تەنها بە بەردەوامی پیرۆزیی (تقديس) ڕابردوو نەبێت لە دەروونی مرۆڤەکاندا، جا ئەگەر پیرۆزییەکە لاواز بوو یاخود نەما، ئەوا پێکهاتەکە بەتەواوی هەرەس دێنێت. بەڵام قابلبوونی هزری خودیی (الفكر الذاتي)، ئەوا هێزێکی بەردەوامە لە هێزی کەسێتی هزرییەوە بۆ بیروباوەڕی ڕیشەدار و ڕۆچوو لە ناخدا هەڵدەقوڵێت. بەوەش پەیڤین بەدوای هزردا دێت و بە بزوتنەوەیەکی جێگۆڕکێ (المتنقل) کە زیاتر لە یەک ئاراستەدا ئاراستەی دەکات، بۆیە ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە ڕەگەزەکانی بیروباوەڕ بە ئاراستەی کامڵ بووندا. بەمشێوەیە تەنها شێوازێک نییە لە شێوازەکانی چێژوەرگرتنی زیهنی لە پێشبڕکێی جەدەل و بوارەکانی بگرەوبێنەدا کە یاری بەهزر بکات، بەبێ ئەوەی سودێکی ئەوتۆی هەبێت(١٤).

کێشەکانی مرۆڤ لە جیهاندا بە دوو ئاراستەدا گوزەر دەکات:

ئاراستەی یەکەم: بریتییە لەوەی کە لەلای هەر مرۆڤێک ناوچەیەکی شاراوە هەیە، کە کەسێکی تر نایزانێت، بێگومان هەریەکە لە ئێمەش دەزانین کە ئەو ناوچە شاراوانە بریتین لە ئەشکەوتە دەروونییەکانمان، کاتێکیش ئەشکەوتەکان تاریک دەبن دەزانین چەندەها تارمایی لە هۆشماندا دروست دەبێت، زیاتر لەوەی لەناو ئەشکەوتەکەدایە و چەند ئەوەندەی تر هەڵدەئاوسێن و گەورە دەبێت. جا لەلای هەریەک لە ئێمەش ناوچەی شاراوە هەیە، چ وەک تاک یاخود کۆمەڵ.

ئاراستەی دووەم: لێرەدا کێشەیەکی خودیی هەیە کە بە منێتی و خۆپەرستی (أنانية) یاخود تاکێتیی گوزارشتی لێ دەکەین، خودێتی وا لە مرۆڤ دەکات کە لە بوونی خۆیدا چەق ببەستێت، ئەو کات بوونی بوونێکی جوڵاو نابێت کە هەوڵبدات نیوەی ڕێگە ببڕێت بۆئەوەی بەئەوی تر بگات، بەڵام ئەو بوونەی کە لە خۆیدا چەق دەبەستێت و دۆگما دەبێت، لەسەر بنەڕەتی چەوساندناوەی ئەوی تر، یاخود بوونی ئەوی تر ڕەتدەکاتەوە.

بەمشێوەیە چیرۆکی ناوچە شاراوەکان وامان لێدەکات بترسین، چیرۆکی خودێتیش وامان لێدەکات دەستدرێژی بکەین و لە چەوسانەوە و ستەمکارییدا نەسڵەمینەوە(١٥). لەو بوارەدا ڕەنگە پرسی پەیڤین پرسی ڕۆشنکردنەوەی ئەو ناوچە شاراوانە بێت لە ناوەوەی هەندێکماندا، دەشێت پرسی پەیڤین کاربکاتە سەر بناغەی تێکشکانی ئەندازەیەک لە چەقبەستویی خود. چونکە ئەو پرسە بریتییە لەوەی کە بۆی بدوێیت بەوەی کە بیری لێدەکەیتەوە، لە بەرامبەر ئەوەی کە بەرامبەرەکەت بیری لێدەکاتەوە و ئەویش دەدوێت بەوەی کە بیری لێدەکاتەوە بەرامبەر ئەوەی کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە، لەوێشدا تەنانەت ئەگەر هەوڵتدا خۆت بەڕووی ئەوی تردا دابخەیت لە هەندێ لەوانەی کە دەتەوێت بیشاریتەوە، بەڵام پەیڤین (خرق)ت دەکات و ئەو وشە پرشنگدارەت لێزەوت دەکات، تەنانەت ئەگەر ئەوەشت نەوێت.

لێرەدا فەرمایشتێکی پەیامهێن محەمەد (د.خ) هەیە، دەربارەی دڵ و ژیرییە کراوەکان دەدوێت: (لو تكاشفتم لما تدافنتم)(١٦). ئەگەر هەموو یەکێک خۆی بۆئەوی تر ئاشکرا کرد، ئەوا هیچ پێویستییەک بۆئەوەی یەکێکیان ئەوی تر بنێژێت، نامێنێت. لەبەرئەوەی ترس دەڕەوێتەوە و ڕاستییەکان دەردەکەون.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١) فريدة زمرد: مفهوم الحوار فى القران الكريم، (https://www.maghress.com/almithaq/٣٥١٤)

٢ ) الراغب الاسفەهانی: هەمان سەرچاوە، ل١٣٤.

٣ ) السيد محمد حسين فضل الله: الحوار في القران قواعده اساليبه- معطياته، ط٧، ١٩٨٨، ل٨.

٤) السيد محمد حسين فضل الله: هەمان سەرچاوە، ل٣.

٥) السيد محمد حسين فضل الله: الحوار في القران، ل٥١ ودواتر.

٦) بورهان محمد امين: تەفسيری ئاسان بۆ تێگەشتنی قورئان، چ٣، ٢٠٠٢، ل٦.

٧) سيد قطب: في ظلال القرآن، المجلدالاول، داراشروق، ط٢٧، ١٩٩٨، ل٥٧

٨) بورهان محەمەد ئەمين: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١.

٩) بورهان محەمەد ئەمين: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٩.

١٠) محمد الريشهری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧ ؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج٣، ص٩٩ ؛ ابن هشام: السيرة النبوية: ج٢، ص٢٢.

١١) محمد الريشهری: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

١٢) محمد حسين فضل الله: الحوار في القرآن...، ل٦١.

١٣ ) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢.

١٤ ) ئەفلاتون پێی وابووە كە وێنە جەدەلييەكانی دانيشتنەكان لە پلەی يەكەمدا لەبەر خودی خۆی- واتە جەدەلەكە- مەبەستە و لە پلەی دووەمدا حەزە بۆ گەيشتن بە چارەسەری كێشە فەلسەفييەكان، ئەو دەڵێت: بێگومان پەيڤين (كە مەبەستی جەدەلكردنە) بابەتێك دياری دەكات بۆ توێژينەوە و مەبەست لێی ئەوە نييە كە بە ئەنجامێكەوە بچێتە دەرەوە – سەبارەت بەو كێشەيەی كە خراوەتە ڕوو- بە ئەندازەی ئەوەی كە وامان لێ دەكات بە توانا بين لەسەر جەدەلكردن لە هەموو بابەتەكاندا. بۆيە ئامانجی جەدەل ئەوە نييە كە بە زانياريی و مەعريفە دەوڵەمەندمان بكات، بە ئەندازەی ئەوەی كە يارمەتيمان دەدات بۆ ماشقكردن كردن لەسەر هونەری جەدەلكردن). تاريخ التفكير الفلسفي محمد حسين فضل لله: الحوار في القرآن، ص٥٧.

١٥ ) محمد حسين فضل الله: في آفاق الحوار الأسلامي المسيحي، ل ٢٣٩و دواتر.

١٦ ) هەمان سەرچاوە، ل٢٤١

# عەلی وەردی و
## دوانێتیبوونی تاک و مێژوو

**ژینۆ عوسمان**

ژینۆ عوسمان ساڵح، لەدایکبووی ۱۹۹۷، بەکالۆریۆس لە مێژوو/ زانکۆی سلێمانی، خاوەنی ژمارەیەک وتاری بڵاوکراوەیە.



## عەلی وەردی و سۆسیۆلۆجیای مێژوویی

مەبەست لە (سۆسیۆلۆجیای مێژوویی) ئەو بوارە توێژینەوە مێژووییەیە، کە مێژووی پەرەسەندن و پێکهاتنی (پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان)ی کۆمەڵگەی دەوڵەت یاخود ناوچەیەکی جیۆگرافی لەخۆدەگرێت. بەلای هەندێکیشەوە بەیەکێک لە لقەکانی (زانستە کۆمەڵایەتییەکان) دادەنرێت، کە هەوڵدەدات ڕاستییە بنجییە مێژووییەکان لە دیدی قوتابخانە کۆمەڵناسییە تازە پێشکەوتووەکاندا دەربخات(١).

(سۆسیۆلۆجیای مێژوویی) بۆ ئەو پەرەسەندنەی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست بەسەر (مێژوو) و (کۆمەڵناسی)دا هات، دەگەڕێتەوە. ئیمیل دۆرکایم (١٨٥٨ ـ ١٩١٧) بەشداریی و بانگەشەی بۆ پێشخستنی هاوکاری نێوان زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان کرد، بۆ قوڵکردنەوەی چەمکی (هۆکارێتی کۆمەڵایەتی) دیاردەکان، هەوڵیشیدا (مێژووی کۆمەڵایەتی) وەک لقێکی کۆمەڵناسی بناسێنێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە بوو، کە (مارک بلۆخ) دەڵێت:» دۆرکاییم فێری (شیکردنەوەی قوڵ)ی کردین و وایلێکردین لە ئاست پرسەکانی سەردەمیشدا سەردەمییانە بین»(٢).

بەلای دۆرکایمەوە (ئایین) بابەتێکی گرنگی توێژینەوە بوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ئایین لە هەموو شتێک زیاتر پابەندبوونی ویژدانیی تاکەکان سەبارەت بە نواندنە کۆییەکان (التمثلات الجمعية) دادەمەزرێنێت و بەهێز دەکات، ئەو پابەندبوونەش بەشێوەیەکی سەرەکی لە سروت(طقوس)ەکاندا پێکدێت، کە لەمیانەی کارلێککردنی جەستەییەوە گوزارشت لە ئایین دەکات. بەوپێیەی لەڕووی جەستەییەوە (هاریکاری) ڕاستەوخۆ ئەزمونکراو دەبێت. هەروەها دۆرکایم وای دەبینی کە دەبێت توێژینەوەی کۆمەڵایەتی وەک (شتەلێک) بکرێت و وا وەسفی تاکەکان بکرێت کە (بەرهەم)ی کۆمەڵگەن نەک (بەرهەمهێنەر)ی(٣).

بەڵام ڕۆڵی ماکس فیبەر (١٨٦٤ ـ ١٩٢٠) لە (سۆسیۆلۆجیای مێژوویی یاخود ئەوەی پێی دەوترێت، کۆمەڵناسی مێژوویی) بنەڕەتییانە بوو، وەک پۆڵ ڤین (Paul Veyne) دەڵێت:» ماکس فیبەر ڕێبەری (مێژووی تەواو یاخود گشتی)ە، بەوپێیەی دەتوانرێت تەماشای کۆمەڵناسی ماکس فیبەر وەک مێژوویەکی گشتگیری بەراوردی ناڕوداویی (غير حدثي) بکرێت»(٤).

لێرەوە نووسین دەربارەی کەسایەتییەکی وەک کۆمەڵناسی عێراقی (عەلی وەردی) وا لە توێژەر دەکات، لە یەککاتدا بەشێک بێت لە ڕابردوو و ئێستا! ئەو بەدرێژایی مێژووی ژیانی خۆی دیاردە (سۆسیۆ ـ مێژوویی)ەکانی دەنواند، واتە هەوڵی شیکردنەوەی ئەو ئاڵۆزییانەی دەدا، کە پەیوەست بوون بە هەردوو کۆمەڵگەی عێراقی و کۆمەڵگەی (عەرەبی ـ ئیسلامی)ەوە. ئەو تەنها ئامرازەکانی زانستی کۆمەڵناسی بۆ توێژینەوەکان بەکارنەدەهێنا! بەڵکو توانیبووی سوود لە بەشێکی زۆری کایە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان وەربگرێت. بۆیە توێژینەوە دەربارەی هەر بابەتێکی پەیوەندیدار بە عەلی وەردی، واتە پێکەوە گرێدانی مێژوو و کۆمەڵناسی (کە هەریەکەیان ئەوی تر ڕووناک دەکاتەوە)(٥).

بەلای (عەلی وەردی)یەوە مرۆڤ ناتوانێت لە شتی تازە تێبگات، تەنها لە میانەی چەمکە کۆنەکانییەوە، لێکدانەوەیان بۆ دەکات(٦). (واتە بەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستاوە). بەلای ئەوەوە سرووشتی عەقڵی مرۆیی بەگشتی بەوشێوەیەیە ناتوانێت بە ڕەهایی لە حەقیقەتی شتەکان تێبگات، بەڵکو بەپێی زانیاریی و تێگەیشتنەکانی خۆی لێیان تێدەگات (کە لە تەمەنیدا و بەهۆی ئەزموون و خوێندنەوەکانییەوە بۆی دروستبووە)، ئەمە تەنها لای خەڵکی عەوام نییە! بەڵکو لەلای زانا و فەیلەسوفەکانیش هەیە!(٧)

بەمشێوەیە کارلێک کردنی مێژوو و کۆمەڵناسی لە دیدی (وەردی)دا ڕەنگ دەداتەوە! دەرچوون لە (ئێستا)وە بۆ (ڕابردوو) وادەکات مێژوونووس لە ڕۆحی سەردەمەکەی خۆی تێبگات! بەپێچەوانەشەوە سەرکەوتن لە (ڕابردوو) ەوە بۆ (ئێستا) وادەکات کۆمەڵناس لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان تێبگات(٨). هەربۆیە بەدەگمەن نووسینێکی ئەو دەبینین کە نەگەڕابێتەوە بۆ مێژوو یاخود نموونە مێژووییەکان تێڕوانینەکانی ئەو پشتڕاست نەکەنەوە! تەنانەت یەکێک لە کتێبە زۆر گرنگەکانی بریتییە لە (لمحاة اجتماعية من تاريخ العراق الحديث) کە لە دووتوێی شەش بەرگدا بڵاویکردووەتەوە، ئەو پێیوابوو ئەستەمە لە واقیعی ئێستای عێراق تێبگەین، ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە! هەموو ڕووداوێک لەو ڕووداوە مێژووییانە کەم تا زۆر کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانی ئەمڕۆ جێهێشتووە. هەربۆیە هەستا بە توێژینەوەیەکی قوڵی کۆمەڵناسییانە لەژێر ڕۆشنایی ڕووداوە مێژووییەکاندا هەر لە سەرەتای سەردەمی عوسمانییەوە تا سەردەمی خۆی.

## وەردی و دووانێتییەکان کەسایەتی تاک:

بەلای وەردییەوە کەسایەتی بریتییە لە کۆمەڵێکی سیستماتیزەکراو لە هزر و ڕەفتار و مەیل و ئەو خوو و نەریتانەی کە کەسێک لە کەسێکی دیکە جیا دەکاتەوە(٩). ئەو دەیەوێت ئەوە شرۆڤە بکات کە کەسایەتی سیفەتێکی تایبەتە بە مرۆڤ، تەنها مرۆڤیشە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە دەگمەنەیە کە وایلێکردووە ئەو هەمەڕەنگییە سەرسوڕهێنەرە لە شارستانیەت و شاکاری هزری بەرهەم بهێنێت(١٠).

ڕەوشتی مرۆڤ بیری زۆرێک لە بیرمەندەکانی هێنایە جۆش و بیروباوەڕی جیاوازی لەسەر دروستبوو هەندێک ڕایان وابوو(مرۆڤ بە ڕەوشتی خۆی چاکەکارە، بەڵام بارودۆخە خراپەکانی دەوروبەری وایلێکردووە خراپ بێت)، هەندێک بیرمەندی دیکەش ڕایان وایە (مرۆڤ بە سرووشتی خۆی خراپەکارە). بەڵام توێژینەوەی زانستی نوێ دەربارەی سروشتی مرۆڤ گەیشتۆتە ئەنجامێک کە پێیوایە مرۆڤ لەڕاستیدا نە چاکە نە خراپ، بەڵکو بوونەوەرێکە کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەک توانای بیرکردنەوە و توانای قسەکردن و توانای گرتنی شتەکان و دروستکردنیان، جگە لە هەست کردن بە (منێتی) وەک ئارەزوو بۆ ململانێی سرووشتی کە ویست و کۆنترۆڵی بەسەردا نییە(١١). بۆیە مرۆڤ لە تێڕوانینی وەردییەوە لە یەک کاتدا هەردوو ڕەگەزی چاک و خراپی تێدایە. لە بنەڕەتیشەوە مرۆڤ بریتییە لە کارلێکی نێوان هەردوو نەزعەی چاکە و خراپە» جیاوازی خەڵکیش لەم ڕووەوە جیاوازییەکی ڕێژەییە»(١٢). ئەمەش کەسایەتی تاک دروست دەکات.

لەڕووی کرداریشەوە پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤ دەرەنجامی کارلێکی نێوان دوو جۆر فاکتەرە (بۆماوە) و فاکتەری (ژینگە) یاخود دەوروبەر بە لەدایکبوونی مرۆڤ بە چەند سیفەتێک لە شێوە و توانای دەروونی و پێکهاتەی دەماریی و هۆرمۆنی دروست دەبێت و، دواتر دەچێتە نێو ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە تیایدا گەورە دەبێت(١٣).

بۆیە کەسایەتی بەهرەیەکی سرووشتی نییە لە مرۆڤدا وەک میرات بۆی بمێنێتەوە، بەڵکو لە واقیعدا دەسکەوتنە، لەو کۆمەڵگایەی لێی پێدەگات(١٤). هەربۆیە دەڵێت:» سرووشتی مرۆڤ لە هەموو کات و شوێنێکدا هەریەک سرووشتە، جیاوازی نێوانیان لە زۆربەی کاتدا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا پێدەگات»(١٥).

بەڵام (ژینگەی کۆمەڵایەتی یان کلتوور)

دروستبووی چرکەساتێکی دیاریکراوی دابڕاو نیە، بەڵکو (ڕەهەندی مێژوویی) یاخود (زەمەن) ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستبوون و گەڵاڵەکردنیدا دەبینێت. ئەمە لەکاتێکدا فێربوون و گواستنەوە و بەردەوامی و کەڵەکەبوون لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کلتوورن. بەوپێیەی هەر نەوەیەک ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی خۆیانیان بۆ ڕۆڵەکانیان گێڕاوەتەوە و بەشێوەیەک لە شێوەکان تۆماریان کردووە، واتە بە تێپەڕبوونی کات ئەزموونەکان لەسەر یەک کەڵەکەبوون و لەئاکامیشدا ژیان هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشکەوتن ناوە.

بۆیە ئەمڕۆ هەر گرووپ و نەتەوەیەکی سەر ڕووی زەمین گەرچی لە ئاستێکی ساکاری ژیانیشدا بێت، ئەوا کەڵەکەبوویەکی کلتووریی هەیە کە لە ئەزموونی ژیانی خۆیانەوە و بەشێوەیەکی بەردەوام بە تێپەڕبوونی زەمەنە جیاوازەکان بەرهەمیان هێناوە. بەمشێوەیە بەردەوامی کلتوور بەو مانایە دێت کە لایەنە سەرەکیی و بنەڕەتییەکانی کلتوور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەکی دواتر دەگوێزرێتەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە ناو و ناسنامە کە گرنگترین شتە لەو کەلتوورەدا دەمێنێتەوە.

بێگومان ئەگەر ئەم تایبەتمەندییەی کلتوور نەبوایە ئەوا ژیانی گرووپ و نەتەوە جیاوازەکان هەر بە ساکاری دەمایەوە و بەرەوپێشچوونێکی ئەوتۆ بەدی نەدەهات و شارستانێتیش لەدایک نەدەبوو(١٦). (دووانێتی وەردی) کە لە پاش خوێندنەوەی هیگڵ و کارل مارکس و ئیمیل دۆرکایم و ماکس فیبەر و ئیبن خەلدوون و... تاد. گەشەی کرد، دواتریش بووە بنەڕەتێک بۆ گریمانە و تەرزە زانستییەکانی: دەشتەکێتی و شارستانێتی، میسالی بوون و واقیعی بوون، عومەر و عەلی، کازمییە و ئەعزەمییە، مێزەر بەسەرەکان و ئەوروپاگەراکان،...تاد.

بەڵام چاودێریی کردنەکانی بۆ کۆمەڵگەی عێراقی و بەتایبەتیش بەغدادی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بەگشتیی و لە دەیەی پەنجاکان بۆ دواوە بەتاییبەتی تاقیگەیەکی گەورەی شیکاریی و ئەزموونەکانی بوو(١٧). وەک خۆی دەڵێت:» ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تیایدا گەشەم کرد، ژینگەیەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو پڕ بوو لە سەرەتای گۆڕانکاری، کە پرسیارکردنی تیادا وروژاندم و منیشی دوچاری ململانێی دەروونی کرد(١٨).

بەلای وەردییەوە (دووانێتی مرۆڤ) دەگەڕێتەوە بۆئەوەی مرۆڤ دوو ئاوەزی هەیە: ئاوەزی ناوەکیی و ئاوەزی ڕواڵەتی دەرەکی، ئێمە لەم حاڵەتەدا کە ئامۆژگاری مرۆڤ دەکەین، تەنها کاریگەری لەسەر ئاوەزی دەرەکی دادەنێین، ئاوەزی ناوەکی مرۆڤەکە هیچ لە ئامۆژگاریەکانمان حاڵی نابێت، چونکە ئەو ئاوەزە سەرقاڵە بەو بەهایانەی کە نەریتی کۆمەڵایەتی پێی دەگەیەنێت. بەمەش دەوترێت دووانێتێتی مرۆڤ. واتای «دووانێتی بوونی مرۆڤە لە واقیعدا وەک دوو ڕوو، بەیەکێکیان خۆی دەسازێنێت لەگەڵ ئامۆژگارییەکاندا و بەوی تریان خۆی دەسازێنیت لەگەڵ خەڵکانی تردا. لەکاتێکدا بەو بوونەی کەسێتی خۆی نازانێت و ناشیەوێت بزانێت»(١٩).

زیاتر هەوڵی شیکردنەوەی ئەم چەمکە دەدات و دەڵێت:» هەر مرۆڤێکیش لەنێو ئاوەزیدا چوارچێوەیەک هەیە سنوور بۆ ئاوەزی دەکێشێت. کەوا لە مرۆڤ دەکات نەتوانێت هیچ شتێک ببینێت، مەگەر بکەوێتە ناو بواری ئەو چوارچێوەیە»(٢٠).

«بوونی مرۆڤ لە هەر شوێن و کاتێکدا دەچێتە نێو خودێکی ترەوە کە بە حەماسەوە بانگەشەی ئەوە دەکات کە پێویستە مرۆڤ لەپێناو باوەڕی نەمریدا بژی. واتا جۆرە ئێتیک و ئەخلاقێک هەیە کە دووفاقییە لەلایەک ڕوودەکاتە ئایین و لەلایەکی دی ڕوودەکاتە کار و بەرژەوەندییەکانی خۆی ئەمەش دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی دووانێتێتی کەسایەتی(٢١). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دووانێتی



دووانێتی بێ هەستە و خاوەنەکەی هەستی پێناکات لە زۆربەی کاتدا. بەڵام دووڕوویی خاوەنەکەی هەستی پێدەکات و بەمەبەستەوە ئەنجامی دەدات لە پێناو بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی تایبەتی خۆی

و دووڕوویی کەسایەتی یەک شت نین، بەڵکو دوو شێوەی جیاوازن، دووانێتی بێ هەستە و خاوەنەکەی هەستی پێناکات لە زۆربەی کاتدا. بەڵام دووڕوویی خاوەنەکەی هەستی پێدەکات و بەمەبەستەوە ئەنجامی دەدات لە پێناو بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی تایبەتی خۆی(٢٢).

**دووانێتی ستەم و داد (ماف):**

هەر لەوکاتەوە کە وەردی فام دەکاتەوە و دەتوانێت بچێتە کۆڵان و ناو منداڵان یاری بکات، بەم دووانێتییەی ستەم و ماف ئاشنادەبێت و بەردەوام لەگەڵیدا بە زیندویتی دەمێنێتەوە و واقیعی عێراقیی و ئیسلامی لێوان لێو لەو دوانێتییە هەراسانی دەکات و نەخشی لە بیرکردنەوەیدا دەکێشێت، وەک خۆی دەڵێت:» ڕۆژێکیان لە نزیک خانەکە وەستابووم و تفەنگێکی دارینم بەدەستەوە بوو، کە باوکم بۆی کڕیبووم تا یاری پێبکەم، لەناکاو منداڵێکی لەخۆم گەورەتر تفەنگە دارینەکەی لە دەست فڕاندم و هەڵات، بینیم لە کۆڵانەکەدا ڕایدەکرد و شانازی پێوەدەکرد. کاتێکیش گەڕامەوە ماڵەوە باسی ئەو ستەمەم بۆ دایکم کرد، کە بەسەرمدا هاتبوو. ئەمەش یەکەمین ستەم بوو کە لە ژیانمدا ڕووبەڕووی بوومەوە. نەمدەزانی ئەم ڕووداوە، لەم دونیایەی ئێمەی تێدا دەژین، بابەتێکی ئاساییە»(٢٣).

ئەمە دواتر و لەسەر ئاستێکی گەورەتر و ترسناکتردا لە ژیانی وەردیدا دەرکەوتەوە و لە یادکردنی بەلایەوە ئەستەم بوو! وەردی لە قۆناغی ناوەندیدا هەموو ساڵێک بە یەکەم دەردەچوو، لە هاوینی ساڵی ١٩٣٥دا کاتێک ئەنجامی کۆتایی تاقیکردنەوەی گشتی قوتابخانە ناوەندییەکان ڕاگەیەنرا، بەرزترین نمرەی بەدەستهێنا و لە ئاستی هەموو عێراقدا بە یەکەم دەرچوو. ئەمەش لەلایەن هەندێک لە هاوڕێ و قوتابیەکانی دیکەوە ئیرەیی بەدوای خۆیدا هێنا. یەکەمبوونی وەردیش وای لە بەڕێوبەری قوتابخانەکە کرد، پێشنیازێک پێشکەشی وەزارەتی پەروەردە بکات، تا ناوی وەردیش بخرێتە لیستی ئەو قوتابیانەی کە یارمەتی داراییان پێشکەش دەکرا. بەڵام ئەو بارودۆخە زۆری نەخایاند و کۆمەکییەکەی لێبڕا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە فەرمانبەرە گەورەکانی وەزارەت، کە دەیویست ئەو یارمەتییە بدات بە قوتابیەکی خەڵکی شارۆچکەکەی خۆی. هەرچەندە وەردی پێداگیری کرد لەسەر ئەوەی کە پەلە نەکات لەو بڕیارەیدا، بەڵام بێسود بوو. بۆیە وەردی دەڵێت:» گلەیی لە کردەوەی ئەو فەرمانبەرە ناکرێت، چونکە ئەو لە ژینگەیەکدا پەروەدە بووە، کە باوەڕی وایە پیاو ئەو پیاوەیە یارمەتی خەڵکی گەڕەک و شارەکەی خۆی بدات نەوەک گەڕەک و شارێکی دیکە. هەروەها دەڵێت:» لە دوای مردنی ئەو فەرمانبەرە پرسیارم لەو خەڵکانە دەکرد کە دەیانناسی و لێم پرسین چۆن کەسێک بوو؟ هەموویان لە وەڵامدا بەشێوەیەکی جوان ستایشیان دەکرد و بە پیاوێکی مەرد و جوامێر ناویان دەبرد، لە تێڕوانینی ئەو کەسانەی سودیان بۆیان هەبوو، پیاوێکی دادپەروەر و بەخشندە بوو... بۆیە دەشێت



عێراقییەکان لە هەموو کەس زیاتر شەیدای نموونەی باڵان و لە وتار و نووسینەکانیاندا بانگەشەی بۆ دەکەن. بەڵام لە واقیعی ژیانیاندا بەپێچەوانەوە، لە هەموو خەڵك زیاتر خۆیان لەو نموونانە لادەدەن.

سرووشتی مرۆڤ لە دیدی لایەنێک لە هەموو کات و شوێنێکدا ستەمکارانە بێت، بەڵام لە دیدی لایەنێکی تردا دادپەروەرانە بێت»(٢٤).

هەر لەمبارەیەوە باس لە مرۆڤەکان دەکات و ئەزموونی کارکردنی خۆی لە بازاڕدا بەسەرچاوەیەکی گرنگی تێبینییەکانی دەربارەی دووانێیەتی ستەم وماف دادەنێت و پێیوایە ئەوەی لەوێدا فێربووە هەرگیز کتێب و قوتابخانە نەیدەتوانی فێری بکات! وەک خۆی دەڵێت: « ئەمانە وانەیەکی باشی لە ژیاندا پێبەخشیم کە نەمدەتوانی لەوانەکانی قوتابخانەدا، ئەگەر لە قوتابخانە بەردەوام بوومایە، فێری ببم. من لەو قۆناغەدا خەڵکیم وەک حەقیقەتی خۆیان ناسی بەبێ ماسک. جگە لەو موجامەلانەی خەڵکی لە ژیانی کۆمەڵایەتیاندا ڕاهاتبوون، کە بەرامبەر بە هەموو تاکێک لە هەمان ئاستدا نەبوو، بوونی موجامەلەیەکی زۆر بەرامبەر بەو کەسانەی کە دەوڵەمەند و خاوەن موڵک بوون بەجیاواز بەرامبەر بەو کەسانەی کە نەدار و هەژار بوون. وەردی دەڵێت:» نەمدەزانی نهێنی جیاوازی ئەو دوو جۆر هەڵسوکەوتە چییە، بەڵام دواتر و کاتێک لێکۆڵینەوەم دەربارەی سرووشتی مرۆڤ کرد، ئەو نهێنییەم بۆ ئاشکرا بوو»(٢٥).

یاخود کاتێک باس لە سەربازی زۆرەملێیانە دەکات و دەڵێت:» دادوەرەکە داوای لە خەڵکی دەکرد گیانی خۆیان لەپێناوی خوادا بەخت بکەن، کەچی لەولاتر کوڕ و خزمەکانی نەدەناردە بەرەی جەنگەکان و دەبوایە ئەوان لە سەربازی بەبەخشرانایە«(٢٦).

بەمشێوەیە گەر تەواوی بەرهەمەکانی وەردی بخوێنینەوە ئەوا خۆمان لە بەردەم ژمارەیەکی بێشومار نموونەی لەم شێوەیەدا دەبینینەوە!

### دووانێتی مزگەوت و قوتابخانە

دووانێتی مزگەوت و قوتابخانە یاخود ڕۆشنبیری ئاینی (مێژووکرد) و ڕۆشنبیری ئەفرەنجکراو (واتە خۆرئاواگەر، یان لاسایی کردنەوەی ئەوروپا)، هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە کاریگەریتییەکی گەورەی لەسەر کەسایەتی و بیرکردنەوەی وەردی جێهێشت.

دەستپێکی خوێندنی وەردی لە (کەتاتیب) واتە خوێندن لە مزگەوت بوو، لەلای مەلا، بەوپێیەی زۆربەی خەڵک لەوکاتەدا بەچاوی گومانەوە دەیان ڕوانییە ئەو قوتابخانە نوێیانەی کە لە سەردەمی فەیسەڵدا دروستکرابوون، بۆیە وەردیش وەک زۆرینەی منداڵانی ئەو سەردەمە لە یەکێک لە کەتاتیبەکان و لەلای مەلا فێری خوێندن و نووسین و بیرکاریی و دواتر خەتمکردنی قورئان بوو. هەرچەند دوای ماوەیەک خرایە نێو قوتابخانە، بەڵام زۆری پێنەچوو گەڕاندیانەوە بۆ کەتاتیب. بۆجارێکی تر و بۆماوەی چوار ساڵ تۆمارکرایەوە لە قوتابخانە تا گەیشتە قۆناغی پێنج بە پلەی یەکەم. بەڵام ئەمەش بەردەوام نەبوو لە قوتابخانە دەرهێنرا. وەک خۆی دەڵێت:» زۆربەی خەڵک بە چاوێکی پڕ لە گومانەوە تەماشای ئەو قوتابخانانەیان دەکرد، ئەو تێڕوانینەیان لە سەردەمی عوسمانییەوە بۆ مابووەوە، چونکە قوتابخانە نوێیەکان تایبەت

کرابوون بۆ کوڕانی (ئەفەندی)یەکان، واتە منالآنی فەرمانبەرە حکومییەکان، پێیانوابوو ئەو جۆرە قوتابخانەیە لادانی سێکسی تیادا باوە، لێرەوە ئەو پەندە باوە هاتووە کە دەڵێت: (کتێبەکان توورِ هەڵدە، ئیشی مەکتەب سودت پێ ناگەیەنێت ـ ذب الکتب شغل المکتب مایفیدک)». یاخود دەڵێت:» ڕۆژێکیان باوکم لەناکاو منی لە کەتایب دەرهێنا و بردمی بۆ قوتابخانە و لەوێ لە وەرزی دووەمدا تۆماری کردم، بەلآم زۆری بێ نەچوو لە قوتابخانە دەریهێنام و گەڕاندمییەوە بۆ کەتاتیب بۆ لای شێخ سەعید، قسەیەکی بۆ شێخ سەعید کرد ئێستاش لە یادەوەریمدا هەڵکۆڵراوە، پێی وت:» مەکتەب سوودی نییە!»(٢٧).

تەنانەت هەموو جارێکیش دەبوو جلەکانی بگۆڕیایە! واتە لە کەتاتیبدا دەبوو جلی فەقێتی لەبەر بکات و لە قوتابجانەی نوێشدا دەبوو جلی نوێ ( ئەفەندی) بپۆشیایە! ئەم گۆڕانکارییانەش لە هەناویدا چەندەها واتای هەڵگرتبوو! ئەوە تەنها گۆڕانی جلوبەرگ نەبوو! بەڵکو وەک وەردی خۆی پێیوابوو، ئەوە گۆڕانی دید و هزرەکان بوو! کە لەگەڵ واقیعە دواکەوتوو و وەستاوەکاندا بەریەک دەکەوت! لە ناوەندێکدا کە خەڵکانێکی زۆر بەتوندی دەستیان گرتبوو بە هەموو کۆنێک و تەواوی دیمەنەکانی گۆڕان و نوێخوازییان ڕەتدەکردەوە(٢٨). بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین وەردی لە نێوان دوو جیهانی دژبەیەکدا ژیا! کە ئەوانیش فێرکردنی کۆن و فێرکردنی نوێ بوو!

## دووانێتی سفوور و حیجاب

یەکێکی تر لەو دوانێتییانەی کە هەر لە منداڵییەوە سەرنجی وەردی سەرقاڵ کردبوو، بریتیبوو لە جیاوازی پۆشاک و جلوبەرگی ئافرەتان! واتا ئافرەتانی گەڕەکێک باڵاپۆش و گەڕەکێکی تری نزیکیش سفور یاخود نزیک لە سفوورەوە بوون، ئەمەش لە بنەڕەتدا بە جیاوازی دوو وردە کلتووری شارەکە دەگەڕایەوە! بەلآم نەخشی خۆی لەسەر بیرکردنەوەی وەردی بە قوڵی جێهێشت! وەک خۆی بە وردی باس لەم دوانێتییە دەکات و دەڵێت:» ماڵی ئێمە کەوتبووە نێوان دوو گەڕەکی جیاواز لەڕووی پێکهاتەی کۆمەلآیەتی و بەهای کۆمەلآیەتی باوی ئەو کاتە، ئەو دوو گەڕەکەش بریتیبوون لە (گەڕەکی شیوخ) و (گەڕەکی ئەنبارییەکان)، دەروازەی خانووەکەی ئێمە کەوتبووە گەڕەکی شیوخەوە، بەلآم پەنجەرەکانی پشتی خانووەکەمان دەیڕوانییە کۆڵانێکی گەڕەکی ئەنبارییەکان، منیش هەندێ جار لەگەڵ منالآنی ئەم گەڕەک یاریم دەکرد و هەندێ جاری دیش لەگەڵ منالآنی ئەو گەڕەک.

لەڕووی بەهای کۆمەلآیەتییەوە جیاوازییەکی گەورە هەبوو لە نێوان ئەو دوو گەڕەکەدا، لە گەڕەکی ئەنبارییەکاندا بەها و نەریتی عەشایری باو بوو، وەک سفووری ژنان (واتە بەبێ عەبا و پەچە) و هەروەها نەریتی تۆڵەسەندنەوە (الثار) و ژن کوشتن یان شتنەوەی شوورەیی (غسل العار). بەلآم گەڕەکی شیوخ وەک گەڕەکە دێرینەکانی دی، ژنان تیایدا حیجابێکی زۆریان دەپۆشت و بەدەگمەن ڕووداوی تۆڵەسەندنەوە و شتنەوەی شوورەیی و شتی لەو چەشنەی تیادا ڕووی دەدا»(٢٩).

ئەو زیاتر باس لەم دوانێتییە دەکات و دەڵێت:» گرنگترین ئەو شتانەی لە منداڵیمدا سەرنجی ڕادەکێشام، ئەو جیاوازییە ڕوونە بوو لە نێوان ڕەفتاری ئافرەتی ئەنباریی و ڕەفتاری ئافرەتانی گەڕەکەکانی تر لە کازمییە، ئافرەتی ئەنباری بەشێوەیەکی لادێیی سفوور بوو واتە عەبا و پەچەی نەدەپۆشی، ئەو شێوەیەی ئیسلام فەرمانی کردبوو، واتە دەرخستنی ڕوخسار و هەردوو دەست بەبێ ڕازاندنەوە، بەلآم لە کۆلآنەکانی تردا ئافرەت کاتێک دەهاتە دەرەوە دوو عەبای دەپۆشی، یەکێکیانی دەخستە سەر شانی و ئەوی دیکەشیانی دەخستە

سەری، بە عەبای دووەمیان ڕووخساری خۆی دەشاردەوە، تەنها کونێکی بچوکی دەهێشتەوە تا لەوێوە دەرەوە و ڕێگاکە ببینێت.

سفووری ئافرەتی ئەنباری هەروەکو سفووری ئافرەتی لادێی وابوو، بەڵام زۆرجار دووچاری نەریتی شتنەوەی شوورەیی دەبوونەوە، واتە نەریتی کوشتنی ژنان لەکاتی گومانکردن لە ڕەفتاریدا، ئەم نەریتە لە گەڕەکەکانی تردا باو نەبوو، کەچی لە گەڕەکی ئەنبارییەکاندا بە ئەندازەیەکی زۆر باوبوو.

هەروەها دەڵێت:» جارێکیان لەو گەڕەکەدا پڕوپاگەندەی خراپ لەسەر ژنێک دەکرا، ئەو ژنە خزم و کەسی نزیکی وای نەبوو تا بتوانن بیکوژن، تەنها برایەکی بچووکی هەبوو نەگەیشتبووە تەمەنی باڵقبوون (هەرزەکاری)، ئیدی پیاوماقوڵانی ئەو گەڕەکە کۆبوونەوە و دەربارەی ئەم مەسەلەیە قسەیان کرد، بڕیاریاندا براکەی ڕابسپێرن بە کوشتنی خوشکەکەی، بەڵێنیشیان پێدا کە یارمەتی بدەن و پارێزگاری لێبکەن. ئەو برایە کارەکەی ئەنجامدا و خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد، پیاوماقوڵانی گەڕەکەکەش لەگەڵیدا ڕۆیشتن بۆ یارمەتیدانی، کاتێک دادگا حوکمی بەندکردنی لە بەندیخانەی نەوجەواناندا بەسەردا سەپاند، بەهەموو شێوەیەک یارمەتییان دەدا، پاش ئەوەی لە بەندیخانە ئازاد کرا، بوو بە کەسێکی ڕێزدار و بەشێوەی جۆراوجۆر یارمەتییان پێشکەش دەکرد(٣٠).

دیارە ئەم دوانێتییە زۆر سەرنجی ڕاکێشاوە، هەربۆیە زیاد لە شوێنێک باسی لێوە کردوە و دەڵێت:» یەکێک لەو شتە سەمەرانەی تر کە لەو ڕۆژگارەدا لە کوڵانی ئەنبارییەکاندا بینیم، ژنێک بەشێوەی لادێییانەی باو سفوور بوو وەک ژنانی تری ئەو گەڕەکە، بەڵام کچەکەی بوو بە باڵاپۆش (موحەجەبە) چونکە شووی بە پیاوێک کرد لە گەڕەکێکی دی کە باڵاپۆشی تیادا باوبوو، پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی زەمەنی بینیم کچەزاکەی بەتەواوی خۆی سفوور کردبوو لە شێوەی سفووری نوێ، واتە جگە لەوەی ڕوخسار و دەموچاوی دیار بوو، قۆڵ و گەردنیشی ئاشکرا کردبوو، چونکە کچەزاکەیشی وەک کچانی تری ئەو نەوەیە کەوتبوونە ژێر کاریگەری مۆدیلی نوێوە، ئەم کچەزایە بیری چوو دایک و نەنکی چییان دەپۆشی!»(٣١).

## دووانێتی ئیمام موسای کازم و ئەبی حەنیفەی نەعمان

تەنانەت مردن و ژیانی وەردی دووانێتی بوو! واتە ئەو لە ساڵی ١٩١٣ لە کازمییە لە دایکبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٥ لە ئەعزەمییە کۆچی دوایی کرد(٣٢). گەورەبوونی ئەو لە (کازمییە) و (ئەعزەمییە)دا لە ناخیدا هەستی گرنگیدان بە دەقی مێژووی وروژاند، کە ئامرازە سوسیۆلۆجییەکانی یارمەتی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی عێراقیدا. (کازمییە) و (ئەعزەمییە) دوو سیمبوولی واتا بەخشیان بۆ وەردی پێکدەهێنا، کە ڕۆژانە کاتی خۆی تیایاندا بەسەردەبرد، بەتایبەت کاتێک بڕیاریدا کە لە (ئەعزەمییە) نیشتەجێ بێت، کە دەبوایە ڕۆژانە بەسەر ئەر پردەدا بڕۆیشتایە کە ناوەکەی ڕەهەندێکی مێژوویی هەبوو، ئەویش (پردی ئەئیمە – واتە ئیمامەکان)بوو، کە مەزاری (ئیمام موسای کازم و کوڕەزاکەی (محمد جەواد) و (ئەبی حەنیفەی نەعمان)ی پێکەوە دەبەستەوە.

ئیمام موسای کازم و ئەبی حەنیفەی نەعمان دوو سیمبوولی شیعە و ئەهلی حەدیس، یاخود ئەهلی سوننە و جەماعەت بوون، ئەو دوو کۆمەڵەی کە گفتوگۆ و ململانێیەکی مێژوویی دوورودرێژیان دەربارەی شایستەبوونی هەریەکەیان بۆ حوکم و خەلافەت و پەیوەندییان بە ئیمامەتەوە هەبوو، بۆیە وەردی هەر لە منداڵی و لاوێتییەوە لەناو ئەم گفتوگۆیانەدا گەورە بوو و تەنانەت گەڕەکەکەی خۆیان و گەڕەکی ئەنبارییەکانیش زیاتر ئەم

دوانێتییەیان دووپات دەکردەوە، کە لە مەزهەبدا جیاواز بوون!

واتە وەردی هەر لە سەرەتاوە لەنێو دوو جیهانی جیاواز لە تێڕوانین و بیرکردنەوەدا چاوی کردەوە، دوو جیهانی نێو یەک ئایین و یەک نەتەوە! کە تێیدا خەلیفەکان و ئیمامەکان و حەدیسەکانی پێغەمبەر(د.خ) و تەنانەت ڕەنگی جلوبەرگەکان و مێژەری زانا ئایینییەکانیشیان جیاواز بوو! دوو جیهان کە هەمیشە بەگومانەوە مامەڵەیان لەگەڵ یەکدا دەکرد و لە هەندێ ماوەی مێژوویيدا سنورری گومان و ڕقیشیان بەرانبەر بەیەکتر تێپەڕاندووە و هەوڵی لەناوبردنی یەکترییانداوە!

بۆیە کەسایەتی وەردی لەنێو ئەم دوانێتییانەوە دروست دەبێت و ئەم (تاقیگەیە - مەبەست واقیعی کۆمەڵگەی عێراقییە) یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆئەوەی وەردی بەباشی پەی بە دووانێتی کەسایەتی تاکی عێراقی و تاکی مسوڵمان بەرێت.

دیاردە دووانێتییەکانی کەسایەتی تاکی عێراقی

ئەوەی وەردی زیاتر ئاشناتر کردووە بۆچوون و لێکۆڵینەوەکانییەتی دەربارەی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا گەورە بووە. وردتر دەربارەی کەسایەتی تاکەکان. بەجۆرێک وەک کەسێکی شارەزا و دیار لێکۆڵینەوەکانی ئاشکرا کردووە و هۆکار و چارەسەرییەکانی کەسایەتی بە گشتیی و کەسایەتی تاکی عێراقی بەتایبەتی ڕوون کردووەتەوە..

عێراق لە دێر زەمانەوە زیاتر لە وڵاتانی تری عەرەبی شەپۆلی دەشتەکییەکانی بەرکەوتووە، بەوپێیەی دەشتێکی پڕ خێر و بێر بووە، هەربۆیە زیاتر کەوتۆتە ژێرکاریگەری بەدەویەتەوە. هەروەها عێراق لە سەرەتای ئیسلامەوە چاوگ و شوێنی کۆمەڵ و مەزهەب و قوتابخانە ئایینییەکانی نێو جیهانی ئیسلام بووە(٣٣).

بەڵام ئاین هۆکارێک نەبووە بۆ گێڕانەوەی مرۆڤ لەهەر کارێک کە بیەوێت بیکات بەڕادەیەکی کەم نەبێت، چونکە ئاڕاستەکارییەکانی ئایینی بەگوێرەی ئارەزووەکانی خۆی ڕاڤەکردووە. بەرژەوەندیش شتێکی ڕێژەییە(٣٤). هەرچەندە دوانێتی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیە، بەڵام جیاوازی هەیە لە توندوتیژی و پانتایی بڵاوبوونەوەی بەپێی بارودۆخ لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر.

هەر ئەمەش ئەم جیاوازییەی دروستکردووە بە بەراورد بە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵات، لەم لێکۆڵینەوانەوەیەدا وەردی تێبینی بوونی جۆرێک لە دوانێتی دەکات لە کەسایەتی تاکی عێراقیدا. بەڵام ئەوەش ڕووندەکاتەوە هەرچەندە ئەم جۆرە دوانێتییە بەشێوەیەکی ڕێژەی لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بەڵام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دوانێتی لەنێو کەسێتی عێراقیدا ڕۆچووەتە ناو دەروونەوە(٣٥).

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە وەردی کردوویەتی سەبارەت بە کومەڵگەی عێراقی کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیاریکردووە، کە کاریگەرییان هەبوو لەسەر پێکهێنانی کەسایەتی تاکی عێراقی. ئەوانیش:

- کەسایەتی تاکی عێراقی جۆرێک لە دوانێتی تێدایە. بە جۆرێک کە خود هەست بەو دوانێتییە ناکات، چونکە لەناو ئەو دوانێتییەدا پێگەشتوون و ڕاهاتوون وەک شتێکی باو و سروشتی.
- عێراقییەکان لە هەموو کەس زیاتر شەیدای نموونەی باڵان و لە وتار و نووسینەکانیاندا بانگەشەی بۆ دەکەن. بەڵام لە واقیعی ژیانیاندا بەپێچەوانەوە، لە هەموو خەڵک زیاتر خۆیان لەو نموونانە لادەدەن.
- تاکی عێراقی لە هەموو کەس زیاتر نیشتیمانی خۆی خۆشدەوێت و حەماسی بۆ خزمەتکردنی ئاڵا هەیە، بەڵام لەواقیعدا ئامادەیە خۆی لەو ئەرکە بدزێتەوە و هەر کە دەرفەتی بۆ هەڵکەوت خۆی دەرباز بکات.
- تاکی عێراقی لە هەموو کەس کەمتر خۆی بە ئایینەوە دەگرێت، بەڵام لە هەمووان زیاتر ڕۆدەچێتە نێو تائیفە و مەزهەبە ئایینییەکانەوە(٣٦).

• عێراقییەکان لە گۆرانیدا دەگرین و لە قسەکردنیشدا جنێو دەدەن. لەکاتی گۆرانیدا ئازار دەچێژن و خەمبارن، بەڵام لەباروداخی گونجاودا هێرش دەکەن و بەتوڕەییەوە جنێو دەدەن.

• وەک زۆرینە حەز لە ناوبانگ دەکات و هەوڵی بۆ دەدات.

• تاکی عێراقی ئەو پرەنسیپ و بیروباوەڕەی کە بیری لێدەکاتەوە ناتوانێت پراکتیزەی بکات، بانگەشە بۆ ئامانجێک دەکات کە ناتوانێت پێی بگات.

• تاکی عێراقی بە ئەندازەیەکی زۆر خۆی بەهێز دەبەستێتەوە و هەموو چەشنە هێزێک شکۆدار دەکات و شانازی پێوەدەکات، ئەمە جگە لە شارچێتی و گەڕەکچێتی(٣٧).

• گرفتی چەپاندن کە گرفتێکی ئاڵۆزە بۆ تاکی عێراقی کە بەهۆی ئەم چەپاندنەوە کەسایەتیەیکی ئاڵۆز بە تاک دەدات، مەبەستیش لەو فاکتەرانەن، کە ناتوانێت خاڵی بکاتەوە.

• کەسێتی عێراقی بەوە ناودارە کە زۆر ڕەخنە لە کەسانی تر دەگرێت، بەمەش زۆر لێزانە لە دۆزینەوەی خەوش و نەنگی ئەوانی تردا و لێزانە لەوەی ئەم خەوشانە بۆ گوێگر بخاتە ڕوو(٣٨).

• هەروەها عەرەب بەگشتی بەوە ناسراون زوو توڕە دەبن و لە مەسەلەی شانازیی و شەرەفدا بەئاسانی دەهەژێن(٣٩).

ڕەنگە ئەم تێبینیانەی کە وەردی ئاماژەی پێدەدات بۆ ناساندنی کەسێتی تاک نەبێتە پێوەرێکی ڕەها بۆ سەرجەم تاکی عێراقی، بەڵام ئەم خاڵانە لە نەبوونەوە دروست نەبوون، بەڵکو کۆمەڵێک نموونە و شێوە هەبوون لەوکاتەدا کە ئەم تایبەتمەندییانەی کەسێتی عێراقی سەلماندووە.

دووانێتی لە مێژووی ئیسلامدا

عەلی وەردی وەک کۆمەڵناسێکی مێژوونووس پێیوابوو بەبێ گەڕانەوە بۆ (ڕابردوو) ناتوانرێت لە (ئێستا) تێبگەین، بابەتەکانی شیعە و سوننە و ئیمامەت و خەلافەت و ئاڵۆزییەکانی مێژووی ئیسلامی تەواوی ئەو گفتوگۆیانەش کە لەسەریان دەکران هزری ئەویان داگیرکردبوو. هەر هەوڵدانەکانی بوو بۆ تێگەیشتنی واقیعی کۆمەڵگەی عێراقی کە وایلێکرد پەنا بباتە بەر پەرەسەندنی کۆمەڵگەی عەرەبی لەمیانەی دەقە مێژووییەکانەوە(٤٠).

بەلای ئەوەوە عەرەب لە سەرجەم نەتەوەکانی تر زیاتر دووچاری دەردی دوانێتیی بوون، کە هۆکارەکەشی ئەوەیە کەوتوونەتە نێوان دوو بەهای هاودژ و پێچەوانە کە بریتین لە ئیسلام و دەشتەکێتی. بەو واتایەی دەشتەکێتی مرۆڤ هان دەدات لەسەر خۆشویستنی سەرکردە و شانازیکردن بە ڕەچەڵەکەوە. بەڵام ئیسلام ئایینی ملکەچیی و پارێزگاریی و دادپەروەرییە. بەمشێوەیە مرۆڤی عەرەبی دەشتەکییە لە ئاوەزی ناوەوەیدا و مسوڵمانە لە ئاوەزی دەرەوەیدا(٤١).

بۆیە وەردی زۆر بەوردی دەستی بە خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆجییانەی (دەق)ە مێژووییەکانی سەرەتای ئیسلام کرد و دەستی بە شیکردنەوەی کەسایەتیی هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) کرد و سیفەتی (پیرۆزی) لێکردنەوە و لەو ڕوانگەوە تەماشای کردن کە مرۆڤن و دەکرێت ڕاست یاخود هەڵە بکەن. لێرەوە و لەنێو سستمی دەشتەکێتی و ژیاری بووندا دەستی بە توێژینەوە شیکارییەکانی کرد. ئەو دوانێتییەی کە لە دیدی وەردییەوە لەبارە بۆ لێکدانەوەی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکانی کەسایەتی عەرەبی و تێگەیشتن لە دوانێتی ئەو کەسێتییەدا(٤٢).

« کۆمەڵگەی دەوارنشینی لە نیمچە دورگەی عەرەبدا، ئەوساو ئێستاش تا ئەندازەیەکی زۆر کامڵ بوون لە بواری خێڵدا. هەژاربووبن یان دەوڵەمەند، بەهێزبووبن یان لاواز، شتێکی باوبوو. عەرەب هەر لە لەدایکبوونەوە دیموکراسی بوو، بەڵام کاتێک خەڵکی هۆزێکی تری دەبینی گرفت ڕوویدەدا و،

دەبوو بە ئەرستۆکراسییەکی زۆر توند، وایدەبینی خێڵەکەی خۆی باشترین خێڵە لە هەموو جیهاندا. عەرەب تا ئەندازەیەکی زۆر هۆگری نەسەبی قەبەیە و زۆرجاریش نەسەبی خۆی دەگەڕاندەوە بۆ ئادەم. بیروباوەڕەکانی ئیسلامیش پێچەوانەی ئەو یاساو دابونەریتە خێڵەکیانەبوو کە پەیڕەو دەکرا، هەرچی دەوا نشین بوو پێ وابوو دەبێت تاک سەر بە ئەندامی خێڵەکەی بێت و ڕکابەری بێگانە بێت، بەڵام پێغەمبەر(د.خ) پێیوابوو سەرجەم خێڵەکان لەنێو سنووری کۆمەڵگەی ئیسلامیدا یەکسانن»(٤٣).

«یەکەمین کۆمەڵگەی مسوڵمان لە سەردەمی پێغەمبەردا، بەوە جیادەکرێتەوە کە نموونەیەکی زۆر چاکی کۆمەڵگەی دوانێتییە، چونکە ململانێی نێوان ئایدیالیزمی ئایینی پیرۆز لەلایەک و ماتریالیزمی دونیایی نا پیرۆز لەلایەکی تر یان: ئایینی و عەلمانی، گەیشتبووە ئەوپەڕی»(٤٤).

وەردی وەک دوو کۆمەڵگا ئاماژەی پێدەکات ئەوانیش کۆمەڵگەی پیرۆز-(کۆمەڵگەی خودایی) و (کۆمەڵگەی دونیایی)ن. مەبەست لە کۆمەڵگای پیرۆز، ئەو کۆمەڵگایانەن کە ڕێگەی باب و باپیریان بەسۆزێکی زۆر دەورە دراوە. ئەو ئەنجامەی لە کۆمەڵگای پیرۆزدا کە لەسەر بنەمای پیرۆز و ستاتیک بنیاتنراوە، چەشنی بیرکردنەوە تیایدا ڕەها و ڕۆحی ئەبەدی دەبێت. لەم کەشە زەینییەشدا بەهاکان بەهای پیرۆزن، چونکە قابیلی گۆڕان نین. نموونەش گەلانی سەرەتایین کە باشترین نوێنەری کۆمەڵگەی خودای یان کۆمەڵگەی پیرۆزن.

لەلایەکی دیکە لە کۆمەڵگەی دونیاییدا شتەکان بە ئەندازەیەکی گەورە جیاوازن، لێرەدا شتەکان لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، واتا شتە پیرۆزەکانیش توانای کۆنترۆڵکردنی ئەقڵی مرۆیی لەدەست دەدەن. مرۆڤ لە ژینگەیەکی وادا کار بۆ ئەوە دەکات پەیوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام کەشف بکات لە پشتی سرووشتەوە ڕۆحەکان بوونیان نییە، بەو واتایەی کە پێچەوانەی کۆمەڵگەی پیرۆزە(٤٥).

بەپێچەوانەی ئایینی کۆمەڵگەی خودایی، ئاین لە کۆمەڵگەی دونیایدا لە سەرەتادا بریتییە لە ئایینی (چینێک) نەک ئایینی (گرووپ)ێک. ئایین لە کۆمەڵگەی خوداییدا فاکتەری یەکبوون و پێکەوەبەستنی مەزنە، لەکاتێکدا لە کۆمەڵگەی دونیایدا ئایین فاکتەری دابەشبوون و تەقینەوەیە(٤٦).

هەروەها دوانێتی بیرکردنەوەش زیاتر لە کۆمەڵگەدا بەڕوونی دەردەکەوێت وەک لە تاک تاڕادەیەک لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی ئاستی سەرەتاییان جێهێشتووە، کەم و زۆر جۆرێک لە بیرکردنەوەی دووفاقی تێدایە(٤٧). عەرەب دەوارنشین و خێڵەکی بوو سرووشتی عەرەبیش جیاواز بوو لەگەڵ ئەو ئایینە نوێیەی کە محەمەد (د.خ) بڵاویکردەوە.

بوونی کۆمەڵگەیەکی دونیایی هاوشان لەگەڵ ئاینێکی نوێ(ئیسلام)دا هۆکارێک بوو بۆ دروستبوونی سرووشتێکی مرۆیی عەرەبی، لەلایەک ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییانەی کە تاکی عەرەبی لەسەری گەورە ببوو لە چەک و هێز و شەڕ و دەسەڵات، لەلایەکی دیکە هاتنی ئاینێک کە داوای ئاشتی و دادپەروەری دەکرد.

لایەنێک کە لەسەر ئەو دابە کۆمەڵایەتییە گەشەی کردبوو، لایەنێکی دیکە کە پێچەوانەی ئەو دابە بوو کە هەبوو. دوو ڕێگەی جیاواز کە ڕێگەی لووتبەرزیی و گیانی جەنگاوەری بوو ئەوی دیکە ڕێگەی ئاشتیی و خاکەڕایی بوو. بڵاوبوونەوەی ئاینێکی نوێ لەنێو عەرەبدا کە گیانی خێڵگەرایی چەسپا بوو لەنێو ژیانیاندا ئاسان نەبوو بۆ قبوڵکردنی. بەجۆرێک باوەڕێکی ڕەهایان بۆ سەرۆک و خێڵ و یاساکان هەبوو. ئەمەش وایکرد وەرگرتنی ئایینی نوێ کارێکی ئاسان نەبێت. بەڵام لەدوای چوونە نێو قۆناغی جەنگ لە

نێوان هەردوولادا بوونی بەرژەوەندییەکان وایکرد بێنە ناو ئایینی نوێوە و بەڕواڵەت مسوڵمان بوونی خۆیان ڕابگەیەنن.

ئامانجی ئیسلام و پەیامبەرەکەشی لەوکاتەدا هەوڵدان بوو بۆئەوەی گیانی خێڵگەرایی لەلای دەوارنشینەکان لەناوبەرێت و گیانی ئاینخوازییان تیادا بچێنێت، بەڵام زۆر زەحمەت بوو دەوارنشین بەخێرایی واز لە گیانی خێڵ بهێنێت کە لەسەری ڕاهاتبوو. بەمجۆرە دەوڵەتی ئیسلامی بەچەند (قۆناغێکی مێژوویی)دا تێپەڕی کە تەواوی ئەو قۆناغانە دەرخەر و بەرجەستەکەری دوانێتی میسالی بوون و واقیعی بوون، ئەوانیش:

قۆناغی یەکەم: قۆناغی خەلیفەکانی ڕاشیدەینە، کە لەدوای مەرگی پێغەمبەر دەستیپێکرد و سی ساڵی خایاند، کە بریتی بوو لە لوتکەی خۆبەستنەوە بە ئایین. قۆناغێکی کورت بوو، بەڵام بریتی بوو لەو هێمنیی و بێدەنگییەی پێش زریانە گەورەکە دەکەوێت.

قۆناغی دووەم: قۆناغی بەنی ئومەییە و دەوڵەتی ئومەوی کە بۆ سەدەیەک بەردەوام بوو، لەسەر بنەمای دونیای ماتریالی واقعی و عەلمانی دامەزرا.

قۆناغی سێیەم: قۆناغی بەنی عەباس و دەوڵەتی عەباسی بوو تا داگیرکردنی بەغدا لەلایەن مەغۆلەکانەوە لە ساڵی ١٢٥٨ بەردەوام بوو و دواتر ڕووخا، ململانێیەکی توندی بەخۆوە بینی لە نێوان ئاینی میسالی پیرۆز لەلایەک، دونیای ماتریالی و واقعی لەلایەکی تر، کە دواتر سەرەتای سەدە تاریکەکانی ئیسلامی دەستپێکرد.

## هۆکارەکانی دووانێتیەکانی کەسێتی عێراقی

وەردی هۆکارەکانی ئەم دووفاقییەی کەسێتی عێراقی ئاراستەی سێ لایەن دەکات:

١. لایەنی ژیاری: بەوپێیەی عێراق کەوتۆتە پەراوێزی دەوارنشینی و مەدەنیەت. هەروەها عێراق لە کۆندا چەندین بیابانی لێبووە کە بە سیفەتێکی تایبەت جیاکراوەتەوە. کە بریتی بووە لە وشکاییەکی زۆر، جگە لەوەی لە سەدە کۆنەکاندا ئاوی زۆری لێبووە و بەروبووم و خێراتێکی زۆری هەبووە. بەمەش ژمارەی دانیشتوانی زۆر بووە، ئەمە جگەلەوەی عێراق زۆرترین بەشی شەپۆلی کۆچکردنی بەرکەوتووە، بەهۆکاری بەپیتی زەویی و شوانکاریی و ئاژەڵداریی و کشتوکاڵی. ئەمەش وایکرد ببێتە هۆی دروستبوونی دوو چین، یاخود دوو ژیار ئەوانیش ژیاری دەوارنشینی جەنگاوەر، لەلایەکی دیکە ژیاری کشتوکاڵی ملکەچ.

٢. لایەنی کۆمەڵایەتی: لە خێزانی عێراقیدا دیاردەی بەشبەشکردن یاخود دابەشبوون هەیە. مەبەست لەو بەشکردنەش ئەو دابەشبوونەیە کە لە شێوازی ژیانی نێوان پیاو و ژن و منداڵدا تێبینی دەکرێت. ژیانی پیاو وەک باڵادەستی بەسەر خێزان، ژیانی ژنیش کاروباڵی ماڵەوە و بەخێوکردنی منداڵ، ژیانی منداڵیش یاریی و چوونە دەرەوە و ژیانی کۆڵان و گەڕەکەکانە بەبێ ئەوەی گرنگی پێبدرێت.

٣. لایەنی دەروونی: کە لەگەڵ فاکتەری کۆمەڵایەتیدا لەیەکدی جیانابنەوە. فاکتەری دەروونیش دۆخی هەستکردن بە بەدبەختییە کە دەروون وێران دەکات. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کاتێک خود پلەیەکی بڵندی بۆخۆی کێشاوە و بەشایستەی کەسی دیکەی نازانێت و، هەمیشە هۆکاری بەدبەختییەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ دەوروبەر. هەروەها ئەو جیاوازیی و جیاکارییەی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا دەکرێت، کە دەبێتە هۆی چەپاندنی هەندێک حەز و ئارەزوو و ویست.

خاڵێکی دیکەش کە شایەنی ئاماژە پێدانە (کاریگەری زمان)ە. مەبەست لەمەش (زمانی میللی) زمانی کاری ڕۆژانە، (زمانی پەتی ((زمانی نوسین) و (گوتار)ە. کە فاکتەرێکی

دیکەی سەرهەڵدانی دووفاقییە. بەوپێیەی زمان کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بیرکردنەوە، پەیوەندییەکی بەهێزیش لە نێوان بیرکردنەوە و زماندا هەیە. بۆیە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو دووجەمسەرییە جیاوازی زمانی ڕۆژانە و نووسینە. ئەمەش وەک دوو شێوازی جیاوازی بیرکردنەوە. هەربۆیە تاک لە ژیانی واقیعدا گرنگی بە ڕەوانبێژیی و شێوازی بەکارهێنانی ڕێزمان نادات، بەڵکو ئەوەی بەلایەوە گرنگە زمانێکی عەمەلی سادەیە کە بەبێ تەمومژ مانا بگەیەنێت. هەربۆیە لای وەردی ئەم هۆکارە یەکێکە لە هۆکارە گەورەکانی دووفاقی کەسایەتی(٥٠).

ئەم هۆکارانەش خاڵی بنەڕەتین لە دروستکردنی کەسێتی تاک، لەوەی لە منداڵییەوە وەریدەگرێت تا گەورەبونی. کە کاردەکاتە سەر بەها شاردراوەکانی نێو نەست، کە بەگەورەبوونیشی گەشە دەکات و لەوانەشە تا ساتی مردنی لە ناخی مرۆڤدا بمێنێتەوە(٥١).

جگەلەوەی دووجەمسەری بوونی کەسێتی کاردەکاتە سەر پەیوەندی خۆشەویستی و ڕێز، وەک ئەوەی وەردی ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: «تێبینم کرد لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا گەر ڕێز لە کەسێک بگرین، خۆشەویست نییە. بەپێچەوانەشەوە گەر کەسێکمان خۆشویست، ڕێزدار نییە. بەڵکو ئێمە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتماندا دەشتەکین و لاواز بە سوک سەیر دەکەین و ڕێز لە بەهێزەکان دەگرین. کە ئەمەش لە دووجەمسەریەتەوە سەریهەڵداوە»(٥٢).

**چارەسەرەکان:**

بۆیە وەردی پێیوایە تاکی عێراقی گرفتاری نەخۆشییەکی شاراوە بووە کە ئەویش کەسایەتی دوانێتییە (دوو ڕوو). لەبەرئەوە چارەسەرییەکانی دەستنیشان دەکات کە ئەوانیش بریتین لە:

١. لابردنی حیجاب لەسەر ژنان و بەرزکردنەوەی ئاستیان، هەروەها هێنانی ئافرەتان بۆ نێو جیهانی پیاوان، تا بەهاکانیان یەکبگرن، ب ئەوەی لە تێگەشتن و ئامانجدا لەیەکدی بچن. لێرەدا مەبەست لە ئازادکردنی ئافرەتە لەوەی هەڵیدەبژێرێت نەک لابردنی حیجاب وەک لادان لە ئایین.

٢. کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان زمانی میللی و زمانی پەتی، واتا قسە و گوتار یەک زمان بێت.

٣. بوونی شوێنی تایبەت بۆ منداڵان لە یاریکردن و باخچەی ساوایان تا لەژێر سەرپەرشتی کەسانی شارەزادا بۆ ژیانێکی باش ئامادە بکرێن. کە مەبەست بوونی پەروەردەیەکی تەندروستە بۆ منداڵ. هەروەها فێربکرێن ئەو هێزەی ئەمرۆ حوکمی جیهان دەکات بریتی نییە لە هزی تاکەکەس بەرامبەر تاکە کەسێکی دیکە، یان شمشێرێک بەرامبەر شمشێرێکی تر، بەڵکو بریتییە لە هێزی زانست و پیشەسازیی و سیستەم. ئەوەشی لەم بوارانەدا شکست بهێنێت لە بوارەکانی دیکەی ژیانیشدا سەرکەوتوو نابێت، هەرچەندە بانگەشەی هەق بکات و خۆی بە نموونەی باڵا نیشان بدات(٥٣).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاقڵ نییە، وەک ئەوەی فەیلەسوفە دێرینەکان خەیاڵیان دەکرد، بەڵکو مرۆڤ لە بیرکردنەوە و ڕەفتاریدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەندین فاکتەری نەستییەوە کە خۆی شتێکی کەمیان لێ دەزانێت. یاخود هەندێک جار بێئاگایە، گرفتەکەش ئەوەیە مرۆڤ وادەزانێت ئازادە و هەموو شتێک بەپێی هەڵبژاردن و ویستی خۆیەتی. بە ئەقڵ و لۆژیک و ژیری بیرکردنەوە، ڕەفتاری خۆی دیاری دەکات(٥٤). بە پێچەوانەشەوە ئامۆژگاری زیانی گەورەی دەبێت لە دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤدا ئەگەر ئامانجی پێچەوانەی بەهاکانی نەریتی کۆمەڵایەتی بێت(٥٥).

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١. www.Marefa.org المعريفة: تاريخ ـ اجتماعی/
محمود عبدالواحد محمود القیسی: علی الوردی و السوسیولوجیا التاریخیة، دار و مکتبة عدنان، الطبعة الاولی
٢. بغداد، ٢٠١٤، ل٢٠. ٢.
٣. محمود عبدالواحد محمود القیسی: علی الوردی و السوسیولوجیا التاریخیة، ل٢.
٤. محمود عبدالواحد محمود القیسی: علی الوردی و السوسیولوجیا التاریخیة، ل٢١
٥. محمود عبدالواحد محمود القیسی: علی الوردی و السوسیولوجیا التاریخیة، ل٩
٦. عەلی وەردی: وانەکانی ژیانم، وەرگێڕ:د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چ٣، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٣٢
٧. هەمان سەرچاوە.
٨. محمود عبدالواحد محمود القیسی: علی الوردی و السوسیولوجیا التاریخیة، ل١٠
٩. عەلی وەردی: کەسایەتی تاکی عێراقی، وەرگێرانی:د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سلێمانی ، ٢٠١٩، ل١٤
١٠. هەمان سەرچاوە، ل٣٣
١١. عەلی وەردی: لەسروشتی هەشتا ساڵیدا، وەرگێڕانی: عەبدوڵلا مەهدی، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١٨ و دواتر.
١٢. عەلی وەردی: واعیزەکانی سوڵتان، وەرگێڕانی:عەبدوڵلا جەبار شەمسەدین، چ١، سلێمانی، ٢٠١٩، ل١١٤
١٣. عەلی وەردی: وانەکانی ژیانم، ل١٥
١٤. عەلی وەردی: کەسایەتی تاکی عێراقی، ل٣٤
١٥. عەلی وەردی: واعیزەکانی سوڵتان، ل٤٥.
١٦. کامەران محەمەد: کلتوور لە نێوان وەرگرتنو رەتکردنەوەدا، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٣٣
١٧. محمود عبدالواحد محمود القیسی: علی الوردی و السوسیولوجیا التاریخیة، ل٣٢
١٨. عەلی وەردی: وانەکانی ژیانم، ل٤٥
١٩. عەلی وەردی: واعیزەکانی سوڵتان، ل٣١و دواتر.
٢٠. عەلی وەردی واعیزەکانی سوڵتان، ل٢٦٦
٢١. عەلی وەردی: لێکۆڵینەوەیەک لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، وەرگێرانی د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٥١.
٢٢. عەلی وەردی: لە سروشتی هەشتا ساڵیدا، ل٦٣
٢٣. عەلی وەردی: وانەکانی ژیانم، ل ٢١
٢٤. عەلی وەردی: وانەکانی ژیانم، ل ١٥٩و دواتر.
٢٥. هەمان سەرچاوە، ل ٩٦و دواتر.
٢٦. هەمان سەرچاوە، ل ٤٣
٢٧. عەلی وەردی: وانەکانی ژیانم، ل ٨٨ و دواتر.
٢٨. محمود عبدالواحد محمود القیسی: علی الوردی و السوسیولوجیا التاریخیة، ل١٠٤
٢٩. عەلی وەردی: وانەکانی ژیانم، ل ٥٠-٥١
٣٠. هەمان سەرچاوە، ل٥٢ و دواتر.
٣١. هەمان سەرچاوە، ل ٥٤
٣٢. محمود عبدالواحد محمود القیسی: علی الوردی و السوسیولوجیا التاریخیة، ل ١٠٣.
٣٣. عەلی وەردی: واعیزەکانی سوڵتان، ل٣٣
٣٤ هەمان سەرچاوە، ل١١٥.
٣٥. عەلی وەردی: کەسایەتی تاکی عێراقی، ل ٦٩.
٣٦. عەلی وەردی: کەسایەتی تاکی عێراقی، ل ٦٨ و دواتر.
٣٧. هەمان سەرچاوە، ل ٧٨ و دواتر.
٣٨. هەمان سەرچاوە، ل ١٠٦
٣٩. عەلی وەردی: لێکۆڵینەوەیەک لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، ل ١٥٣
٤٠. محمود عبدالواحد محمود القیسی: علی الوردی و السوسیولوجیا التاریخیة، ل ١٠٤
٤١. عەلی وەردی: واعیزەکانی سوڵتان، ل ٣٢
٤٢. محمود عبدالواحد محمود القیسی: علی الوردی و السوسیولوجیا التاریخیة، ل٧٤
٤٣. عەلی وەردی: لێکۆڵینەوەیەک لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، ل ٢٠٣ و دواتر.
٤٤. عەلی وەردی: لێکۆڵینەوەیەک لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، ل ٥٧.
٤٥. هەمان سەرچاوە، ل٤٣ و دواتر.
٤٦. هەمان سەرچاوە، ل ١٣٩.
٤٧. هەمان سەرچاوە، ل ٥١
٤٨. عەلی وەردی: کەسایەتی تاکی عێراقی، ل ٧٣ و دواتر.
٤٩. عەلی وەردی: واعیزەکانی سوڵتان، ل ١٧٠.
٥٠. هەمان سەرچاوە، ل ٨٧.
٥١. عەلی وەردی: کەسایەتی تاکی ئێراقی، ل١١٦
٥٢. عەلی وەردی: وانەکانی ژیانم، ل١٥٠
٥٣. عەلی وەردی: واعیزەکانی سوڵتان، ل ٢٧.

## لە ئەرشیفەوە



# سێ زانای ناو ونبووی کورد




**پ.ی.د. هێمن عومەر خۆشناو**

لەدایکبووی ١٩٨٣، دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی، خاوەنی ژمارەیەک کتێبی چاپکراو و چەندین وتار و توێژینەوەی زانستی بڵاوکراوەیە.

شاری ئەرزەڕۆم لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بە یەکێک لەو شارانە دەهاتە حسێب کردن کە زۆرترین ئەو شار و شارۆچکانەی کە بەو شوێنە بەندیواربوون دانیشتوانەکانیان کورد بوون. تەنانەت خودی ئەرزەڕۆمیش بەشێکی زۆری کورد بووە. هەروەها ناوەندێکی گرنگی سەر ڕێگەی کوردان بووە بۆ شاری ئەستەنبوڵ، لەوەدا هەموو ئەوانەی لە باشووری کوردستانەوە بیانویستایە بچنە ئەستەنبوڵ قۆناغێکی مانەوەیان شاری ئەرزەڕۆم بووە.

کتێبی (تاریخچەء ارضروم مأخوذ همشهریلرە آرمغان) کە نووسەرەکەی (محمد نصرت)ە و لە ساڵی ١٣٣٨ ی کۆچی بەرامبەر ١٩٢٢ی زایینی لە چاپخانەی (علی شکری) ئەستەنبوڵ چاپکراوە. کتێبەکە (١٣٠)لاپەڕەیە و لە دوای پێشەکییەوە باسێکی کورتی مێژووی ئەرزەڕۆمی کردووە و پاشان کورتە ژیانی چەندین زانا و کەسایەتییەکانی ئەو شارەی نووسیوە. لەو چوارچێوەیەدا باسی سێ زانای کوردیشی تێدایە، کە بریتین لە:

### یەکەم/ مەلا مەقسوودی سلێمانی

ناوی ئەم زانایە بە مەقسوود ئەفەندی هاتووە و نووسەری کتێبەکە ئاماژە بەوە دەدات کە لە بنەڕەتدا کوردە و لە وڵاتی کوردانەوە دوای تەواوکردنی خوێندن هاتۆتە ئەرزەڕۆم و لێرە لە ئەرزەڕۆم نیشتەجێ بووە. هەموو ژیانی خۆی لە مەدرەسەی ئیبراهیم پاشا لە ئەرزەڕۆم بەسەربردووە و زانایەکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە. حاشییە و تەعلیقاتی لەسەر تەفسیری بەیزاوی نووسیوە. لە ساڵی ١١٧٤ی کۆچی وەفاتی کردووە و لە گۆڕستانی ئەرزنجان نێژراوە(١).

عەبدولرەزاق تورک لە ڕۆژنامەی ئەرزەڕۆم لە ٢٨ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٠ لە گۆشەکەی خۆی بەناوی چراکانی ئەرزەڕۆم، بەشی (٤٥)ی بۆ ئەم مەقسوود ئەفەندییە تەرخان کردووە و تێیدا چەند زانیارییەکی تر دەخاتە سەر زانیاری پێشوو. ئەو پێیوایە مەقسوود ئەفەندی خەڵکی سلێمانییە، ئەگەرچی لەو مێژووەدا هێشتا سلێمانی بنیاد نەنرابوو، بەڵام سلێمانی لێرەدا بە واتای دەشتی شارەزوور هاتووە. هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە ناوبراو دەرسی بە محەمەد ثاقب ئەفەندی گوتووە کە یەکێکە لە دیارترین زاناکانی ئەرزەڕۆم بەتایبەتی لە ماتماتیک و فیقهدا دەریایەکی گەورەی زانستە. ئەو گۆڕستانەی کە مەقسوود ئەفەندی تێدا نێژراوە، بەهۆی گەورەبوونی شار، لە ساڵی ١٩٣٠دا گۆڕەکان دەگوێزرێنەوە شوێنێکی تر و لەوێ بۆ جاری نوێ گۆڕەکەی دەکەوێتە تەنیشت گۆڕی قازیزادە موفتی محەمەد ئەفەندی و چەند زانایەکی تر(٢).

دوای سۆراغکردنی زیاترمان سەبارەت بەم زانایە، لە پێرستی دەستخەتەکانی کتێبخانەی سولەیمانییەی ئەستەنبوڵ، ناوونیشانی کتێبی (رسالة فی حق مسألة الاختیار الجزئیة)م کەوتە بەرچاو، کە نووسەرەکەی (مقصود بن شاه السلیمانی)یە و ناسراوە بە مەقسوود ئەفەندی. ئەگەری زۆرە ئەم مەقسوود ئەفەندییە هەمان ئەو زانایە بێ کە لێرەدا باسمان کرد. کتێبەکە بە زمانی عەرەبییە و (چاوشیزادە علی بن حسین الترابزونی) لە ساڵی ١١٧٧ی کۆچی نووسیویەتییەوە و لە کۆلکسیۆنی قاسیدەجیزادە بە ژمارە (٠٠٦٧٢-٠١٠) و بە لاپەڕەی (٨١a-٩١a vr.) و ژمارەی دەستخەتی (٧٢٠) پارێزراوە.

هەروەها لە کتێبی (عثمانلی مؤلفلری) باسی ئەم زانایە دەکات و بەرهەمەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە دادەنێت:

١- حاشیة تفسیر القاضی الی سورة الاعمران

٢- شرح شافیة


٣- شرح کلمەء توحید (٣)

## دووەم/ محێ خۆجە

لە بنەڕەتدا کوردە، لە منداڵییەوە لە کوردستانەوە چووەتە ئەرزەڕۆم، لە ئەرزەڕۆم لە لای سۆلاقزادە خوێندنی تەواوکردووە و ئیجازەی زانستیی وەرگرتووە. کەسێکی پارێزکار و لەخواترس بووە. تا مردن بە ڕەبەنی ژیاوە و ژنی نەهێناوە. لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی بووە. زستانان لە گەڕەکی یونجەلیق دەمایەوە و دەرسی بە فەقێیان دەگوتەوە. هاوینانیش دەچووە دەشت و دەر. خەڵک کەرامەتی لێ دەگێڕنەوە. لە ساڵی ١٣١٨ی کۆچی وەفاتی کردووە و لە مەدرەسەکەی خۆیدا نێژراوە(٤).

## سێیەم/ حاجی محەمەد بابا

کوڕی موفتیی سلێمانی بووە. لە سلێمانی و دەوروبەری خوێندوویەتی و دوای ئەوەی خوێندنی تەواوکردووە، چووەتە بەغداد و ماوەیەک لەوێ ماوەتەوە. دواتر چووەتە ئەرزەڕۆم. تا مردووە هەر سەیر و سلووکی کردووە. زۆر تێکەڵی خەڵک نەبووە. لە حوجرەکەی خۆیدا گۆشەنشین و دوورەپەرێز بووە. ئەگەر میوانێکی هاتبێ، وەگەرنا شەو و ڕۆژ مژوولی خواپەرستی بووە. لەبەرئەوەی هەوای ئەرزەڕۆم ساردە و لە هاوینانیشدا فێنکە، هاوینان دەچووە دەشت و دەر. دەست و دیاری لە خەڵک وەرنەدەگرت. لە دونیا بەکەمگریی و زوهددا «شبلی» سەردەمی خۆی بووە، لە گەنجیدا زۆر شوێن گەڕاوە. (١١١) ساڵ ژیاوە. لە ژوورێک لە ژوورەکانی حوجرەی ئەسعەد پاشا لە ساڵی ١٣١١ی کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێ نێژراوە(٥).


تاریخچهٔ ارضروم
11-5-1926
Karahanoğlu Muhtar Kitapları
همشهریلره آرمغان
مؤلفی
محمد نصرت
Atatürk Üniversitesi Kütüphanesi
Dmb. No: 39235
علی شکری مطبعەسی - استانبول
١٣٣٨

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١- تاریخچەء ارضروم مأخوذ همشهریلره آرمغان، مؤلفی محمد نصرت، علی شکری مطبعەسی، استانبول ١٣٣٨، ص١٠٠

2- http://www.erzurumgazetesi.com.tr/yazar/Erzurum-un-Kandilleri-45-Buyuk-Maksut-Efendi/2443/

3- Osmanlı Müellifleri, Bursalı Mehmed Tâhir Efendi ,1. Cild, meral yayınevi, beyazıt – İstanbul.s 409.

٤- تاریخچەء ارضروم مأخوذ همشهریلره آرمغان، مؤلفی محمد نصرت، علی شکری مطبعەسی، استانبول ١٣٣٨، ص١٢٤

٥- سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٥.



# کیمیابارانی هەڵەبجە

## لە بیرەوەری محەمەدی حاجی مەحموددا

چاوپێکەوتنی: عادل صدیق عەلی

**ئەم دیدارە یەکێکە لەو دەیان چاوپێکەوتنەی کە ساڵی (٢٠١٢-٢٠١٤) ئەنجاممان داون بەمەبەستی دەستخستن و وەرگرتنی زۆرترین زانیاری لەو کەسانەی کە شاهیدحاڵی رۆژانی یەکەمی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بوون یان کارەکتەری نێو رووداوەکانی ئەو رۆژانەبوون یاخود بەرپرسیارێتییان هەبووە لەنێو هێز و گرووپە کوردییەکانی بەشدار لە هێرشی سەر هەڵەبجەدا، دیدارەکە دوای چەندین مانگ لە چاوەڕوانی رۆژی ٢٠١٣/١١/٢٥ لەگەڵ بەڕێز محەمەی حاجی مەحمود لە ماڵەکەی خۆی لە گوندی گوڵەخانە ئەنجامدراوە.**

ئێران و فراوانکردنی بەرەکانی جەنگ: لە هەموو حاڵەتەکاندا دوژمنی دوژمنم دۆستمە، لەوکاتەی کە ئێران هاتە ناوچەکە دژی حکومەتی عێراقی، حکومەتی عێراقی ئەیویست کورد لەناوبەرێت، هەموو هەوڵەکانی دەستپێکردبوو بۆ سڕینەوەی کورد لەسەر جوگرافیای کوردستان، هەوڵی دەدا کورد بە هەموو شێوەکان بسڕێتەوە، ئەمانە وایکردبوو کە لایەنە سیاسییەکانی کوردیش هەوڵبدەن چیان پێ دەکرێت لە دژی حکومەتی عێراقی بەکاری بهێنن. ئێمەش هەتا سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی ئێران کە نەفەسێکی بە کورددا، ژمارەی مەفرەزەکانمان لە ١٠ پێشمەرگە تێنەدەپەڕی، ئەوە حاڵی نەک تەنها سۆسیالیست بەڵکو هەموو لایەنە سیاسییەکان بوو، لەوە زیاتریان نەدەتوانی، واتە لە ١٠ کەس زیاتر بڕوات بۆ ناوچەیەک و بگەڕێتەوە، کە شۆڕش لە ئێران سەرکەوت، گۆڕانکارییەک بەسەر ژیانی پێشمەرگەدا هات، بەنموونە بریندارەکانمان لە ئێران چارەسەر دەکران...

دواتریش کە جەنگی عێراق – ئێران دەستپێکرد، لە ناوچەی خوڕەمشەهر و ئەو ناوچانەوە و شەڕ درێژەی کێشا و پەرەیسەند هەتا گەیشتە کوردستان، لەو حاڵەشدا ئێمە بمانویستایە و نەمانویستایە دەبووین بە بەشێک لە شەڕەکە، چونکە بەرامبەرەکەت عێراق بوو، عێراقیش خۆی بەهێز کرد بوو، نەک تەنها بۆ شەڕی کورد، بۆ شەڕی ئێران و دەستگرتن بەسەر ئێراندا، ئەو چەک و ئیمکانیاتەی کە عێراق ئامادەی کرد بۆ شەڕ بەرامبەر بە دەوڵەتێکی گەورەی وەک ئێران دژی ئێمەش بەکاریهێنا، بەر لە هەڵەبجەش چەند جارێک چەکی کۆکوژ و کیمیاویی (بەمەحدودتر) لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا بەکاریهێنا، بەوهۆیەشەوە ئێمە بریندارمان هەبوو، تەنانەت خەڵکیش شەهید بووە. کاتێک کە شەڕ لە باشووری عێراق پەرەیسەند زیاتریش لە ناوچەی جەزیرەی مەجنون و فاو و ئەو ناوچانە، ئێران هاتە پێشەوە فاو و هەندێ شوێنی دیکەی گرت، بەنموونە بیرە نەوتەکانی ڕومێلە و ئەو ناوچانەی گرت....

ئەمریکا بۆ پشتیوانی لە عێراق ڕامسفێڵدی وەک مستەشار بۆ بەغداد نارد، وەک مستەشاری سەدام کاری دەکرد، ئەوەبوو ئێرانیان لە جەزیرەی فاو بەسودوەرگرتن لە بەکارهێنانی لەیزەر دەرکرد، لە دوو سێ شوێنی تر لێیاندان، فشار کەوتە سەر ئێرانییەکان، لەبەرئەوە بڕیاریاندا بەرەکانی شەڕ فراوان بکەن، هێزی عێراقیش بەشی ئەو فراوانبوونەی نەدەکرد، چونکە هێزی زەمینی ئێران زیاتر بوو، ئێران بۆئەوەی جەبهەکە فراواتر بکات، لە خانەقینەوە هێنای وردە وردە هەموو سنوورەکانی کوردستان هەتا سنووری تورکیای گرتەوە.

ئێران کۆمەڵێک هێرشی ئەنجامدا، لەوانە والفجر ٩ هەتا شارباژێر ڕۆیشت، لە والفجری ٤دا ناوچەی پێنجوێن و دەوروبەری گرت، (والفجر) ێکی دیکەی بۆ ناوچەی برادۆست و لۆلان و ئەنجامدا و ئەو ناوچەیەشی گرت، ئەمانە وردە وردە فراوانکردنی شەڕەکە بوو.

ئێران پلانی خۆی هەبوو: بە تەئکید، خۆ وەزیری بەرگری ئێران و هەیئەی شەڕی ئێرانی نەدەهاتن لەگەڵ لایەنەکاندا گفتوگۆ بکەن، ئێمە چی بکەین؟ ئەوان بەرنامەی خۆیان هەبوو، بەرنامەی دەوڵەتێکە بەرامبەر بە عێراق لە شەڕدایە، هێزەکانی تر پەراوێزبوون لەوەدا.

ئەوان بیریان لەوە کردەوە بێنە ئەم ناوچەیە، بیرکردنەوەکە لە سەرەتادا دەربەندی بازیان و دەربەندیخان بوو، ئەو ناوچانە دابڕن و هێز بهێننە ئەم ناوچانەوە، وەک چۆن جاری پێشوو هێزەکانی یەکێتی گەیشتنە نەوتی کەرکووک، دەیانویست شتێکی لەو بابەتە بکەن، هێزەکان بە نهێنی ببەنە دەربەندی بازیان، زنجیرە چیاکانی ئەو ناوچەیە هەتا دەڕواتە سەرگەڵو بگرن، چونکە فشارێکی زۆر کەوتبووە سەر سەرکردایەتی یەکێتی لە سەرگەڵو و بەرگەڵو، ئەوکاتە شەڕی قەیوان ماوەت و ئەو ناوچەیە دەستپێکردبوو، یەکێک لەوانە کە لایەنە کوردییەکانی هاندا بۆ ئەم بابەتە یەکێتی نیشتمانی بوو هەتا لە ناوچەیەکی ترەوە بەرەیەکی دیکەی شەڕ بکرێتەوە بۆئەوەی ئەو فشارەی کە لەسەر سەرکردایەتی بوو کەمبکەنەوە. ئەمانە وایکرد کە ئێرانییەکان لە ڕێگەی قەرارگای ڕەمەزانەوە داوای کۆبوونەوەیەک لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بکەن.

لە یەکێک لە کتێبەکاندا نووسیومە، مێژووەکەی نازانم چەنی چەندە، کۆبوونەوەیەکمان لە کرماشان کرد، کاک مەسعود بارزانی بەنوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتبوو، نوێنەرانی یەکێتیش بریتی بوون لە کاک نەوشیروان و کاک فەرەیدون و کاک شەوکەتی حاجی موشیر، شێخ محەمەد خالید لە حیزبوڵڵا، سەید محەمەد باقر حەکیم و سەید عەبدولعەزیزی برای و هادی عامری لە مەجلیسی ئەعلا، نوێنەری ئێمەش بریتی بوو لە کاک ڕەسوڵ مامەند و من و خاڵە حاجی و شێروان شێروەندی. نوێنەرانی بزووتنەوەش بریتی بوون لە مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا مەلا عەلی برای، مامۆستا مەلا مەحمودی ئازادی، مامۆستا مەلا عەلی بیارە و مامۆستا شێخ محەمەدی بەرزنجی.

کۆبوونەوەکە بۆ ئەوەبوو هەماهەنگییەک بکرێت بۆ ئازادکردنی ئەو ناوچانە، بەڵام قۆناغی یەکەم تا دەربەندیخان و سەیدصادق و ئەو ناوچانە بوو، ئەوان داوایان کرد هێزەکانی ئێمە مەشقیان پێ بکرێت، ئەمە نزیکەی حەوت بۆ هەشت مانگ پێش کارەساتی هەڵەبجە بوو، واتە حەوت بۆ هەشت مانگ پێش هێرشکردن بۆ هەڵەبجە ئەم شتانە ڕوویانداوە، لەو کۆبوونەوەیەدا لە پارتی دیموکراتی کوردستان مولازم بابەکر وەک نوێنەر دانرا، لە ئێمە شێخ محەمەد شاکەلی و کاک شێروان دانرا، لە یەکێتی نیشتمانی شەوکەتی حاجی موشیر و فەرەیدون عەبدولقادر، لە بزووتنەوەی ئیسلامی مامۆستا مەلا عەلی دانرا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ئێرانییەکان گووتیان: ئێمە لە باشوورەوە فشارمان لەسەرە، بەرنامەیەکمان داناوە هێرشێک بکەین بۆ ئەو ناوچانە، ئێوە دەتوانن هاوکاریمان بکەن یاخود نا؟ یانی ئێمە بمانکردایە و نەمانکردایە ئێران هەر هێرشی دەکرد. یەکێتی نیشتمانی لە هەموومان سوورتربوو بۆ ئەو کارە، من نازانم ئەوان پێشتر ئەم بابەتەیان لەگەڵ ئێرانییەکان باس کردبوو یاخود نا، نوێنەرانی ئێران بەلایەنە سیاسییەکانیان ڕاگەیاند کە ئەوان ئیمکانیات و پێویستییان بۆ ئامادە دەکەن بۆئەوەی دەست بە مەشق بکەن.

ڕاهێنان بۆ هێرش: هێزەکانی پارتی هەر لە سەرەتاوە کێشەیان هەبوو، کاک نادریان لابردبوو، لەبری ئەو کاک حەمید ئەفەندییان هێنا بۆ ئەو ناوچەیە. زۆربەی پێشمەرگەکانیش پەیوەندییان بە

کاک نادرەوە هەبوو، بە گوێی کاک حەمیدیان باش نەدەکرد، لەبەرئەوە ئامادەنەبوون بۆ مەشقەکە بڕۆن، ئێمە لە دزڵی مەشقمان کرد، کۆمەڵێک سەربازی کۆنی عێراقی مەشقییان پێکردین، بەڵام هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی چوونە کرماشان و لە ناوچەی جوانڕۆ و بزووتنەوەی ئیسلامی لە باراماوای نزیک دزڵی ئێرانییەکان مەشقیان پێ کردن، وەک گووتم پارتی مەشقەکەیان نەکرد.

ئەم مەشقە بۆ خۆئامادەکردن بوو بۆ گرتنی ئەم ناوچەیە، ئەوکاتە نەمان ئەگووت بۆ هەڵەبجە، کە ئەمانەمان کرد ئەنجا هێزەکانی یەکێتی پێشنیازیان بۆ کردن دوای مەشقەکە شوینێک بدۆزنەوە وەک سرووشتی هەڵەبجە وابێت و مانۆڕی تیادا بکەن، دواتر هجومی بۆ بکەن و بیگرن، ناوچەکەیان دۆزیەوە پێموایە لە نێوان جوانڕۆ و باینگاندا بوو، لەوێ ئێرانییەکان گووتبوویان لەوانەیە لەم مانۆڕەدا نۆ پێشمەرگە شەهید ببێ و برینداریشتان هەبێت، کاک شەوکەت گووتبووی: کاکە بۆ نۆ پێشمەرگە لە ئێمە شەهید ئەبێ؟ خۆ هەڵەبجە بگرین نۆ پێشمەرگە شەهید نابێ، ئێمە وەعدتان ئەدەینێ کارەکە ئەنجامبدەین، بەڵام با ئەم مانۆڕە نەکەین، کاک شەوکەت مانۆڕەکەی نەکرد، هێزەکانیان ئامادەکرد، گووتیان ئێمە خۆمان شارەزای شوێنەکەین، هێزەکان ئامادەکرا...

**ئامادەکارییەکانی ئێران بۆ هێرش:** ئێرانییەکان هاتن تونێلێک لە مڵەخوردەوە لێ بدەن، یەکەمجار لە سورێنەوە تونێلێکیان لێدا، بیزەبت لە کانی کاکەوەیسەیە لە سورێن لای کانی پونڵە هەیە لەڕووی ئێرانەوە، لەمدیوەوە دێی نەوێیە، لە نەوێوە بێتە ئەمدیو، یان لە بانی بنۆکەوە بێتە ئەمدیوەوە، ئەمە یەکێک بوو لە تونێلەکان، تەقریبەن ٥٠٠ مەترێکیشیان بڕی، ئێستاش هەیە و ماوە، ئەوەیان بۆ نەکرا، دواتر وتیان لە کەڕەجاڵەوە بێتە ئەمدیو، شوێنەکە لە دەربەندی دزڵی بۆ کەڕەجاڵ، دەستیانپێکرد، ئیشێکی زۆریان لێکرد، شاخەکەیان بۆ نەبڕا، زەحتیان زۆر لەسەربوو، پەلەیان بوو بۆئەوەی عەمەلیاتەکە بکەن، من نەچووومە ناو تونێلەکەوە، بەڵام گەڵابە دەچووە ناوەوە بیست دەقەی پێ ئەچوو ئەنجا ئەهاتە دەرەوە، کە ئەمەشیان پێنەکرا ئەنجا هاتن بە کۆمەڵێک بیلدۆزەری گەورە و شۆفڵ جادەکەیان لە مڵەخوردەوە هەتاکو نزیکی پشتی زەڵم هێنا، کە شوێنێکە پێی ئەڵێن پلەی مەلا مستەفا(د.مستەفای زەڵمی). کاتی خۆی ئەوێ ڕێگایەکی ناخۆش بووە، مەلا مستەفا کرێکاری بۆ گرتووە هەندێک دەستکاری ڕێگاکەی کردووە، پیاوێکی خێرخواز بووە، ئێستاش لە هەولێرە، پلەکان ئەو چاکی کردووە بۆیە بەناوی ئەوەوە ناونراوە.

ئێرانییەکان بە شەو هەموو شوێنە سەختەکانیان بڕی و هاتنە خوارەوە، ڕێگاکەیان ئامادە کرد، تەنها خوارەوەی مابوو، ئەو شوێنەی کە مابوو ئاسانبوو، دەبابەکان دەیانتوانی بەئاسانی پیایدا بڕۆن، ئەو ئامێرانە هەم شۆفڵ بوون و هەم دەبابەش، بەئاسانی دەهاتنە خوارەوە. دوای تەواوکردنی ڕێگاکە هاتنە وشکەناو و لە وشکەناوەوە بۆ یالانپێ و هانەی قوڵ و شیرەمەڕیش. دەبابەکان لە شیرەمەڕەوە هاتنە گێڵەک و لەوێشەوە بۆ پردی زەڵم، بەکورتی ڕێگاکەیان ئاوا دروست کرد. لەولاشەوە هەوڵیاندا پردێک لە نێوان لمە و پێگەی نزیک گوندی سازان دروستبکەن.

ئاڕاستەی هێزی لایەنەکان بۆ هێرش: دوای ئەوەی بڕیاری هێرشەکە درا، بەرەکانی هێرش بەم شێوەیە دیاریکران:

- هێزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە گوندەکانی چنار و مۆردین و باوەکۆچەکەوە بەرەو گونە و سەراو و پریس بێنە خوارەوە.

- هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لای گوندەکانی هاوار و گریانە و دەرەتوێ و بۆین و وەزگێڵ و بەفری میریی و پشتی عەبابەیلێ و جەلیلەوە بێنە خوارەوە، بەگرتنی ئەو ڕەبایانە ئیتر هەڵەبجە سقوت ئەکات.

- هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەبوو لە تەوێڵە و بیارە و ئەحمەدئاواوە بێنە خواراوە، بەڵام لەبەرئەوەی لە تەوێڵە و بیارە ڕێگەی نەبوو، چونکە جەیشی عێراقی لێ بوو، ئەحمەدئاوایان هەڵبژارد.

- هێزەکانی ئێمەش(سۆسیالیست) لە چیای سورێنەوە بێنە خوارەوە، بەشێکمان بۆ ئەحمەدئاوا و بەشێکی تریشمان بۆ سەر بەحرەکە و گردی شەریف. لە ئەحمەدئاوا بەملاوە شاخی سورێنە هەتا ئەگاتە توتمان، ئەو بەینە پێی ئەڵێن سورێن، ئاوی زەڵم ئەیبڕێ بەو بەرەوە پێی ئەڵێن هەورامان تا ئەڕواتەوە پشتی هاوار و ئەمبەرەکەشی لە هاوار سەرئەکەوێت ئەوە بۆینە و بەفری میرییە و شنروێیە و تا دەڕواتە نەیجەڵە و سازان و ئەچێت بۆ ئەودیو بۆ چنار و مۆردین و گردەناوێ، ئەم ناوچەیەش پێی ئەڵێن باڵامبۆ.

بەکورتی لە سورێنەوە بۆ جادەی قەدەفەری، پردی زەڵم، قاجر، گردی شەریف، سەر بەحرەکەی دەربەندیخان، بۆ ئێمە دانرابوو، هەروەک پێشتریش گووتم هێزێکی تریشمان لە ئەحمەدئاواوە لەگەڵ هێزەکەی پارتیدا ڕۆیشتن بۆ تەپەکورە و خێڵی حەمە و بەشارەت و سیروان، تەنانەت دواتر پێشمەرگەیەکمان لە درۆزنە شەهید بوو.

**ژمارەی هێزی لایەنەکان:**

- سۆسیالیست (٣٠٠ ) پێشمەرگە، خۆم لێپرسراویان بووم.

- پارتی دیموکراتی کوردستان نزیکەی ٤٠٠ پێشمەرگە.

نزیکەی حەفتا هەشتا پێشمەرگەیان لە پێشەوە هێرشیان کرد، بەڵام دواتر لە ئەحمەدئاوا لەگەڵ سوپای پاسداراندا تووشی شەڕ بوون، بەوهۆیەشەوە دوو پێشمەرگەیان شەهید بوو، کە یەکێکیان ناوی ساڵحی مامە قالە بوو، کە لێپرسراوی هێزەکە بوو، ساڵح پێشمەرگەی کۆن و خەڵکی خورماڵ بوو، بەدەستی هێزەکانی ئێران شەهید بوو، ئەوەش وایکرد هێزەکەی پارتی زویر بن و لە هێرشەکە بەشداری نەکەن و بگەڕێنەوە بۆ ئەحمەدئاوا، ئەو ڕۆژە نەهاتنەخوار بۆ شەڕەکە. دواتر کە کاک نادر زانی هێزەکەی کاک حەمید ناڕوات بۆ شەڕەکە، هێزێکی هێنا و هاتە خوار، ئێمە بە فیلمی فیدیۆیی هەمانە. ئەو حەفتا هەشتا پێشمەگەی پارتی لەگەڵ هێزەکەی ئێمەدا بوون، ئەوانەی ئێمە لەو ناوچەیە نوری حەمەعەلی کە ئەوکات سۆسیالست لێپرسراویان بوو.

- هێزەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەورە بوو، نزیکەی ٨٠٠ پێشمەرگە ئەبوون، بەڕەحمەت بێ کاک قادر خەباتیان لە باڵەکایەتییەوە، پێشمەرگەکانی عەبدولڕەحمان سەید، هەرچی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەبوو لە حاجی ئۆمەران و ئەو ناوچەیە هێنابوونیان، هەموویان هاتبوون بۆ ئەم ناوچەیە. کاک شەوکەت لێپرسراوی موباشیری هێزەکانی یەکێتی بوو لەگەڵ کاک فەرەیدون عەبدولقادر.

**لێپرسراوەکانی یەکێتی بریتی بوون لە:** شەوکەتی حاجی مشیر، حەمەی حەمەسەعید، حامیدی حاجی غالی، شیخ عەلی شێخ حەمەساڵح ...هتد. هێزەکەیان زۆر بوو، من خۆم تەقدیرم کردن بە ٨٠٠ پێشمەرگە، جا ئیتر نازانم هەمووی هجومی پێ کرا یاخود نا، نازانم چۆن بوو.

ئەوان لە ١٣ی مانگ هجومیان دەستپێکرد، لە گوندەکانی هاوار و بۆینەوە، وەک گووتم ئێمە وەک سۆلسیالیست نزیکەی ٣٠٠ پێشمەرگەمان برد بۆ شەڕەکە، هێزەکانی تریشمان ئامادەبوو

لە سەرەوە و لە خوارەوە و شوێنەکانی تریش، ئەوە جگە لە مەفرەزەکانمان لە شارەکاندا. لە ١٤ی مانگ هاتینە خوارەوە بۆ شارەزوور، هەتا گەیشتینە سەر جادەکان. لەکاتی هێرشەکەدا لە پێشەوە مەفرەزەیەک ئەڕۆیشت بۆ دڵنیابوون و پشکنینی ڕێگا، بە نزیکەیی ٧٠ بۆ ٨٠ کەسێک لەپێشەوە ئەڕۆیشت.

ـ هێزەکانی تر بریتی بوون لە مەجلیسی ئەعلا (سوپای بەدر) کە هادی عامرییان لەگەڵ بوو، لێپرسراوی یەکەمیان وابزانم ناوی ئەبو عەلی بوو، پیاوێکی زەعیفی عەرەب بوو، خەڵکی خاڵص بوو.

ـ لە ئێرانییەکانیش چوار پێنج قەرارگا بوون لەوانە قەرارگاکانی ڕەمەزان و قودس، موحسینی ڕەزایی لێپرسراوی یەکەم و عەلی شەمخانیش جێگری بوو، عەلی شەمخانی لەگەڵ هێزەکانی ئێران بوو، دواتر بارەگاکەی لە خەرپانی دانا.

لە لێپرسراوەکانی ئێرانی ئەوانەی ناویانم لەبیر مابێ ئەمانە بوون: عەلی شەمخانی، زولقەدر، جەعفەری، بەڵام محەمەدی مقەدەم لێپرسراوی موباشیری هەموو پەیوەندییەکان بوو لەگەڵ هەموو هێزە کوردییەکاندا، ئەو چەک و ئیمکانیات و قیناعی گاز و دەرزی ئەترۆپین و شتەکانی دیکەی تەسلیم ئەکردین. لەڕاستیدا ئێمە پێشبینی کیمیاویمان کردبوو، ئەگەر نەمانکردایە قیناع و دەرزی ئەترۆپین و مەڵحەممان بۆ وەردەگرت، ئەمانەمان هەمووی پێ بووە. هەموو حیزبەکانیش لەو پێداویستییانەیان وەرگرتبوو.

**ئاگادارکردنەوەی خەڵکی:** سەبارەت بە لایەنەکانی تر من ئاگادار نیم، بەڵام من نزیکەی ١٥ بۆ ٢٠ ڕۆژ پێش هێرشەکە دوو مەفرەزەم نارد بۆ هەڵەبجە، حەمەڕەشی حاجی ڕۆستەمی شەمێرانی، کە ئێستا پارتییە لەگەڵ محەمەدی ساڵحی دەوڵەتیار، پێموگووتن خەبەر بدەن بە خەڵکی، بڵێن هجوم ئەکرێت بۆ ئەو ناوچەیە، با خەڵک ئاگای لە خۆی بێت، ڕەنگە حکومەت کیمیاوی بەکاربهێنێت، کە هاتنەوە وتیان کاکە ڕۆشتووینەتە کۆمەڵێک ماڵ لە هەڵەبجە، لەوانە ماڵی باقی مەحمودی ئەولقادر، عومەری حەمەساڵح (عومەری خاوەر) و غەریبی برای، کۆمەڵێ خەڵکیان پێ وتم، هەموویانم لەبیر نییە، ئێستاش حەمەڕەشی و کاکەحەمە هەر ماون، ئەم کەسانە هەندێکیان تەنزیمات بوون، هەندێکیشی دۆست و ناسراو و خزمی ئەو برادەرانە بوون، وتم برۆن، کە تۆ قسەیەکتدا بەیەکێک ڕەنگە ئەویش بە کەسێکی تر بڵێت، ئەویش بە کەسێکی تر، با خەڵکەکە خۆیان ئامادە بکەن و تیانەچن، گووتم پێیان بڵێن، لێرە نەبن باشترە، ئەگەر دێن بۆ ئێران ئێمە ئێستا ئەتانبەین، ئەگەر ئەچن بۆ سلێمانی با برۆن ....، وتیان پێماوتوون شتێکی وا هەیە، ماڵەکان بروایان نەکردووە و وتوویانە ئێرانە کوڵکە چۆن ئەتوانێت شتی وا بکات و قەناعەتیان کردووە.

**بەشداریکردن ئیجباری بوو:** ئیشەکە لە دەستی حیزبەکاندا نەبوو، بڕیارەکە لە دەستی ئێراندا بوو، بەڵام وەختێک برادەرانی ئێمە لەسەرەوە وتیان با بەشداری نەکەین ڕاهێنان کرابوو، چەک و قیناع و هەموو پێداویستییەکانی تر وەرگیرابوو، خۆ ئەگەر بەشداریت نەکرایە ئێرانییەکان هەر لە سنوورەکانیش دەریان دەکردی، هیچ مەجالێک نەمابوو. هێزە بچووکەکان لەم جۆرە شەڕانەدا پەراوێزن، شەڕی دوو وڵاتی گەورە بوو، مەگەر شارەزایی پیشان بدەی، ئەگینا هەموو هێزی لایەنە کوردییەکان بەقەد فیرقەیەکی ئێران نەدەبوون.

نامەکەی ڕەسوڵ مامەند: کاک ڕەسوڵ مامەند(بارەگای سەرکردایەتی لە گوندی کاولان بوو لە قەندیل) پێموابێ ١٠ی مانگ بوو نامەیەکی بۆ ئێمە نارد، لەنامەکەدا نەیگووتووە بەشداری

مەکەن، ئەڵێ خۆتان بپارێزن و ئاگاتان لە خۆتان بێ و ئەترسین تووشی زیان ببن ....هتد، ئەو نامە ئەگەر لە کتێبەکمدا نەبێت ئەبێ لە ئەرشیفەکاندا بێ، منیش وەڵامم دایەوە و گووتم: کاکە تۆ ڕاهێنان و هەموو ئیشەکانت پێ کردووین، هێزمان هێناوەتە خوار، تازە چۆن بگەڕێینەوە؟ شتیوا ناکرێت، بڕیارەکەش مەرکەزی درابوو.

**دەستپێکردنی هێرش:** هێرشەکە شەوی ١٢ لەسەر ١٣ دەستیپێکرد، ١٤ لەسەر ١٥ش هەر بەردەوام بوو، ئێمە لە دورەوە چاومان لێبوو لەسەر شنروێ و ئەو ناوچانە تەڵقەتەنور و ئەو شتانە ئەتەقین. ڕۆژی ١٥ی ئازار هێزەکانی یەکێتی هاتنە خوارەوە بۆ ناو هەڵەبجە، کە هاتنە ناو هەڵەبجە ئێمە لێرە بووین(زەڵم و بەرەی پێشەوە)، عێراق لێرە هجومی کرد، ئێمە نەمانهێشت بێت، لە سەیدصادقەوە دوو سێ هێرشیان کرد، ئێمە شکاندنمان، ئەنجا حکومەت لە هەڵەبجە شکا، دەبابەکانی ئێرانیش هاتنە خوار بۆ شیرەمەڕ و تەپەڕێزینە و پردی زەڵمیان گرت. لەوکاتەدا من لەسەر ڕێگاکە بووم، تەلەفونەکەمان وەرگرت، قایمقامی هەڵەبجە هاواری ئەکرد چۆن دەرباز ببین؟ هەر لەمکاتەدا سوپای پاسداران لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی لە پریسی خواروووەوە هاتن بەکراوایان گرت.

هێزی هەموو لایەنێک ٧٠-٨٠ پاسداری لەگەڵدا بوو، ئەمانە مەلۆتکە و سام شەشیان پێبوو بۆ هەلیکۆپتەر، لەگەڵ چەکی دژە ئاسمانی، خەڵکی شارەزایان لەگەڵدا بوو بۆ تەقاندنەوەی پرد و سەیارە و تێشکاندنی، ئێمە ٧٠ کەسمان لەگەڵدا بوو، بەدڵنیاییەوە یەکێتی لێپرسراوی هەموو هێزە ئێرانییەکانیان لەگەڵ بوو، ئەوان چوونە هەڵەبجە، لەگەڵ برادەرانی پارتی و بزووتنەوەی ئیسلامیش هێزیان هەبوو.

**چارەنووسی دیلەکان:** کە جاش و حکومەت شکان لە هەڵەبجە هەموویان هاتە لای ئێمە، ئەوانەی ڕوویان کردە بەحرەکە خنکان، ئەوانی تریش بەرەو لای ئێمە هاتن، شەڕیان لەگەڵ ئەکردین، بەڵام دواتر تەسلیم بوون، زیاتر لە ٣٠٠٠ سەرباز و جاش تەسلیمی ئێمە بوون، کۆمان کردنەوە، ئەوەی کە کورد بوو بەرمدان، هەتا مەجموعەیەک هەبوون لەوانە کاک عەبدولڕەحمان تریفەیی، کە بەرمدا کوڕەکەی زابت بوو لەگەڵیدا، ناوی جەمال بوو، وتی ئاخر ئەگەر ئەم کوڕەم بێ چەک بێتەوە لەگەڵمدا لەوێ حکومەت ئەڵێ: ئەی چەکەکەت چی لێهاتووە و چۆن بەریاندایت؟ ئیعدامی ئەکەن، تفەنێگیشمدا بە ئەو، ئەوەی کورد بوو هاوکاریم کرد و ڕۆیشت.

بەڵام هەندێکیان فێڵیان لێکردم، مولازم خالدیان تێکەڵ کرد نەمناسین، ئەویشیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو، ئەوەشی عەرەب بوو گلمدایەوە و کۆمکردنەوە و پێموتن کێتان خەریجی جامیعەن، چونکە ئەوەی خەریجی جامیعەیە بە زۆر ئەیانکردن بە عەسکەر، ئەیانکردن بە زابتی موجەنەدە شتێکی وابوو، ئەوەشم جیاکردەوە تەقریبەن ٣٠٠ کەس بوون، ئەوانیشم هەموو بەردان و گووتم برۆن. لە خۆمانەوە بەرمان نەدەدان، پرسیارمان لێ ئەکردن، ئەمانپرسی لەبەرچی بووی بە زابت، ئەیگووت خویندنم تەواوکردووە، ئیحتیرام بۆ شەهادەکەم نەجمەیەکیان داومەتێ. ئاخر زابتی موجەنەد جیابوو لەگەڵ یەکێکی تر، کە لە جوندییەوە ئەبوو بە زابت، ئەوە دیاربوو، تەمەنەکەشی ئەیخوارد، تەمەنیشی یەکێک بوو لەوانە، دوای ئەوە ئەوانی ترمان لەگەڵ خۆمان برد، قائید فیرقەکەشم گلدایەوە.

لە سەرەتادا مغاویرەکان کە ژمارەیان ٦٠٠ کەس بوو تەسلیم نەدەبوون، تاکو بەفێڵ ئێمە خۆمان کرد بە فورسان، وتم بە پێشمەرگەکان بڵێن ئێمە فورسانین، کە گووتمان فورسانین

ئاوەکە زۆر بوو هاتن، چەکەکانمان لێوەرگرتن و ئەنجا پێماون وتن پێشمەرگەین، فەرماندەکەیان خەریک بوو لە داخا خوێنی بوەستێت.

دواتر هێزەکانم کۆکردەوە، ئەو کاتە مەحمود گردی شەریفی و عەتا سەراوی و برایم قازی بریندار بوون، برینداری زۆرمان هەبوو، تەنانەت تۆپی ئێرانیش بەهەڵە لە ئێمەی ئەدا، بە پێشمەرگەکانم گووت بریندارەکان هەڵگرن، بۆئەوەی لێرە نەبین ئەبێ بچینەوە ئەحمەدئاوا و چەمی زەڵم، گووتم: سبەی حکومەتی عێراق کیمیاویمان لێ ئەدا!! ئەمەم بە هەموو پێشمەرگەکانم گووتووە.

پاشان لەگەڵ سەربازە دیلەکاندا چووین بۆ کەرەجاڵ بۆ مقەرەکانی خۆمان، هەندێ مقەڕمان لە کەرەجاڵ بوو، لەوێ دامانینان، جلی کوردیمان لەبەر کردن، بەڵام هەندێکیان ئێران پێی زانین، کە ئەوە سەربازە، تەنانەت یەکێکیان کە ئامۆزای کاک تۆفیقی ڕەعنا بوو کە زانیان سەربازە جلە کوردییەکانیان لەبەر داکەند و بە زۆر بردیان.

ڕۆژی ١٦ی ئازار: دوای ئەوە بە پێشمەرگەکانم گووت بگەڕێنەوە، کە هاتینەوە سەیر ئەکەین لە پردی زەڵمەوە سەیارەی عەسکەری وەستاوە هەتاکو ناو سیروان، ناو سیروانیش بە ڕێگەی بەشارەتدا هەتا تەپەکوڕە، لەولاوە هەتا هەڵەبجە، هەمووی سەیارەی پەکی کەوت و وەستاو بوو، عەیسکەرییە بەجێیانهێشتبوو خۆیان بەپێ هەڵهاتبوون، ئێمە چەند سەیارەمان بۆ ڕۆیشت ڕامانکێشا بۆ لای ئەحمەدئاوا، بۆ ڕۆژی ١٦ی مانگ گووتم بە پێشمەرگەکان بڕۆن بۆ هەڵەبجە، وتیان با لێرە ئیسراحەتێک بکەین، وتم باشە، یەکێک هات، گووتی: ئەڵێن هەڵەبجە تەواو بووە!! گووتم چۆن؟ وتی بەرەوەڵڵا وەزعی هەڵەبجە خراپە. خێرا مەفرەزەیەکم نارد، گەیشتبوونە لای گوندی عەنەب و گەڕابوونەوە، سەیرەکەم ئەگرین و ئاو بە چاویاندا دێت خوارەوە، گووتم چییە؟ گووتیان کیمیاوییە.

من ئەو کاتە لە کەرەجاڵ بووم، وتیان کورد تەواو، هەڵەبجە هیچی نەما، کە وایان وت ئیتر من هاتمە خوارەوە لەگەڵیان، بە ڤیدیۆش هەموو ئەوانەمان هەیە، ڕۆیشتم تا گەیشتمە ملەقەوی لای عەنەب، لەوێدا کۆمەڵێک منداڵی مردووم لەناو ئاوەکەدا بینی. کات سەعات ٣:٣٠ - ٤ی ڕۆژی ١٦ی مانگ بوو، کۆمەڵێک پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامیش لەوێ بوون، گووتم بۆ وەستاون؟ گووتیان بۆچی؟ گووتم خەڵک هەڵگرن با بیبەین، یەکێک ئەکەوت و یەکێک هەڵئەسایەوە، یەکێک هاواری ئەکرد و یەکێ پێئەکەنی، حاڵەتێکی سەیر بوو!! کەس نەیئەتوانی دەست بەکەسەوە بدات، بانگم کردن، وەرن، لە ڕێگا گەیشتم بە کاک شەوکەتی حاجی موشیر، چوومە گۆڕستانێک لای خارگێڵان، لەوێ کۆمکردنەوە، گۆڕستانەکە زۆر گەورە بوو، نازانم ئێستا ماوە یاخود نا، هەندێک لە کێلەکانیش بە قسڵ دروستکرابوون، گووتم ئەم خەڵکە ئەناسن؟ گووتیان نەخێر، گووتم چەند کەس ئەبێ؟ گووتیان نزیکەی ٢٠ هەزار کەس ئەبێ، گووتم کەس ئەمانە ئەناسێ؟ وتیان نەوەڵڵا، گووتم کاکە ئەو خەڵکە خۆ هەر ئەمرێت، ئێمە هاتووین بۆ مەزار، خۆ ئەگەر یەکێک پێشمەرگە بێت ئەدەیت بەلایدا ئیشارەت ئەکات ئەڵێ ئەو قەبری فلان پێشمەرگەیە، ئەوە قەبری فلان شەهیدە، ئەزانێ کە ئەمە جێی گرتووە بۆ میللەتەکەی، وتم ئێمە لێماندراوە، میللەت تیاچووە، لەباتی ئەوە ئەگرین بەدیار ئەو خەڵکەوە، بێن خەڵک ڕزگار بکەین، ئیتر باش بوو ئێرانییەکانیش هاتن، هەلیکۆپتەریان هێنا، بە باوەش و کۆڵ هەڵمان ئەگرتن، من دوو هەزار دەرزی ئەترۆپینم برد، دەرزیەکانمان ئەدا لە بریندارەکان، ژنێک وامانزانی مردووە، دەرزیەکەمان لێدا، هەستایەوە، دوو سەعات

بەپێ هاتبوو تا چووبووە لای خارگێلان، ئیتر هەلیکۆپتەر هات هەڵیئەگرتن، پاسداران بە کۆڵ هەڵیان ئەگرتن، جەوێکی ناخۆش بوو.

دوای ئەوە من گەڕامەوە بۆ کەرەجاڵ، ئەو خەڵکەی لە ڕێگەی ئێمەوە هات، زۆر بوون، کوڕی کاک ئەحمەدی وەستا قادر و کاک شێخ ئەحمەدی شێخ عەلادینی هەڵەبجە و مەجموعەیەکی تر هاتنە لای ئێمە و بەڕێمان کردن، هەموویمان بە ڤیدیۆ هەیە، هەر لەوکاتەشدا خەڵکێکی زۆر لە پردی زەڵم گیری خواردبوو.

ئەو خەڵکەی کە دەهاتن بەڕێمان ئەکردن بۆ ئێران، ڕۆژی ١٨ی مانگ گووتم بابچین بۆ هەڵەبجە، لە خورماڵەوە چووینە سیروان و دواتر هەڵەبجە، تەقریبەن هەڵەبجە کەسی تیادا نەمابوو، بە ڤیدیۆ تەصویرمان ئەکرد، کە چووینە گەڕەکی جولەکەکان جەنازەکەی کاک هیوای حیلمیم بینی، لەوێدا شەهید ببوو، چوومە ماڵی ئەحمەوی نانەوا، پیاو و ژن و مناڵەکان لە حەوشەکەدا هەموو مردبوون، ٦ یان ٨ بوون، ڕەقەمی ماڵەکەشیانم بە فیدیۆ گرتووە. چووینە ماڵێکی تر لەودیوی ئەوانەوە لای هاواری نوری حەلاو، هیوای حیلمی شاعیر لای ماڵی نوری حەلاوا بوو، ئەوانە لەوێ بوون. کاک عومەری خاوەرم بینی لەوێدا کەوتبوو، لە پەنای ماڵی ئەوان یەکێکی تر لە سەیارەکان پەکی کەوتبوو، هاتینەوە لە نزیک مزگەوتی (دارالاحسان)ی ڕێگەی عەنەب ژنێکی سووتاو کەوتبوو، پیاوێک بەپەلە هات، پێموابێ ناوی عەبدولخالق بوو، دەستیکرد بە بانگ و سەلا، دواتر کە چووە سەری وتی وەڵڵا ژنەکەی من نییە، ئێستاش ئەیبینم لە تەلەفزیۆندا، ئەو تەسویرە ئێمە کردوومانە. یەک کامێرەی کوردی هەبوو لەوێ، هی ئێمە بوو، هیچ هێزێکی تر پێی نەبوو، جگەلە ئێرانییەکان و دواتریش ئەوروپییەکان هاتن. دوای گرتنی وێنەکان ڕۆیشتمەوە بۆ عەبابەیلێ، لەوێ بارەگایەکمان دانابوو، لە دەڵەمەڕ تەماشای مریشکی دەواجینەکانمان کرد زۆربەی زۆریان مردبوون، ئەو پێشمەرگانەی لەوێ بوون مریشکە زیندووەکانیان سەرنەئەبڕی و نەئەخوارد، ئەوانەی هاتبوون بەلا سەریان ئەبڕین بۆ خواردن، کە لێمپرسین بۆچی زیندووەکان سەرنابڕن؟ گووتیان با ئەوانە بمێنن بۆ ڕۆژانی دواتر، گووتم ئاخر ئەوانە کیمیاوی لێیداون، گووتیان بە کوڵاندن هیچ ئاسەوارێکی کیمیاوی پێوە نامێنێت!!

ڕزگارکردنی پێشمەرگەکانی دیموکرات: ڕۆژی ١٩ی مانگ بوو، من لە کەرەجاڵ بووم، کاک شەوکەتی حاجی موشیر، مام وریای هاواری، کاک حامیدی حاجی غالی، کاک ئەنوەری خەلیفە ئێستە وابزانم لە هەولێرە، برای لالە سەرحەد لە دسکەرە هاتن بۆ لای من، من و کاک شێروان شێروەندی لەوێ بووین، منیان بانگ کرد، وتیان کاکە کێشەیەکی گەورە هەیە، ئەگەر فریامان نەکەوی ئابڕوومان ئەچێت، وتم مەوزوع چیە؟ وتیان ئەوەی ڕاستی بێ هەرچی هێزی دیموکرات هەیە لە سەلماسەوە هەتا ئەگاتەوە کرماشان هەموویان هێناوە بۆ ئێرە، وەک چۆن ئێمە هاتووین بۆ یارمەتی ئێران، ئەوانیش هێزەکانیان هێناوەتە ناوچەکە بەرگری لە هێرشی ئێرانی بکەن. هەموو هێزەکانیان لە هاوار بوون، لە تاوێرە و وەزگێڵ و هاوار و گریانە شاردومانەتەوە، بەڵام ئێستا ئێرانییەکان گومانیان هەیە، ڕۆیشتوون هەرچی چەکداری کوردی ناوچەی پاوە هەیە هێناویانە بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی بیانناسنەوە، ٢٢ کەسیشیان لە عەبابەیلێ لە ژێرخانێکدان شاردومانەتەوە، بۆ ڕزگارکردنیان چیت پێ ئەکرێت بیکە، بەبێ دوودڵی گووتم پێم ئەکرێت و پێشتان ئەڵێم چییان لێ ئەکەین، وتیان با بڕۆین بۆ لایان، من ئەو کاتە وەرەقەیەکی ئێرانم پێ بوو، ٢٥ کەس بە چەکەوە بۆ هەر جێگەیەک بڕۆم کەس ڕێگەم لێ

نەگرێت، کە ڕۆیشتمە عەبابەیلێ، لە ژێرزەمینێکی زۆر درێژدا بوون، نزیکەی ٢٠ –٣٠ مەتر درێژ بوو، نازانم ماڵی شێخ کەمال بوو یاخود کێ، سەیرەکەم هەموویان لە ژوورەکەدا دانیشتوون، پیاوێکی بەتەمەن و دوو ژن یا سێ ژنیشیان لەگەڵدا بوو.

هەموویان ئەندامی سەرکردایەتی و ئامر هێزەکان بوون، یەکێکیان وابزانم ناوی موزەفەری میتران بوو، محەمەدی وەڵەدبەگی و کەمالی چشەی نۆدشەیی یەکێکی تر کە وابزانم ناوی تالبی بوو لەوێ بوون، زۆربوون ناوەکانیانم بۆ لەبەرنەدەکرا، ئەم ماوەیەی پێشوو لە ئەڵمانیا بووم، یەکێکیان هات بۆ سەردانم، کە ڕۆیشتمە ژوورەوە خوێنیان تیا نەمابوو، هاتن دەستیان بە پشتوێنەکەمدا کرد وەک عەشایەر، بەڵکو ڕزگارمان بکەیت، ئەو کاک کەماڵە جیهازێکی بۆ هێنام گووتی دکتۆر قاسملو لەسەر جیهازە ئەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات، دکتۆر قاسملو بەدەنگی بەرز جیهازەکەی کردەوە و گووتی: ڕجا ئەکەم بەڵکو هەوڵێکیان بۆ بدەی، ئەمە مەسەلەیەکی نەتەوەییە، نازانم لەوکاتەدا دکتۆر قاسملو لە سەیدصادق بوو یاخود لە سەیتەرەکەی سلێمانی بوو، دەنگەکە خێرا ئەهات، چونکە ئەو جیهازی هۆکی تۆکییانە هەتا بەرامبەرت نەبێ ناتوانێ قسە بکات، ڕجای زۆری کرد، گووتی ئەمرۆ ژیانی ئێمە لەدەستی تۆدایە، هەتا ماوین بیرمان ناچێت، هەموویان گوێیان لە قسەکان بوو، من گووتم ئێوە ئەتانەوێ چی بکەن؟

وتیان بمانگەیەنیتەوە سەیدصادق.

گووتم: باشە، وەرن لەگەڵمدا.

گووتیان ئاخر چۆن و بۆ کوێ؟

گووتم: وەرن برۆین، یا خۆم تیائەچم یان ئێوە ڕزگار ئەکەم، بەڕاستی ئەوە موغامەرە بوو.

بەنیو سەعات بەشێکیانم هێناو سواری سەیارەکانی خۆمم کردن، لاندکرۆزەرم پێ بوو، پێشمەرگەکانی خۆمان هەموویان خۆیان بە چواردەوریاندا هەڵواسی، چوومە عەنەب، لە عەنەبەوە بۆ گۆمەلار لەوێشەوە بۆ خورماڵ، لای گەڕاوەکەی خورماڵەوە سەرکەوتین و گەیشتینە نێوان شیرەمەڕ و خواری یالانپێ، لەوێ دامبەزاندن، مەلا فایەقی چوچانیشم لەگەڵ بوو کە خەڵکی دۆڵی گەلاڵەیە و ئێستا ئامر لیوایە لای برادەرانی پارتی، ئەتوانی بیبینی، تەفاسیلەکەی هەمووی لای ئەوە، گووتم بە مەلا فایەق و عومەری برای با شتەکە نهێنی بێ، دوو سێ پێشمەرگەش لەگەڵ خۆتان بهێنن و بیانبەن بۆ مقەرەکەی میری سوور لە سورێن.

وتم بە مەلا فایەق خۆت زوو وەرەوە و سەیارەکەت بهێنەرەوە، بۆئەوەی ئەوەی کە ماوە ڕزگاری بکەین. بە کاک شەوکەت و کاک حامیم گووت ئێوە ئەتوانن هێزەکەی ترم بۆ بهێننە گوندی دەرەشیش، وتیان ئەتوانین، چەند کەسێکمان گەڕاینەوە بۆ گوندی دەرەشیش و ئەوانی دیکەشمان دەرباز کرد، دواتر کاک شەوکەت جیهازی بۆ من کرد، وتی چیتان کرد؟ وتم تەواو بوون، واتە دەربازمان کردن، وتی ئاخر چۆن تەواو بوون؟ وایزانی گیراوین، وتم تەواوبوون و ڕۆیشتن، شەو مەلا فایەق و عومەری برایی و سێ بۆ چوار پێشمەرگە، کەوتنە پێشی ئەو سەد پێشمەرگە هەموویانمان گەیاندە مقەرەکانی خۆمان.

با ئەوە بڵێم، یەکێتی یەک کەسی ڕزگار نەکرد، تەنانەت کاک شەوکەت و ئەوانیش نەهاتن و لێمان دوورکەوتنەوە، ئەوان لە گوندی دەرەشیش بەرەو خوار نەهاتن، هەموویان ئێمە ڕزگارمان کردن، گەیاندنمانە خورماڵ و لەوێشەوە بەڕێمان کردن تا چوونە مقەرەکانی خۆمان، کە لە دەرەکۆرە، مەڕگوزەڵ، ئەشکەوتی هەورامی، هەزارە سور

بوون لە پشتی میری سوورەوە لە بناری سورێن.

بۆ بەیانی ڕۆژی داهاتوو کە حکومەتی عێراقی تەماشای کرد ئەو هێزە زۆرە لەوێیە، مقەڕەکانی ئێمەی دایە بەر تۆپ، ئامر هێزێک (حاجی عەبدوڵڵای سیامێوە) و ئامر کەرتێکمان (عوسمانی حاجی مەحمودی قاینەیجە) بەوهۆیەوە شەهیدبوون، ئەو شەهیدانە شەهیدی نەتەوەیی بوون، دوو سێ بریندارمان هەبوو، شەوی دووەم کاک مەلا فایەق پێشمەرگەکانی دیموکراتی بەسەلامەتی لەڕێی قاینەیجە و ڕیشێنەوە بەڕێخست هەتا گەیاندنییە نزیک سەربازگەکەی سەیدصادق، تەنها یەک پێشمەرگەیان ناوی مام سەعید بوو باوکی پێشمەرگەیەکیان بوو، قاچی کەوتەسەر ئەڵغام و قرتا، ئەوانی دیکەیان بە سەلامەتی گەیشتن.


ئێرانییەکان گومانیان لە یەکێتی هەبوو، لەوکاتەدا دکتۆر مەحمود لە سوریاوە گەڕایەوە، هەفتەیەک لە تاران ڕایانگرت، دواتر کە دکتۆر مەحمود هاتەوە، گووتی کاکە ئەو ئێرانییانە هەفتەیەکە منیان ڕاگرتووە، گووتم بێ ئەساس نییە، گووتی: چۆن؟ گووتم: یارمەتی دیموکراتمان داوە و ڕزگارمان کردوون، گووتی: ئەی بۆ قسەتان نەکردووە؟

سوپای ڕزگاری: هێزێک بوون بەناوی سوپای ڕزگاری، شێخ عوسمانی بیارە سەرۆکیان بوو، شێخ ئەسعەدی شێخ مەولانا کە ئێستا لە سلێمانییە لەگەڵ شێخ مادیح کە لە باریکەیە، لێپرسراوی ئەو هێزە بوون، نازانم چیان لێهات، خەبەرم لیان نییە، کەسیانم نەدیوە، من کۆمەڵەیشم نەدی، هەر هێزێک بووایە من ڕزگارم ئەکردن، بەڵام کەسیانم نەبینیوە.

ژمارەی شەهید و برینداری سۆسیالیست: وەک شەهید و بریندار ئێمە لەسەر ئەوەی دیموکرات دوو شەهیدمان هەبوو، لای گردە درۆزنەی نزیک گوندی تەپەکوڕەش بەکری حاجی محەمەد صاڵحی دێکۆنی شەهید بوو. واتە سێ شەهید، بەڵام نزیکەی ٧٠ پێشمەرگەمان بە کیمیاویی بریندار بوون.

هەرچیمان دەستبکەوتایە دژی عیراق بەکارمان ئەهێنا: ئێمە دژی عێراق بووین، ئێمە کیمیاویمان دەست بکەوتایە دژی عێراق بەکارمان ئەهێنا، کە وڵاتێک هی ئێمە نەبێ، بیەوێ وێرانی بکات و وڵاتەکە بسوتێنێت، ئێمە چی بکەین؟ عێراق بەو هێزە گەورەیەوە ئەچوو لە میسر و سودان و فەلەستینەوە جاشی ئەهێنا و چەکداری ئەکردن، مولازم موحسین فەڵەستینی بوو، لە سلێمانی خەڵکی ئازار ئەدا. هەرچی تەلەبەی فەڵەستینی بوو ئەیهێنا لە سلێمانی بەسەر تەلەبە کوردەکانەوە ئەیکردن بە جاسوس ، پاسۆک ٣٠ کەسێکی لە فەڵەستینییەکان گرت.

بەکورتی عێراق پەنای بۆ هەموو شتێک ئەبرد لە دژمان، تەنانەت مەلیک حسەینیان هێنا، ئەی باشە ئێمە چی بکەین؟ وەڵڵاهی هەرچیمان دەستبکەوتایە بەکارمان ئەهێنا و هەر وڵاتێک هاوکاری بکردینایە ئەمانهێنا بۆئەوەی زیان بە عێراق بگەیەنێت.



# نالی

## بیبلیۆگرافیا و پێڕستی لە پڕۆژەی
## «کورد و کوردستان– بیبلیۆگرافیا و پێڕستیان
## لە کتێبی کوردیدا ١٩٥٢– ٢٠١٠»

ئامادەکردن: بوار نوورەدین

سالّی ١٩٦٢ لە قەڵادزێ لەدایکبووە. لە ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد و ئەرشیڤی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم و  پرۆژەی ئینسایکلۆپیدیای پارێزگای سلێمانیدا کاری کردوە. دەیان کتێب و لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای بڵاوکردووەتەوە، پێداچوونەوەی بۆ زۆرتر لە ١٠٠ کتێب کردووە.

bwar.biblo@gmail.com

ئەو پرۆژەیەی ئەم بیبلیۆگرافیا تایبەتییەی لێ ئامادەکراوە، ٥٦٨٠ کتێبی تێدا ناسێنراوە و لە ٥٢٠٦ لاپەڕە پێکهاتووە و بەسەر ١٢ بەرگ و بەشدا دابەش کراون، تایبەت کراوە بەو کتێبانەی لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠- ٢٠١٠دا، لەبارەی «کورد و کوردستان»ەوە نووسراون، کتێبی نووسراوی بە هیچ زمانێکی تر لەخۆنەگرتووە. پێش و دوای تەواوبوونی پرۆژەکە، چەند بیبلیۆگرافیایەکی تایبەتی لێ بڵاوکراوەتەوە.

لەم بیبلیۆگرافیایەدا، هەروەک تەواوی پرۆژەکە، کتێبەکان بەپێی ساڵ و لە هەر ساڵێکیشدا، بەپێی «تیپ»ەکانی زمانی کوردی ڕیزکراون، ناونیشانی کتێبەکانیش، وەک خۆیان نووسراونەتەوە. بە پێویستمان نەزانی هەموو ئەو سەرنج و تێبینیانە بنووسینەوە، کە لە ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیاکانی پێشتردا ئاماژەمان پێ کردوون، لەپێناوی زانیاریی زۆرتر لەبارەی پرۆژەکە و شێوازی بیبلیۆگرافیاکە، خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە سەرچاوەی پێشوو... بێ هیچ گومان و چەند و چوونێک، هێشتا کەموکورتیمان هەیە، کە ئەمەش سروشتێکی ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیایە، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەک کوردستان و لەپێناوی کتێبی کوردیدا.

ئەو تەوەرانەی نەتوانراوە کاریان لەسەر بکرێت و بخرێنە چوارچێوەی پرۆژەکەوە: دیوانی شاعیران، ڕۆمان، چیرۆک و فەرهەنگ، پاساوەکەشی ئەمەیە، لێکۆڵەران لە دۆزینەوەی بەرهەم و دیوانی شاعیراندا، دانامێنن و بە ئاسانتر دەستیان دەکەوێت، بەڵکوو ئەوە بە لامانەوە جێی بایەخ بووە، کە نووسەران و لێکۆڵەران لەو بابەتانە ئاگادار بکەینەوە، کە لەبارەی ژیان و بەرهەمی نووسەران و شاعیرانی کوردەوە نووسراون. ئەمە لەکاتێکدایە ئەو کتێبانەی فەرامۆش نەکردووە، کە جگەلە کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی بەرهەم و هۆنراوەی شاعیرانی کورد، کاری لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەشیان کردووە.

**هێما بەکارهاتووەکان**

پ: پێوانە (بە سانتیمەتر و «پانی»ی پێش «درێژی»ی نووسراوە)
چاپ: نۆبەتی چاپ
چ: چاپخانە
ش: شوێن
ژ: ژمارە
ژس: ژمارەی سپاردن
ز.: زانکۆ
س: ساڵ
ش: شوێن
کۆڕ: چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد
ل: لاپەڕە
و. : وەزارەت
؟: بۆ هەر زانیارییەکی نەزانراو و نادیار دانراوە
ISBN: International Standard Book Number
ژمارەی جێگیری نێودەوڵەتیی کتێب

## یەکەم: کتێبی سەربەخۆ ١٩٧٣- ٢٠١٠

**١- دوو چامەکەی نالی و سالم ((خودی چامەکان، گوزارەکانیان، لێ کۆڵینەوەیان، قسەکردن لە جیایی دەست نووسەکانیان، بەراوردکرنیان بۆ دەرخستنی مێژووی دانانیان، ڕوونکردنەوەی سەردەمی نالی و سالم))**

نووسین: عەلادین سەجادی

چاپ: یەکەم، چ: مەعاریف، ش: بەغدا، ژس: ؟، س: ١٩٧٣، ل:١٤٤، پ:١٧×٢٤

ناوەڕۆک:

وردبوونەوەیەک لە دوو چامەکەی نالی و سالم/ نالی ١٧٩٧- ١٨٥٥/ چامەکەی نالی/ گوزارەی هۆنراوەکان (لە ناوەڕۆکدا نەنووسراوە- هەروەها لە ناوەڕۆکدا بۆ ل٤٨ نووسراوە: خانەقای مەولانا خالید کە لە لاپەڕەی ناوبراودا ئەو ناونیشانە نییە؟)/ چامەکەی سالم ١٨٠٠- ١٨٦٦/ گوزارەی هۆنراوەکان/ ڕوونکردنەوەیەک/ نالی کە لە سولەیمانی دەرچووە؟/ ستوونی ڕاست و چەوت/ ناواخن.

**٢. چەپکێک لە گوڵزاری نالی**

نووسین: مەسعوود محەمەد

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد

چاپ: یەکەم، چ: کۆڕ، ش: بەغدا، ژس: ٥١، س: ١٩٧٦، ل:٢٨٢، پ:١٧×٢٤

ناوەڕۆک:

پێشەکی/ بەشی یەکەم: چەپکێک لە گوڵزاری نالی/ بەشی دووەم: بێ ناونیشان/ بەشی سێیەم: بێ ناونیشان/ هیچ ناونیشانێکی تێدا نییە... لە پێشەکییە درێژەکەیدا باس لە ژیان و حەج و سەفەری (نالی) دەکات بۆ شام و ئەستەنبوڵ... هەروەها لە سەرەتای بەشی دووەمدا نووسیویەتی: لە بەشی یەکەمی ئەم گوتارەمدا کورتەیێکی بیروباوەڕی خۆم لەبارەی ناوەڕۆکەوە نووسی و بە دوا ئەودا کەوتمە سەر دۆزینەوەی واتای سەر بە کۆمەڵایەتییەوە، لە هەڵبەستەکانی نالیدا. لە سەرەتای بەشی سێیەمیشدا نووسیویەتی: لە بەشەکانی ڕابردووی ئەم نووسینەدا، جارجارە یەکێک لە تایبەتییە بەرچاوەکانی شیعری نالی باسکراوە و ناوەناوەش نموونەی خراوەتە بەرچاو. هەروەها نووسیویەتی: بۆ ئەو کەسەی حەز لە (جوانیی ئاخاوتن) دەکا، ئەوەندە بەسە هەڵبەستەکانی (نالی) بەڕاستی و دروستی بخوێنێتەوە، با لە هەموو واتاکانیشی نەگات، ئەگەر بوێرم دەڵێم وا هەیە بەیتی نالی ئەوەندە زل و زرینگدارە، چ پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتووە تێی بگەیت یان تێی نەگەیت، ئەو تەرزە بەیتە زێدە مەحکەم و بەهێزانە، چ هی نالی بن یان هی شاعیرێکی تر، لە کورد و غەیری کورد، بە شێوازی کۆن و نوێ، لەو سامانە ئەدەبییانەن کە بە ڕۆشنبیرێکی زێدە بەرز، کە زیرەکییەکی یەکجار هێژای نەبێ، سوودی لێ وەرناگیرێ...

**٣. تێبینییەکانم لەسەر لێکدانەوەی دیوانی نالی**

نووسین: سەعید ناکام

لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد- لە بەرگی پێنجەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد دەرهێنراوە

چاپ: یەکەم، چ: کۆڕ، ش: بەغدا، ژس: ١٠٦٧، س: ١٩٧٧، ل:١٧٧- ٢٣٥، پ:١٧×٢٤

ناوەڕۆک:

تێبینییەکانم لەسەر لێکدانەوەی دیوانی نالی/ نالی و کەلەپووری نەتەوایەتی/ هەندێ بابەتی وەک: تێبینییەکان/ ئەو پارچە شیعرانەی هی نالی نین/ ڕاستکردنەوەی واتای هەندێ لە وشەکان/ ڕوونکردنەوەی هەندێ لە لێکدانەوەکان/ کورتەی باسەکە بە زمانی عەرەبی.

**٤. لە ڕێگای ئەدەب و لە پێناوی «نالی»دا- دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی»یەکەی دوکتۆر مارف خەزنەدار لە تای ترازووی ڕەخنەدا**

نووسین: محەمەدی مەلا کەریم

چاپ: یەکەم، چ: کۆڕ، ش: بەغدا، ژس: ٥١٧، س: ١٩٧٩، ل:٢٥٤، پ:١٧×٢٤

ناوەڕۆک:

بەشی یەکەم: هەڵسەنگاندنی پێشەکی و پاشبەندە عەرەبییەکە و پاشەکیی کتێبەکەی د.مارف خەزنەدار/ بەشی دووەم: هەڵسەنگاندنی ڕاستکردنەوەی تێکستی شیعرەکان/ بەشی سێیەم: هەڵسەنگاندنی فەرهەنگەکەی دیوانی نالی/ ١٠ لاپەڕە بە زمانی عەرەبی دەربارەی ناوەڕۆکی کتێبەکە/ ناوی کتێبەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**٥. نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە**

نووسین: محەمەدی مەلا کەریم

بە یارمەتیی وەزارەتی پەروەردە- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی خوێندنی کوردی چاپکراوە

چاپ: ؟، چ: ئەکادیمیای عیراق، ش: بەغدا، ژس: ١٨٣٨، س: ١٩٧٩، ل:٩٦، پ:١٧×٢٣

ناوەڕۆک:

پێکهاتووە لە ٢٧ بەشی بێ ناونیشان/ پاشبەند: چەند پارچە شیعرێکی تازە دۆزراوەی نالی.

**٦. نالی لە دەفتەری نەمری دا**

نووسین: د.مارف خەزنەدار

لە بڵاوكراوەكانی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی

چاپ: یەكەم، چ: بابل، ش: بەغدا، ژس: ١٦٥٨، س: ١٩٨١، ل:٢٧٢، پ:١٧×٢٤

ناوەڕۆك:

پێشەكی/ نەتەوە و مەڵبەند و بلیمەت/ مارەیی فریشتەی بەهەشت/ پیرەمەگروونی زیندووی نەمر/ سۆفیزم.. ئا.. دەروێشی نا/ شەقامی نالی و كەلاوە و فەنەری كۆڵانەكان/ تەلیسم و ئەژدەها و گەنجینەی ئەشكەوتە ئەفسانەییەكە/ زاهیر و باتین لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز ئاشنای سرِی قەڵەم بێ غەیری (نالی) كەس نەما/ ژن (حەبیبە) و هەوێنی ژیانی هەمیشەییە/ گوڵەكانی شارەزوور و سلێمانی و هەموو كوردەواری/ ئاوارەیی و یادی نیشتمان/ زوڵف و گوڵاو لێرەوە تا چین؟/ یوسف و زولەیخا و شتی تر/ دەلاقە و چرا و وشە/ حەبیبە و ئامینە و مەستوورە/ كورتەی باسەكە بە زمانی عەرەبی/ ناوەڕۆك/ هەندێ كتێب و بڵاوكراوەی دانەر/ كورتەی باسەكە بە زمانی ئینگلیزی/ ناوی كتێبەكە بە زمانی ئینگلیزی.

**٧. دیوانی «نالی» و كێ ڕاستە؟**

نووسین: عەبدولخالق مەعرووف

لە بڵاوكراوەكانی پرۆژەی ١٠٠ كتێبی كوردی

چاپ: یەكەم، چ: ؟، ش: بەغدا، ژس: ٣٣٣، س: ١٩٨٤، ل:١٧٠، پ:١٦×٢٣

ناوەڕۆك:

پێشەكی/ بەشی یەكەم: ڕەتكردنەوەی قسە و ڕەخنەكانی كتێبەكەی كاكەحەمە/ بەشی دووەم: ناتەواوی و كەموكورتیی سێ قۆڵییەكەی دیوانی نالی/ بەشی سێیەم: لێكۆڵینەوەیەك دەربارەی دەقەكان و وشەئارایی و بەلاغە و موحەسیناتی لەفزی و وێكچوونی وشەكان بە ڕێنووسی ئەمڕۆ/ نرخاندن/ دواییهێنان/ سەرچاوەكان/ ناوەڕۆك/ پرۆژەی ١٠٠ كتێبی كوردی: جەمال خەزنەدار/ ناوی ئەو كتێبانەی لە زنجیرەی پرۆژەی ١٠٠ كتێبی كوردی بڵاو دەكرێنەوە (ڕێكلام بۆ هەندێكیان).

**٨. نالی لە دادگای ڕەخنەدا**

نووسین: ڕەئووف عوسمان

بە یارمەتیی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان چاپكراوە

چاپ: یەكەم، چ: ؟، ش: ؟، ژس: ٧٩٥، س: ١٩٨٤، ل:٨٤، پ:١٧×٢٤

ناوەڕۆك:

نالی لە دادگای ڕەخنەدا/ ڕەخنە و هۆنراوە و هەڵوێست/ دوا وتەم.

**٩. نالی و زمانی ئەدەبیی یەكگرتووی كوردی**

نووسین: كەریم شارەزا

بە یارمەتیی دەزگای گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان چاپكراوە

چاپ: یەكەم، چ: ئەلئەدیب، ش: بەغدا، ژس: ٩٩٠، س: ١٩٨٤، ل:٧٥، پ:١٧×٢٣

ناوەڕۆك:

پێشەكی/ زمانی ئەدەبیی یەكگرتوو/ زمانی ئەدەبیی یەكگرتوو لە نێوانی دیالێكتەكانی زمانی كوردی/ بەشە دیالێكتی كرمانجی خواروو و زمانی ئەدەبیی یەكگرتووی كوردی/ نالی و قوتابخانەی شیعریی بابان/ نالی و زمانی ئەدەبیی یەكگرتووی كوردی/ قوتابخانەی شیعریی نالی و هاوكارەكانی/ قوتابخانەی شیعریی نالی و شاگردەكانی/ تەنینەوەی ئەو زمانە ئەدەبییە یەكگرتووەی كرمانجی خواروو بۆ لایەكانی تری كوردستان/ سەرچاوەكان/ پێرست.

**١٠. نامەی ژیان- دوچامەکەی: کەمالی و ناتیق لە ژێر تیشکی دو چامەکەی نالی و سالم-دا**

نووسین: ئاوارە (ساجید ئاوارە)

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

چاپ: یەکەم، چ: ئیرشاد، ش: بەغدا، ژس: ٨١٣، س: ١٩٨٥، ل:١٥٥، پ:١٦×٢٣

ناوەڕۆک:

بۆ ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، بڕوانە بیبلیۆگرافیای یەکەمی سالم- کتێبی سەربەخۆ، کتێبی ژمارە ٣.

**١١. چەمکی میتۆلۆژیا و جیهانبینی مەلا خدری نالی**

نووسین: ڕێبوار سیوەیلی

چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: دانیمارک، ISBN: ٨٧-٩٨- ٣٨٧٧- ٠- ٧، س: ١٩٩١، ل:٨٢، پ:١٥×٢١

ناوەڕۆک:

ناوەڕۆک/ هەندێ ڕوونکردنەوەی پێویست/ بەشی یەکەم: چەمکی میتۆلۆژیا/ سەردەمی پیرۆز لە میتۆلۆژیدا/ شوێنی پیرۆز لە میتۆلۆژیدا/ پەراوێز و سەرچاوە/ بەشی دووەم: ڕەگەزی میتۆلۆژیی بنەماڵەی بابان و بە میتۆلۆژیکردنی دروستبوونی شاری سلێمانی/ پەراوێز و سەرچاوە/ بەشی سێیەم: جیهانبینیی شیعری نالی/ قەڵەمڕەویی خەیاڵی نالی/ چەقی گەردوون: پیرۆزترین شوێن/ پەراوێز و سەرچاوە/ بەشی چوارەم: دەستنیشانکردنی دوو پەیوەندی: یەکەم- دەرەوە و ناوەوە- پیری و لاوی/ پەیوەندیی دووەم: دەسەڵات- چارەنووس/ پەراوێز و سەرچاوە/ بەشی پێنجەم: دوو تایبەتمەندی/ ئاو (مەرگخوازی- ئەبەدیەت).

**١٢. نامۆبوون لە شیعرەکانی — نالی دا**

نووسین: ئومێد ئاشنا

چاپ: ؟، چ: ؟، ش: ؟، ژس: ؟، س: ١٩٩٧، ل:٣٦، پ:١١×١٦

ناوەڕۆک:

هیچ ناونیشانێکی تێدا نییە و بەم شێوەیە دەستپێدەکات: لە ڕوونکردنەوە و بەرچاوخستنی کاری نامۆبوون لە شیعرەکانی نالیدا، پێویستمان بەوە هەیە پێش دەستبردن بۆ نالی و شیعرەکانی، سەربارەت بە نامۆبوون و نامۆیی، لە مانای نامۆیی و نامۆبوون بگەین و بزانین ئەم واتایە چییە و چی دەبەخشێ.../ سەرچاوەکان.

**١٣. دەستە و دامانی نالی**

نووسین: مەسعوود محەمەد

لە بڵاوکراوەکانی کتێبی هەرزان

چاپ: یەکەم، چ: ئەرزان، ش: سوید، ISBN: ٩١ ٨٨٨٨٠ ٢١ ٤، س: ١٩٩٨، ل:٣١٨، پ:١٥×٢١

ناوەڕۆک:

هیچ ناونیشانێکی تێدا نییە... باس لە مێژووی چاپکردنی دیوانی نالی دەکات کە لەلایەن گیانشاد (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) و (فاتیح)ی کوڕییەوە چاپکراوە... لەم پێناوەدا لە لاپەڕە(٥)دا هاتووە: (هۆی یەکەم ئەوەیە، کە شەرحی دیوانی نالی لەلایەن باوک و ڕۆڵەی پەرۆشدارەوە، کاتێک درایە کۆڕی زانیاریی کورد بۆ لەچاپدانی، یەکسەر بە من سپێرا بینرخێنم... ئەو شەرحەی باسکراو، کارێکی سادە و کەم برشت بوو، ڕەنگە سێیەکی شەرحی دواتری نەدەبوو... هەروەها نووسیویەتی: هۆی دووەم ئەوەیە کە گیانشاد «فاتیح» باوەڕی بە بۆچوونەکانی من هەبوو، دەربارەی تەمەن و مێژووی ئاوارەبوون و هەڵسوکەوتی نالی لە غەریبی. لە لاپەڕە (٧)یشدا هاتووە: لەم نووسینەمدا تەنها یەخەگیری شەرحی ئەو بەیتانە دەبم، کە لە دیوانەکەدا هاتوون و من جۆرێکی جودا پەسند دەکەم. بێگومان زۆر شوێنی دیوانی نالی جارێ بە واتا گومی ماوەتەوە، ئیتر سەبەب هەرچی بێت...).

**١٤. نالی لە دەرەوەی کوردستاندا (١٨٤٨- ١٨٧٣)**

نووسین: د.عەبدوڵڵا محەمەد حەداد

لەسەر ئەرکی کۆلێجی ماف- زانکۆی

سەلاحەدین لە هەولێر چاپکراوە

چاپ: یەکەم، چ: ز. سەلاحەدین، ش: هەولێر، ژس: ١٧٦، س: ٢٠٠٠، ل:٤٨، پ:١٧×٢٣

ناوەڕۆک:

پێشەکی/ نالی لە شامدا (١٨٥٠- ١٨٥٥)/ سەفەری دووەمی نالی بۆ حیجاز/ نالی و سەرچاوەیەکی عەرەبی/ ئەلحەزراوی کێیە؟/ نالی و ئەنجومەنی ئەدیبان (١٣٣٩ه- ١٩٢٠ز)/ ئەنجام/ پەراوێزەکان/ سەرچاوەکان/ کورتەی بابەتەکە بە زمانی عەرەبی.

تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە، بۆ یەکەمجار بە ناونیشانی (چەند ئەڵقەیەکی ژیاننامەی نالی لە دەرەوەی کوردستاندا ١٨٤٨- ١٨٧٣) لە گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستی مرۆڤایەتیی زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە.

**١٥. کتێبی نالی**

نووسین: ڕێبوار سیوەیلی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی

چاپ: یەکەم، چ: و. پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: ٢٦٢، س: ٢٠٠١، ل:٣٣٥، پ:١٧×٢٣

ناوەڕۆک:

ناوەڕۆک/ بەرایی- هێرمێنوتیکا لە نێوان نەوەکاندا/ باسی یەکەم: چەمکی میتۆلۆژیا و جیهانبینی شیعری نالی/ هەندێ ڕوونکردنەوەی پێویست/ بەشی یەکەم: چەمکی میتۆلۆژیا/ بەشی دووەم: ڕەگەزی میتۆلۆژی بنەماڵەی بابان و بە میتۆلۆژیکردنی دروستبوونی شاری سلێمانی/ بەشی سێیەم: جیهانبینیی شیعری نالی/ بەشی چوارەم: دەستنیشانکردنی پەیوەندییەکان/ بەشی پێنجەم: دوو تایبەتمەندیی ئاو/ باسی دووەم: (مەستوورە) لە ڕوانگەیەکی ترەوە/ پێشەکییەکی گشتی/ بەشی یەکەم: ترۆری جەستە و نیگای حەرام/ بەشی دووەم: ڕیوایەت- مەسخبوون/ بەشی سێیەم: وەهمی مەستوورە- مەستوورەی وەهم/ بەشی چوارەم: تەمەنی نالی لە (مەستوورە)دا/ بەشی پێنجەم: پەیوەندیی دەقەکان/ ئەنجام/ باسی سێیەم: لە ستایشی کەردا/ پێشەکی: (عاقڵ) و (کەر)/ بەشی یەکەم: مێژووی کەر/ ئەدەب و کەر/ بەشی دووەم: بە دەنگهاتنی کەر/ بەشی سێیەم: بیرکردنەوە لە حەیوان/ بەشی چوارەم: کەری ناو مرۆڤ- مرۆڤی ناو کەر/ بەشی پێنجەم: بیرکردنەوە بە شیعر/ تێڕوانینی ئامرازگەرایانە لە سروشت/ باسی چوارەم: شاعیرێک لە نێوان دوو تێکشکاندا/ پەراوێزەکان/ سەرچاوەکان/ پاشکۆ: دەقی قەسیدەکان/ وێنەکان.

**١٦. چەپکێک لە گوڵزاری نالی**

نووسین: مەسعوود محەمەد

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: ؟، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: ٥٢٣، س: ٢٠٠٧، ل:٢١٦، پ:١٧×٢٣

تێبینی: چاپی دووەمە و بە یەکەم نووسراوە؟

ناوەڕۆک:

هەمان ناوەڕۆکی چاپی یەکەمی هەیە، بڕوانە کتێبی ژمارە ٢.

**١٧. دەستە و دامانی نالی**

نووسین: مەسعوود محەمەد

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: ؟، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: ٥٢٤، س: ٢٠٠٧، ل:٢٣٩، پ:١٧×٢٣

تێبینی: چاپی یەکەم نووسراوە و چاپی دووەمە.

ناوەڕۆک:

هەمان ناوەڕۆکی چاپی یەکەمی هەیە، بڕوانە کتێبی ژمارە ١٣.

**١٨. لێکۆڵینەوەیەک لە شیعرە ئایینی و سۆفیگەری و فەلسەفییەکانی نالی**

نووسین: د.عەبدوڵڵا خدر مەولوود

لە بڵاوکراوەکانی رۆشنبیریی رامان

چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: ٥٥٩، س: ٢٠٠٧، ل:٢١٦، پ:١٥×٢٢

ناوەڕۆک: پیرۆزبایی: مارف خەزنەدار/ پێشەکی/ بەشی یەکەم: نالی و شیعری ئایینی/ رووبەڕووبوونەوە/ بەشی دووەم: دەروێشی و سۆفیگەری لە سەردەمی نالیدا/ دەروێشی و سۆفیگەری و نالی/ بەشی سێیەم: نالی و فەلسەفە/ نالی فەلسەفەی جوانی/ بیبلیۆگرافیا/ پاشکۆ: دورجەکەی نالی/ بیبلیۆگرافیای ئەو نووسینانەی لەسەر نالی نووسراون/ ناوەڕۆک/ لە بەرهەمەکانی نووسەر.

**١٩. فەرهەنگی دیوانی شاعیران- نالی- سالم- کوردی**

نووسین: د.محەمەد نووری عارف

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: ٦٠١، س: ٢٠٠٩، ل:١٠٢٤، پ:١٧×٢٣

ناوەڕۆک:

بۆ ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، بڕوانە بیبلیۆگرافیای یەکەمی سالم- کتێبی سەربەخۆ، کتێبی ژمارە ٥.

**٢٠. نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە- لێکۆڵینەوە**

نووسین: محەمەدی مەلا کەریم

چاپ: دووەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: ٢٥٣٠، س: ٢٠٠٩، ل:١٠٣، پ:١٣×١٩

ناوەڕۆک:

هەمان ناوەڕۆکی چاپی یەکەمی هەیە، بڕوانە کتێبی ژمارە ٥.

**٢١. نالی هەر لە لوتکەدایە- بەرهەمەکانی دیداری حەزرەتی نالی کە لە رۆژانی ١- ٢٠٠٦/٧/٣ لەلایەن سەنتەری رووناکبیری ئێلبەگی جافەوە رێکخرا**

ئامادەکردن: م.عەلی

لە بڵاوکراوەکانی (گۆڤاری کۆچ)

چاپ: یەکەم، چ: حەمدی، ش: سلێمانی، ژس: ١٣١٤، س: ٢٠٠٩، ل:٦١٧، پ:١٧×٢٤

ناوەڕۆک:

پەیڤێک: لیژنەی سەرپەرشتیار/ لیژنەکانی دیدار/ نالی/ رۆژانی دیدار/ ژیاننامەی (نالی) و گرینگیەتی سەرچاوەی بیانی و... چەپکێک سەرنج: پ.ی.د.شێرکۆ عەبدوڵڵا حەدداد/ دوو چامەکەی نالی و سالم- دوو نامە یاخود دوو چامەی شیعرییە: د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ/ نالی و جوانیناسیی کانت: ساڵح سوزەنی/ نالی و منێکی هۆشیار و خودێکی نائارام: د.دڵشاد عەلی/ پەیامی نالی: د.سەباح بەرزنجی/ نالی و سەبکی هونەری و شیعری ئەو: د.عەلی ڕوخزادی/ مەیخانەیی دڵ: عەبدوڵڵا قەرەداغی/ زاراوەکانی عیرفان لە شیعرەکانی نالیدا: عەبدولکەریم فەتاح/ نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە: محەمەدی مەلا کەریم/ نالی سیحری وشە: عەبدولسەلام سالار/ نالی و حافیزی کوردەواری: د.سەید محەمەد خالید غەفاری/ با لە دەرەوەی وڵات خەمێکی نالی بخۆین: محەمەد عەلی قەرەداغی/ حەزرەتی نالی و وشکە موقەدەسەکان: ئەحمەد نەزیری/ نالی و هۆنراوەکانی ١٢١٢- ١٢٩٥ی کۆچی: د.سدیق بۆرەکەیی/ دیدار لە میدیاکاندا/ برووسکەکان/ ئەلبوومی دیدار.

**٢٢. بەرکورتێک لە خەرمانی شیعری سالم- چەپکێک شیعری بڵاونەکراوەی سالم- پاشکۆیەکی دیوانی نالی**

نووسین: محەمەد عەلی قەرەداغی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: ٣٢، س: ٢٠١٠، ل:٢٦١، پ:١٣×١٩

ناوەڕۆک:

بۆ ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، بڕوانە بیبلیۆگرافیای یەکەمی سالم- کتێبی سەربەخۆ، کتێبی ژمارە ٧.

**٢٣. چەپکێک لە گوڵزاری نالی**

نووسین: مەسعوود محەمەد
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ: سێیەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: ٢٢٠٠، س: ٢٠١٠، ل:٢٢٣، پ:١٥×٢١
ناوەڕۆک:
هەمان ناوەڕۆکی چاپی یەکەمی هەیە، بڕوانە کتێبی ژمارە ٢.

**٢٤. دەستەودامانی نالی**

نووسین: مەسعوود محەمەد
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ: سێیەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: ٢٢٩٩، س: ٢٠١٠، ل:٢٤٠، پ:١٥×٢١
ناوەڕۆک:
هەمان ناوەڕۆکی چاپی یەکەمی هەیە، بڕوانە کتێبی ژمارە ١٣.

**دووەم: پێڕستی (نالی)**
**لە ناوەڕۆکی کتێبی کوردیدا ١٩٥٢- ٢٠١٠**

**١. مێژووی ئەدەبی کوردی- مێژوو، ئەدەب، زانیاری**

نووسین: عەلادین سەجادی
چاپ: یەکەم، چ: مەعاریف، ش: بەغدا، ژس: ؟، س: ١٩٥٢، ل:٦٣٤، پ:١٥×٢٠
ناوەڕۆک: نالی.

**٢. باخچەی شاعیران- بەسەرهات و هەڵبەستی ٤١ بوێژی کورد**

کۆکردنەوە و لەسەر نووسین: عەبدولعەزیم ماوەتی و عەبدولقادر ساڵح
چاپ: یەکەم، چ: ژین، ش: سلێمانی، ژس: ؟، س: ١٩٧٠، ل:١٦٣، پ:١٥×٢٢
ناوەڕۆک: نالی ١٨٨٠- ١٨٥٦.

**٣. مێژووی ئەدەبی کوردی- مێژوو، ئەدەب، زانیاری**

نووسین: عەلادین سەجادی
چاپ: دووەم، چ: مەعاریف، ش: بەغدا، ژس: ٤٤٧، س: ١٩٧١، ل:٧٠٦، پ:١٧×٢٤
ناوەڕۆک:
هەمان ناوەڕۆکی چاپی یەکەمی هەیە، بڕوانە کتێبی ژمارە ١.

**٤. دەقەکانی ئەدەبی کوردی**

نووسین: عەلادین سەجادی
لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد
چاپ: یەکەم، چ: کۆڕ، ش: بەغدا، ژس: ١١٩٩، س: ١٩٧٨، ل:٢٢٠، پ:١٧×٢٤
ناوەڕۆک: ناڵی.

**٥. ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست**

نووسین: محەمەد ساڵح ئیبراهیمی محەمەدی (شەپۆل)
چاپ: یەکەم، چ: مەهارەت، ش: تاران، ژس: ؟، س: ١٣٦٣ (١٩٨٤)، ل:٨٨٦، پ:١٧×٢٣
ناوەڕۆک: شیعر و هەڵبەست.../ نالی.

**٦. لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە- بریتییە لە چووارده لێکۆڵینەوە**

نووسین: د.مارف خەزنەدار
چاپ: یەکەم، چ: المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة، ش: بەغدا، ژس: ٦٣٦، س: ١٩٨٤، ل:٥٠٦، پ:١٧×٢٤
ناوەڕۆک:
پێنجین و پێنج خشتەکی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا: پێنجین/ پێنج خشتەکی/ پێنج خشتەکیی

سالم لەسەر شیعری نالی/ پێنج خشتەکیی وەفایی لەسەر شیعری نالی/ مولەممەع لە شیعری کلاسیکی کوردیدا: نالی/ لێکۆڵینەوەی ئەدەب: نالی چۆن گوڵ دەبینێ؟: پێشەکی/ لەخۆباییبوونی گوڵ/ نێرگس/ سونبول/ گوڵە خەندەران و هەندێ دار و دەوەنی تر/ گوڵاڵە/ ئەنجام.

**٧. ئەدەبی کوردی**

نووسین: فریاد فازیل عومەر

لە بڵاوکراوەکانی خوێندنی کوردی بەرلین

چاپ: دووەم، چ: ؟، ش: بەرلین، ISBN: ٣- ٩٢٣٤٤٦- ٢٧- ٦، س: ١٩٨٦، ل:١٨٠، پ:١٥×٢١

تێبینی: وەک لە چاپی دووەمدا نووسراوە، دیارە چاپی یەکەمی، ساڵی ١٩٧٦ لە سلێمانی چاپکراوە.

ناوەڕۆک: نالی.

**٨. کورتەیەک لە مێژووی هۆزی جاف و باسی هەندێک لە تیرەکانی**

گۆڕین و ئامادەکردن و نووسین: مەحموود عەزیز حەسەن

چاپ: یەکەم، چ: نەورەس، ش: سلێمانی، ژس: ٦٨٤، س: ١٩٨٦، ل:٨٧، پ:١٧×٢٤

ناوەڕۆک:

هەندێ بویژ و شاعیر و ناودارانی هۆزی جاف/ شاعیری کورد (نالی).

**٩. سلێمانی شارە گەشاوەکەم- بەرگی یەکەم/ سلێمانی لە ڕۆژی بنیاتنانییەوە تا کۆتایی دەسەڵاتی بابانەکان**

نووسین: جەمال بابان

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

چاپ: یەکەم، چ: دارالحرية، ش: بەغدا، ژس: ٦٩٢، س: ١٩٩٢، ل:١٥٩، پ:١٧×٢٣

ناوەڕۆک: سالم وەڵامی نالی ئەداتەوە.

**١٠. گووتاری ئەزموونگەریی لە ڕەوتی شانۆی کوردیدا- تیشکێک بۆ سەر پانتاییە ئەزموونکارییەکانی بزووتنەوەی شانۆی کوردی/ لێکۆڵینەوەی شانۆیی**

نووسین: دانا ڕەئووف

چاپ: یەکەم، چ: ؟ ش: سوید- ستۆکهۆڵم، ISBN: ٩١- ٦٣٠- ٣٦٦٢- ٢، س: ١٩٩٥، ل:١٦٢، پ:١٣×٢٠

ناوەڕۆک: نالی و خەونێکی ئەرخەوانی....

**١١. مێژووی وێژەی کوردی- نووسراوی ٢**

نووسین: سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)

لە بڵاوکراوەکانی ئینتیشاراتی (ناجی) لە بانە

چاپ: یەکەم، چ: چهر تبریز، ش: تەورێز، ژس: ؟، س: ١٣٧٥ (١٩٩٦)، ل:٧٤٢+٢٦، پ:١٧×٢٤

ناوەڕۆک:

هۆنەرانی دەوری بابان: نالی شارەزووری.

**١٢. ئەدەبی کوردی و پێنج ژمارەی هەفتەنامەی (کوردستان)ی ساڵی ١٩١٩**

نووسین: د.عەبدوڵڵا حەداد

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر

چاپ: یەکەم، چ: کریستاڵ، ش: هەولێر، ژس: ٦٣، س: ١٩٩٨، ل:٤٠، پ:١٥×٢٠

ناوەڕۆک:

بەشی دووەم: ئەدەبیاتی کوردی لە هەفتەنامەی (کوردستان)دا/ پێنج خشتەکییەک لەسەر شیعری نالی.

**١٣. راوە گزنگ- ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی**

نووسین: محەمەد حەمەباقی

لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری

چاپ:، چ: ڕۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٢٨٠، س: ١٩٩٨، ل:١٤٧، پ:١٦×٢٣

ناوەڕۆک:

شیعرێک لە نێوان (نالی) و (کوردی)دا/ ڕەخنەی ئێمە و خۆزگەی من/ نالی و مەستوورە.

**١٤. ساڵنامەی کوردی ٢٦٩٩**
ئامادەکردن: کازم کۆیی
چاپ: ؟، چ: ؟، ش: هەولێر، ژس: ٢٥٨، س: ١٩٩٨، ل:٣٢، پ:١٢×١٧
ناوەڕۆک: نالی.

**١٥. ئەنتۆلۆگیا**
ئامادەکردن: خەبات عارف
لە بڵاوکراوەکانی بنکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕەسەن
چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: ستۆکهۆڵم، ISBN: ٩١-٩٧٢٥٤٩- ١- ٦، س: ١٩٩٩، ل:١٩٠، پ:١٦×٢٣
ناوەڕۆک:
چەپکێکی تر لە گوڵزاری نالی بۆ یادی ١٢٥ ساڵەی کۆچی دواییی نالی: فازیل کەریم ئەحمەد.

**١٦- کتێبی ژن**
نووسین: کەژاڵ ئەحمەد
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپ: یەکەم، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژس: ٢٠٦، س: ١٩٩٩، ل:١٠١، پ:١٤×٢٠
ناوەڕۆک:
نالی لە نێوان داکۆکیکردن لە ژن و دژایەتیکردنیدا.

**١٧. نەمری لە ئەدەبدا- ئاوێنەی ژیان و بەرهەمی کۆمەڵێک شاعیر**
نووسین: ئۆرخانی غالیب
چاپ: دووەم، چ: ئازاد، ش: سلێمانی، ژس: ٢١٠، س: ١٩٩٩، ل:٢٠٨، پ:١٥×٢٠
تێبینی: چاپی یەکەمی ئەم کتێبە، ساڵی ١٩٨٨ لە وڵاتی سوید، بە کۆدی ISBN ٩١- ٩٧٣٣٥٤- ٦- ٠ چاپکراوە.

ناوەڕۆک:
نالی/ ژیاننامەی ئەو شاعیر و ئەدیب و نووسەرانەی لێرەدا یادیان کراوەتەوە.

١٨- ئۆنتۆلۆژیی- بنەڕەتی بوونی مرۆڤ
نووسین: د.محەمەد کەمال عەلی باپیر ئاغا
چاپ: یەکەم، چ: ڕاز، ش: سلێمانی، ژس:٣٨٦، س: ٢٠٠٠، ل:٩٧، پ:١٤×٢٠
ناوەڕۆک:
نالی (١٨٠١- ١٨٥٦) دەڵێت.

**١٩. تاپۆ و بوومە لێڵ**
نووسین: سوارە ئێلخانی زادە
لە بڵاوکراوەکانی نەشری پانیز- ئێران
چاپ: یەکەم، چ: ساڵحان، ش: ئێران، ISBN: ٩٦٤- ٩٠٥٤٩- ٠- ١، س: ١٣٧٩ (٢٠٠٠)، ل:٣٩٣، پ:١٤×٢١
ناوەڕۆک: جیاوازیی نێوان (حافیز) و (نالی).

**٢٠. سێ تەڵ وەنەوشە بۆ کەزێ کانی شیعر**
نووسین: ڕەئووف عوسمان
لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ
چاپ: یەکەم، چ: داناز، ش: سلێمانی، ژس: ١٩٤، س: ٢٠٠٠، ل:١٤٥، پ:١٢×١٧
ناوەڕۆک:
شاعیرێتیی نالی و مەحوی لە نێوان سەرامەدێتی و بەخشین و وەرگرتندا.

**٢١. گەڕان بە دوای ناسنامەدا**
نووسین: عەتا قەرەداغی
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپ: یەکەم، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژس: ٤٥٣، س: ٢٠٠٠، ل:٢٩٣، پ:١٧×٢٤
ناوەڕۆک: پێشەکی/ شوێنی نالی لە پرۆژەی بنیادنانی گوتاری نەتەوەیی کورددا.

**٢٢. ألا يا أيها الساقی و دە بابەتی تر**

نووسین: عەبدوڵڵا خدر مەولوود

لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخواز

چاپ: یەکەم، چ: هاوسەر، ش: هەولێر، ژس: ٧، س: ٢٠٠١، ل:١٢٣، پ:١٤×٢٠

ناوەڕۆک:

حاجی چۆن باسی نالی دەکا؟/ شاعیرەکانمان چۆن باسی (نالی)یان کردووە؟

**٢٣. بارانی سلێمانی- بەرهەمی بڵاونەکراوە و لە یادکراوی محەمەد ساڵح دیلان**

نووسین: محەمەد ساڵح دیلان

ئامادەکردن: ئومێد ئاشنا

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: یەکەم، چ: و. پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: ٤٧٧، س: ٢٠٠١، ل:١٤٤، پ:١٤×٢٠

ناوەڕۆک:

شاعیری گەورە- نالی.

**٢٤. رابەری کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی- لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی**

نووسین: عەزیز گەردی

لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە

چاپ: یەکەم، چ: دێکان، ش: سلێمانی، ژس: ٢٠٨، س: ٢٠٠٣، ل:٧٩٠، پ:١٧×٢٣

ناوەڕۆک:

نالی.

**٢٥. شیعر- خەنافس- تەنوورەی مینیجۆب- وتار و لێکۆڵینەوە**

نووسین: لەتیف هەڵمەت

چاپ: یەکەم، چ: بەدرخان، ش: سلێمانی، ژس: ٢٢٤، س: ٢٠٠٣، ل:٤٠٣، پ:١٥×٢٠

ناوەڕۆک: دیوانی نالی و چەند سەرنجێک.

**٢٦. مێژووی ئەدەبی کوردی- بەرگی سێیەم/ ئەم بەرهەمە هێنانەدی پرۆژەی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردییە لە سەرەتاوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم**

نووسین: د.مارف خەزنەدار

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: یەکەم، چ: و. پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: ٢٨٢، س: ٢٠٠٣، ل:٤٤٠، پ:١٧×٢٤

ناوەڕۆک:

بەشی پێنجەم: نالی/ وشەی نالی مانای چییە؟/ نالی کێیە؟/ کێ نالی ناسیوە؟/ نالی چۆن شاعیرێکە؟/ بەشی شەشەم: ڕوخساری شیعری نالی/ ڕوخساری شیعری نالی لە ڕووی بابەتەوە/ تەرکیبی ناوەوەی شیعری نالی/ کێشی شیعری نالی/ قافیەی شیعری نالی/ بەشی حەوتەم: ناوەڕۆکی شیعری نالی/ یادی نیشتمانی/ شیعری کۆمەڵایەتی/ دڵداری/ وەسف/ شانازی (فەخر)/ شیعری کراوە/ بەشی هەشتەم: گەشتی بەهەشتی شیعرایەتیی نالی/ نەعتی پێغەمبەر/ قوربانی تۆزی ڕێگەتم/ پاشا دەمرێ پاشا دەژی/ کچ کردگاری پەرستگای ناو دڵی نالییە/ مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە بە حیسابێ/ پاسەوانی تایبەتیی پاشا لە سوپای میرنشیندا/ کەرەکەی نالی/ دەروونی لیداریل شارەزووری.

**٢٧. بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە- بەرگی شەشەم**

نووسین: محەمەد عەلی قەرەداغی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: یەکەم، چ: و. پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: ٣١٦، س: ٢٠٠٤، ل:٣٩٩، پ:١٧×٢٣

ناوەڕۆک:

دەبێ ئەم پارچە شیعرە شیعری نالی بێت؟

**٢٨.خەیاڵ و ڕۆح- چەند تێڕوانینێک بۆ شیعری کوردی**

نووسین: چەند نووسەرێک

له بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپ: یەکەم، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژس: ٦٠٢، س: ٢٠٠٤، ل:٤٥٦، پ:١٤×٢٠
ناوەڕۆک:
چەپکێکی تر لە گوڵزاری نالی: فازیل کەریم ئەحمەد/ هەڵسەنگاندنێکی تری ژیانی نالی لە ڕوانگەی هەندێ زانیاریی تازەوە: شاسوار هەرشەمی/ نالی و خوێندنەوە نوێکانی سەردەم: ساڵح سوزەنی.

**٢٩. مێژووی بیری کوردی**
نووسین: فازیل کەریم ئەحمەد (م.جەعفەر)
له بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاریی (ی.ن.ک)
چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژس: ٨٣٢، س: ٢٠٠٤، ل:١٨٢، پ:٢٠×٢٨
تێبینی: بۆ نۆبەتی چاپ، یەکەم نووسراوە و چاپی دووەمە؟
ناوەڕۆک: چەپکێکی تر لە گوڵزاری نالی.

**٣٠- هاوکاتی و هاوشوناسی- خوێندنەوەیەک بۆ مانای «کاف» لە شیعری حاجی قادری کۆییدا**
نووسین: ڕێبوار سیوەیلی
له بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سپیرێز
چاپ: یەکەم، چ: و. پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: ٤١٢، س: ٢٠٠٤، ل:٩٩، پ:١٤×٢١
ناوەڕۆک: پاشکۆی دووەم: گرێی نالی.

**٣١. یاقووت و زمرووتی کوردیی- ئایین و فەلسەفە (بەرگی دووەم)**
نووسین: حسێن محەمەد عەزیز
لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە
چاپ: یەکەم، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژس: ٦٥١، س: ٢٠٠٤، ل:٢٢٣، پ:١٥×٢٠
ناوەڕۆک: نالی.

**٣٢. خوێنەری کوشندە- کۆمەڵە وتار**
نووسین: بەختیار عەلی
چاپ: یەکەم، چ: ڕەنج، ش: سلێمانی، ژس: ؟، س: ٢٠٠٥، ل:١٥٣، پ:١٤×٢٢
ناوەڕۆک:
گەر نەتەوێت غەریبێک بیت وەک نالی.

**٣٣. بیر ئانینی مەستوورەی ئەردەڵان- شاعیر و مێژوونووسی ناوداری کورد**
نووسین: چەند نووسەرێک (٢٤ نووسەر)
له بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ: یەکەم، چ: و. پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: ١٤٤، س: ٢٠٠٦، ل:٣٢٠، پ:١٥×٢١
ناوەڕۆک:
ئایا مەستوورە وەڵامی خەوەکەی نالی داوەتەوە؟: د.حەسەن جاف.

**٣٤. پایەی وەفایی لە ناو شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمی کرمانجی خوارووا**
نووسین: مستەفا سەید مینە مستەفا
له بڵاوکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن
چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: هەولێر، ژس: ٨١٢، س: ٢٠٠٦، ل:٤٢٤، پ:١٦×٢٣
ناوەڕۆک:
نالی ١٧٩٧- ١٨٧٣/ کاریگەریی نالی و کوردی لەسەر وەفایی.

**٣٥. سۆزی غەریبی و سێ چامەی کوردی**
نووسین: حەمەساڵح فەرهادی
له بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران
چاپ: یەکەم، چ: سیما، ش: سلێمانی، ژس: ٩١، س: ٢٠٠٦، ل:١٠٢، پ:١٥×٢٠
ناوەڕۆک: نالی و چامە شارەزوورییەکەی.

**٣٦. گەڕان بەدوای ماناکانی شیعردا- خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەک لە شیعری کوردی**

نووسین: عەتا قەرەداغی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپ: یەکەم، چ: حەمدی؟، ش: سلێمانی، ژس: ٤٦٠، س: ٢٠٠٦، ل:٢٧٦، پ:١٦×٢٣

ناوەڕۆک: مێژووی کوژراو: نالی.

**٣٧. زەمزەمەی زوڵاڵ- سەرجەمی بەرهەمەکانی سوارەی ئێلخانی زادە**

نووسین: سوارە ئێلخانی زادە

کۆکردنەوە و ڕێکخستن: عەبدولخالق یەعقووبی

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: ٥٥٣، س: ٢٠٠٧، ل:٦٢٣، پ:١٧×٢٣

ناوەڕۆک:

هەمان بابەتەکانی چاپی یەکەمی کتێبی(تاپۆ و بوومەلێڵ)ە، بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە کتێبی ژمارە ١٩.

**٣٨. شێوە و ناوەڕۆک- کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی**

نووسین: ئومێد ئاشنا

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: ١١٤٧، س: ٢٠٠٧، ل:٢٤٧، پ:١٦×٢٣

ناوەڕۆک:

نامۆبوون لە شیعرەکانی (نالی)دا.

**٣٩. یاداشت نامەی ژیانم**

نووسین: جەمال بابان

لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

چاپ: یەکەم، چ: ڕوون، ش: سلێمانی، ژس: ١١٣٠، س: ٢٠٠٧، ل:٣٩٦، پ:١٦×٢٢

ناوەڕۆک: سێ کوچکەی نالی و سالم و کوردی.

**٤٠. یاقووت و زمڕووتی کوردیی (سروشت و جوانیی) بەرگی سێیەم**

نووسین: حسێن محەمەد عەزیز

چاپ: یەکەم، چ: سیما، ش: سلێمانی، ژس: ٤٣٣، س: ٢٠٠٧، ل:٣١٧، پ:١٤×٢٠

تێبینی: جگە لە ژمارەی سپاردن، کۆدی ISBN: ٩١- ٩٧٠٥٦٠- ٨- ١ وەرگرتووە.

ناوەڕۆک:

بەهار- لە هۆنراوەی چەند شاعیرێکدا: نالی.

**٤١. سەرجەمی بەرهەم: وتارە کوردییەکان- بەرگی چوارەم**

نووسین: محەمەد ڕەسووڵ هاوار

ئامادەکردن: ڕەفیق ساڵح

لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین

چاپ: یەکەم، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژس: ١٤٦٩، س: ٢٠٠٨، ل:٤٤٢، پ:١٧×٢٤

ناوەڕۆک: نالی.

**٤٢. شێواز لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا- نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم لە ناوچەی سلێمانی**

نووسین: حەمەنووری عومەر کاکی

لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی

چاپ: یەکەم، چ: تیشک، ش: سلێمانی، ژس: ٢٢٠٧، س: ٢٠٠٨، ل:١٤٠، پ:١٧×٢٤

ناوەڕۆک:

بۆ ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، بڕوانە بیبلیۆگرافیای یەکەمی سالم- کتێبی سەربەخۆ، کتێبی ژمارە ٤.

**٤٣. مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی دووەم**

نووسین: سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: دووەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: ٩٤٢، س: ٢٠٠٨، ل:٨٤٠، پ:١٦×٢٣

ناوەڕۆک: هەمان ناوەڕۆکی چاپی یەکەمی هەیە، بڕوانە کتێبی ژمارە ١١.

**٤٤. کتێبی زناک**

نووسین: هاشم سەراج

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیریی ڕێژیار

چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: ؟، ژس: ؟، س: ٢٠٠٩، ل:١٠١، پ:١٤×٢٠

ناوەڕۆک:

کتێبی ڕەنگاڵەیی مەعریفە و عیشق: زانا خەلیل (لێرەدا نووسراوە: ئەو کتێبە گەشتێکی چڕ و پڕ و تێرە، بە نێو زانستەکانی زمان و چێژ و ئەیستم و فیکری داهێنەران و هەروەها گەڕان و کورتکردنەوەی دنیای قورس و ئاڵۆزی دەیانی وەکو کانت و نیتچە و ڕۆلان پارت و بۆدلێر و ڕامبۆ و هایدیگەر و نالی و ...).

**٤٥. مێژووی بیری کوردی**

نووسین: مامۆستا جەعفەر (فازیل کەریم ئەحمەد)

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاریی (ی.ن.ک)

چاپ: دووەم، چ: حەمدی، ش: سلێمانی، ژس: ١٣٠٥، س: ٢٠٠٩، ل:٦٢٢، پ:١٨×٢٥

ناوەڕۆک:

هەمان ناوەڕۆکی چاپی یەکەمی هەیە، بڕوانە کتێبی ژمارە ٢٩.

**٤٦. مێژووی ئەدەبی کوردی- بەرگی سێیەم/ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم ١٨٠١- ١٨٥٠**

نووسین: د.مارف خەزنەدار

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: دووەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: ٧٣١، س: ٢٠١٠، ل:٥٣٦، پ:١٥×٢١

ناوەڕۆک:

هەمان ناوەڕۆکی چاپی یەکەمی هەیە، بڕوانە کتێبی ژمارە ٢٦.



# یووسف بەگی شەرەفبەیانی



**کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)**

لەدایکبووی ١٩٨٦ کەلار، بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبیاتی فارسی، زانکۆی تاران، ٢٠١٩، خوێندکاری ماستەر لە هەمان زانکۆ. خاوەنی ژمارەیەکی زۆر کتێبی لە چاپدراو و ژمارەیەک لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەیە لە گۆڤارەکاندا.

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا چەندین شاعیرمان هەیە یان لە ڕووی ناو و نازناوی شاعیرییەوە، ناویان وەکو یەکە، واتە هاوناو و نازناون، یان شیعریان هاوشێوەی یەک هەیە، یان شیعریان لەژێر کاریگەریی یەکتردا نووسویە و شیعرەکانیان تێکەڵ بووە.

هەندێک لەو شاعیر و نووسەرانەی کۆن کاتێک ناوی شاعیرێکی تری پێش خۆیان یا هاوزەمانی خۆیان لە جێگەیەکی تردا بیستووە، ناوی شاعیری خۆیان گۆڕیوە و ئاماژەیان پێکردووە، هەندێ جاریش گۆڕیویانە و ئاماژەیان پێ نەکردووە، هەندێ شاعیریش هەبووە بێ ئاگا بوون، ناوەکەی خۆی یا نازناوەکەی هەروەکو خۆی ماوەتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیە لە ئەمڕۆکەدا کاتێک دەتەوێ دیوانی شاعیرێک کۆ بکەیتەوە و شیعرەکانی لەنێو کەشکۆڵ و بەیازەکاندا گردئاوەری بکەیت، تووشی دەیان گرفت و گرێکوێرە دەبیت لە ڕووی ناوی شاعیر یان نازناویی و شیعرەکانیان تێکەڵ بە شیعری شاعیرانی هاوناو و تەخەڵلوس بووە و دەبێت. جگەلەوەش ئەو شاعیرانە نەبێت کە خۆیان لە شیعرەکانیاندا یا لە پەڕاو و کەناری دەستنووس و بەیازە کۆنەکاندا ئاماژەیان بەساڵی لەدایکبوون و مردنیان یا نەخۆشی و ڕووداوی مردنەکانیان کراوە، بەداخەوە ئەوانەی تری کە ئاماژەیان پێکراوە لە کتێبە چاپکراوەکاندا، نازانین سەرچاوە و زانیارییەکانیان لە چی جێگا و شوێنێکەوە هەڵقوڵاوە و وەرگیراوە، باوەڕ پێکراوە یان نا؟!

ئێمە لێرەدا دەمانەوێ تیشک بخەینە سەر ژیانی شاعیرێک کە هەم لە ناودا و هەم لە نازناوی شاعیریدا گرفتی بۆ هێنراوەتە پێشەوە، سەبارەت بە ژیان و بەرهەمی ئەم شاعیرە ئەوەی تا ئێستا بەردەستی ئێمە کەوتبێت، ئەوەی لەناو ئەو سەرچاوانەدا سەبارەت بەم شاعیرە هاتبێت دەیخەینە ڕوو، جگەلەوەش هەرچی زانیاری خۆمان هەیە سەبارەت بە شاعیر و وردەکارییەکانی شیعری شاعیر، ئاماژەی پێ دەکەین.

## ژیاننامە:

ژیاننامەی ئەم شاعیرە لە دوو سێ سەرچاوەدا باسی لێوە کراوە، من لەبەر ڕۆشناییی سەرچاوەکانی بەردەستم ئەم توێژینەوەیە ئەنجام دەدەم، محەمەد عەلی قەرەداغی دەڵێت: «یووسف بەگی کوڕی عەبدوڵڵا بەگی شەرەفبەیانیی: ئەم یووسف بەگە برای عەزیز بەگی میرپەنج (میرپنج) بووە، کە پیاوێکی جوانخاس بووە و مەولەوی دۆستایەتیی لەگەڵ خۆی و باوکیدا بووە. زیاتریش لەبەرئەوە کە کچی عەبدوڵڵا بەگ خێزانی شێخی سیراجەدین بووە». ( دیوانی مەولەوی: ٢٠١٥، ب١، ١٤٢) هەروەها محەمەد عەلی سوڵتانی دەڵێت: «یووسف بەگ کوڕی یەعقووب بەگ و برای عەبدوڵڵا بەگی شەرەفبەیانی یەکەمە، باوکی و براکەشی لە هۆزی شەرەفبەیانین، یووسف بەگ لەناو هۆزەکەی خۆیدا کە بەشێکیان لەنێو قەڵەمڕەوی سەرپێڵی زەهاودا بوون (لەناو دەسەڵاتی باجەڵانەکان)دا لە دایکبووە.

بەشێوەی ڕێوڕەسمی ئەوکاتەی خوێندن و باوکیشی میرزای ئەو کاتە بووە، لە مەکتەبی ئاییینی نێو هۆز و ناوچەکەیدا خوێندوویەتی و کتێبەکانی ئەوکاتەی خوێندووە. خۆی و براکەی (عەبدوڵڵا بەگ) ئارەزوویان لە ئەدەب و شیعر هەبووە، ڕەزم و بەزم و هونەرییان لەگەڵ یەکدا تێکەڵ کردووە، ڕۆحێکی سادە و میهرەبانیی نێو ئێڵایەتییان هەبووە، خێمە و دیوەخانی ئەم پیاوە جێگای شاعیران و هونەرمەندانی ئەوکاتە بووە.

مەلا عەبدولڕەحیمی تاوگۆزی، کە بە (مەولەوی و مەعدوومی)یش (١٢٢١-١٣٠٠ق.) ناسراوە، فەقێیەکی ئوسووڵی و پایەداری کورد (مەولەوی) لەگەڵ یووسف بەگ و براکەی عەبدوڵڵا بەگی شەرەفبەیانی، کە هاوعەسر و تەمەن بوون، لەگەڵ یەکدا نامەگۆڕینەوە و پەیوەندیی ئەدەبییان هەبووە، یووسف بەگ لەناو شیعرەکانی خۆیدا نازناوی شیعری (یووسف) و (سەرعی) بۆ خۆی بەکار بردووە...». (حدیقه سلطانی: ١٣٨٦، ب٤، ٢٠٩)

ئەگەرچی هەردوو نووسەر رایان لەسەر ئەوەیە شاعیر ناوی یووسف بەگە، مامۆستا قەرەداغی دەڵێ کوڕی عەبدوڵڵا بەگە و مامۆستا سوڵتانیش دەڵێت: کوڕی یەعقووب بەگە و برای عەبدوڵڵا بەگی یەکەمە. کەچی سوڵتانی لە کتێبی حەدیقەی سوڵتانی؛ بەرگی چوارەمدا و لە پەراوێزدا ئاماژە بە کتێبی (ایلات و طوایفات کرمانشاهان...، ج٢/١، ص٢٨٩)دا کە گوایە باسی ئەم شاعیرەی کردووە، کاتێک کە دەگەڕێیتەوە بۆ ئەو سەرچاوەیە، هیچ نووسینێکی لەو بابەتە نابینیت. بەڵام هەر لە هەمان سەرچاوی باسکراودا کە دەگەیتە لاپەڕە (٢٩٢) کاتێک تۆرەمەی ئەم بنەماڵەیە دێنێت، ناوی ئەم شاعیرە ناهێنێت. سوڵتانی بەم شێوەیە تۆرەمەی شەرەفبەیانییەکان دەهێنێت: «عەبدوڵڵا بەگی یەکەم: کوڕی یەعقووب بێگی کوڕی حەسەن بێگی کوڕی یووسف بێگی کوڕی ئیبراهیمی ئێناخییە.

عەبدوڵڵا بەگی یەکەم: سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی: ڕۆستەم بەگ، عەزیز بەگی میرپەنج، عەبدوڵڵا بەگی دووەم.

عەزیز بێگی میرپەنج: دوو کوڕی بە ناوەکانی عەلیخان و سلێمان بێگەوە هەبووە.

عەبدوڵڵا بێگی دووەم: کوڕێکی بەناوی عوسمان بێگ «شەهابولسەڵتەنە«وە هەبووە». (جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل: ١٣٨١، ج٢ و ٣، ٢٩٢)

بەپێی وتەکانی مامۆستا قەرەداغی، یووسف بەگ، کوڕی عەبدوڵڵا بەگی یەکەمی کوڕی یەعقووب بەگی کوڕی حەسەن بەگی کوڕی یووسف بەگی کوڕی ئیبراهیم ئێناخە لە تۆرەمەی سەرانی شەرەفبەیانی جافی جوانرۆ بووە. بەپێی وتەکانی سوڵتانیش بێت، ئەوا یووسف بەگ، کوڕی یەعقووب بەگی کوڕی حەسەن بەگی کوڕی یووسف بەگی کوڕی ئیبراهیمی ئێناخە لە تۆرەمەی سەرانی شەرەفبەیانی جوانرۆیە، دەکاتە برای عەبدوڵڵا بەگی یەکەم. واتە: یەعقووب بەگ دوو کوڕی هەبووە، یووسف بەگ و عەبدوڵڵا **بەگی یەکەم.**

سەبارەت بە ساڵی لە دایکبوون و مردی شاعیریش هیچ یەکێک لەو سەرچاوانەی بەردەستم ئاماژەیان پێ نەکردووە، ئەوەندە هەیە کە هەردوویان لەسەر ئەو بڕوایەن هاوتەمەنی مەولەویی بوون و لەگەڵ مەولەوی شاعیردا نامەگۆڕینەوە و دۆستایەتیی هەبووە.

### نازناوی شاعیری:

هەروەها لە باسی نازناوی شیعری شاعیریش مامۆستا قەرەداغی شتێکی نەنووسیوە، بەڵام سوڵتانی دەڵێت: نازناوی یووسف و سەرعی بەکار بردووە. بەڵام لەناو مێژووی ئەدەبی کوردیدا شاعیرمان بە ناوی «یووسف»ەوە زۆرە، لەوانە: یووسف یاسکە، یووسف بەگی نۆسمەیی، یووسف بەگی شەرەفبەیانی، یووسف بەگی ئیمامی، یووسف عزازیل (کاکەیی)، یووسف کوردستانی(١).

سەبارەت بە نازناوی سەرعیش، مامۆستا محەمەد ڕەشیدی ئەمینی پاوەییش دەڵێت: «سەرعی: نازناوی شیعری مەلا لوتفوڵڵای شێخولئیسلامی سنەییيە». (کەشکۆڵی هەورامان: ٢٠١٧، ب١، ٧) هەر لە درێژەی باسەکەیدا سەبارەت بە سەرعی؛ ئاماژە بە چەند سەرچاوەیەک دەکات، لەوانە: مێژووی ناودارانی کورد، شیعرە چاپ نەکراوەکانی مەولەوی لەلایەن حەکیم مەلا ساڵحەوە، هەروەها وتارێکی کاک خالیدی مەنسووری لە ژمارە (١٢١)ی گۆڤاری سروەدا. لەوێدا کاک خالید بە هێنانەوەی بەڵگەیەک لە دەستنووسێکی لای خۆیاندا کە لەوێ ڕا نووسراوە: «من کلام لطف□الله متخلص به صرعی». مامۆستا محەمەد ڕەشید بە بەڵگەیەکی تری ئەوە پشت ئەستوور دەکاتەوە کە ئەویش دەستنووسێکی لە لایە و لە سەر پارچە شیعرێک نووسراوە: «ملا لطف□الله». لە کۆتاییی پارچە شیعرەکەشدا نازناوی سەرعیی هاتووە. نازانم مامۆستا سوڵتانی لەبەر ڕۆشناییی

چی دەستنووسێک ئەو نازناوەی (سەرعی) داوەتە پاڵ یووسف بەگی شەرەفبەیانی. ئەگەر یووسف بەگ نازناوی سەرعیشی بۆ خۆی دانابێت، ئەوا دوو شاعیرمان بەناوی سەرعییەوە هەیە. نابێ ئەوەش لە یاد بکەین کە مەلا لوتفوڵڵای سەرعیی هاوتەمەنی مەولەوی بووە و پەیڕەوی لە شیعری مەولەوی کردووە.

**ها وە ئێشەوە**(٢)

ها وە ئێشەوە، ها وە ئێشەوە
دڵ پەی تۆ خاڵۆ ها وە ئێشەوە
ئێش مەدۆ وە گاز ڕیشە کێشەوە
دودی دووری دۆزەخ مەیۆ لێشەوە
یەکجار نە تاسەت کەڵلە ڕاوشەن
بڵێسەی ئایر توون تاوشەن
داد ئەحواڵات شنەفتم وە گۆش
وێنەی هاڵداران کەفتم چیم و هۆش
نەزانام وەیتەور مەست ڕازانی
شەیدای شێوە شەنگ، تیرئەندازانی
لێوەی لێواڵ لەیلێ نازانی
شێت و شەیدای عیشق شیرین ڕازانی
دڵ و مەیل کەی مەدەرۆت بازی؟
پێکیای پێکان کام تیرئەندازی
وە نیم نیگای ناز کێ مەدهۆشەنی؟!
چوون بەهرام پەی کێ نمەدپۆشەنی؟
پەی کێ های نەتۆی لۆنگ مەجنوونی؟
چوون فەرهاد پەی کێ کەلوەلای هوونی؟
های دەخیل خاڵۆ وێت مەدەرۆ خەم
دیسان چوون وەلی دێوانە کە شەم
هەر کەس نە سەودای عەشق یار نەبۆ
وە تیر عەشقش دڵ ئەوگار نەبۆ
چوون فەرهادەن وە وێش و تاشەدا
تاف هوون نەیۆش وە سەر لاشەدا
قلووزەی نیگات، زوخ زامانش
کەلوەلا نەبۆ پەنای دامانش
نەناڵۆ وە ئێش و زام دۆسەوە
یا دۆس نەواچۆ وە کەڵپۆسەوە
نەیۆ پەی شیش بانووی شای پەروێز
نەگنۆ چین چین کۆی کلافەدێز
گیان تەسلیم نەبۆ نە عەشق دڵبەر
چەنی مەویارۆ نە سارای مەحشەر
خاڵۆ دەخیلم ئێدەن تەدبیرش
وێت کەرۆ نیشان پێکان تیرش
بەڵ نە سایەی شەوق جەماڵ لەیلێ
دۆزەخ نەدەرۆ ئازارت خەیلێ

**کڵاوەی نەی پێچ**...(٣)

کڵاوە نەی پێچ باڵا عەرعەر تەرز
لەرەی لەرزانەی دڵ ئاوەرد وە لەرز
قەقهەی شیشەی لەیل ستێزاوە
دیسان دود نەفەرق مەجلیس خێزاوە
لەب و خەندە و چەم وە نیگاوە
وەختێ نە ڕووی ناز دیا وە لاوە
قەزاوەت وە بانگ بوڵەند بێحەد
غەزای (یوم البدر) ئەلعود ئەحەد

**قیبلەم نە پەرواز**...(٤)

قیبلەم نە پەرواز گرکۆی هەناسەم
نە شیددەتی سۆز، شەرارەی تاسەم
نە بزیسکەی بەرق هیجران دووری
نە چەخماخەی ڕەعد ئەندۆی مەهجووری
هەر چەند مەرز و بووم نە حەواڵیم هەس
کەش و کۆ و کەمەر، سەحرا و شەت و بەس
شەم شێوە ئەر چەم بەرز و کاو پەس
شاخ و داخ و دەشت عێراق تا توونەس
یەکسەر سووچنا تا وە ئەبەرقۆ
سا ڕاسەن دوو دیەش نەیاوان وە تۆ
هەر هەورێ مەیۆ جە لای وەشتەوە
ها وە تاف تۆف پشتای پەشتەوە
گەردەلوولشەن مەدۆ وە هەمدا

تەرزەی قەرزاڵە وە تۆف و تەمدا
ئەو ڕەشتەی ئەسرین فیراقی بەرزە
جە هەناسەی سەرد بیەن وە تەرزە
کەیلەن جە دیدەم تاف گوڵاوان
سا ڕاسەن لاوش وە لات نەیاوان
مەعلووم وە لەرەی وەخش ناشەنخەت
نەچەشتەنت جەزر لەرەی ئێش سەخت
نە کێشانت ئاە نە سوب تا سەحەر دا
نە گەردەنت دەس دیق وە کەمەر دا
پەنجەت نەدان وە زانوو زەریف
هەتیتە کێش نیت وە گاز حەریف
ئەشکەنجەت نەدان بێخاوی شەوان
سەمعت سا مەوتەن جە لەرەی لێوان
نە! نە! عەزیزم، شۆخ شیرین خاڵ
گۆش دەرۆ دەردین دڵ وە عەرز حاڵ
هەر شەخسێ شیرین شەککەرین بار بۆ
مەبۆ ساحێب لەنج ئێش و نۆشدار بۆ
عیشوەفرۆش بۆ ناز وەجە ئەنداز
ڕیشەی دڵ کێش بۆ وە ناز و وە گاز
یا (یووسف) پەرێش ئەبداڵ بەڕ بۆ
شەو شیرین ڕۆ دەشت و ئەسرین تەڕ بۆ

**ئومێد بڕیای وێم**(٥)

ئومێد بڕیای وێم، ئومێد بڕیای وێم
هانا هامسەران، ئومێد بڕیای وێم
وە ئایر عیشق، دەروون گریای وێم
پەردەی دڵ وە دەست، هیجران دڕیای وێم
وە ئاهـ و ناڵە، شەو ناڵینەی وێم
وە زووخاو چەم، تەڕ باڵینەی وێم
قاورمە بێ ئاو تۆی دەروونەی وێم
پەشێوحاڵ، غەمناک دڵ زەبوونەی وێم
تەن پوار وشک، دوور جە ئاوەی وێم
سووچیای هێجران، ماڵ خراوەی وێم
نە زامن دایم هێجران بارەی وێم
وە دەرد دووری گرفتارەی وێم

**ئەرێ بەرز عیلم**(٦)

ئەرێ بەرز عیلم، ئەرێ بەرز عیلم
ئەرێ یانەی بەرز، بینای بەرز عیلم
ئەرێ بەخشندەی کان کۆی کەرەم
ئەرێ مایەی نوور بەیزای سوبحدەم
ئەرێ (لا الە الا هو الحی)
واقف عەمیق بوحران بێ پەی
پادشای بێباک، بێ عەیب و عیللەت
کاتب خەتاتان، نوختەی خاڵ و خەت
ئافریدەت کەرد فریشتە جە نوور
شیرینتەر جە شەهد شەرابەن تەهوور
ئاخر هەم وە دەس کەسێت سپەردەن
ئیسم زات تۆش وە حەق نەوەردەن
نەمروود بیم هەر سوب سەجدە بوتم بەرد
جەنگ (ئیبراهیم خەلیل الله)م کەرد
سەحەر ساحریم نە ڕووی مووسا وەند
خشتم نە قاپی کەعبەتوڵڵا کەند

جە (یۆتی) فورقان تەوراتم وانا
دەستم نە ڕووی پای پەیغەمبەر شانا
ناشی خێر تەبعی بەدخووی بەد ئەندام
جە باغچەی موراد یاونای وە کام
من بیم وە کوورەی هەناسان سەرد
ڕیسوا و نائومێد، شەرمەندەی ڕەنگ زەرد
حەق و دەس تۆن پادشای عادڵ
نەکێشانت داخ جەفای دەرد دڵ

**مایەی ئێش نێش**...(٧)

مایەی ئێش نێش، گشت زامان سەخت
بازووی تەوانای بەرگەشتەگی بەخت
ڕاس خۆ فەلەک چەواشەی چەپگەرد
پەی دووری باڵات شانامورەی نەرد،
بەڵام ئازیزم حەیفەن پەرێ تۆ
بێشەرتیت وەیتەور نە عالەم مەشهوور بۆ
من بیم خەریدار کاڵای باڵاکەت
من بیم وە سەرگەرد گەرد پاڵاکەت
من سکەم وە نام مەحبووبیت لێ دا

من ڕەواجم دا وە شار و دێ دا
ئاخر پەی ئەغیار جە من ویەردی
ئای بێ بەڵا بای، ئینە چێش کەردی؟!
جەفای فەراوان من بەردەم یا ئەو
ناڵەی بێ سامان من کەردم یا ئەو
من جەرگم پەرێت لەت لەت بی یا ئەو
من هوون نە دیدەم چوون شەت بی یا ئەو
مەسپارۆت وە سۆز هەناسان سەرد
وە جۆش و خرۆش دڵەی پەڕ جە دەرد
تەپ دودی دووکەڵ هەناسەت بەرز بۆ
ناڵەت چوون ناڵەم وە هەزار تەرز بۆ
هەر شەو سەیل هەرەس وە ڕووی ڕوخسار دا
تۆف تۆفانش بۆ وە هەر دیار دا
خەدەنگ چل چەنگ شووت وە جگەردا
پەنجە بەدبەختیت بدی وە سەردا
بەڵ نۆ سەردمدا بەیۆ وە یادت
ڕەنج بێ سامان بەردەی فەرهادت
گۆیا جە لای وێت ئینە خاست کەرد
جیاییت چەنی من وە بەین ئاوەرد
هەی پەی وێت نەبۆ شۆخ دیدە مەست
یاری تەر وێنەی من بگنۆت وە دەست
بزانۆ بەهای غەمزەی ئیمای تۆ
بکێشۆ نە ڕای جەور و جەفای تۆ
سا چونکە قیبلەم وەیتەور پێم کەردی
وەفا و عەهد و شەرت، وە سەر نەبەردی
مەسپارۆت وە دەس بێوەفایی وێت
گەر دانای گەردوون کاری کەرۆ پێت
تۆیچ وێنەی (سەرعی) خاتر ناشاد بی
تا وە ڕووی مەردەن هەر ڕەنج وە باد بی

**قیبلەم دیدارت**(٨)

قیبلەم دیدارت، قیبلەم دیدارت
ئەمشەو وە کارەن نەشئەی دیدارت
نیم نیگای وە ناز دیدەی خومارت
ئیشارە و ئەبرۆی سیای تەتارت
لادەر پەردەی شەرم نە ڕووی ڕوخسارت
فەڵەک نەشێونۆ گەرمی بازاڕت

تا یاران بیان بوینان وە چەم
سەرنووک ئەنگوشت بگێران وە دەم
من ئاسا بنیان پا وە ئەخگەردا
بەوڵ سفتەی من بکەن وە سەردا
هەنی نەکەران مینای خەمبارت
فەڵەک نەشێونۆ گەرمی بازاڕت

ئازیز ئاە ئەمشەو شادیم بەتاڵ کەرد
پەی پەی مەدۆ لێم تیر و تانەی سەرد
شەمعەکەی ڕوخسار وێت بنمانە پێش
تا چوون پەروانە ئاهیر بشۆ لێش
تا کۆتاکەر وە جەم نە ئەنگارت
فەڵەک نەشێونۆ گەرمی بازاڕت

نازک نازکی گۆنای گوڵڕەنگت
نازک پرشەخۆی موژەی خەدەنگت
نازک لەب وە خەند شەککەرین بارت
فەڵەک نەشێونۆ گەرمی بازاڕت

شیرین کریشمە و عیشوە و لار و لەنج
شیرین ئیشارە و غەمزە و ناز و غەنج
شیرین خەرامیای سەرو ڕەفتارت
فەڵەک نەشێونۆ گەرمی بازاڕت

قیبلەم دوور جە تۆ ئەر دڵ دەم وە کەس
کەسم نەمێنێ تا حەیاتم هەس
تۆیچ ئینسافت بۆ هەنی وەسەن وەس
بیللا دوور جە تۆ ها بیم وە قەقنەس
تا کەی بکێشوون جەور ئەغیارت
فەڵەک نەشێونۆ گەرمی بازاڕت

بازاڕت گەرمەن، کاڵات گرانەن
سەد گیان وە پوولێ هێمای هەرزانەن
بدیە وە جەرگە، یاران وە دڵڕێش
هەی گیان هەی گیانەن، هەر کەس پەرێ وێش
گیان وە کەف مەدران پەرێ نسارت
فەڵەک نەشێونۆ گەرمی بازاڕت

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

بڕوانە: دیوانی یووسف بەگی ئیمامی حەکیمی مەلا ساڵح و شاعیرانی کوردی پارسی گوییی سەیید عەبدولحەمید حیرەت سەججادی و مێژووی ناودارانی کوردی بابا مەردۆخ ڕۆحانی.

٢ حدیقەی سلطانی: محمد علی سلطانی- جلد چهارم، چاپ اول، سها- تهران، ١٣٨٦، لاپەڕە (٢١٠).

٣ هەمان سەرچاوە، ل٢١٢.

٤ هەمان سەرچاوە، ل ٢١٢. ئەم هۆنراوە لە لاپەڕە (٩١) دیوانی یووسف بەگی ئیمامیشدا هاتووە، هەردوو دەقەکە جیاوازی زۆریان تێدایە، جگە لەوەیش ئەم شیعرە لە ڕیزبەندی شیعرەکانی یووسف لە کەشکۆڵێکی شیعری لە کتێبخانەی میللی بەرلیندا هاتووە، بەشێک لە شیعرەکانی دیوانی یووسف بەگی ئیمامی لەنێو ئەو شیعرانەی کەشکۆڵی کتێبخانەی میللی بەرلیندا هاتووە، ئەمەیش بە گومانمان ئەگەیەنێت ئەکرێت ئەم شیعرە هی یووسف بەگی شەرەفبەیانی نەبێت.

٥ هەمان سەرچاوە، ل ٢١٣.

٦ هەمان سەرچاوە، ل٢١٤.

٧ هەمان سەرچاوە، ل٢١٥. مامۆستا محەمەد ڕەشیدی ئەمینی پاوەیی لە بەرگی یەکەمی کەشکۆڵەکەیدا، لە لاپەڕە (٤٤)دا چەند شیعرێکی سەیید بەهای شەمس قوڕەیشی (مەحزوون؟) دەهێنێت، هۆنراوەی ژمارە (٣)ی ئەم شاعیرە زۆر لەم هۆنراوەی یووسف بەگەوە نزیکە، ئیتر نازانم کامیان کاڵکیان لەوی تریان وەرگرتووە، ئایا شیعرەکانی یەکتریان دیوە یا نا، وەڵڵاهوئەعلەم.

ئەی چەرخ چەپ گەرد، ئەی چەرخ چەپ گەرد
چەرخ چەپی واز چەواشەی چەپ گەرد
پەی چەپ گەردی وێت شانای مۆرەی نەرد
نەرد چەپ گەردیش جە مەیدان بەرد
هەناسەت سەردبۆ چوون یەخ بەند سەرد
سەرتاپای تەنت یەکسەر بۆ بە گەرد

٨ هەمان سەرچاوە، ل٢١٧.

## سەرچاوەکان


١- حدیقەی سلطانی: محمد علی سلطانی- جلد چهارم، چاپ اول، سها- تهران، ١٣٨٦.

٢- جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان «ایلات و طوایفات کرمانشاهان»: محمد علی سلطانی، جلد دوم- جلد سوم، چاپ دوم، نشر سها، تهران- ١٣٨١.

٣- دیوانی مەولەوی «مەلا عەبدوڕەحیمی تاوگۆزی»: محەمەد عەلی قەرەداغی، ب١، چ١، ٢٠١٥.

٤- دیوانی یووسف بەگی ئیمامی: حەکیم مەلا ساڵح، چ١، چاپەمەنی و ئۆفسێتی پەیڤ، ٢٠٠٩.

٥- شاعیرانی کوردی پارسی گویی: سید عبدالحمید حیرت سجادی، نشر احسان، چاپخانه پیام، چاپ اول، ١٣٧٥.


٦- کەشکۆڵی هەورامان: محەمەد ڕەشید ئەمینی، ب١، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر، ٢٠١٢.

٧- کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی وەیسکەرەم لە کتێبخانەی میللی بەرلین، بە تاریخ ٧-١٠ شهر شوال... سنه ١٣١٧.

٨- مێژووی ناودارانی کورد: بابەشێخ مەردۆخ ڕۆحانی (شیوا)، و. ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، ب١، چ١، لە کتێبەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر- ٢٠١١.

# بڵاوکراوەی نوێی گۆڤاری خاڵ



# بڵاوکراوەی نوێی

## سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

